ستران عەبدوڵڵا

# پریسترۆیکا، بن لادن و مۆنیکا

ستران عەبدوڵڵا

پریسترۆیکا، بن لادن و مۆنیکا

٢٠١٣

## دونیابینی
## (١)
## پریسترۆیکا، بن لادن و مۆنیکا

خەسڵەتی دیاری ئەم نووسینانە ئەوەیە شرۆڤەیەکن بۆ رووداوگەلێکی جیهانی، بۆ کێشەگەلی وڵاتان و مەمالیکە دوورەکان، وەک بەشێک لەئەرکی رۆژنامەوانی لەڕووماڵکردنی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان کارم لەسەر کردوون و بەچاک و خراپ ، لەڕێی رۆژنامەکانەوە دەرخواردی خوێنەرانی کوردم داوە تا بەدیدێکی کوردانەوە رووداوەکانی دونیا ببینێ و هەڵیانسەنگێنێ.

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ک)

نرخ ( ٣٠٠٠ ) دینار

دونیابینی

*(1)*

# پریسترۆیکا، بن لادن و مۆنیکا

ستران عەبدوڵڵا

دونیابینی

(1)

# پریسترۆیکا،

# بن لادن و مۆنیکا

(نووسین، ئامادەکردن، وەرگێڕان)

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی 2012

**ئەكاديمياى هۆشيارى و پێگەياندنى كاديران**

دامەزراوەيەكى كەلتوورييە بەپێى بڕيارى كۆنگرەى سێى ساڵى (2010)ى يەكێتيى نيشتمانيى كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەى بريتييە لە دەستەبەركردنى پێداويستييەكانى هۆشياركردنەوەى سياسى، فراوان كردنى چوارچێوەكانى ڕۆشنبيريى گشتى، تۆكمەكردنى بەهاكانى ديموكراسىو مافى مرۆڤ و دادى كۆمەڵايەتى لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنى مەسەلەكانى بيرى هاوچەرخو دابين كردنى كەرەستەى پێويست بۆ پێگەياندنى كاديران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

- ناوى كتێب: دونيابينى - پرۆيسترۆيكا، بن لادن و مۆنيكا
- ناو: ستران عەبدوڵڵا
- نەخشەسازى: شۆڕش ئەحمەد
- بەرگ: ئاوارە هيوا
- تيراژ: (1000)
- چاپ: چاپخانەى حەمدى
- ژمارەى زنجيرە: (458)
- ژمارەى سپاردنى بەڕێوەبەرايەتى گشتى كتێبخانە گشتييەكان (1387) ساڵى 2012

**سەرپەرشتيارى كتێب**
**عوسمان حەمە ڕەشيد گوروون**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

هەواڵنامەى كتێب

# دونیا بینی بۆ دونیا

## لەجێی پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

ئەم زنجیرە نووسینە لە سەر سیاسەتی ناو دەوڵەتان، شەرق و غەربی دونیایە کە لەقۆناغی یەکەم و دووەمی تەجرەبەی رووتورەجاڵی رۆژنامەوانیی خۆمدا نووسیومن، بەشێکیان هی قۆناغی رۆمانسی دەستپێکردنی نووسینی سیاسییمن (نیوەی یەکەمی نەوەدەکان) و بەشێکیشیان هی دەورانی سەرەتای دوو هەزارن.

تێکەڵەیەکن لە زۆرینەیەکی نووسین، کەمێکی ئامادەکردن و پوختکردنەوەو یەك دوانێکیشی وەرگێڕانن و پێم باش بوو وەك نموونەی وەرگێڕانەکانم لێرە جێیان بکەمەوە.

لە سەرەتادا فیکرم وابوو ناوی تەڕ و وشکی لێ بنێم بەو ئیعتبارەی هەقایەتی بێ سەر ئێشەی سیاسی وەکو ئەوەی خانم مۆنیکاو کاکم کلنتۆنی تێدایە کە ئەوە باسی تەڕو پڕن، هەقایەتی وشکوبرینگ و ناخۆشی رژێمە تۆتالیتارەکانی تێدایە نموونەی ئەوەی پیرۆسترۆیکای گۆرباچۆف و شیڤەرنادزە و داڕزانی کۆریای باکوور و کوبا، تا دەگات بە تیرۆر و تۆقاندن و ناخۆشییەکانی تری وەك برسێتی، بێدادی و کودەتا لە ئەفریقا تا ئاسیا.

ئینجا لەسەر ئەو ناونیشانە گیرسامەوە (دونیابینی) وەك سەردێڕی سەرەکی ئەم زنجیرەیە کە بەشی یەکەمی تایتڵی (پیرۆسترۆیکا، بن لادن و مۆنیکا)ی بەرکەوت.

خەسڵەتی دیاری ئەم نووسینانە ئەوەیە شرۆڤەیەکن بۆ رووداوگەلێکی جیهانی، بۆ کێشەگەلی وڵاتان و مەمالیکە دوورەکان، وەك بەشێك لەئەرکی رۆژنامەوانی لەڕووماڵکردنی

رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان کارم لەسەر کردوون و بەچاك و خراپ ، لەڕێی ڕۆژنامەکانەوە دەرخواردی خوێنەرانی کوردم داوە تا بەدیدێکی کوردانەوە ڕووداوەکانی دونیا ببینیٚ و هەڵیانسەنگێنیٚ.

ئەز ئەمەم کرد وەك ئەرکێکی پیشەیی، هەروەها وەك ئەرکێکی پەیوەندیداری بە دونیای دەرەوەی خۆمان لەسەردەمێکدا ئەگەرچی دونیا بچووك بۆتەوە، بەڵام گیانی خەمی ئینسانی و هاوبەشێتی ئینتەرناسیۆنالیستی زۆر کزو لاوازەو جێی خۆی بۆ گۆشەگیری و خۆدابڕان چۆڵکردووەن.

غەرەزێکی دیکەی پەنهانیشم هەبووە لەم نووسینانە، غەرەزی پرۆڤەکردن و شرۆڤەی ئازاد و بەرهەڵدایە کە عادەتەن مرۆ لە کێشە ناوخۆییەکاندا ناتوانیٚ وا ئازادو بەرهەڵدا بێت چ لە بەر لایەنداری و چ لەبەر سڵکردنەوەو خۆپاریزی. ڕووداو قەومانە نێودەوڵەتییەکان مەیدانی جریتبازین بۆ نووسەر تا تەکنیك و توانا، ئەندێشەی لێکدانەوەی خۆی تێدا تاقیبکاتەوەو لە هەمانکاتیشدا کەرەستەیەکی باش بخاتە بەردەم خوێنەران و خەزینێکی باشی ئەزموونیش بەدەستبهێنێت کە دواتر لە شرۆڤەی ڕووداوی ناوخۆیشدا کەڵکی لێوەربگرێت.چونکە تەجرەبەی مرۆیی هەریەك تەجرەبەیە.

ئەم نووسینانە یادگاری خۆشن ، بۆیە بڕیارمدا بیانخەمە بەردەستی ئێوەی بەڕێز تابیانبینن و هیچ نەبیٚ نموونەی نووسین و مۆدێلی ئەو ماوە زەمەنییانەیان لەبەردەست بێت کە بیٚ ئینتەرنێت و ئامرازی دیکەی پەیوەندیگرتن بتوانرێت لێکدانەوە لەسەر ڕووداوەکانی دونیا بکرێت و کەمی سەرچاوە بە لێکدانەوەو گوشینی خەیاڵدان ، لەڕێی شرۆڤەی جواندا، بگۆڕێتەوە.

**ستران عەبدوڵلا**
2012/3/24

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## فەسڵی یەکەم

# گۆرباچۆف و شیفەرنادزە

هەواڵنامەی کتێب

# پریسترۆیکا،

## دروستکەری بڕیاری پریسترۆیکای لە کارخست

بەشێك لە سەر گوزشتەی میکائیل گۆرباچۆڤ




نووسینی کتێب: گیردروگ

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: یوسف چومگ

خستنەڕوو و خوێندنەوەی ستران عەبدوڵڵا

لە کوردستانی نوێدا

هەواڵنامەی کتێب

# 1



خانەوادەی گۆرباچۆڤ
تێڕوانین بەگەشبینییەوە

ڕەنگە لەم دونیا پان و پۆڕەدا، هەزاران کەس هەبن، کە تەنانەت بەدەر لە هەڵسەنگاندنە فیکری و سیاسییەکانیش، قینێکی زۆریان بەرامبەر بە گۆرباچۆڤ لە دڵدا هەبێ، هەروەها ڕەنگە هەزاران کەس هەبن، کە دیسانەوە بە دەر لە هەڵسەنگاندنە فیکری و سیاسییەکانیش، ستایشێکی زۆری ئەم سیاسەتمەدارە بە زوویی درەوشاوەو بەپەلە ئاوابووە بکەن. ئیدی ئەوە قەدەری مرۆڤێکە لە جۆرەی هەڵسووڕانی خۆیدا ڕێچکەشکێن بووە، هەمیشە ئەو کەسە کە بەسەر سەلامەتی ڕێبوارئاسا بەم دونیایەدا گوزەری کردووە. لە هەڵوێست وەرگرتن و سەرزەنشتی خەڵکانی تر پارێزراوە. بەڵام بەختەوەرن ئەو مرۆڤانەی دەبنە مایەی رقلێبوونەوەی هەندێك و خۆشەویستی هەندێکی تر. ئاخر پاڵەوان لە بواری سیاسەتدا ئەو کەسەیە کە کردەوەکانی.. زیان بە بەرژەوەندییە مادی و مەعنەوییەکانی توێژێك یان گروپێك دەگەیەنێ، هەروەها ڕەنگە ئەو کردەوانە بە قازانجی توێژێك یان گروپێك کۆتاییان پێ بێت. کارە ڕێچکەشکێنەکانی گۆرباچۆڤ زیانی لە هەندێك و قازانجی بە هەندێکی تر گەیاند، (گۆرباچۆڤ) تا ئەمڕۆش، کە وەکو ئامادەبونێك هیچ کارگەرێکی بەسەر ڕووداوەکانەوە نەماوە، ناوێکە گوزارشت لە شتێکی بێزراو و پەسەندکراو دەکات، یان هەروەکو لینین لە وەسفی شارل فوریدا گوتبوی (بەرزەو لەهەمان کاتیشدا هیچ و پووچە!)

کارێك کە گۆرباچۆڤ لە سۆڤێت و ئۆردوگای سۆسیالیستی و ئینجاش لە جیهاندا کردی، گۆرانێکی ڕیشەیی لە دەوڵەت و دامودەزگاکانی و هەروەها چەمکە فیکری و سیاسییەکان و بگرە خوێندنەوەی مێژینە و ئەمڕۆ و ئایندەی بەدواوە بوو. هەڵبەتە لە ڕێڕەوی ڕێبەرایەتیکردنی ئەو کارە مەزنەدا، لە خودی سۆڤێتدا، زیانی بە کەسانێك گەیاندووە کە لە پێکهاتەی توتیالیتاری دەوڵەتی سۆڤێتی بەهرەمەندبوون و بەرژەوەندییە کەسی و چینایەتییەکانی خۆیان لە ڕێگەیەوە دابیندەکرد. پۆلیسی نهێنی و دەزگای (کەی بی جی) و بەرپرسە گەورەکانی دەریای سوور و دەوڵەت و حزب و ئەوانەی کەڵکیان لە باری گرژی و

نائارامیی ئیمپراتۆریای سۆڤێتی وەردەگرت، هەر هەموویان ناوی گۆرباچۆڤ لەلایان وەکو بڕیارسازێك وایە کە دۆخە چەسپیوەکەی هەم لەوان و هەم لە خۆشی تێکدا و گەورەترین هێزێ، کە قوتبەکەی تری دونیابوو، پەرتەوازە و بێ ئایندەیەکی سەرفرازانە کرد. هەرواش لە دیدی کەسانێکی ترەوە گۆرباچۆڤ ئەو کەسە بوو گەورەترین درۆی ئاشکراکردو تەلیسمی کۆمەڵگایەکی داخراوی بەتاڵکردەوە کە بە بەهەشتی سۆشیالیزم ناوزەنددەکراو لەلایەن گەلێك دەوڵەت و کۆمەڵێکی بەرین لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی دونیای سێ بە نموونەیەکی شایستەی پەیڕەوکردن لەقەڵەم دەدرا.

ئەوانەش کەم نەبوون کە (گۆرباچۆڤ)یان خۆشدەویست، بەڵام تەنانەت ئەوانیش پاساوی جیاوازیان بۆ ئەو خۆشەویستییە هەبوو.

لەلایەك خەڵکانێکی زۆر لەو گۆڕانە جەرگبڕە لە (ئابوورییەکی مەرکەزی و دەوڵەتێکی تۆکمەوە بۆ ئابوورییەکی ئازادی هێشتا نەچەسپیوی بنەما داڕووخاوو دەوڵەتێکی لە بەریەك هەڵوەشاوەو کۆمەڵگایەکی شیرازە تێکچوو)دا، بە قۆستنەوەی باری گواستنەوەی نێوان دوو قۆناغ، توانیان خۆ پێبگەیەنن و ببنە بچمە تازەکانی ئەو قۆناغەو چینی سەردەمی (سیاسەتی والاکردنەوە) پێکبێنن و خواستە دێرینەکانی خۆیان لە دەرکەوتن و پێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەنە واقیعێکی بەرجەستە.

لەلایەکی تریشەوە نەتەوەو گروپە جیاجیاکانی سۆڤێت بوارێکی باشیان بۆ دیاریکردنی ئایندەی خۆیان بۆ ڕەخسا، کە ئەگەر سیاسەتی گلاسنۆست و پیرۆسترۆیکای گۆرباچۆڤ نەبوایە، هەرگیز ئەو مەسەلەیە نەدەهاتە بوون، هەروەها ئەو سیاسەتەش گەلێك ڕاستی شاردراوەی هێنایەوە گۆڕێ و لەپڕێکدا ئاشکرایکردن.

(گۆرباچوڤ لە خەونە خۆشەکانی کردین.) ئەمەش ئاخاوتنی نەوەیەکی تازە بوو، کە زەمەنی پێگەیشتنیان هاوکات بوو لەگەڵ زەمەنی دەرکەوتە تازەکانی دونیا، ئەو دەرکەوتانەی هەموو (بەها)و تێزە لێبڕاوەکانمانی خستە بەر بارانی گومان و لێوردبوونەوەوە. بۆچی ئەو لە خەونی خۆشی سۆشیالیزمی کردین و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ بەجێ نەهێشتین، بام ئەو خەونەش بەهەشتێك بێت کە هەرگیز بوونی نەبووا!؟ بەهەرحاڵ، دەگوترێ، واقیعێکی تاڵ لە خەونێکی ئەفیۆنی خۆشترە! مرۆ باشترە لە ڕەشبینییەکی واقیعی دا بژی، نەوەکو گەشبینییەکی خەیاڵپلاوانە!

گۆرباچۆڤ ڕابەرایەتی گۆڕانێکی مێژوویی کرد لە مۆدێلێکدا، کە خۆی لە قەیرانێکی قووڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بوو. سەرنج هەیە کە ئەگەر (گۆربی)یش نەبوایە، ئەو وەرچەرخانە هەر ڕووی دەدا، بەڵام ڕەنگە بە شێنەییتر، یان لە پلەیەکی ئەو وەرچەرخانەدا وەکو سەردەمی خرۆشۆڤ پێچاوپێچێك بکرابایەو هەنگاوە ستەکان بۆ خاڵێکی دەسپێك

بگەڕابــانەوە. مێــژوو شــەرەفی هەڵگیرســانی ئەو ئــاگرەی بە (گــۆربی) بەخــشی، بەڵام ئەو پەیمانەشی لەگەڵدا نەبەست کە ئایا ئەو ئاگرە مەشخەڵی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگایە، یان ئـاگرێکە تەڕو وشك پێکەوە دەسوتێنێ‌و ئایا ئەو ئاگرە تا کوێ دەسوتێنێ!؟ ئەو (پیریسترۆیکا)ی خستە گۆڕەپان، بەڵام مەرج نییە ڕێڕەوی ڕووداوەکان بەپێی پرۆگرامێکی داڕێژراو برۆن، هەربـۆیەش بڕیاردەری بڕیارێکی مێژووی خۆی بوو بە قۆچی قوربانی ئەو بڕیارە سەرەخۆرەیە.

لە هەفتەی داهاتوو بەدواوە بە چەند بەشێك پوختەو جارجـارەش خوێنـدنەوەیەکی بـابەتە سەرەکییەکانی کتێبێك لە مەر ژیانی میکائیل گۆرباچۆڤ (صانع القرار وضحیته) دەخەینە ڕوو. ئێمە لەم بەشانەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو لایەنانە کە وێنەیەکی گـشتی لەسـەر کەسـایەتی و کارەکـانی گۆربـاچۆڤ بەدەردەخەن، تـاوەکو لەوێـوە لە گۆڕانەکـانی سـۆڤێت، هەرواش لە تایبەتمەنـدییەکانی ئەو کەسـایەتییە بگەیـن، کە قـین و خۆشەویـستی لە دڵـدا چاندین. تێبینییەك کە لە هەر کتێبێکی یاداشـت و بیـرەوەری یـان هەر کتێبێـك کە لە مەڕ کەسایەتییەکی ناودار دەدوێ و بەدیدەکرێ ئەوەیە، کە تۆزێك زێدەڕۆیی و زێدە پیاهەڵگوتنی تێدایە و پێش دەچێ ئەم مەسەلەیە چێـژی ئەو جـۆرە کتێبـانە پتـربکەن و وەکـو دەقێکـی ئەدەبی سەرگوزەشتە، خوێنەری خۆی هەبێ.



پاکتاوکردنی میللەتانی سۆڤێت و
گروپە نارەزاییەکان سیاسەتی سەرەکی ستالین بوو

**ئەنفالەکانی ستالین!**

بـاپیری (مێــشای بچــووك) **(1)** لە دایکییەوە کـابرایەك بـوو بە ڕەسـەن دەچووەوە سەر قۆزاقەکـان و هەر لە وانیـــــشەوە گیــــانی بەرپرســـــی و کەسـایەتی سـەربەخۆی بـۆ مـابۆوە، هاوسـەردەمەکانی وا باسـی "بـانتڵی گوبکالۆ" دەکەن، کە لە داکۆکیکردن لە جوتیـاران و شـێوە ژیـانی تایبەتیـان ڕۆڵێکـی چـاکی گێـڕاوە، لە هەرەوەزی (تـوز)دا، کە هەرەوەزییەکی خۆڕسـکانە بـوو، دەیویـست دەستپێـشخەری لە چـاکردنی دۆخـی جوتیـاران بنوێنێ، بەڵام خۆماڵیکردنەکـانی سـتالین لە سـاڵی **1929** بەدواوە، ئەو پـرۆژە خۆبەخـۆییەی گونـدی (بریڤۆلنـوی) تێکوپێـك دا، نەدەکـرا (گوپکـالۆ) بەر بەو تەوژمە سەرشـێتە بگـرێ، کە کۆمۆنیزمی جەنگ و سیاسەتی (نیپ)ی لینینی تێپەڕاندبوو. ئەو بـۆ خـۆی کۆمۆنیـست بـوو، پاشانیش بوو بە سەرۆکی ئەو کۆڵخۆزەی لە گوندەکە دامەزرا، بەڵام ئەوەش دەگێڕدرێتەوە کە هەوڵێك باپیرەی گۆرباچوف دابووی، لە ئەنجامدا ئەوەی لێ کەوتەوە کە گونـدی (بریڤۆڵنـوی)

کەمتر لە هەر گوندێکی دیکەی ڕوسیای ئەو سەردەمە قاتوقڕی و برسێتی بەخۆوەبینی. یەکێك لەوانەی لە مەرگە ساتەکەدا ژیاون ئاوەها شاهیدی خۆی بۆ شالاوی پاکتاوکردن دەگێڕێتەوە:

(باوکم ماوەی دە ساڵ دوورخرایەوەو دەست بەسەر موڵك و ماڵەکەشیدا گیرا، ماڵەکەمان تەختکرا و ناچاربووین کە لە ماوەی یەك ساڵدا شەش جار ماڵمان بگوازینەوە. ساڵی **1932** قاتوقڕییە گەورەکە ڕووی دا و دەست بەسەر هەموو موڵك و ماڵی جوتیاراندا گیرا، لە گوندەکان هەر ماڵەو قوربانی خۆی بۆ برسێتی دابوو، پێموایە بانتڵی کۆبکالۆ، بریڤۆلنۆی ڕزگارکرد، چونکە ئەو کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو. لە چاو گوندەکانی تر برسێتییەکە لە گوندەکەی ئێمە کەمتر بوو، ترسی ئەوەمان هەبوو کە لە سییەکاندا، لە کاتی هەڵمەتەکانی پاکتاوکردندا، دەستگیربکرێ و بە مانەوەی لە ناوماندا دڵخۆش بووین).

بەڵام گەلێك لەو کوشتارانەی لەو سەردەمەدا ڕوویان دا، تا درەنگانێك پەردەیان لە ڕوو هەڵنەماڵدرا، مەگەر سەردەمی (خرۆشۆف) نەبێ. لەو سالانەدا بەتەنیا لە ئۆکرانیادا نزیکەی پێنج ملیۆن کەس فەوتان. بڕیارەکان وابوون کە دەبوایە جوتیارانی ئۆکرانیا و دون و کوبان بە خاوو و خێزانەوە لە برساندا بمرن، ملیۆنان کەس لە سێدارەدران. گەلێك کەسیش بەو شەمەندەفەرانەی بۆ ئاژەڵ تەرخانکرابوون بۆ تاراوگە دوورەکانی سیبیریا گویزرانەوە. **(240,000)** کێڵگەی هەرەوەزی لە گوندەکاندا دامەزرێنران. ئەو برسێتییە ناوچەکانی باشووری ڕوسیا و باکووری قۆقازیشی گرتەوە. لە ناوچەی (ستافروبول)، کە نزیك گوندی (بریلۆنلۆی)یە و ئەو شوێنەیە کە گورباچوف تێیدا بوو بە سەرۆکی حزب، **(15000)** کەس، واتە یەك لەسەر سێی دانیشتوان، گیانیان لەدەست دا. قەوارەی مەرگەساتەکە هێندە گەورەبوو، کە ڕۆژنامەنووسە بیانییەکانیش خەیاڵیان نەدەکردو مەزندەیان بۆ ئەندازەی قوربانییەکانی نەدەچوو.



**لەپۆترێتەکاندا ستالین باوکی میللەتان بوو، لەواقیعشدا..**

هیچ تەئکیدکردنەوەیەکی ڕۆشن نییە لەسەر هەڵوێستی، یان ڕوونتر هەستی گۆرباچۆف بەرامبەر بەو هەڵمەتە نائینسانیانەی ستالین.

هەڵبەتە ئەو لە تەمەنی منداڵی خۆیدا هەستی بەو دوو دیوییە کردووە، کە دەیبینی دۆست و دراوسێکانی بنەماڵەکەی لە دەرەوە ستایشی کارەکانی دەوڵەتیان دەکردو لەناوەوەش بەباری تێکدانی ژیانی سروشتی خۆیان نارەحەت بوون. هەروەها ئەو کە لە ئایندەدا دەبێتە بەرپرسی یەکەم لە سۆڤێت و لە مەڕ هۆیەکانی قەیرانی کوشتوکاڵی دەکۆڵێتەوە، وا مەسەلەکە لێکدەداتەوە کە (هەڵوەشانەوەی چینی جوتیاران) ڕۆڵی سەرەکی لەو قەیرانەدا هەبووە، ئەمەش دیارە بەو مانایە دێ، کە ئەو هەنگاوەکانی ستالینی بە بەشێك لەو کاروانە درێژە نەزانیوە، کە بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم وا دەخوازێ ئەم هەموو گرتن و ڕاوەدونان و برسێتیکردنە پەیڕەوبکرێ. جارێکیان (گوربی) لە دیدارێکدا بە ڕێزو خۆشەویستییەوە باسی باپیرەی خۆی دەکرد، کە چۆن لەبەر ئەوەی چیلێکی کۆڵخوزەکەی بە فەرمانبەری شارۆچکەکەیان تەسلیم نەکردبوو، ماوەیەکی زۆر زیندانی دەکرێ. ئەو لەم بارەیەوە دەڵێ:

(ئایا دەزانی باپیرم لە ساڵی **1937**دا بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك زیندانیکراو بە دوژمنی گەل دانرا؟)




ستافرۆبۆل: شارەکەی گۆرباچۆڤ

**لەدایکبوونی بڕیارسازێک**

بریڤۆلنۆی گوندێکی ئاساییە و کەوتۆتە باکووری شاری ستافرۆبۆلا. خاکەکەی خاکێکی بەپیتە و بۆ چاندنی گەنم دەست دەدا، جوتیارانی ئەو گوندە بەهۆی زاڵبوونی سیماو نەریتی قۆزاقییەکان بەسەریاندا تا ڕادەیەکی چاك سەربەخۆیی خۆیان لە پشتبەستن بەتوانای خۆماڵی و شێوە ژیانی تایبەت پاراستبوو، تەنانەت لەو ساڵانەی کە پرۆسەکانی خۆماڵیکردن و هەڵمەتەکانی ستالین دژ بە جوتیاران و لەپێناوی پیشەسازیکردنێکی بە پەلەی وڵاتدا، بەرەوی خۆی هەبوو، ئا لەو گوندە ئاساییەو لە دامێنی ئەو نەریتە سەربەخۆخوازەدا، ڕۆژی **2**ی ئازاری **1931** بڕیاردەر و قۆچی قوربانی بڕیارەکان، دوا سکرتێری گشتی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت و دوا ڕابەری ئیمبراتۆرییەتی پانوپۆڕی سۆڤێتی (میکائیل گۆرباچۆف) لەدایکبوو.

دایکی گۆرباچوف ژنێکی تۆکمەو بە کەسایەتی بوو، لە کێڵگە هەرەوەزییەکاندا کاریدەکرد. باوکیشی هەروەها کەسێکی خۆشەویست و لەلای خەڵکی گوندەکەی ڕێزو یادگارییەکی جوانی بەجێهێشتبوو، نزیکەی **40** ساڵ بە کاری تراکتۆر لێخوڕین و چاککردنی ماشێنی دروێنەوە خەریکبوو. گۆرباچوف هەر لە باوکییەوە فێری ئەو کارە ببوو و زۆریش شانازیی پێوە دەکرد. هەر لە هێمای ئەو کارەوە دواتر چیرنۆفسکی، ناسیۆنالیستی توندڕەو، سەرۆکی حیزبی دیموکراتی لیبراڵی روسی، وەکو گاڵتەپێکردنێك دەڵێ: (پێویستە گۆرباچوف بچێتەوە گوندەکەی خۆی و خەریکی کاری تراکتۆرلێخوڕین بێ!).



سیاسەتی ئابووری ڤاتوقڕی
لەدێهاتەکاندا بڵاوکردەوە

ماوەیەکی زۆر لە تەمەنی منداڵی گۆرباچوف لەو کەشەدا گوزەریکرد. لە تەمەنی دوای منداڵی و لە دەستپێکی هەرزەکاریدا وەرزێکی درێژی لە خوێندنگەیەکی ناوچەی مۆڵدتۆفسکۆی، کە (20) کیلۆمەتر لە گوندەکەیانەوە دووربوو، بەسەردەبرد. پاشانیش، کە هاوین دەگەڕایەوە گوندەکەی، کاتی خۆی بە کاری چاککردن و لێخوڕینی تراکتۆرو یارمەتیدانی باوکییەوە بەسەردەبرد.

وێرای هەموو گۆڕانەکانی پاش شۆرشی ئۆکتۆبەر و وێرای ئەوەی کە باپیری (گۆربی) کۆمۆنیستێکی سەرۆك کۆڵخۆز بوو، بەڵام (بانتیلفیتا)ی دایکی میشای بچووك هەرچۆنێك بوو توانی کوڕەکەی بەرێتە کەنیسە و لە ماڵەوەش لە پشت وێنەکانی لینین و ستالینەوە، هەندێك سونبولی ئایینی دەشاردرایەوە، بەڵکو جارجارە باپیرە بەحیساب کۆمۆنیستەکەش دەچووە کەنیسە، ئاخر لە سەردەمی شەڕدا سەرکوتی دینی کەم کرابۆوە، چونکە ستالین پێویستی بە هەموو تواناکانی یەکێتی سۆڤیت هەبوو، تەنانەت توانا رۆحییەکانی کۆمەڵگەی سۆڤێتیش!.

---

**پەراوێز:**

غورباتشیف، صانع القرار و چحیتە، نووسینی: غیر دروغ، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، یوسف چومگ، لە بڵاوکەرەوەکانی مکتب بیسان – بیروت **1992** چاپی یەکەم : **400** لاپەڕە.

**.1** بە منداڵی ئاوەها بە گۆرباچۆف دەگوترا، پاشانیش کە بوو بە ڕێبەری یەکێتی سۆڤیەت خەڵکی لە خۆشەویستیدا پێیاندەگوت (گۆربی).

**.2** غورباتشیف صانع القرار و ضحیتە ل**34**

**.3** هەمان سەرچاوە ل**43.**

**.4** دیدارێکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ جیرنۆفسکی - کیهانی فارسی

## 2



بەش بەش
خەڵك ڕادەگوێزران

بەپێچەوانەی خەڵکانی دیکەو ناوچەکانی دیکەی وڵاتیش، بوونی ناوچەی ستافرۆبوڵ لە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانەکان و ڕاگواستنی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەلایەن ستالینەوە بەمەبەستی ئەوەی لە کاریگەریی ئەڵمانیا دووربکرێنەوە، ئەمانە هەرگیز نەبوونەتە مایەی ئەوەی بەگومانەوە لەگەڵ بنەماڵەی گۆرباچۆڤدا ڕەفتاربکرێ و بەهاوکاریی سوپای بێگانە، لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، تۆمەتباربکرێت. باوکی چوار ساڵ لە سوپای سۆڤێتی خزمەتیکردو لە شەڕی گەورەی (کورسك)یشدا بەشداریکردبوو، پاش ئەوەی لە چیکۆسلۆڤاکیا بریندارده‌بێ، وەکو سەربازێکی مەشقپێکراو ئەندامێکی حیزب، بەچەند مەدالیایەکەوە لە جەنگ دەگەڕێتەوە.

کۆتایی جەنگ دەرفەتێکی باشی بۆ میشای بچووك ڕەخساند کە ئەو ساڵانەی لە بواری خوێندندا لەدەستیدابوو، قەرەبووبکاتەوەو وەکو خوێندکارێکی چووست و چالاك دەربکەوێت، هەروا‌ش گونجانێك لە نێوان خوێندن و کاری کوشتوکاڵیدا بکات، هەمووان لە سەر ئەوە کۆکبوون ئەو کوڕێکی داناو بیرتیژ بوو، لە گوتارخوێندنەوەو ئاخاوتندا ئەفراندنی دەنواند، ئەمەش زەمینەخۆشکەربوو بۆ ئەوەی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا ببێتە ئەندام لە یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستدا. دەگوترێ کە (گۆربی) کەسێکی خاوەن سیفەتێکی تایبەتمەند نەبوو، بەڵام هاودەمەکانی گەواهی ئەوە دەدەن ئەو کەمێك جیاوازیی لە خەڵکی دی هەبووەو بەجۆرێك لە جۆرەکان سەرنجڕاکێشیش بووە.

(لیوبۆف ستولیف)ی کچە هاوپۆلی دەڵێ: (من ساڵێك لەو گەورەتربووم، بۆیەش بەئەمینداری نهێنی یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستی داندرام و ئەویش یاریدەدەرم بوو، شایستەی ئەوەش بوو کە ببێتە ئەمینداری نهێنی، چونکە وەڵامی پرسیارەکانی دەزانی و لە من ئاسۆفراوانتربوو، مایەی سەرنجی گەلێك لە کیژەکان بوو، بەڵام لە ناخی دەروونمانەوە هەستمان دەکرد کە لە شوێنێکی تر بە دوای هاوسەردا دەگەڕێ و ڕەنگە لە گوندەکە نەمێنێتەوە.

سەردەمێك كە گۆربی بۆ تەواوكردنی خوێندن ڕووی لە شوێنێكی تر كـرد، لە گونـدەكەی دانەبڕاو هاوینان بۆ یارمەتی بـاوكی لە هـاتوچۆدابوو، تەنـانەت سـاڵی **1948** لەگەڵ بـاوكی و هاوكارانی خەڵاتـی یەكەمینیـان لە گـرەوی دروێنەكـردن بەدەسـتهێنا٠ بە جرەجـرو دەنگـی تراكتۆرەكانیان خەڵاتی لینین و میدالیای سەركەوتنیان كردە مل: بێگومان ئەو میـدالیایانەی باوكو كوڕ بردیانەوە، لە دوایدا یارمەتی گورباچوفیان داو ڕێگەی مۆسكۆیان بۆ تەختكرد)٠

## خوێندكارێک خانمە مامۆستاكەی خۆی بەشوودەدات


رایسا و گۆربی

لە هەڕەتـی پـێش هەرزەكاریـدا، هەنـدێك لە سـیماكانی كەسـایەتی گوربـاچۆف وردەوردە چەكەرەیانـدەكرد٠ ئەو هەمیـشە یـارمەتی خوێنـدكارە هاوكارەكـانی دەدا و بەپشوودرێژییەوە وانەكانی بۆ دەگوتنەوە، لەو تەمەنەدا بوو كە هەوڵی دەدا پـشتخانێكی ڕۆشـنبیری بـۆ خـۆی دابینبكـات٠ ئاشنایەتی لەگەڵ (پۆشكین)و (لیرمەنتۆف) پەیـداكرد، گەلێـك لە شیعرەكانی پۆشكینی ئەزبەركردبـوو٠ هەرواش بە جەرگەوە هەنـدێك هەڵوێـستی جوامێرانەی نوانـدبوو، كە تێیـدا تـاڵە دەزووی سـەربەخۆخوازی (گۆربـاچۆف) بەدیـدەكرا٠ لە سـاڵی **1950**دا تـوێژینەوەیەكی لە مەڕ باسـەكانی لینـین لەبـارەی بـزووتنەوەی هەرەوەزیـیەوە پێشكەشكردبوو، كە هەروەكو (تشوربانوما)ی بەرپرسی پۆلەكەی دەیگێڕێتەوە، ئاخاوتن لەسـەر ئەو مەسەلەیە كارێكی پڕ مەترسی بوو٠ هەرواش گیانێكی سـەختی داكـۆكیكردنی هەبـوو لە هەمـوو كەسـێك كە تووشـی تەنگەژە هاتبێـت، هەروەكـو لە مەسـەلەكەی خـاتوو (ماتیلـدا ئیاتینكۆ)ی مامۆستای ڕوویدابوو، خاتوو ماتیلدا بێـوەژنێكی بەڕەسـەن ئەڵمـانی بـوو، مێـردە ئـۆكرانییەكەی لە شـەڕدا كوژرابـوو، لە میـانی دەرسـوتنەوە بە خوێنـدكارانی گونـدەكەی (گورباچۆف)، هێندەی نەمابوو گێچەڵێكی چاوەروان نەكراو بەرەو زیندان راپێچی بكات، ئەو لە پۆلەكەدا ئاوەها باسی لینینی كردبوو: لینین هاوڕێ و رابەرێكی (فوهرر) بوو٠ ئینجا هەندێك لە خوێندكاران ویستیان بوختانی بۆ بكەن بەوەی كە بانگەشە بۆ فاشـیزم دەكـات، ئەوەی زیـاتر ئەو ئاگرەی بەجۆشتردەكرد رەسەنی ئەڵمانی ئەو مامۆستا ژنە بوو، بەڵام بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە (میشای بچووك) بە خۆی و فەرهەنگێكـی ئەڵمـانی ڕووسـییەوە هـاتە خوێنـدنگاو هەرزەكـارە بوختانكەرەكانی قەناعەت پێ هێنا كە وشەی (فوهرر) مانایەكی فاشـیانە بەخۆوەنـاگرێ و ئەو چامە شیعرییەی كە وشەكەی لێ وەرگیراوە، چامە شیعرێكی كۆمۆنیستییە!

بەڵام (میشای) تەمەن پانزە ساڵ هەر بەو هەڵوێستە جوامێرانەوە دڵی ئاوی نەخواردەوە، ئەو هاوڕێیەتی کەسانی لەخۆی بەتەمەن تری دەکرد، ڕۆژێکیان بە هاوڕێیەکی (حەوت ساڵ لە خۆی بە تەمەنتربوو) ڕادەگەیەنێ، کە دەبێ ئەو مامۆستا ژنە بخوازێ، هەر واش بوو، ئەگەرچی تا ئێستا ئەوە ساغ نەبۆتەوە کە ئایە ئەو هاوڕێییەی خۆڕسکانە چۆتە خوازبێنی خاتوو (ماتیلدا ئیاتینکۆ)ی مامۆستا یان لەسەر خواستی (میشا) ئەو کارەی ئەنجامداوە؟ بەڵام هاوسەردەمانی منداڵی گۆرباچوف گەلێك یادگاری لەو بابەتە دەگێڕنەوە کە هەموویان وێرای زێدەڕۆیی تەئکید لەسەر جوامێری دواسەرکردەی گەورەترین ئیمبراتۆرییەتی ئەم سەردەمە دەکەنەوە، ڕەنگبێ هەر لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕەفتارە باشانەو ئەو کەسایەتییە تایبەتمەندە بێ، کە مامۆستایەکی ئەو کوڕە گوندییە، خاتوو (لیدیا تشایکۆ) بە ئیعجابەوە بڵێ: (هەرگیز گومانمان لەوە نەبوو کە گورباچوف ڕۆژێك لە ڕۆژان پلەو پایەکی بەرز داگیردەکات، بەڵام ئێمە دەمانزانی کە ئەو گەنجە خۆی ڕێگای ژیانی تایبەتی دیاریدەکات).

***

## ئاسمانی ڕوسیا شینە!



ئەلیکسەندەر دوپشتیك،
سۆشیالیزمی مرۆڤدۆستانە

بەپێچەوانەی ئەوەی لەسەر ڕابەڕ و سەرکردە سیاسییەکان ناسراوە، ژیانی گۆرباچوف لە تافی لاویدا وێستگەیەکی ئەوتۆی تێدانییە کە مایەی وروژاندن و سرنجدان بێ، ڕونتر مایەی ئەوە بێ کە چیرۆکنووسێك، سیناریستێك فلیمێکی سەیرو سەمەرەی لێ بەرهەمبهێنێ. ئەو کاتە کە (گۆربی) لە بنەماڵەیەکی کەم دەرامەت و خۆبژیوبووەو پاشان پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا قایمکردووە،

بەڵام بەسەرهاتی ساڵانی هەرزەکاری و سەرگوزشتەی تەمەنی خوێندکاری لە زانکۆی مۆسکۆدا، هێندە هێمن و بێ کێشمەکێشە، وەك بڵێی دەستی قەدەر یان ئەوەی پێیدەگوترێ بزاوتی مێژوو ئیشیان بۆ ئەوە کردبێ، کە پاڵەوانی ئەم داستانە پەی بە پەی ڕووداو و پێشهاتەکان، لەسەر ئیقاعێکی چوون یەك مامەڵە لەگەڵ دەورووبەردا بکات. (گۆربی) گەنجێکی عیصامی بوو کە پێکەوە بەخت و چانس و پێویستی یەکانی (ڕۆمانێکی) بێ گرفت و تراژیدییا، هەموو لەمپەڕەکانی بەردەمیان بۆ تەختدەکرد. بۆ هەقایەتەکە ئەوە بەچێژتربوو،

کە سوارچاکەکەمان لە ڕەوتی پێشڤەچوونی بەرەو ئەرکە قورسەکانی داهاتوو، وا باسبکرێ کە کێشە لاوەکییەکان بخرێنە پەراوێزەوە. بەمجۆرە زەروریبوو گۆرباچوف بێ دواخستن لە کۆلیژی ماف وەربگیرێ، وەکو گەنجێکی ڕۆحسووك لەلایەن هاوپۆلەکانی و کادیرێکی حزبی مولتەزیم، لە ڕووی رەسمییەوە، تەماشابکرێ، بێ گیروگرفت بۆ پلە جیاجیاکانی ڕێکخراوی کۆمۆسمۆل (لاوانی کۆمۆنیست) هەڵبژێردرێ و هەروەاش لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا لە چیرۆکێکی خۆشەویستی کورتخایاندا هاوسەری هەتاهەتایی ژیانی خۆی، خاتوو (رایسا)، بدۆزێتەوە.

لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی ئەوەی لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵات و کورد بەتایبەتی برەوی هەیە، سەرگوزشتەی گورباچوف لە تافی لاویدا ئەو بەندە بەسوودەی لێ سەوز دەبێ، کە ئەگەرچی تەنگەژەو ئاستەنگییەکانی ژیان ئەزموونی بەسوودن بۆ سیاسەتمەدارو کەسایەتییە ناودارەکانی مێژوو و تادێ قاڵبووی گۆڕەپانی خەبات و کاری سیاسی دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ژیانێکی بێ گرێ و گرفت، ژیانێکی ئاسوودە هەموو پێداویستییە مادی و ڕۆحییەکانی تێدا فەراهەمکرابێت، مەرجێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی سیاسەتمەدارێکی کارامەو لێهاتوو،



دەبابەکانی سۆڤێت گولی بەهاری براغ پێشێل دەکەن

ئەگەر هەلومەرجێکی دژوار سیاسەتمەدارێکی میزاجی لێ بکەوێتەوە، ئەوا هەلومەرجی لەبارو کەشی گونجاو سیاسەتمەداری هێمن و لەسەرخۆ، کەسایەتییەکی هاوسەنگ و جێگیر و خاوەن بەرنامە بەرهەمدەهێنێ. (گۆربی) بەرهەمی ئەو هەلومەرجە لەبارەیە، بۆیە لە داهاتووی ژیانی سیاسیشدا لە جێگەی شۆڕشێکی بنەڕەتی، ریفۆرمێکی هەنگاو بەهەنگاوی وەکو پیرسترۆیکای کردە نیازو لە شوێنی مارشێکی عەسکەری سووپای سوور، کە دونیای پێ هەراسانبکا،گۆرانییەکی ئاواز هێمنی وتەوە، گۆرانییەك وەك گۆرانی (ئاسمانی ڕوسیا شینە) کە (گۆربی) لە رۆژەکانی دەستبەتاڵی و کاتی حەسانەوەی خوێندکاریدا، لەگەڵ هاودەمەکانی خۆی، دەیگوتەوە. هەر بەو گۆرانییە پەیامئامێزانەش پریسترۆیکا وەرچەرخانێکی مێژوویی بەدواوەبوو، ئەو وەرچەرخانەش (ئاسمانە شینەکەی ڕوسیای) تێپەڕاندو هەموو دونیای گرتەوە.

ئەگەرچی لە سەردەمی چرینی گۆرانی (ئاسمانی ڕوسیا شینە)دا، دەرگاوانەکەی بەشی ناوخۆیی خوێندکارانی مۆسکۆ توانی گۆربی و هاوڕێکانی بێدەنگ بکات، بەڵام لە ئایندەدا پاسەوانانی دێرینی کرملین نەیانتوانی گۆرانییە(4) خۆشەکەی پریسترۆیکا دەستبەسەربکەن و بۆ تاراوگە دوورەکانی (سیبیریا) ڕەوانەی بکەن!



کۆمسۆمۆڵ، وێستگەیەکی سەرکەوتنی گۆربی

### کورێکی گوندی لە مۆسکۆدا!

ساڵی **1950**، لە تەمەنی نۆزدەساڵیدا، گۆرباچۆف بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا، بەرەو مۆسکۆ کەوتەرێ، لەو ڕۆژگارەدا پلەی زیوین لە خوێندن و تەزکییەی کۆمسۆمۆڵ (ڕێکخراوی لاوانی کۆمۆنیست)و بنەچەی جوتیاری بنەماڵەو لەگەڵ هەندێك ئەدگاری تایبەتی لە کەسایەتیدا بەس بوون بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ کورسییەك بۆ خۆی لە زانکۆی مۆسکۆ دەستەبەربکات. هەرواش بوو، گۆربییەك کە هێشتا وەکو گەنجێکی گوندیی ڕۆحپاك هەڵسوکەوتی دەکرد، بەختی وای هانی کە لە کۆلیژی ماف وەربگیرێ و هەر لەوێش ئاسۆی تێفکرینی سیاسیی بەرفراوانتربێ. لە سەرەتای پەنجاکاندا، ستالینی سەرمەست بە سەرکەوتنەکانی خۆی لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئامادەباشی بۆ شاڵاوێکی دیکەی پاکتاوکردن نواندو ئەو سیاسەتەش بەپلەی یەکەم دژ بە جوولەکەکان نەخشەی بۆ دەکێشرا. لەو هەلومەرجەدا دەوڵەتی ترس و تۆقاندن و تۆرە جاسوسی و پۆلیسییەکانی

سبیریا ڕاوەدووی هەموو دەنگ و ڕەنگێکیان دەنا، کە پێچەوانەی هێڵی گشتی حزب بێ و خیتابی ڕەسمی دەوڵەتیش لە نوختەی پیاهەڵگوتن بە ستالین دەستیپێدەکردو هەر لەوێش کۆتاییپێدەهات. ئا لەو سەردەمەدا گۆرباچوف لە کۆلێژیشدا موجازەفەی تایبەتی خۆی هەبوو، لەوێش دۆستایەتی سێ کەسی لە خۆی بە تەمەنتری دەکردو هەریەکە لەو سێ کەسەش گۆبەندێکی وای بەدواوە بوو، کە هیچ دوورنەبوو لە هەر وەختێکدا گۆرباچۆفی کادیری حزبی تەزکییەکراوو پەیڕەوکار لە ستالین بخەنە خانەی گومانەوە. یەکێك لە برادەرەکانی (ڤلادیمیر لیبرمان) بوو، کە جوولەکەیەکی تەحریفی بوو و گۆرباچۆف لە سەردەمی هەوڵی پاکتاوکردنی توخمی جولەکە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا، بەرەڤانییەکی جوامێرانەی لێ کرد. یەکێکی تریشیان (زدینیك ملیتار)ی چیکسلۆڤاکی بەرەسەن جولەکە بوو، هەرچەندە ملیتاریش وەکو گۆرباچۆف بە تەزکییەی حیزبی لە جیکۆسلۆڤاکیاوە ڕەوانەی مۆسکۆ کرابوو، واتە ئەویش وەکو گوربی بە ڕەسمی لێی ڕازی نەبوون، بەڵام ئەم دوو هاوڕێیە بە ئەندازەی ئەوەی خاوەن بۆچوونی تایبەتی و بەرنامەی ریفۆرمی خۆیان بوون، کە یەکێکیان (واتە گۆربی) لە درەنگوەختانێکدا پریسترۆیکا بەرپابکاو ئەویتریشیان (ملیتار) ئەمینداری حیزب بێ لە سەردەمی (دوپشتیك)داو بەشداریی لە بەهاری براگی **1968**دا بکات، ئەو بەهارەی کە ریفۆرم و بیرۆکەی سۆشیالیزمی ئینسانیانە تێیدا شکۆفەی کردو دواتریش زرێپۆشە سوورەکانی برژنێف – سەلەفی بێ بەهرەی گۆربی – نەیانهێشت بالابکات.

بەڵام گۆرباچۆف گوێی بەو مەترسیانە نەدەدا. ئەو لە ڕێکەوتێکدا، دوای گەڕانەوەی ملیتار بۆ چیکسلۆڤاکیا، لە پشووی هاویندا نامەیەکی دۆستانەی لەمی دوایەوە پێ دەگات، بەپێکەنینەوە سەرەنجی ئەوە دەدات کە دەبوایە پێش ئەوەی نامەیەك وەربگرێ، کە لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتووە، بام ئەو وڵاتەش دۆستێکی سۆشیالیستی بێت، دەبێ سەردانێکی بارەگای پۆلیس بکات، ئەو هاوەڵە نزیکانەی بوون کە دواتر جێ پەنجەیان بەسەر گۆرباچۆڤەوە دیاربوو. ئەوان چونکە لە ژینگەیەکی جیا لە ژینگە لادێیەکەی ئەوەوە هاتبوون، خودان ئاستێکی ڕۆشنبیریی بەرزبوون، لەکاتێکدا کە گۆرباچۆف بێجگە لە کتێبی مەنهەجی و پەیڕەوی ستالینی و ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەی خوێندنگەکەیان هەبوو، هیچ کەرەستەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەمابوو، کەچی هاوڕێکانی دانراوە کلاسیکییەکانی مارکس و ئەنگلزیان لە چاپە ئەسڵییەکەوە خوێندبۆوە. بەگشتی خوێندکارانی زانکۆی مۆسکۆ، چونکە زۆربەیان نەوەی دەسترۆیشتووی حزب و دەوڵەت بوون، دەرفەتێکی باشی خۆڕۆشنبیرکردنیان بۆ ڕەخسابوو، ئەگەر ئەوەش تێبینیبکەین کە تەنانەت لەو سەردەمە پڕ ترسی و تۆقاندنە فیکری و جەستەییەی ستالینیشدا، زانکۆی مۆسکۆ (بەتایبەتیش کۆلێژی ماف)، وێڕای پەیوەستبوون بە هێڵی گشتیی حزبەوە، بەڵام خاوەن نەریتی زانستی و ئەکادیمی خۆی بوو، دکتۆر و

مامۆستاكانیش هانی خوێندكاره زرنگ و وریاكانیان دەدا، بۆیـە تێـدەگەین كە گۆربـاچۆف چ كەشێكی بۆ مەیسەربووەو ئەو كەشەش پاڵنەرو هاندەر بوو بـۆ ئەوەی مـرۆڤ خـودان هـزری ئەفراندان و جیهانبینی تـایبەت بەخـۆی بـێ٠ هەرچەنـدە پـاش دادگـا درۆزنەكـانی (ئەنـدره فیشنیـسكی) لە سـییەكاندا - كە فایـل تەزویردەكـراو دانپیانـان لە نەیـارانی سـتالین بەزۆر دەستێنرا ـ هیچ ئیعتبارێك بۆ یاسا و ماف نەمابۆوە٠

لەسەرەتادا گۆرباچۆف ناهەقی نەبـوو كە بە ئیعجـابێكی زۆرەوە لە سـتالین بڕوانـێ، ئـاخر هەمیشه دیدی مرۆڤ بۆ دیاردەكانی دەوروبەری لە جوغزی خـۆیەوە دەسـتپێدەكات، گـۆربی گوندییەك بوو، شوكرانەبژێری ئەو حزبە بوو كە ئەوی بە تەزكیەی خـۆی سـازو تەیـار كـردو وەختێكیش سەردانی مۆسـكۆی كـردو لە پرۆسـەكانی ئـاوەدانكردنەوەی پـاش جەنـگ ڕامـا، پێیوابوو ئەگەر دوژمنانی سۆشالیزم ڕێگری دروست نەكەن، ئەوا شوێنەكانی دیكەی وڵاتـیش ئاوادەبێتەوە٠ لەراستیدا ئەوە بە تەنها (ئەو) نەبوو كە ئاوەهـا دەیـڕوانییە سـتالین، ئەسـڵەن لە یەكێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی بەناو سۆشیالیستی و كـۆمەڵێكی بەریـن لە خەڵـك و حزبەكـانی دونیای سـێ – ئەوانەی ئەڤینـداری نمـوونەی سـۆڤێتی بـوون – دونیـایەك بەبـێ سـتالینی (العظیم الشان)(5) نەك هەر ڕەواجی نەبوو، بەڵكو تەسەوڕیش نەدەكرا٠ وەختێك ستالینش مرد، خەڵكانێك هەبوون كە لە غەمباری یاخود سەرسامیدا، دەستیان بەگریان كرد(6) وا هەستدەكرا كە مەرگی ئەو تراژیدیایەك بوو بۆ خۆی٠ كـاتێكیش فلادیمیـر لیبرمـان، هـاوڕێ جـووەكەی گۆربـاچۆف دڵخۆشـی خـۆی بە مردنـی سـتالین دەربـڕی، گـۆربی بە تـیلەی چاوێـك كە سەرزەنشتی پێـوە دیـاربوو، بێـدەنگی كـرد٠ گۆربـاچۆف نەگریـا، بەڵام ( دەیـان هەزار كەس هاتبوون بە گریـانەوە دوا سـەرنجی تەرمەكەیـان دەدا، مۆسـكۆ بە یەكەی تـایبەتی پۆلیـسی


خرۆشۆف دەمامكی ستالینی لابرد


ستالین، كەژیا خەم و خەفەت بوو، كە مرد گریانی هێنا

نهێنی دەورەدرابوو و ترسیش باڵی بەسەر شارەکەدا کێشابوو، زیاتر لە پێنج سەد کەس یان بەپێ لێنان یاخود بەپێی لەقەی جەماوەر و پۆلیس گیانیان لەدەستدا٠ مردنی ئەو زۆردارە دڵەڕاوکێ و ترسی خستە دڵی هاووڵاتیانەوە، دوای ئەوەی شەوو ڕۆژ وێنەکەی بە زیندووی لەبەر چاویان بوو، تەنانەت یەکێك لە بەندکراوەکان وای دەگێڕایەوە، کە ئەو لە گرتووخانەی (گولاکدا)، کاتێك بیستی ستالین مردووە، دەستی بە گریان کردبوو!٠

جولەکەکانی وەکو لیبرمان، بۆیە قینیان لە ستالین بوو، چونکە ئەو کەمی پێ نەکردن، ڕۆژنامەکان پڕبوون لە ناوی جوولەکەو بەشە کورسیشیان لە زانکۆ سنوردارکرابوو، لە وەختی ڕووداوی (پزیشکە بکوژەکان)دا، کە گوایە کۆمەڵێك دکتۆری جوو پلانیان بۆ کوشتنی سەرۆکی حزب و دەوڵەت و بەرپرسە گەورەکان داناوە، پڕوپاگەندە لە دژی جوولەکە وەکو ئاگر کڵپەیسەند،٠ خەڵکی نەدەچوونە لای دکتۆرە جووەکان و دەیان و سەدان لیست بەناوی (دکتۆرو ئەندازیارو پارێزەرو نووسەرو٠٠٠ هتد)ی جوولەکە بڵاوکرایەوەو بۆ کوشتن ئامادەکران٠ خرۆشۆف لە (گلاسنۆست) و (پیرسترۆیکا) نیوەناچڵییەکەی خۆی لە ساڵی **1956**دا، زۆر لەو تاوانانەی ستالین ئاشکرادەکات٠ لەو سەردەمەدا، دەوترا کە گۆرباچۆفی گەنجیش شتێکی دژ بە سامییەکان نووسیوە، بەڵام دوای پشکنین و گەڕان دەرکەوت فەرمانبەرێکی بچووك ئەو کارەی ئەنجامداوەو گۆرباچۆف هەرچەندە بە ئیعجابێکی زۆر سەیری کارە ئیجابیەکانی ستالینی دەکرد، بەڵام خاوەن هەڵوێستیش بووە سەبارەت بەدیفاعکردن لە هاورێ جووەکانی٠

هەموو کتێب

## 3

### ژووری (336)ی هەمیشە کراوە، شوێنی لانەوازان و پانتاییەک بۆ ئازادی



رایس و گۆرباچۆڤ
لە گەشتێکی ئەوروپادا

لە بەشی ناوخۆیی و ژووری (336)دا، گۆرباچوف رۆژگارێکی خۆشی بەسەربرد، بەرایی ئەیلولی 1950 بوو، کە بە خۆی و سندوقێکی بچووك و جلێکی گوندییەوە هاتە ژوورەوە• لەپێشدا ئەوانەی دواتر دەبنە نزیکترین هاورێکانی، ویستیان گاڵتەی پێ بکەن، هەرچەندە لە ئەسڵی (16) قەرەوێڵە هیچیان نەگیرابوون، بەڵام ئەوان رەوانەی بێکەڵکترین سەرینیان کرد، ئەو کورە غەریبەی کە لە شێوەزارییەوە گوندی بوونی خۆی ئاشکرادەکرد، هێندە خۆش مەشرەب بوو، کە دواتر بووە دۆستی نزیکی هەموو ئەندامانی ژوورەکە• ئەو بەپێچەوانەی هاوەڵەکانی، نەی دەخواردەوەو راوەدووی کچانی نەدەنا، بەڵام دەنگ خۆشێکی گەشبینیش بوو، لەگەڵ هیچ کام لە هاورێکانی مشتومری دروست نەدەکرد، لەو هەلومەرجە دژوارەی باری گوزەراندا، کاتێك جارجارە لە گوندی خۆیانەوە سەبەتەیەکی خواردنی بۆ رەوانەدەکرا، هەرگیز هاوەڵەکانی لێ بێبەش نەدەکرد، هەندێك لە ئەندامانی ژوورەکە پاداشتی خوێندنیان لە ستالینەوە بۆ رەوانەدەکرا، ئەوە تەنها بە خوێندکارە زرنگەکان رەوادەبینرا، لەگەڵ ئەوەشدا گوزەران هێندە سەخت بوو، کە تێکرای ئەندامانی ژوورەکە لە سەرەتای وەرگرتنی پاداشتی خوێندندا، وەکو دەوڵەمەندێك دەژیان و پاشان لە سەرە مانگیش (ئەو نانە بەو چاییە) سپێشەڵترین ژەمیان بوو!!•

هەرچۆنێك بی ئەو ژوورە هەژارە خەڵکانێکی لێهاتووی پەروەردەکرد، فلادمیر کۆزمین، کە لە رۆژێکی ساردی زستاندا پاڵتۆکەی خۆی دابوو پێی تاوەکو سەرمای نەبێ، ئەو فلادمیر کۆزمینە لە دوارۆژدا بوو بە جێگری گشتی تەمییزو رودۆڵ فکولتشانۆفیس بوو بە سەرنووسەری رۆژنامەی سەندیکایی (ترود)و گۆرباچۆفیش بوو بە پاڵەوانی ئەم داستانەمان•

بە ژووری **336** دەگوترا ژووری والا، یەکەم چونکە دەرگای ژوورەکە قفڵی نەبوو، دووەمیش لەبەرئەوەی جێنشینانی ژوورەکە خەڵکانێکی بێدەرەتان بوون و شتێکی ئەوتۆیان

نەبوو شایستەی دزیکردن بێ! بەڵام سەرباری ئەوەش ژوورێکی واڵا بوو، چونکە لەو سەردەمە پڕمەترسیەدا گۆرباچۆف و هاوەڵەکانی و جارجارەش میوانەکانیان، لە مەڕ هەموو شتێك، هەموو شتێك کە نەدەشیا باسبکرێ، دەکەوتنە گفتوگۆیەکی ئازادەوە. گۆرباچوف لەو گفتوگۆیانە بەشداریدەکردو هەوڵیدەدا بۆچوونەکانی خۆی بە هێمنی بەوانیتر ڕابگەیەنێ. ئەگەر نەیتوانیبا قەناعەتیان پێ بهێنێ، ئەوا چیرە دریژی لەگەڵ نەدەکردن، بەڵام هەرگیزیش لە بۆچوونەکانی خۆی پاشگەزنەدەبۆوەو دنەی توندڕەوانی نەدەدا.

بەڵام دواتر لە سەردەمی خرۆشۆفدا، زانکۆی مۆسکۆو بگرە هەموو روسیا بوون بە ژوورێکی واڵاو گفتوگۆی ئازادو سەربەستی تێدا ئەنجامدەدرا، وردە وردە بێزاری لە پەیڕەو شێوە خوێندنی ستالینی دەردەبڕا. جارێکیان لە پۆلدا خوێندکارێکی چەتوون بێزاریی خۆی لە ئاخاوتنی مامۆستای پۆلەکە دەربریبوو، کە هەمیشە لە وانەی ئابووریدا گوتەکانی ستالینی دەجووەوە، لە کاغەزێکدا نووسیبووی: (دەتوانین دەست لەم وانانە هەڵبگرین، ئاخر ئێمە خوێندنەوە دەزانین)(1). ئینجا ئەم کاغەزە (بەرهەڵستکارە) بەسەر خوێندکاراندا لەهاموشۆدابوو، دەبوایە پێش ئەوەی بگاتە دەستی مامۆستا، یەك ئیمزای خۆی لە سەر دابنا، جارێکی تریش گۆرباچۆف ئەو موجازەفەیەی نواندو کاغەزەکەی وانیشاندا کە پرسیارو سەرنجی خۆیەتی، کارێکی سەیربوو کە کۆمۆنیستێکی مولتەزیم وەرەقەیەکی سەرکێشی ئیمزابکات!

## ماوە کورتەکانی ئازادی

لە پانتایی بەرینی زانکۆدا، شێوەو جۆرری چالاکییە نارەسمییەکان هەمەڕەنگ بوون، بەڵام خوێندکاران زیاتر بەلای مەسەلەکانی هونەرو رۆشنبیریدا دایاندەشکاندەوەو هەندێکیش لەوانەی بە دووی دوارۆژێکی بێ گرفتەوە بوون و



زانکۆی مۆسکۆ، گۆرەپانی گەشەی گۆرباچۆف

دەیانویست لە بواری ئەکادیمیدا پەرە بە ئاستی زانستیان بدەن، کەمتر خۆیان لە مەسەلە نائەکادیمییەکان هەڵدەقورتان. لە دیدی ئەوانەوە ئیشکردن لە سیاسەت، کە تەنیا واتای ئیشکردن لە ڕێکخراوی کۆمۆسمۆڵی دەگەیاند، بە شتێکی بێکەڵك و بێئاکام دەژمێردرا، چونکە هەمیشە ئەوانەی لە ڕێکخراوی کۆمسمۆڵدا کاریاندەکرد کەسانێك بوون لە بواری زانستی و ئەکادیمیدا هیچ لەبارا نەبووبوون و ئەو لاوازییەی خۆشیان بەبەستنی کۆڕو سمیناری سیاسی و چالاکییە ڕەسمییەکان قەرەبوودەکردەوە. لەوانەش تیایاندا هەبوو کە

لەبەر ئیعتباری حزبی و هیچی تر نا، کورسیەکیان لە زانکۆ وەدەستهێنابوو، سەرباری ئەوەش گۆرباچۆفی ئەندامی ڕێکخراوی لاوان، ئەو کادیرە ئێسکقورسە نەبوو، کە هاوکۆلیژەکانی وەکو ترسێکی نزیك بە دەسەڵات تەماشای بکەن، ئەو هەرگیز پلەو پایە ڕەسمییەکانی خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیدا نەدەخستە کارو بەو ڕۆحسووکییەی خۆی هەرگیز لە هاوەڵەکانی دانەبڕا و پەیوەندی و خۆشەویستییەکی نادیار، بەڵام هەستپێکراوی، لەگەڵدا بەستبوون.

سەرباری ئەوەش، لەگەڵ پەرەسندنەکانی دوای نەمانی ستالین و هێدی هێدی هەنگاونان بەرەو مەحکومکردنی کارە چەوتەکانی ئەو سەردەمە، جموجۆڵێکی دیکەی سیاسی لە دەرەوەی جغزی کۆمسمۆڵ و ڕێکخراوەکانی حزبدا کەوتە سەرەتاتکێ. ئەگەر بشێ چەمکەکانی سەردەمێکی تر بە بالای سەردەمێکی تردا ببڕین، ئەوا دەکرێ بڵێین چاکسازییەکانی خرۆشۆف، وێرای جیاوازی قۆناغ و سەردەمیش، نیمچە پرۆسترۆیکاو گلاستنۆستێك بوون بۆ خۆی، مەحکومکردنی ئەو سەردەمە بەتەنیا لە سنووری سەرلەنوێ دەرهێنانەوەی تەرمی ستالین و ڕیسواکردنی ستالینیزمدا قەتیس نەبوو. لە قۆناغە جیاجیاکانی زانکۆدا، لە کەشێکی ئازادی کە دواتر دەرکەوت زۆری ماوە لە ڕوسیادا بەرقەراربێ، ئا لەو قۆناغەدا خوێندکاران گفتوگۆیان لەسەر هەموو شتێك دەکرد، لەسەر گەرانەوە بۆ لینینزم و کتێبی (دەوڵەت و شۆڕش)، لەسەر سۆشیالیزم و دیموکراسی و شورای هەڵبژێردراو، لەسەر ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی...هتد، بەڵام سەرباری ئازادیش، ئەو خوێندکارانەی لە ساڵی **1957**دا داوای دیموکراسیان کردبوو، دەستگیرکران و کاتێکیش بزاوتنەکانی خوێندکاران گەیشتە ئاستی ڕەخنەگرتن لە دەزگای دەسەڵات و خوازیاری ئەو خوێندکارانە گەیشتە ئارەزووی هەڵگێڕانەوەی سیستمی حوکم، نەوەکو بەتەنها ڕەخنەگرتن لە ستالینزم و جۆری سۆشیالیزمی تا ئەو وەختە ئاواکراو. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی خوێندکاریی سەربەخۆ پەخش و بڵاو دەکرایەوە. ئەمانە ئەو جموجۆڵە سیاسیانە بوون کە پاڵی بە یەکێك لە پەیڕەوانی سیاسەتی ڕەسمییەوە نا



لینین

ڕەخنەی کەمتوانایی و هیچ لەبارانەبوویی لەو خوێندکارانە بگرێ: (دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەت بۆیان ئاشکرابوو کە هەندێك لەو

خوێندکارانەی هیچ لە ڕاستییەکانی ژیان نازانن و ژیانی خۆشگوزەرانی گەندەڵیکردبوون، کەوتبوونە ژێر کاریگەری دوژمنەوە· ئەو لاوانە بە زۆری دیداری ئاشکرایان دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت ئەنجامدەداو تەنانەت لە شێوەی نووسراوی ئەدەبیش بۆچوونە سیاسییەکانی خۆیانیان دیاریکردو دواتریش دانیان بەوە دا نا کە هەندێکیان پێشنیاری ئەوەیان کردبوو بڵاوکراوەی تێکدەر چاپ و پەخش بکرێت)(2) بەڵام گۆربی بە ئەندازەی ئەوەی حزبییەکی بۆچوون تەسك نەبوو و مەودای نێوان خۆی و هاوڕێکانی دوور ڕانەگرتبوو، هەرواش لە هزری ڕەتکردنەوەی ستالینیزم و بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی سۆڤییەتیدا نەگەیشتبووە ئەو ئاستە کە پێیبوترێ (کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دوژمنانەوە!)· ئەو هەمیشە لەگەڵ ڕیفۆرم و ڕوویەکی ئینسانیانەی سۆشیالیزم بوو· لە ئایندەشدا کاتێك لە ساڵی **1960**دا وەکو نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی بۆ چاکسازی ئابووری دەچێتە مۆسکۆ، ئاگاداری ئەو ڕەخنانە دەبێ، کە ئاڕاستەی خرۆشۆف دەکرێ، بەوەی کە کێڵگەکانی دەوڵەت پتر لە کێڵگە هەرەوەزییەکان جوتیار ماندوودەکەن و مەسەلەی دیاریکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراوی بەرهەمهێنانیش وای لەو جوتیارانە کرد، کە ئامارە ڕاستەقینەکانی بەرهەم ئاشکرانەکەن· هەروەها سیاسەتە چەوتەکانی خرۆشۆف بەوەی کە عەقڵێکی ئەزموونگەری لە کوشتوکاڵدا پەیرەوکرد، وای بەدواوەبوو کە ئەم بوارە جێگیری بەخۆیەوە نەبینێ و سەرئەنجامی ئەمانە هەمووی دروشمەکانی لە بابەت چاکسازی لە سۆشیالیزم و چوونە نێو قۆناغی بیناکردنی کۆمۆنیزم و بونیاتنانی ئینسانی کۆمۆنیست، وەکو خەیاڵپلاوی و یۆتۆپیایەك بێتە بەرچاو، یان وەکو گۆربی دەڵێ: (جۆرێك لە جۆرەکانی خۆهەڵخەڵەتاندن) بوو، لەڕاستیدا گۆربی توانیی وانە پڕ سوودەکانی پرۆڤەی خرۆشۆف ئیستیعاببکاو لەوەش بڕوانێ کە چۆن سیاسەتێکی ناژیرانە پاڵی بە فەرمانبەران و جوتیاران و ئەو ڕۆشنبیرانەوە نا، کە لە هەنگاوەکانی چاکسازی دڵنیانەبوون، نیگەرانی لە هەمبەر کارە ئاکام نادیارەکانی خرۆشۆف دەربڕن و لە چەمکی (دەوڵەتی تێکرای میللەت) تێ نەگەن و بە تەوسەوە تەماشایبکەن· لەسەر ئەم خەون و یۆتۆبیایانە کە جێبەجێ نەکران، خرۆشۆف بە ڕێککەوتی جەنتڵمانانەی سوپاو دەزگای دەوڵەت و بەئامادەنەبوونی توێژی بیرمەندان و ڕۆشنبیران، کەنارگیرکراو بوو بە نموونەیەکی پڕ عیبرەت بۆ ئەوانەی دەیانەوێ لە دوارۆژدا گۆڕان و ڕیفۆرم ئەنجامبدەن، بەڵام ئایا گۆرباچۆف بەو شکستەی خرۆشۆف چاوترسێن بوو؟! ئایا هەر ئەو نەبوو، کە سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە خەونە نەزۆکەکانی ئەمی دوای لە بواری چاکسازی کوشتوکاڵیدا، هاوهەڵوێستی خرۆشۆف بوو و پێشیوابوو کە چاکترین کارێك خرۆشۆف ئەنجامیدابێت، شکاندنی تەلیسمی ستالین و دوورکردنەوەی تەرمەکەی بوو لە کرملین، تا ئەو وەختەشی کە پێویست بوو دەستبەرداری ئەو بۆچوونەی خۆی نەبوو·

## خۆشەویستییەکی بەرقئاساو پێکەوەژیانێکی هەتاهەتایی

گفتوگۆ لەسەر دۆخی سیاسی و پێویستی هێنانەدی جۆرێك لە جۆرەکانی ڕیفۆرم و ئاخاوتن لەسەر سۆشیالیزمی ئاواکراو و ئایندەی سۆشیالیزمێکی مرۆڤپەروەرانەتر، هەروەها بەشداریکردن لە جموجۆڵی ڕێکخراوی کۆمۆسمۆڵ و ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی تر، ئەمانە هیچیان ڕێگرنەبوون لەوەی کە گوربی – ئەگەرچی ڕاگوزەریانەش بێ – بەتەنیشت ئەو شتە خۆشانەدا تێپەربێت کە بۆ گەنجێکی قیت و قۆزو سەرنجڕاکێشی لە گوندەوە ڕا هاتووی وەکو ئەو هیچیان لە سۆشیالیزم کەمترنەبێ!، شتە خۆشەکانی لە بابەت خۆشەویستی و ئەڤینداری، بەلام ئێمە گوتمان کە ئایندەی پالەوانی ڕۆمانەکان و سوارچاکی هەقایەتەکان وا دەخوازێ کە شتە لاوەکییەکان بچنە پەراوێزەوەو لە ئیقاعی سەرەکی گۆرانی سەرگوزەشتەدا، ڕۆڵی کۆمبارس بگێرن، هەرگیز لە قسەو ئاخاوتنە زۆرەکانی گۆرباچۆفدا، چ لە سەردەمی گەنجێتیداو چ لە سەردەمەکانی دەرکەوتنی سیاسی لەئایندەدا، لێدوانێکی دژە ئەڤینداری بەدی ناکرێ، بەلام هەر دەشبوایە بۆ پتر جێگیربوونی دەروونی و پارێزگاری لە هێمنی و ئارامیی ژیانی، مەسەلەی خۆشەویستی نەبێتە حاجزێك کە گۆربی بەرەو گرفت و هەورازو نشێوەکانی خۆی ڕاپێچبکات و لە کەتنی دواتری پیرۆسترۆیکا دووربیخاتەوە! بۆ ئەوەی ڕوونتر لەو قەدەرە مێژووییەی گۆرباچۆف تێبگەین، تێبینییەکی پڕ وردەکاری ڕەخنەگرێکی ئەدەبی دینینەوە یاد، کە لەمەڕ حەمەدۆکی یەشار کەمال دەریبڕیبوو، ڕەخنەگرەکە ئاماژە بەوە دەکات کە یەشار کەمال هەر بە زوویی ژنی بۆ حەمەدۆك هێنا، تاوەکو بۆ کێشەی سەرەکی یاخیبوون سازو تەیاری بکات!

ئەمجارەشیان گۆربی، وەکو ڕیفۆرمیستێکی تەواو کارامە، سازشێکی گونجاوی لەنێوان دووڕیانەکانی ژیان هێنایە بوون، ئەم مەسەلەیە لەلای گۆربی ببوو بە هاوکێشەیەکی عادەتی: حزبییەکی مولتەزیم، بەلام نزیك لە جەماوەر، بانگەشەکارێکی سەرسەخت بۆ گۆرانکاری، بەلام گەنجێکی توندڕەویش نەبوو، دواتریش بۆ تەواوکردنی ئەو هاوکێشەیە هات و گونجانێکی سەیری لە نێوان پێداویستییە نەفسی و ڕۆحییەکانی بوون بە سیاسەتمەدار لە لایەك و پێداویستییە ئینسانییەکانی وەکو سۆز و ئەوینداری لە لایەکی ترەوە، دروستکردو لە ماوەیەکی بەرق ئاسا و لە کەشێکی کۆمیدیدا، ئاشنایەتی لەگەڵ ڕایسا – خان پەیداکرد.

مەسەلەکە کۆمیدی بوو، چونکە دوو هاوەڵەکەی گۆرباچۆف – لیبرمان و توبولین- وەکو دوو کەسی چەتوون و پڕ گەنجێتی بەشداریان لە خولێکی فێربوونی سەماکردن کردبوو، گۆربیش بەنیازی گاڵتەپێکردنیان سەری لە شوێنی پرۆڤەکردنەکەیان دابوو، لەوێ بۆ یەکەمین جار چاوی بە خاتوو ڕایسا دەکەوێ و بۆ هەتاهەتایە هۆگری یەکتری دەبن. چونکە

کارێکی تاڕادەیەك سەیرو سەمەرەبوو، کە گۆرباچۆف دڵداریبکات، هاورێکانی بەنیازی ئەوە بوون چاودێری ئەم دڵدارییە بکەن و کاتێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەربەرن، بەڵام سەرئەنجام گۆربی لەو بابەتە خۆشە بێبەشیکردن و زۆری نەبرد لە ئاهەنگێکی خنجیلانە و کەم مەسرەفدا زەماوەندی خۆی و خاتوو ڕایسا-ی ڕاگەیاند.

لە ساڵی **1955**داو پاش ماوەیەکی کەم لە گەڕانەوە بۆ ستافرۆبۆڵ، گۆرباچۆف بەتەواوەتی خۆی بۆ کاری سیاسی تەرخانکرد. تەنانەت وەکو تەحەدایەکی سەرەتایی لەم بوارەدا بەکارو پلەیەکی پەراوێزی لە کۆمسمۆلدا قایلبوو و بەیەکجارەکیش دەستی لە مەیدانی پسپۆڕی خۆی، کە یاسایە، هەڵگرت. ئەمەش وای پێویستدەکرد کە هەرچۆنێکی بێ خۆی و خاتوو ڕایسا بە ژیانێکی ساکار ڕازیبن و لە ژوورێکی خنجیلانەدا گۆربی نەخشەی ئایندەی سیاسی بکێشێ و ڕایسا خانیش ئامادەباشی بۆ نامەی دکتۆراکەی لە بواری فەلسەفەدا بنوێنێ.

ڕایسا، کە ژنێکی ژیرو هەست ناسك بوو، پشتخانێکی ڕۆشنبیری و دیدێکی ئەدەبی و هونەری بەرزی هەبوو. دەگوترا کە ئەو پشتخانە ڕۆشنبیری و هونەرییەی ڕایسا ڕۆڵی خۆی لە کەسایەتی گۆرباچۆفدا گێڕاوەو وای لێ کردووە کە ئەو دەمەی دەبێتە ئەمینداری گشتی حزب، پەیوەندی بە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانەوە بکات و هەوڵی یارمەتیدانیان بدات. ڕایسا لە پاڵ ئەوەی کاری بۆ نامەی دکتۆراکەی دەکرد، ماوەیەکی باشیشی لە وانەگوتنەوە خرجکردو ئەو سمینارانەی لە ئەکادیمیای پزیشکی لە شارەکان دەیگێڕا خوێندکاران بەپەرۆشەوە پێشوازییان لێ دەکرد. گۆربیش بە دەوری خۆی یارمەتییەکی باشی ڕایسای دەدا. دواتر ڕایسا لە کۆلیژی فەلسەفەی سەر بە پەیمانگای باڵای کوشتوکاڵی لە ستافرۆبۆڵ لێکۆڵینەوەیەکی لە مەڕ (ژیانی ڕۆژانەی جوتیاران لە کێڵگە هەرەوەزییەکاندا) پێشکەشکرد، هەرچەندە بابەتەکانی زانستی سۆسیۆلۆژی مەترسی ئەوەی لێ دەکرا لەگەڵ هێڵی گشتی حزب تەبانەبێ، بەڵام گۆربی لەلایەن خۆیەوە وەکو بەرپرسێکی حزبی لە ناوچەکەدا، کە دەیویست لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کوشتوکاڵدا پشت بە توێژینەوە زانستییەکان ببەستێ، کەرەستەیەکی باش و ئامارو بەیاناتێکی وردی لەم لێکۆڵینەوەیەی ڕایسای هاوسەرو هاوکارییەوە چنگکەوت.

ساڵی **1957** بەهۆی لەدایکبوونی منداڵی یەکەمەوە هەقی ئەوە بەخێزانە خنجیلانەکەی گۆربی درا ماڵێکی فراوانتریان هەبێ و وردە وردە تا دەهات ئەو خێزانە وێکگەیشتن و لێکگەیشتنیان لەنێواندا سەقامگیردەبوو، هەردوو خانەوادەی ئەو ماڵە لە کاتی خۆشی و بەزمدا ڕوحسووك و خۆش مەشرەب بوون، ئەوان پێکەوە لە ئاهەنگە ساکارو بچووکەکاندا بەشداریاندەکرد (میکائیل یەکەم کەس بوو کە دەستی بە گۆرانی دەکردو دەقی هەموو گۆرانییەکانیشی دەزانی).

**كەچەڵەو بۆ رابەڕایەتیكردنی لاوان دەست نادات!!**


سولجنستین

لەڕاستیدا شاری ستافرۆبۆڵ شارێكی هێندە لاتەریك و كەم ناوبانگ نەبوو، دەوڵەت شوێنێكی تێدا دروستكردبوو بۆ حەسانەوەی پیاوە گەورەكانی حزب و دەوڵەت. ئەوەندە هەیە ئەو شارە لە ڕووی ڕۆشنبیری و دەزگا كەلتوورییەكانەوە دواكەوتووبوو، بەڵام ئەمانە هەرگیز ڕێگرنەبوون لەبەردەم گۆربی و ڕایسادا بۆ ئەوەی پەرە بە ڕۆشنبیركردنی خۆیان بدەن. ئەوان ئەوەندەی پێیان دەكرا ئامادەی چالاكییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەكان دەبوون. لەو ماوەیەدا شتێكی سەیر بوو، كە كادیرێكی ڕەسمیی حزب -گۆربی- مامۆستایەكی ئەكادیمی -ڕایسا- چێژ لە شیعرەكانی ئەنا ئەخماتۆف وەربگرن، ئینجا شتە قاچاخەكانی بۆریس باسترناك و ڕۆمانی (ماڵی ماتریونا)ی سولجنستین بخوێننەوە، بەڵام هامشۆكردنی گۆربی لەگەڵ ڕۆشنبیران و تێكەڵبوونی لەگەڵ دوونیای ئەو كەسانەی لە مەسەلەكانی ژیان و مەسەلە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكاندا بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبوو، زەمینەی بۆ ئەوە خۆشكرد كە گۆربی لە دەرەوەی جغزی دەوڵەت و خیتابی دەسەڵاتدا لەگەڵ ڕوانگەو بۆچوونی دیكەش ئاشنایەتی پەیدابكات و دیدێكی هەمەلایەنەی لەسەر دۆخی ڕوسیا لەلا بخەملێ.


ئەنا ئەخماتۆف


بۆریس باسترناك

بەرپرسە گەورەكانی سۆڤیەت لەو سەردەمەدا، جاربەجار ناوی گۆرباچوفیان بەگوێدا دەدرا. ئەو وردە وردە بەپلەكانی سیاسەتدا سەردەكەوت، تا لە ساڵی **1961**دا بوو بە ئەندامی بیستودووەمین كۆنگرەی حزبی كۆمۆنیستی سۆڤیەتی. پاشان لەبەرئەوەی گۆربی لە ڕێكخراوەكانی لاواندا ڕێكخەری پروپاگەندە بوو، هەروا لەبەر شارەزایی لە بواری یاساداو چونكە خۆشی كوڕە جوتیار بوو، بە كەرەستەو توانایەكی باشەوە كرا بە ڕێكخەری گەورەترین یەكەی كوشتوكاڵی، كە حزب لێی بەرپرس بوو. لەپاڵ ئەمەشدا لە ڕێگەی نامەوە هەوڵی دەدا بڕوانامەیەكی ئابووری بەدەستبهێنێ، بەڵام ئەوە بەتەنها بەختی


بریژنێف، ماوەی مەنگی لەکۆمۆنیزمدا

خەڵکــی ســتافرۆبۆڵ بــوو، کە گۆرباچۆفیــان تێــدا هەڵکەوتبوو، ئاوەهــا ئــیش بــۆ ریفــۆرم و نــوێ کــردنەوە بکات. دەنا لە دەرەوەی ئەو شارە و بەتایبەت لە مۆسکۆدا هێشتا عەقڵــی پاســەوانانی کــۆن بریارەکــانی کرملینــی ئاڕاستەدەکرد. بەمجۆرە (لە ساڵی **1966**دا کاتێـک بەدوای کەســێکدا دەگەڕان بکرێــت بە ئەمینــداری یەکەمــی یەکێتیی لاوانی کۆمۆنیست، نــاوی گۆربــاچۆف لە ریــزی پێشەوە بوو، بۆیە لیونید بریژنێف داوای وێنەی ئەم پیاوە گەنجەی کردو کەمێـک لەئاســتیدا ڕامــاو گــوتی: (پرچــی بەسەرەوە نییە، تــاوەکو ڕێبەرایەتــی لاوانــی کۆمۆنیــست بکــات.) هەر بــۆیەش هەڵبژاردنــی بــۆ ئەو پــلەو پــایەیە ڕەتکرایەوە. پێویست بوو کە گــۆربی لە میــانی درێــژەدان بە کــاری سیاســیی خــۆی شــاری ســتافرۆبۆڵ بکــات بە پرۆڤەی ڕیفۆڕم و چاکسازی، تاوەکو لەوێوە قاڵبووی مەیدانی خەبات بێ و رێــڕەوی ئەو وڵاتە بێ ســەروبەرە بگــۆڕێ کە تێیــدا مــرۆڤ ڕەتــدەکرێتەوە، نەك لەبەرئەوەی کەم توانــایە، بەڵکــو لەبەرئەوەی سەری کەچەڵە!!

---

**پەراوێز:**

1- غورباتشیف (صنع القرار و ضحیتە) ل**81**

2- هەمان سەرچاوە ل**91**

3- هەمان سەرچاوە ل**107**

4- هەمان سەرچاوە ل**133**

# 4


گۆربی

ئیدی ڕەوتی ژیانی گۆرباچۆف گەیشتە ئەو هێڵە، کە دەبوایە لە گێژاوی ململانێ و کێبەرکێ سیاسییەکانی ئەو وەختەی حزب و دەوڵەتی سۆڤێتیدا یەکێك لە سەرکردە گەورەکان بڕیاری لە خۆگرتن و دەست لە پشتدانی بدات، تا ئەو دەمەی هاتنە سەرەوەو سەرکەوتن بەپلە جیاجیاکانی سیاسەت، لە جغزی شاری ستافرۆبۆڵ دەخولایەوە، گۆربی لە هەوڵ و کۆششەکانی خۆی دریغی نەدەکرد و ئەوەندەشی کە پێویستبوو بۆ ئەوەی دەسکەوت و چاکسازی لە شارەکەی بێنێتە بوون، پشتی بەتواناو کارامەیی خۆی دەبەست، بەڵام (واوەترا)، بۆ ئەوەی مرۆڤ سۆزو ئافەرینی مۆسکۆ وەدەستبهێنێ، دەبوایە تەلیسم و دەرگا پەنهان و هەمیشە داخراوەکەی کرملین بکاتەوە، دەرگایەك کە هەرگیز ناکرێتەوە مەگەر بەگوێرەی دڵی یەکێك نەبێت لەوانەی لەودیوییەوە ڕاوەستاون.

لەدوا ئاکامدا، وەختێك لە ساڵی **1967**دا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی هەرێمی حزب و پاشانیش لە **1970**دا کرا بە ئەمینداری یەکەم، گۆربی ئەو (واوەترا)شی بۆ مەیسەربوو، ئیدی وەکو توخمێك لە هاوکێشەی سیاسی نەدەشیا حیسابی بۆ نەکرێ. ئەو دەمە ئاندرۆبۆف و پاشانیش سۆسلۆف و کۆلاکۆف هەریەکەو لەبەر هۆکارێك هانی گۆرباچۆفیان داو زەمینەی گەشەو چوونە پێشەوەیان بۆ خۆشکرد، بەڵام وەکو نەریتێکی هەمیشەیی لە ڕاگرتنی لایەنە جیاجیاکانی هاوکێشەکاندا، گۆربی هەوڵی دا ئەم پەیوەندییە تایبەتی و کۆمەڵایەتییە بە گەواهی و شەهادەتی پرتوانایی و لێهاتوویی خۆی تۆکمەتربکات، ئەسڵەن ئەو پەیوەندییە تایبەتی و کۆمەڵایەتیانەی گۆرباچۆف سەرچاوەکەی هەر لە تواناو لێوەشاوەیی خۆیەوە وەرگیرابوو، بەڵام ئەو سێ کەسە هەریەکەو لەسەر هۆکارێك ئامێزیان بۆ گۆربی کردەوە. خودی شاری ستافرۆبولیش کە هەوارگەی حەسانەوەی گەورە لێپرسراوان بوو، دەرفەتێکی دیکەی بۆ ئەم ریفۆرمیستە ڕەخساند، تاوەکو رایەڵەی پەیوەندی تایبەت بە خۆی دروستبکات.

## ڕووداوەکانی چیکسلۆڤاکیا، ڕێگە لە چاکسازییەکانی گۆربی دەگرن!

لەو ماوەیەی کە گۆرباچوف وەکو ئەندامێکی کارای حزب لە هەرێمی ستافروبوڵ لەگەڵ هەوڵەکانی بوژاندنەوەی دوای خەونە نەزۆك و خەیاڵبلاوییەکانی خرۆشۆف هەماهەنگی دەنواند، لەئاستی هەرێمەکەو سەرانسەری سۆڤێتدا کۆسگین و سەرکردایەتی سۆڤێتی خوازیاری جۆرێك لە کرانەوەو کەمکردنەوەی بەربەستەکانی ژیان و ئابووری وڵاتەکەبوون، نەخشە بۆ قبوڵکردنی بازارێکی ئازادی سۆشیالیستی بوو بە نیازێکی لە دواخستن نەهاتوو، ئەو ماوەیە ناونرابوو ئایدۆلۆژیای تەنەکان (ایدیولوجیا الاطنان) واتە بیروبۆچوونێك قبوڵدەکرا گەشەسەندن و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی بەدواوەبێت، بەڵام وەکو نیشانەیەك بۆ هێشتا نەخەملێنی زەمین و زەمانی گۆڕانکاری، هاوسەنگییەك هەر لەئارادامابوو، ناهاوسەنگییەك لەنێوان نیازی ئازادی ئابووری و چاکسازی لەلایەك و ترسی جڵەو لەدەستدانی سەنترالیزمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەلایەکی ترەوە، سەرەنجام ئەم ناهاوسەنگییە لەگەڵ ڕووداوە ناخۆشەکانی چیکسلۆڤاکیادا تەماسێکی بەوە پێچرایەوە پرۆسەی گۆڕانکارییەکان بۆ قۆناغێکی تر دوا بخرێ.

ڕووداوەکانی چیکسلۆڤاکیا تەماسێکی دیکەی گۆرباچۆف بوو لەگەڵ ئەزموونی چاکسازی و وانەیەکی نوێش بوو لە بواری ململانێی سیاسیدا. لە نیوەی دووەمی شەستەکانەوە، ئەلەکسەندەر دوبتشیك و هاوڕێکانی وەکو تیمی دیبلۆماسی بە وڵاتە بەناو سۆشیالیستییەکاندا دەگەڕان، تاوەکو ڕەزامەندیی ئەو وڵاتە و بەتایبەتی سۆڤێت وەدەستبێنن و ئەوە لە سەنتەری کۆمۆنیزمی ئەو وەختە بگەیەنن کە چاکسازی و ریفۆرمەکانیان زیان بە سۆشیالیزم ناگەیەنێ، بەڵکو پەرەی پێدەدا، بەڵام چەمکی (سۆشیالیزمێکی ئینسانیانە) ئاخرین شت بوو کە دەشیا بە مێشکی پاسەوانانی کۆن لە مۆسکۆ و پایتەختە سوورەکانی تردا گوزەربکات.

لە سەروبەندی هاتوچۆکردنی ئەو تیمە نیازپاکەی چیکسلۆڤاکیادا بوو کە گۆربی جارێکی دیکەش چاوی بە دۆستی سەردەمی خوێندکاری لە زانکۆ و هاوبیری لە گۆڕانکاریدا زدینیك میلیتاری سەربەگۆبەند کەوتەوە، ملیتار یەکێك لە رووە دیارەکانی سەرکردایەتی ڕیفۆڕمخواز بوو لە چیکسلۆڤاکیا، هەر بە زوویی پەیوەندی بە گۆرباچۆفەوە کرد، ئەوە نەزانراوە کە تاچەند گۆربی باوەڕی بە سۆشیالیزمی مرۆڤپەروەرانەی ریفۆرمیستەکانی چیکسلۆڤاکیا هەبووە، بەڵام لە زمانی خودی ملیتاری هاوەڵی دەگێڕنەوە، کە ئاماژەی بەوە داوە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد فلادیمیر لیبرمانی لیبرالیست - هاوەڵی ملینار- و گۆرباچۆف لە قۆناغی خوێندکاریدا هێندە بەساردییەوە لەگەڵ چەمکی سۆشیالیزمی مرۆڤپەروەرانە مامەڵەبکات. (میخائیل



رایسا

گۆرباچۆف لە تۆ زیاتر لە مەسەلەکان حاڵیبوو، هەرچەندە ئەو لە ئەزموونێکی تەواو جیاوازەوە ئەم بۆچوونەی دەردەبڕی)**(1)** بەڵام بەهاری براغ زۆری نەخایاند، چیدی ئەو دۆخە بە مۆسکۆو وڵاتە سۆشیالیستییە کلاسیکییەکان تەحەمول نەدەکرا، کۆمۆنیستەکان جڵەویان لەدەستداوەو ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەرقەرارەو... هتد، کەوابێ ئەوەی ئەنجامدەدرێ ریفۆرم و چاکسازی نییە، بەڵکو شۆڕشی چەواشە و هەڵگەڕانەوەیە لە سۆشیالیزم، بۆیە هەر بە زوویی پاساوێکی ئایدۆلۆژییان بۆ دەستتێوەردانەکە بینییەوە، پاساوی ئەوەی ناکرێ بەناوی ناشەرعیبوونی دەستێوەردانەوە ئەرکی ئەخلاقی بەرامبەر بە وڵاتێك ئەنجام نەدرێ کە لە ڕێڕەوی سۆشیالیزم دووربخرێتەوە.

بەڵێ بەبیانووی گشتگیری مەسەلە چینایەتییەکانەوەو لەژێر پەردەی ئەزموونی سۆشیالیستیدا، ڕۆژی **1968/8/31** سوپای سووری سۆڤیێتی و هەنگاری و بولگاری و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (براغ)یان ئەتککردو سەرکردایەتی ریفۆرمیستان، بە ملیتاری هاوەڵی گۆرباچۆفیشەوە، دەسگیرکرد. کەشی دەستێوەردانەکەو پەردەپۆشی ڕاستییەکان وا مەحکەم ئەنجامدرابوو کە پاش چەند ساڵێك ئەوە بوو بەشتێکی بەڵگەنەویست کە چوونی سوپای سوور بۆ براغ و دەستگیرکردنی سەرچڵەکان ئەڵقەیەك بوو لە زنجیرەیەك هەوڵ و تێکۆشانی مۆسکۆ بۆ پاراستنی سۆشیالیزمی ئاواکراو.

جارێکی تریش، وەکو ئەو سەردەمەی کە کاغەزی لە ملینارەوە بۆ هاتبوو، پۆلیسیش بانگێشتیکردبوو. جارێکی تریش گۆربی بەهۆی پەیوەندییەکانی بە ملینارەوە هێندەی نەمابوو تووشی گێچەڵێك ببێ، بەڵام گۆربی بە ئەمەکدارییەوە ستایشی خۆی بۆ ئەندرۆبۆڤ دەردەبڕی کە چۆن وەکو سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی دەوڵەت (ك.ج.ب) زانیاریی تەواوی لەمەر پەیوەندییەکانی (گۆرباچۆف- ملینار) هەبووەو چۆنیش ئەو زانیاریانەی دیزەبەدەرخۆنەکردووە. سەرباری ئەوەش ئەو ڕووداوە یەکێك لە زنجیرە هەڵوێستێکی جوامێرانە بوو، کە ئەندرۆبۆف لەماوەیەکی نزیك و لەسەر یەکدا بەرامبەر بە گۆربی نواندی.

### کارکردن، هەمیشە کارکردن!

وەکو لێپرسراوی ناوچەیەکی بەربڵاو، کە شوێنەکەی بۆ کوشتوکاڵ لەباربێ، گۆربی لەگەڵ هاوکارانی غەرقی چالاکی بەردەوام و لەسەریەك بوو، ئەو هەمیشە لە پرۆژەو چالاکییە

کوشتوکاڵییەکاندا پشتی بە بۆچوونی پسپۆر و ئەندازیارەکان دەبەست، داکۆکی لە بۆچوونی کارگەرانی کەرتی کوشتوکاڵی دەکرد، گەلێك شێوەو ڕێگەی بۆ چاکسازی پێشنیارکرد. لەو ماوەیەدا گۆربی ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان مۆسکۆو کارگەرانی کەرتی کەشتوکاڵی و کەرتەکانی دیکەی ئابووری بوو، هەروەاش بە جورئەتەوە بۆچوونە تازەگەرو لەهەمان کاتدا واقعییەکانی خۆی خستەڕوو، بە فۆرمۆڵەیەك کە چاك لێی شارەزابوو. ئەو وێرای سەرچڵییەکانی، هەمیشە تاڵە دەزوویەکی لەگەڵ هێڵی گشتیی حزب دەهێشتەوە، تاوەکو هیچ نەبێ ڕایەڵەی باوەڕبوون و متمانەپێکردن نەپسێ و لە کونی دەرزیەکیشەوە بێ پێشنیارو تێزە عەمەلییەکانی خۆی لە سانسۆری سەرکردایەتی حزب بپەڕێنێتەوە. ئەو ڕاسپاردانەی لە مۆسکۆ دەهاتن، هەردەبوایە لەلایەن گۆرباچۆفەوە بژاربکرێن و بەشێوەیەك کە لەگەڵ واقیعی ناوخۆی ستافرۆبۆڵ دەگونجا دابرێژرێنەوە، ئەم دارشتنەوەو پوختەکردنەوەی بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی کە لە مۆسکۆ دەهاتن موجازەفەیەکی ئاکام نادیار بوو، چونکە ئەوەی ڕاسپاردەکانی بێ دەسکاری و بە مەمنوونییەوە جێبەجێدەکرد، لە حاڵی شکستدا بێپەرواو بێسەرئێشە بە جێگری لە شوێنی خۆی دەمایەوە، بەڵام ئەوانەی بەپێچەوانەوە لاساریيان دەنواند، تەنانەت لە حاڵی سەرکەوتنیشدا، بە هێمای سوور ناویان دەستنیشاندەکرا، بەڵام خۆ چوونەوە پێشەوەش لە کاری سیاسیدا، لە پێکهاتەی حزبی دەوڵەتی سۆڤێتیدا، پێویستی بەو جۆرە موجازەفانە هەبوو.

حەریفی سیاسەتمەدارێکی وەکو گۆرباچۆفیش لە سۆڤیەتدا، بەوە لە ئارەزوومەندیی هاوچەرخەکانی جیادەکرایەوە، کە لەکاتی پێویست و هەندێك جاریش بۆ بیرهێناوە موجازەفەی لەو بابەتە بنوێنێ (هەندێك لەوانەی کە لە کۆمیتەی هەرێمیدا کاریان لەگەڵدا کردبوو بۆچونیان وابوو کە پلان و کارەکانی بۆنی سەرەتای پرۆسترۆیکایان لێ دەهات)**(2)**.

لە ململانێی تازەگەریدا، گۆربی هەوڵیدەدا بۆچوونی پشت بەخۆبەستن، بێگەرانەوە بۆ توانا ماددی و مەعنەوییەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی، بچەسپێنێ. لەوسەردەمەدا، وەکو ئەمینداری هەرێمیی حزب، گۆربی هانی دەزگا ئابوورییەکانی دەدا کە خاوەن سیاسەتی دارایی تایبەت بە خۆیان بن، پەیرەوی لە قازانج و زیان بکەن، پاداشتی ماددی و مەعنەوی پێشکەشبکەن، ئەوەندەی پێیاندەکرێ خەرجی و تێچوونی بەرهەمهێنانیان لە دارایی خودی دەزگاکەیانەوە بێ.

سەرەوتنی نەبوو، تاوەکو دروستی و گونجانی ئەو تێزانەی تیمەکانی کارکردنی پێکدەهێناو ئەوانەش لەگەڵ کۆڵخۆزەکان پێکدەهاتن لەسەر کرێیەك کە لە خودی بەرهەمەکەوە بێ (شمەك نەوەکو پارە)و ئەمەش تێچووی بەرهەمهێنانی کەمدەکردەوە. هەروەها شێوەیەکی تر بەناوی (ڕێگەی ئیباتۆفۆ) کە بەپێی ئەم ڕێگەیە تیمەکانی کارکردن کۆچەربوون و لەگەڵیاندا

جەنجەڕو تەراکتۆرەکان و هەرچی پێویستی کۆبوونەوەو دەروێنەکـردن هەبـوو، دابینـدەکراو تەنـانەت هەنـدێك جـار پێداویـستی خۆشـگوزەرانی و کاتبەسـەربردن لەگەڵ ئەو تیمـانە بەڕێدەخران. ئەمجۆرە دەستپێشخەرییە تایبەتیانەی گۆرباچۆڤ لە مۆسکۆ سەدای خۆی هەبوو، مانایەکی دیکەی بەناوی گۆربی بەخشیبوو، خەڵکی ئەوەیان لەبیرە کە چۆن بـۆ سەرخـستنی پلانێکی تازەو پێچەوانەی خواستی لیژنەی کشتوکاڵی لە سەرکردایەتی حزب، گۆربی ناچاربوو لەگەڵ بیرژنێف دابنیشێ و ڕاستی و دروستی ئەو پێـشنیارەی پـێ بـسەلمێنێ، ئەم زنجیـرە کۆششانەی گۆربی و هەروەها پێشنیارو هەوڵەکانی لە بواری خزمەتگوزارییەکانی بینـاکردن و ئاوەدانکردنەوەو پیشەسازی و هاوسەنگی ڕاگرتنـی بەرهەم و ژمـارەی دانیـشتوان و تێکـڕای کارەکانی دیکەش، هەمووی لە پاداشتدانەوەی (ڕێگەی ئیباتۆفۆ)دا چڕکرایەوە.

ئەوەبوو لە ساڵی **1978**دا سۆسلۆف بەتایبەتی بۆ ئەوە هـاتە سـتافرۆبۆڵ تـا میـدالیایەك بە گۆرباچۆف بداو ستایشی ڕۆڵی جوامێرانەی بکـات.( ئەمەش بـواری بـۆ گۆربـاچۆف ڕەخـساند، تاوەکو وێنەی لە هەموو ڕۆژنامەکانی یەکێتیی سۆڤێتدا بڵاوببێتەوەو بۆ مۆسکۆش ئەو واتایەی دەگەیاند کە گۆرباچۆف بووە بە ئەندامی دەستەی فەرمانڕەوا)(**3**).

**وتارێک چارەنووسی گۆربی دەگۆڕێ!**

ئەوە ڕاستە کە دەوڵەتێکی وەکو دەوڵەتـی سـۆڤیەتی تووشـی گەنـدەڵی ئیـداری هـاتبوو، دامودەزگا دەوڵەتییەکـان بـێ پـۆلێنکردن و سـەربەخۆیی و سیـستمی کـارگێڕی گونجـاو لە دەست سەرکردایەتی حزبدا بوون، ئەو پێکهاتەیەی کە دەوڵەتی سۆڤێتی لەسەری پێکهـاتبوو و ئەو جۆرە سیستمە ئیدارییەی پەیڕەودەکرا هەر ئەوەی لێ سەوز دەبوو، کە واسـتەکاری و ڕاسپاردەی کەسی و حزبی ئاڕاستەبکەن، بەڵام لە سەردەمی تێهەڵچوونی سیاسی گۆربـاچۆف و لە زەمەنـــی داهزرانـــی بەرەبەرەی دەسـەڵاتی بریژنێفیـدا، هێـشتا بـایی ئەوەندە حیساب بـۆ ئەو کەسـانە دەکـرا، کە لە سـنووری ئەدەب و ئەخلاقـی سیاسـی بـاودا، بەبێـدەنگی و بـێ هەڕەشەکردن لە ئایندەی سیاسی هـیچ کەسـێك، چـالاکی و گۆرانکـاری ئەنجامدەدەن، ئەگەر ئەو کەلتورە باشەو پڕ لە توانایە بەوەش پاڵپـشتی بکـرێ کە



گرۆمیکۆ

ئەو هەڵسوڕاوو خاوەن تایبەتمەندی خۆی بێ و هەندێك لە توخمە کاریگەرەکانی بازنەی دەسەڵات پەسەندیبکەن، ئەوا ئەو وەختە چوونە پێشەوەی باشترو ئاسانترو بەرێگەی (قەدبڕ)ی بۆ مەیسەردەبێ.

بەڵام رایەڵەی پەیوەندیی تایبەتی و کۆمەڵایەتی بۆ سیاسەتمەدارێك لە وڵاتێکی وەکو سۆڤیەت، چۆن دروستدەبێ؟یان بەدیاریکراوتر بڵێین، جگە لە کارە پەسەندکراوەکانی و پرۆڤە بەردەوامەکانی چاکسازی لە شاری ستراڤروبولدا، گۆربی چۆن ئەو ڕایەڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی بۆ خۆی دروستکرد، تاوەکو لە شوێنە مەبەستدارەکاندا بە چاکەوە باسی لێوە بکرێ؟

لەڕاستیدا وێرای بوونی دەلیلێکی حزبی لەسەر چۆنێتی دەستنیشانکردنی کادیرو بەرپرسان لە دەوڵەتی سۆڤێتیدا، بەڵام هێشتا زۆر لەو شتانە بە تەلیسماوی دەمانەوە کەوای لە بەرپرسە گەورەکان دەکرد میزاجیان ئەم کادیرە پەسەندبکا و ئەویدیش ڕەتبکاتەوە، یان دابگیرێتە خوارەوە، یان تەنانەت هەندێك جاریش شوێنبزربکرێ. بەهەرحاڵ، جاری واهەیە سیماو ڕەفتارێکی تایبەتی پتر لە هەر نەبەردی دەسکەوتی سیاسی ڕۆڵی زارێکی چانسدار دەگێرن. گۆربی وەکو هەمیشەو لەو سەردەمەشدا بەختی هانی، لەو سێ بەرپرسە گەورەیەی ئەویان پەسەندکردبوو، هەریەکەو لە گۆشەنیگایەکەوە دەیڕوانییە گۆربی. سۆسلۆف خۆشیدەویست، چونکە کادیرێکی چالاك و هەڵسوڕاوێکی عەمەلییەو هەرگیز گێچەڵی بۆ حزب دروست نەکردووە، بەڵام ئەندرۆبۆڤی باوکی رۆحی لە ڕووی دەستگرتنەوە، پتر لە هەر شتێك لە ڕەفتاری گۆرباچۆڤدا ئیعجابێکی زۆری بە سیفەتی لە خۆگرتنەوە (تقشف)ی ئەو سیاسەتمەدارەی ستافرۆبۆل هەبوو، گۆربی کە مەشروبی نەدەخواردەوەو ئەو بەرپرسانەی پەسەندنەدەکرد کە زێدەڕۆیی لە خواردنەوە دەکەن و سزای دەدان، کە ماوەیەك لە شارەکەی خۆی بە ئەمینداری گشتی مەعدەنی (الامین العام المعدنی) ناوزەدکرابوو، قینێکی زۆری لەو گەندەلی و زێدە خەرجییەی بەرپرسانی دەوڵەت دەبۆوە، کە لە هەوارگەکانی حەسانەوەدا بەفیڕۆیاندەدا. لەسەروەختێکدا کە سەرقاڵی چاکسازیی بواری کشتوکاڵی بوو، بە بیانووی ئیشوکارەوە خۆی لە ئەرکی بەخێرهاتنی ئەو بەرپرسانە دەدزییەوە، بەڵام لەکاتی پێویستیشدا درێخی نەدەکرد لە پەیوەندی پێوەکردنیان، تەنانەت جارێکیان کە پێویستی بە کۆمەکی دراوی یەکێك لە وەزارەتەکان دەبێ، داوا لە هاوکارێکی خۆی دەکا کە بەرامبەر وەزیرێکی ئەو وەزارەتە، لە یاری (برلیارد)دا خۆی بە دۆڕان بدا، تاوەکو میزاجی ئەو وەزیرە بەرێزە گەردی لێ نەنیشێ و لەدەرفەتێکدا ئەو کۆمەکە مادییە پێشکەشبکات.

خێزانە بچووکەکەی گورباچۆف ڕایەڵێکی گرنگی دیکەی پەیوەندیکردن بوو، چ بە خەڵکییەوەو چ بە بەرپرسانی دەوڵەتەوە٠ لەو ماوانەی گۆربی و ڕایسا لە خەمی ئیرینا دەربازدەبن و ئەو کچەشیان لەگەڵ دەرچوویەکی ئەکادیمیای پزیشکیدا ماڵێکی دیکە پێکەوە دەنێن، ئیدی دەستیان بۆ چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری، بۆ پەیوەندیکردن بەناوەندە جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان والآدەبێتەوە٠ ڕایسا ئیتر هەمیشە لەگەڵ گۆربی دەمێنێتەوە، لە سترافرۆبۆڵ، لە مۆسکۆ، لە گەشت و گەڕانەکانی، ئەو هەستە ئەدەبییەو ئەو پشتخانە ڕۆشنبیرییەو ئەو گیانی تەوازوعکارییەی هەردووکیان، دواتر بۆیان بەخێر دەگەڕێتەوە، ئاخر ئەندرۆبۆف و خێزانەکەشی بەم خێزانە خنجیلانەیە شاگەشکەدەبن، ئەندرۆبۆف خۆی بە شاعیر دەزانێ و لەگەڵ خێزانەکەشی ئیعجابی خۆیان بە ڕایسا خان نەدەشاردەوە کە چۆن ئەویش وەکو ژنی بەرپرسانی تر جلێکی عەیار تەواو و پڕ مەسرەف لەبەرناکات؟!


دەرفەتێك بۆ خێزان هەیە

بەڵام ئەندرۆبۆف و بەرپرسانی دیکەی سۆڤیەت تاکە هەڵسەنگاندنێکیان لە یادەوەری خۆیاندا هێشتۆتەوەو وای لێ کردن کە گۆربی بە سیفەتی ئەمینداری کۆمیتەی ناوەندی بۆ کاروباری کوشتوکاڵی بانگهێشت بکەن بۆ مۆسکۆ، ئەو هەڵسەنگاندنەش کە لە یادەوەریدا مابوو لەو ڕووەوە سەرچاوەیگرتبوو کە گۆربی لە تەمووزی ساڵی **1978**داو لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمیتەی ناوەندیدا لە جیاتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کاروباری کوشتوکاڵی، وتارێکی گرنگی خوێندەوە لەو وتارەدا، کە پێشتر بە ئامارو زانیاریی وردو زانستییەوە بە نووسینەوەی سەرنج و تێبینیی جۆراوجۆرەوە ئامادەکرابوو، گۆربی توانیبووی سەرنجی هەموو گوێگرانی ڕابکێشێ، هەمووان بەم سەرکردە گەنجە سەرسامبوون، کە بێ هیچ ڕەوانبێژی و گوتەی سواوی ئایدۆلۆژی، هەموو پێشنیارو ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەش بە کۆبوونەوەکە کرد٠ سەبارەت بە هەندێك بەرپرسە گەورەکانی مەکتەبی سیاسیی حزبی

شیوعی سۆڤیەتیش، ئاوەها گوتارەکەیان ستایـشکردبوو: (ئەگەر وابـێ پێویـست ناکـا لە نەوەی تازە بێئومێدبین).

بەڵام لە دوارۆژدا گۆربی وەکو نوێنەری بژێوی نەوەی تازە، کەتنێکـی وای نـایەوە کە مامۆستا ستایشکەرەکەی خۆشی تێپەرینی!

پەراوێز:

1) غورباتيشف، صانع القرار و ضحيته، ل**126**

2) هەمان سەرچاوە ل **144**

3) هەمان سەرچاوە ل**150**

4) هەمان سەرچاوە ل**166**

## 5

## ئەوانەی بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە



گۆرباچۆف و یەڵسنی جێگرەوەی

زەمەنی هاورێ بیرژنێڤ زەمەنێکی مەنگ و بێ بزاوتن بوو، لە سەرەتا هیوایەك کە بەو ڕژێمە بەخشرابوو لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە خەونە نەزۆکەکانی خرۆشۆفی لە گۆڕناو فەرمانبەرو کادیرە ناوەڕاستییەکانی دەوڵەتی لە شوێن و پێگەی خۆیان دڵنیاکردەوە، بەڵام دواتر خامۆشییەك ناخۆی وڵاتی پانوپۆڕی سۆڤێتی گرتەوەو لەئاستی دەرەوشاوەدا ئەو خامۆشییە بەوە قەرەبووکرایەوە کە گوایە بیرژنێف بە حیکمەت و لێزانینی خۆی ئاستی گرژی لەگەڵ قوتبەکەی دیکەی جیهانی ئەو وەختەی نەگەیاندە شەڕێکی جیهانی وێرانکەر، دەبوایە لەو چەرخە خۆڵ لێ نیشتووەدا، کە تێیدا چاکسازی بەتەنها ئومێدێك بوو لە نێو دڵدا، وەهمی مەترسییەکی دەرەکی دروستبکرێ، تاوەکو جێ بۆ بێ بەهرەیی بەرنامە ناوخۆییەکەی (حزب) ببینرێتەوە. ئەی ئەوە نییە جیهان لە لێواری شەڕێکدایەو هاورێ بیرژنێف ئەقڵ و ئیدراکی بۆ گەڕاندینەوە؟؟

گەندەڵی کارگێڕی و قەیرانی دابین نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکان دیاردەیەك بوو، کە ئیدی حاشا لێ کردنی قبووڵ نەدەکرد. لەسەرەتادا بەبیانووی واقیعبینی و پاکتاوکردنی خەونە شلۆقەکانی خرۆشۆفەوە، خەوبینین بە ئاسۆیەکی گەشتر، کارکردن بۆ ئایندەیەکی باشترو بگرە تەنانەت بۆ ئەو دۆخە کوشندەیە بە کارێکی ناپەسەندو جێگای ڕەخنەلێگرتن دەخوێنرایەوە. ئەو دەمانە لە پلەکانی سەرکردایەتیدا باس هەر باسی (چەرخی سۆشیالیزمی واقعی) بوو، ئەگەرچی ئەم دەربڕینە وەڵامدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ کۆمۆنیستە ڕیفۆرمیستەکانی ئەوروپاو ڕۆژهەڵات لەلایەك و ئەو کۆمۆنیستە ڕۆژئاواییانەی ڕەخنەیان لە ڕژێمی سۆڤێتی دەگرت لەلایەکی ترەوە، بەڵام دواجار لەو مانایەدا گیرسایەوە کە دەبێ خەڵکی ڕازیبن بەوەی کە هەیەو هیچی تر (پاشان هەموولایەك ئەوەیان زانی کە سۆشیالیزمی

واقیعی واتا ژیان لە یەکێتی سۆڤیەت هەر ئەوەیەو نابێ پێشبینی چاککردنێکی زۆر بکرێ، ئیدی سۆڤێتیەکان هەموو هیوایەکیان بە ئاینده برێ).(2)



کۆستانتین چێرنیکۆ

بەڵام لەکۆتایدا بەناچاری پەیڕەوی لە هەڵسوکەوتێکی ڕووکەشانە کرد، تاوەکو دەنگە ناڕەزاییەکانی پێ بێدەنگبکرێ، واتە هەڵسوکەوتی لە بابەت ڕەخنەگرتنی درۆزنانە لە هەندێك لە لێپرسراوان. لەکاتێکدا ئەوە دامودەزگاکانی دەوڵەت بوون، نەك بەتەنها کەسەکان، کە تاوانی گەندەڵی و ئیفلیجبوونی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆدابوو. زۆربەی کاتیش ئەوانەی سزادەدران، پاش ماوەیەکی تر نەك هەر سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ نەدەکرا، بەڵکو ستایشدەکران و پلەیەکی بەرزتریان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا پێ دەبەخشرا.. بەڵام وردە وردە ژمارەی ئەو ڕاپۆرت و توێژینەوانەی ڕەخنەو گلەییان تێدابوو زۆرتردەبوون و شوێنی ئەو ڕاپۆرت و توێژینەوانەیان دەگرتەوە، کە ستایش و ماستاو ساردکردنەوەی بێتامیان تێدابوو.

لە ناوەندی ئەنتلیجنیسیای سۆڤیەتی (ڕۆشنبیرو زاناو ئەدیب و هونەرمەندان) دەنگۆی ئازادیی دەربڕین و خواستی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووری بەرزتردەبۆوە. دیارترین کەسانی بەرهەڵستکار ئەندرێ ساخارۆف (زانای ڕوسی و دۆستی نزیکی گەلی کورد) بوو. ساخارۆف، کە دواتر لەلایەن گۆرباچۆفەوە ئیعتباری بۆ دەگێردرێتەوەو دەبێتە چالاکترین کەسایەتی سەربەخۆ لە سەردەمی پیریسترۆیکادا، لەو وەختەدا توشی گێرمەو کێشەیەکی زۆر هات و هێندەی نەمابوو وەکو ئەنیشتاین، کورسی خۆی لە ئەکادیمیای زانستی سۆڤێتی لەدەستبدات. وێرای ئەو گوشارە زۆرانەش دەیتوانی کەم تا زۆر لایەنگیری و بەرگری لەو هاوڕێیانەی خۆی بکات، کە لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە، تووشی ئەشکەنجەو گرفتێکی زۆر دەهاتن. توێژینەوەی زانستیان لە بواری کوشتوکاڵی و پیشەسازیدا دەکرد ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەوە بەتەنها هاوڕێ گۆرباچوفە توێژینەوەکانیان دەخوێنێتەوە. هەرواش بوو، وەختێك کە گۆربی وەکو کەسایەتی و ڕەمزێکی تازەی وەفدێکی فەرمانڕەوا هاتە مۆسکۆ، لە ماڵە ساکارو کەم تێچووەکەیدا، کتێبخانەیەکی گەورەی دانابوو و کونجێکی گەورەی ئەو کتێبانەش بۆ ئەو توێژینەوانە تەرخانکرابوو کە خاوەنەکانیان بە ئومێدی کەڵك لێ وەرگرتن و پەیڕەوی لێ کردنی بۆ هاوڕێ گۆربیان ڕەوانەکردبوو. هەڵبەتە

ڕێی تێدەچێ کە گۆرباچۆف بە جیدیەتەوە تەماشای ئەو توێژینەوانەی کردووە، ئەگینا چۆن پیریسترۆیکای بەرپادەکرد!؟

پاش ساڵێك لە مانەوەی لە مۆسکۆ، گۆرباچۆف کرا بە ئەندامی یەدەکی مەکتەبی سیاسی حزب و دوای چەند مانگێکیش بوو بە کەسێکی کاریگەر لە مەکتەبی سیاسی و لەوێشەوە دەرکەوتنی بەتین و تاوی ئەو ئاشکرابوو. ئیدی دەبوایە وەکو ڕەمزێکی گرنگی دەوڵەتی سۆڤێتی بایەخی پێ بدرێت. هەرچەندە ئەو و ڕایسای خێزانی لە شێوە ژیانی ساکاری خۆیان دوورنەکەوتنەوە، بەڵام هەندێك ئەتەکێت هەبوو بە ناچاری هەر دەبوایە پەیڕەوی لێ بکەن و بەشێك لەو ئازادییە بگێڕنەوە کە پێشتر لێی بەهرەمەندبوون، بەتایبەت لە قۆناغی دوای نەمانی


گۆرەپانی سوور

برژنێڤ، کە تێیدا گۆرباچۆف چاودێرێکی وردبین بوو لە ململانێ سیاسییەکانی کرملینداو لەو ململانێیانەشدا تەنانەت شتە تایبەتییەکانی سەرکردە سیاسییەکانیش دەخرێتە ڕوو، هەروەکو لە حاڵەتی بیرژنێڤدا بەدیارکەوت، کاتێك پاش مردنی هەموو ڕەفتارە نابەجێیەکانی کچەکەی و زاواکەی ئاشکراکران و بوون بە مایەی باس و لێدوان. لەسەر وەختی ئەوەی گۆربی بوو بە کەسی یەکەم لە ئیمبراتۆریای سۆڤێتیدا هەندێك جار لەلایەن نەیارانی وەکو یەلسنەوە ڕەخنە لە ڕایسای خێزانی گۆرباچۆف دەگیرا، کە گوایە زیاد لە پێویست پلەو پایەی مێردەکەی بۆ کاری تایبەت تەرخانکردووە.

لەساڵی **1982**دا گۆرباچۆف، کە دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ ئەندرۆبۆف پەیداکردبوو و ئەمی دواییش هەمیشە پاڵپشتی لێ دەکرد، بوارێکی چاکی بۆ دابین بوو کە پتر لە سەرکردایەتیدا گەشەبکات و وەکو ئەمینداری کۆمیتەی ناوەندی بۆ مەسەلە ئایدۆلۆژییەکان دابنرێ. وێرای تێڕوانینەکانی لەمەڕ گۆڕانکاری و ریفۆرم، پارێزگاریی لە هێڵی گشتی حزب بکات و وەکو سەرکردەیەکی سەنگین، کە سستی و لەهەمان کاتدا توندڕۆیی بە کارێکی ناپەسەند دەزانی، بێتە بەرچاو و لەلایەن ڕابەرانی دیکەی ڕوسیا حسابی ململانێکارێکی ڕۆحسووکی بۆ بکرێ.

ئەو سروشتێکی هەبوو لە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکداو لەبەرئەوەش لەلای هاوەڵاتییەوە – وێرای ڕکابەریان – توانیبووی خۆی خۆشەویست بکات، لە سروشتی ئەودابوو: (هەستی کەسی بریندار نەدەکرد، تەنانەت ئەوانەی بۆچوونیان پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەوبوو، هەوڵیدەدا بگاتە جۆرە ڕێکەوتنێك، بەهرەمەندبوو لەوەی وای

نیشانبدا کە بڕیارەکان بەبەشداری و ڕێکەوتنی هەمووان دەدرێ، با تەنانەت خۆشی فۆرمەڵەیکردبێ)(3).

بەڵام کارێکی دیکەش کە لەئاستی تایبەتی و کۆمەڵایەتیدا گۆربیان بێتاقەتدەکرد، چاودێریکردنی هەمیشەیی و بەردەوام بوو، چ بۆ (چاودێریکردن) بووبێ یان بۆ پارێزگاری لێ کردنی.

گەلێک لە هاوەڵە نزیکەکانی گۆرباچۆف لەمبارەیەوە لە کاتی سەردانی و دیدەنی گۆرباچۆفدا توشی گیروگرفت دەهاتن، ئاخر تازە ئەو لێپرسراوە بچوکەی ستافرۆبۆل نەمابوو کە هەرکارمەندێك، هەر جوتیارو ئەندازیارێك بیەوێ سەردانی بکات. حسابی دامودەزگای دەسەڵاتی تۆتیالیتاری وای دەخواست، تەنانەت ڕموزە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیش لە میانی جوغزێکی دیاریکراودا مافی هەڵسوکەوتیان هەبێ( گۆرباچۆف لەو کاتەدا هەستیکرد کە داردەستێکە بەدەست دەزگای کارگێرییەوە) (4).

### ئاوەها سەردەکەوین؟

ئایا گۆرباچۆف دەیزانی کە ڕۆژەکانی چیرنینکۆ لە ژیاندا هێندەی بەبەرەوە نەماوە تاوەکو لە ململانێکردنی دووربکەوێتەوە؟ یان ئەو وەکو حزبییەکی مولتەزیم سنورێکی لەنێوان ململانێی سیاسی و پێویستی ڕێزگرتن لە کادیرە دێرینەکانی حزب کێشابوو؟

بەهەرحاڵ کام لەم دوو هۆکارە بێ، ئەوەی لەواقعدا ڕوویدا ئەوەبوو، کە گۆربی پاش مردنی ئەندرۆبۆف دەورێکی دیکەی سەبرو ئارامی نواندو بۆ ماوەی پتر لە ساڵێك دەستی لە مافی تەزکیەی خۆی هەڵگرت و لە چاوەڕوانی ماوە کەم خایاندا مایەوە. مافی تەزکیەکە ئەوەبوو کە ئەندرۆبۆف لە دوا ڕاپۆرتی وەسیەتنامەئامێزی خۆیدا ئاماژەی بۆ حەقیقەتی نەخۆشییەکەی خۆی کردبوو و داوای کردبوو کە (تکا لە دەستەی گشتی کۆمیتەی ناوەندی دەکەم لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوەو هاوڕێ گۆرباچۆفیش تەکلیفبکرێ بۆ ڕابەرایەتیکردنی مەکتەبی سیاسی و ئەمانەتی کۆمیتەی ناوەندی)(5)، بەڵام هەروەکو فۆلسکی دەیگێڕێتەوە (نیمونۆف، چیرنینکۆ و


ڕووداوەکان کەوتنە سەر شەقام

ئوستینۆف)، هەروەکو چۆن ستالین وەسیّتەکەی لینینی شاردەوە، ئەوانیش پێکەوە دوادێری وەسیّتەکەی ئەندرۆبۆف دەسڕنەوەو ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیش، چونکە دەزانن مەرگی ئەندرۆبۆف نزیکبۆتەوە، ورتەی لێوە ناکەن. ئەوە ڕاستبوو کە گۆربی فێڵی لێ کراو لە پلەیەکی شایستەی خۆی دوورکرایەوە، بەڵام پێدەچێ گرنگی ئەو وەسیەتنامەیە لەلای گۆربی لەوەدا بووبێ، کە هەڵسەنگاندنێکی پێشوەختی تێدایە. ئەو هەڵسەنگاندنەش لە دواڕۆژدا بۆ پتر سەقامگیرکردنی پایەی ئەو وەکو یەکەمین پالێوراوی گەنج (گەنج لە تەمەنی سیاسەتدا) بایەخی خۆی هەبووبێ. سەرئەنجام گۆربی لە پشت چیرنینکۆی مامۆستای دێرینەوە ڕاوەستاوەو زۆری نەبرد هەرخۆی تەلقینیداو لەگەڵ مەرگراگەیاندنیدا ئەو گۆڕانییە دەستپێکرا کە گۆربی ناوی لێ نابوو پریسترۆیکا!


پاپا، گۆربی و ڕایس

ئەو گۆڕانییە شاراوە نەبوو، ئاوازێکی هێمن بوو، کە چەندین ساڵ لە ستافرۆبۆل پرۆڤەی لەسەر کراو هەندێك جار لە مۆسکۆش مەقتەعێکی لێ دەدرا، هەندێك جاری لە بابەت ئەوەی لەسەرەتای ساڵی **1982**دا شانۆگەرییەکی ڕەخنەئامێزی (شاترۆف)ی هونەرمەند پێشکەشکرا، ئەو شانۆگەرییە کە ناوی (ئاوەها سەردەکەوین) بوو، تووشی گێچەڵی یاساغکردن هاتبوو، بۆیە گۆرباچۆف بۆ ئەوەی پشگیرییەکی سیاسی بۆ دابینبکات بیرژنیف و چیرنینکۆی داوەتکرد، هاتنی ئەوان پێویستبوو، چونکە شانۆگەرییەکە باسی لە دواهەوڵەکانی لینین دەکرد لە بواری دژایەتیکردنی بیرۆکراسی و گەندەڵی کارگێریداو هەرواش باسی لە سیاسەتی نیب (سیاسەتی نوێی ئابووری) دەکرد، کە دەمێك بوو لە سۆڤێتی برژنێفدا بەرەوی خۆی لەدەستدابوو. دەگوترێت ئەوە شانۆگەری نەبوو، ئەوە گێمێکی تر بوو لە پرۆڤەیەکی درێژ کە گۆربی لە وتارە سەرەتاییەکانی خۆیدا بە (هەڵسوڕاوترکردن)و (گۆڕان) باسی لێوە دەکرد و دواتریش بە مارکەی پرۆیسترۆیکا لە جیهاندا بڵاوبۆوە.

گۆرباچۆف مەبەستی لە پشتگیریکردنی شانۆگەرییەك، کە باسی لە گۆڕانکارییەکانی لینین دەکات، ئەوە بوو کە ناڕاستەوخۆ پاسەوانانی کۆن لە سەرکردایەتی سۆفێتی لەوە

ئاگاداربکاتەوە کە گۆڕان و ڕیفۆرم شەرعیەتی ئایدۆلۆژی خۆی هەیە و پێویستە (لینینیانە!) ئیشی بۆ بکرێت. گۆربی وەك هەمیشە ئاوێتەبوونێکی سەیری لەنێوان هێڵی گشتی فکری حزب و پێویستی گۆڕانکاری دەخوڵقاند، تەنانەت دواتریش لە کتێبی (پریسترۆیکا، یان سەرلەنوێ بیناکردنەوە)دا، لە ڕیتمێکی سەرەکیدا لەنێوان هەر خواستێکی خۆی بۆ گۆڕان ئاماژەیەکی حیلە شەرعی بۆ لینین دەکات، دەبێ وابکەین، چونکە (ئاوەها سەردەکەوین!)، هەرواش هەڵسوکەوت کرا، ئاخر لە وڵاتێکدا کە پشتخانی مەعنەوی خۆی لەسەر گوتەکانی (مارکس- لینین- ستالین) دامەزراندبوو، نەدەشیا لە پرێکدا وەرچەرخانێك وەدیبهێنرێ. سەرەتا سەرزەنشتکردنی ستالین بەوەی کە لە ڕێگەی لینین لایداوەو پاشان تەئکیدکردنەوەی ئەوەی کە هەندێك لە چەمکەکانی لینین بەسەرچوونەو ئینجاش گومان خستنە سەر خودی سۆشیالیزم، تا نەهێشتنی قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبەوە، هەندێك بەم هەڵوێستەی گۆرباچۆف دەڵێن سیاسەتێکی (هەلپەرستانە!)، بەڵام لەچ سەردەمێکدا بەخۆداچوونەوەو گۆڕانکاری پێویستیان بە ڕێگەخۆشکردن نەبووە؟



لە لوتکەی سەروەریدا

ئایا بۆ گەیشتن بە ئەوروپای هاوچەرخی ئەمڕۆ، کە تێیدا بە ڕاشکاوی ئەفسانە و واقع لێك جیاکراوەتەوە، ڕابەرانی وەکو دانتی لە سەردەمی ڕێنسانسدا ناچارنەبوون بەشێنەیی ئاخاوتن لەسەر کەنیسە بکەن و پاشان وردەوردە بە جورئەتربن و لە پێکهاتەی دەوڵەتی جیابکەنەوە؟!

ئایا حزب و ڕموزەکانی حزبی بەلشفیکیش پێکهاتەیەکی پیرۆزنەبوون، کە هەڵگێڕانەوەی کاری هەڵکۆڵینی دەویست ؟!.

## ئێستا کاتی پریسترۆیکایە!

هاتنی گۆرباچۆف پێوقدومی خێربوو، لە سەرەتاتکێی دیموکراسیدا، چونکە بەپێچەوانەی زۆربەی پاڵێوراوانی پێشووی حزب لە پۆستی ڕابەریدا بە (تێکڕای دەنگ) هەڵبژێردرا، بەڵکو بە ڕێکەوتنی هەمووان هەروەکو گرۆمیکۆی سیاسەتمەداری دێرین

و وەزیری دەرەوەی سۆڤێت ڕایگەیاند... پێویـستە ڕابەرێـك هەڵبژێـرین كە لەمـپەڕی كۆتایی سەدەی بیـستەممان لەبەردەمـدا تەختبكـا، ئەمە ئـــــاماژەیەكی سـەرۆكی (كەی بی جـی)یە كە دەیویـست گۆربـاچۆفی تەمەن (51) سـاڵە هەڵبژێـردرێ. ئەوان كەسـێكیان دەویـست، كە لەپێـشدا هاتووەكـانی سیاسـەت دیاریبكـاو بەپێكەنیـنە سـیحراوییەكەی و ددانە جیرەكـانی خـۆی(6) دەوڵەتـی سـۆڤیەتی لە سـستی و كەمتوانایی ڕزگاربكات.

بەڵام كەتنێك كە گۆرباتچۆڤ نایەوە ئەوەی سەلماند، پیاوە پیرەكانی دەوڵەت ناهەق نەبوون لەوەی، كە لە هەڵبژاردنـی گۆرباچۆفـدا دوودڵـی بنـوێنن. ئەو هێنـدە سـەرگەرمی پـرۆژەی گۆرانكاری بوو، كە تەنانەت لەم پێناوەدا گرۆمیكۆی هاوپشتیكرد بە قوربانی نوێخوازی و پاش 20سـاڵ لە كـاركردن پۆسـتی وەزارەتـی دەرەوەی لـێ سـتاندەوەو بە حـساباتی خـوێن بە بەراكردنی لاشەی سڕبووی دەوڵەتی سۆڤیەتی ئەو پۆسـتەی بە شـیڤارنادزەی كەم ئەزمـوون سپارد!.

ئەم گۆرانكارییە لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەدا مشتێكی نموونەی خەروارێك بوو لە پرۆسەی جەرگبڕی پریسترۆیكا، ئەو پریـسترۆیكایەی دواتـر سـەری ساحێبەكەشـی خـواردو خەڵكـی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەلات و تێكڕای جیهانی والێكرد، كە یان قینیان لە گۆربی ببێتەوە، یان خۆشیانبوێ، نەعلەتی بۆ بنێرن، یان ڕەحمەت، ئاخر ئەو لەم پرۆسەیەدا زیانی بەهەنـدێك گەیاندو قازانجیش بە هەندێكی تر!.


چارەنووسی ئاینده بەدەست دوێنێیەوەبوو

ئەمە بەشێك بوو لەسـەر گوزەشـتەی ئەو پیـاوە كە ئێـــستاش پێیـــوایە كۆمارەكـــانی ســـۆڤێت دەتـوانن لە پەیوەنـدییەكی ئـــابووری و سیاســـی هاوچەرخـانەدا هەڵـبكەن. ئێمە هەقایەتی پێگەیشتنی دواســــــــەركردەی ئیمبراتۆریەتی سۆڤیەتیمان گێڕایەوە، تا پـلەی (هەراش)بـوون و گرتنەدەسـتی دەسـەلات، لەوە بەدواوە هەقـایەتەكە بـۆ هەموو جیهان ئاشكرایەو با ئۆبالی لەكارخستنی بڕیارسازی پریسترۆیكامان نەكەوێتە ئەستۆ!!.

**پەراوێز:**

1. غورباتشیف صانع القرار و ضحیته، ل **172**
2. هەمان سەرچاوە ل**174**
3. هەمان سەرچاوە ل**182**
4. هەمان سەرچاوە ل**189**
5. هەمان سەرچاوە ل**205**
6. گرۆمیکۆ ئاوەها وەسفی گۆرباچۆفی دەکرد.
7. هەمان سەرچاوە ل**210**

ناونیشانی ئەم وتارە لە گوتەیەکی (گابریل گارسیا مارکیز)ەوە وەرگیراوە، کە لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە پرسترۆیکا گوتبووی: "بەڵێ دونیا هەمووی پێویستی بە پرسترۆیکایە". (مارکیز) هاوەڵێکی نزیکی گۆرباچۆف بوو!

# ئەو پێنج ساڵەی دونیایان هەژاند

بیرەوەری ئێدوارد شیڤەرنادزە



**وەرگێڕی کتێب: ئیمان یەحیا**

**خستنەڕوو و خوێندنەوە: ستران عەبدوڵڵا**


شیفەرنادزەو گۆرباچۆف، تەگبیری دێرین

دۆخی پەڕینەوە لە سیستمێکی تۆتالیتارییەوە بۆ سیستمێکی دیموکراتی، لەهەر وڵاتێکدا، دۆخێکی شڵەژاو و ناجێگیرە٠ لەوێدا ئەو هێز و ناوەندانەی پەرەسەندنەکان زیانیان پێ دەگەیەنێ گوشارەکانیان لە خاڵی لەمپەر دروستکردن لەبەردەم ئەو پەرەسەندنانە چڕدەکەنەوەو تەختکردنی ئەو لەمپەڕانەو ڕەنگڕێژکردنی قۆناغی دوای پەڕینەوەش بەو سیاسەتانە کە گوزارشت لە "ئایندە" دەکەن، دەبێتە کێشەو خەیارێکی شەخسیی ئەو سیاسەتمەدارەی هاوکێشە و دەرکەوتە تازەکان وای خواستووە لەو شوێنە پڕ گاریگەرە بێ کە پێیدەگوترێ پێگەی دەسەڵات٠ خەیارە شەخسیەکە لەوەوە سەرچاوەیگرتووە کە پارێزەرانی سیستمە تۆتالیتارییەکە هەمیشە وێنەی دوژمن لە کەسێکدا، نەك لە میکانیزمی گۆڕانکارییەکاندا، بەرجەستەدەکەن و بە زەرورەتیش ئەو کەسە یەکێکە لە دەستڕۆیشتووەکانی هێزو ناوەندە نوێیەکانی خودی قۆناغی پەڕینەوەکە٠ بەڵام پێدەچێ لە نموونەی وەکو پرسترۆیکای سۆڤیەتدا گۆرباچۆف بە تەنها ئامانجی ڕەخنەو سەرزەنشتەکانی پاسەوانانی سیستەمی کۆن نەبووبێ٠

بۆ وڵاتێکی زلهێز، کە خواستەکانی جیهانی بێ، وەك خۆی هێشتنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکان بەپێی پێوەرەکانی سەردەمی شەڕی سارد، مەسەلەیەکی سازشهەڵنەگرەو هەڵبەتە ئەو کەسەش کە بیرکردنەوەی بنچینەیەکی نوێ بۆ بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی زلهێزەکە دادەنێ بە جۆرێك کە لەگەڵ گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێ، ئەو کەسە دەبێتە دوژمن یان لە باشترین حاڵدا سازشکەرو بەفیڕۆدەری سەروەرییەکانی سیستمی تۆتالیتاری٠ دروست ئەو کێشە دژوارە بوو کە ئەدوارد شیفارنادزە کردییە خەیاری شەخسیی خۆی و لەپێناویشدا کەوتە ململانییەکی سەخت٠ کتێبی (ئەو پێنج ساڵەی دونیایان هەژاند) کە شیفارنادزە دەڵێ بۆ ئایندە نووسیومە، بەدرێژی باس لە ڕابردووی ئەو خەیارە شەخسییە

دەکـات، کە وەزیـری پێـشووی دەرەوەی سـۆڤیەت لە پێنـاوی تەرجەمەکردنـی سیاسـەتی پرۆیسترۆیکادا لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکان بۆ خۆی هەڵیبژاردبوو.

گرفتی پرۆسترۆیکا ئەوەبوو کە سیستەمێکی تۆتالیتاری بەمیرات بۆ مابۆوەو بـۆ خـۆی ئەو سیستمەش لە میانی سەقامگیربوون و کارکردنی لە گۆمەڵگادا نەریت و دەربڕینێکی ئەوتـۆی بەرهەمهێنا کە ئەستەم بوو تەنانەت پاش نەمانی سیستمەکەش کاریگەرییان ببڕێتەوە، چونکە نەریت و دەربڕینی لە بابەت سەرلەقاندنێکی وەها بۆ داخوازییەکانی دەسـەڵاتدارێتی و کـاری پلانگێـڕی پـشت پەردەو غیـابی نەریتـی دیمـوکراتی، هـی ئەوە نەبـوون کە لەگەڵ مردنـی جەستەیی سیستەمی تۆتیالتاریدا دەستی لێ هەڵبگیرێ.

ئەوەشی بێتە سەر کە سیستەمی تۆتیالتاری لە ئەزموونی کۆمۆنیزمی سۆڤێتیدا، بەحوکمی بەدەوڵەت سـپاردنی سـەرجەم چـالاکییە ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـان، جـگە لە تەمـاحی تواندنەوەی تاك لە ئامادەبوونێکی ڕەهای دەسەڵاتدا، هەرواش کۆمەڵگایەکی ئیتکالی و ئیـرادە



**گەنجانی سۆڤێت، خەمێك لە خەمەکانی دەورانی پیرۆسترێکا**

ئاودیوکراوی بەرهەمهێنابوو. سەرئەنجام ئەو کۆمەڵگایەش بەحوکمی پێـشتر لێڕاهـاتن لە دوو ڕیانێکدا سەرگەردان بوو، نەیتوانی هەلومەرجی دوای پریسترۆیکا هەرسـبکات و نەیتـوانی بـۆ دواوەی پڕ دڵنیایی و لێڕاهاتنی باوکسالاریی دەسەڵات بگەڕێتەوە. گۆرباچۆف و شـیفارنادزەی هاوڕێی، قوربانیانی ئەو سەرگەردانییە بوون. پریسترۆیکا تەرحێکی لەسـەرەوە ڕاهـاتوو بـوو و دەویسترا بکرێت بە فلیمێکی جەماوەری لە کۆمەڵگەیەکدا، کە دەمێك بوو ئیرادەی بەشداریی

خەڵك و بڕیارلێدانی خەڵکی ئاودیوکرابوو• شیفارنادزە سەرنج لەو ناکۆکییە دەدات کە چۆن بانگەشەی پرستڕۆیکاو کۆبوونەوەکانی لەمەڕ پرستڕۆیکا (کۆنگرەی **27**-مینی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت) بەزۆرینەی دەنگ پەسەنددەکران و لە پراکتیکێکیشدا تەگەرەیان دەخرایەڕێ؟ پرستڕۆیکا بۆیە پەسەندکرا، چونکە ئەتکێتی هەڵسوکەوت لەنێوان دەسەڵاتی ڕەها و کادیری سیاسیی دەست لەسەر سنگ وای دەخواست کە بەموو لە ڕاسپاردەکانی ناوەند لانەدرێ• کاتێکیش زانرا پرستڕۆیکا دەخوازێ هاوکێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە تۆتیالیتارییەکە تێکبشکێنێ، هەر بەئامڕازە هەرە کاریگەرەکانی خودی پریسترۆیکا دیموکراسی و گلاسنۆست و لەپاڵ دەستبەردارنەبوون لە چەمك و دەربڕینە کۆنەکان و لەپێناوی پاراستنی نفوز و دەستڕۆیشتوویی پاسەوانانی کۆن، دژایەتی بیرکردنەوەی نوێکرا• ئیدی لەم میانەدا نەیاران بیانوویان ئەوەبوو کە پێویستە بەرژەوەندییەکانی چینی کریکارو پاراستنی سۆشیالیزم لەسەروی پرنسیپەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە دابنرێن• شیفارنادزە دەپرسێ ئەوە چ بەرژەوەندییەکە، کە تییدا ڕۆڵی چینی کرێکار لەو سۆشیالیزمەی ئەوان قسەی لەسەر دەکەن پەراوێزی بێ و باری گوزەران و ژیانیان دژواربێ؟ ئەوە ناپەسەندترین خزمەتە بە سۆشیالیزم•


**ڕێککەوتن لەگەڵ کرانەوە: گۆربی و بوش، شیفەرنادزە و شۆلتز**

ڕوانینی شیفارنادزە ئەوەبوو کە (ڕەگی شەڕخوازی لە تاکەکاندا نییە (ل**77**)، بەڵکو لە سیستمی توتالیتاریدایە، کە ڕێز لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ ناگرێ و سەرئەنجام دیموکراسی لە نەبوونی ئاگایی سیاسی و پێویستی نوێبوونەوەدا دەبێتە مینبەرێکی ئاژاوەنانەوە بەدەستی ئەوانەی بۆ دژایەتیکردنی پریسترۆیکا کەڵکی لێ وەردەگرن، نەیارانی پرستڕۆیکا لەو مینبەرانەوە داخوازی ئەوەیان دەکرد، کە هەموو پێشکەوتنەکانی بیرکردنەوەی نوێ بخرێنە ژێر گومانەوەو وای نیشانبدەن کە ئیدی سیاسەتی بیناکردنەوە هەموو وزەو تواناکانی خۆی بەخەرجداوەو پێویستە مرۆڤی سۆڤێتی "ئەو ماشێنەی کە خراوەتەگەڕ" بگێردرێتەوە نێو قاوغە کۆنەکەی خۆی "بکوژێنرێتەوە"• شیفارنادزە پرستڕۆیکا بەوە دیاریدەکا، کە تێگەیشتنێکی لەمەڕ پێویستی بیناکردنەوە هەبووە،

بەڵام تواناو ئیرادەی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی نەبووە کە پشتی پێ ببەسترێ· "پرسترۆیکا پشتی بە هێزو ناوەندی تازە نەبەستبوو"·

بۆیە شیفارنادزە لە "یادەوەرییەکانی" خویدا باسی ڕەوتی ناوخۆیی پرسترۆیکا دەکات، چونکە ڕووداوو پێشهاتە سیاسییەکان لە چەرخی گۆرباچۆڤدا ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ڕووی دەرەوەی پرسترۆیکا بەجێهێشت· لەبەریەك هەڵتەکاندنی سیستەمی تۆتیالیتاری و نەمانی کۆمۆنیزم تەنها ئەزموونێکی تایبەتی سۆڤێتییەکان نەبوو تاوەکو لە چوارچێوەکەیدا قەتیسبکرێ· هەرگیز دیبلۆماسییەتی چالاکانەی شیفارنادزە، لەو سەروبەندەدا، درزتێکەوتنی پرسترۆیکای پێ سواغ نەدەدرا· وەفدە میوانەکان و دۆستە بیانییەکانی شیفارنادزە زمانی حاڵیان ئەوەبوو، ئایا سۆڤییەت جیددییە لە واڵاکردنی دەرگاکاندا؟ ئایا تێڕوانینی نوێ بۆ دیموکراسیی و مافی مرۆڤ و شێوە ژیانی هاوچەرخ ڕاستییەکە هەوڵی بۆ دەدرێ، یان گەمەیەکی دیکەی سۆڤێتییە؟

وەختێکیش بە ئیجابیانە وەڵامی پەرۆشیی دۆستان دەدرایەوە، لەهەمان کاتدا لەپشتەوەڕاو



تەوقەی سوارچاکان

لە ئاستی سیاسەتی ناوخۆدا "ئەو کارانە ڕوودەدەن کە زیان بە خۆمان و دەستکەوتەکانمان دەگەیەنن، ئەو دەستکەوتانەی بەگران بەدەستمانکەوتوون، تاوەکو شەریکە بەشێکی خاوێن و دەستپاك بین"·(ل **21**)

بەئەندازەی ئەوەی شیفارنادزە ئاوڕی لە دۆخی ناوخۆ دەدایەوە، سێ هێندەی ئەوەش نەیارانی پرسترۆیکا لەناوخۆدا ڕەخنەیان لە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت دەگرت· ئەوان پێیانوابوو کە ناشێ وێنەی "دوژمن" لە یادەوەریدا بسردرێتەوە، وێنەی دوژمنێك کە پاساو بۆ مانەوەیان دابیندەکا و وڵاتانی پانوپۆڕی سۆڤێتی ناو ناوە "ئیمبراتۆریای شەڕ"· ئەو دوژمنە هەرگیز نابێ بە شەریکەبەشێکی ڕاستگۆ تەنانەت لە مەسەلە چارەنووس سازەکانی دونیاشدا، ئەو مەسەلانەی کە پێویستە لە دەوری خەیاری سۆشیالیزم و خەیاری سەرمایەداریدا چارەسەربکرێت· ئەوان پێیانوابوو کە نابێ هێزەکانی سۆڤێت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەفغانستان بکشێننەوەو بوار بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا بدرێ و قەڵای گەمارۆدراو پشت لە دۆستە هەمیشەییەکانی وڵاتانی سۆشیالیست و ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی جیهانی سێ

بکات· تێبینی نەیارانی پرسترۆیکا ئەوەبوو، کە ئەگەر ڕێکەوتن لەبارەی مەسەلەی چەکی ناوەکی و مەسەلەی بوژاندنەوەی کێشە ناسیۆنالیستییەکان بکرێت، دەبێ پێوەرەکانی سەردەمی شەڕی ساردی تێدا ڕەچاوبکرێ· دەبێ لە کێشانەوەی هێزەکان و ڕێککەوتن لەبارەی ئەفغانستان و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ئەوە لەبەرچاوبگیرێ کە چۆن بەرژەوەندییە کلاسیکییەکانی ڕوسیای زلهێز زیانیان پێ نەگاو چۆن سەروەرییە لەمێژینەکان بەفیڕۆنەدرێن؟ ئەو نەیارانە چەند نیگەرانبوون کە لە ئەنجامی دیبلۆماسی زیرەکانەو تێفکرینی نوێی شیفارنادزەدا واشنتۆن دانی بەوەدا نا، کە ئیتر بە چاوی دوژمن سەیری سۆڤێت ناکات، چەند هەستی خۆ بەزلزانینیان برینداركرا کە بیستیان دوژمنەکەیان نایەوێ ململانێیان لەگەڵدا بکات· لە بەرامبەر هێرشی نەیاران و بۆ سەرو دەرکردن لە دەرکەوتە تازەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ژێر ڕۆشنایی دۆخی واڵاکردنەوەی دەرگاکاندا، گۆرباچۆف شیفارنادزەی بەڕەسەن جۆرجیی بۆ پۆستی وەزارەتی



گەشت بۆ دیبلۆماسی

هەندەران هەڵبژاردبوو، تاوەکو لە هیچەوە دەستپێبکا· ئەو بەپەسەندی دەزانی پۆستی وەزارەتی هەندەران بە کەسێك بسپێردرێ کە بەناچاری و بە حوکمی کەم ئەزموونی لە هەموو شتەکاندا بیرکردنەوەی نوێ و سیاسەتی نوێ بگرێتەبەر· شیفارنادزەش بۆ ڕێزلێگرتن لە هەڵبژاردنی ئەو بڕادەرەی کە ساڵێك بەر لە پرسترۆیکا پێیوتبوو "گۆرباچۆف! دەزانی هەمووشتێك گەندەڵ بووە، پێویستە گۆڕان هەبێ" کەوتە جموجۆڵێکی سیاسی و دیبلۆماسی ئەوتۆوە کە هیچ نەبێ قەرەبووی پڕ ئەزموونیی گرۆمیکۆی کۆنە وەزیری پێش خۆی بکاتەوە· کاتێکیش ئاوڕی لە دوای خۆی دایەوە، بینی دیبلۆماسی دەرەوە لە پێشەوەی سەنگەرەکانە، بەڵام سەنگەرەکانی پشتەوەو هێڵەکانی بەرگری لەناوخۆدا دەلاقەیەکی زۆر لە سەنگەرەکانی پێشەوەیان دادەبڕێ· نەیاران دەیانگوت سیاسەتی دەرەوەی سۆڤێت پتر لەوەی پرۆیسترۆیکا دەیخوازێ چۆتە پێشەوەو تەنازولێکی زۆر بۆ دوژمن کراوە، شیفارنادزەش دەیگوت نەخێر ئەوە سیاسەتی ناوخۆیە کە لە کاروانەکە دواکەوتووە، هەروەها تەگەرە خستنە بەردەم نوێکردنەوەو گلاسنۆستیش لە سیاسەتی دەرەوە بەناوی دیموکراسییەتەوە دەبێتە هۆی تێکدانی باوەڕ و

متمانەنەکردن بەو بڕیارە سیاسییانەی پێشتر لەناوخۆدا پەسەندکراوەو خودی ئەو نەیارانەش سەریان بۆ لەقاندووە٠ ئەو دەیگوت سیاسەتی دەرەوە هیچ تاوانێکی نییە، کاتێک هاوڵاتی سۆڤێتی بەچاوکراوەییەوە بەراورد لەنێوان ئاستی گوزەرانی خۆیی و ئاستی گوزەرانی دوژمنانی دوێنێ و دۆستانی سۆڤێتیدا دەکات٠ بۆچی ئەگەر پێداویستی ئەو ژیانە بە دەوڵەتی سۆڤێتی دابین ناکرێ، هەموو کۆچکردوان بە یاخی و ناپاک لەقەڵەمدەدرێن٠

تاوانی سیاسەتی دەرەوە چییە کە توانییوەیەتی کۆمەکی مرۆیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی ئەرمەنستان لە دۆستانەوە دابینبکات، بەڵام ئیداراتەکانی ناوخۆ نەیانتوانی، یان نەیانویست ئەو کۆمەکانە دادپەروەرانە دابەشبکەن؟ تاوانی سیاسەتی دەرەوە چییە کە پاش ڕووخانی دیواری بەرلین خەڵکی بەرلینی ڕۆژهەڵات لە بەرلینی ڕۆژئاوا هەست بەسەرگەردانی دەکەن٠ لەکاتێکدا ئەوە ڕژێمی هۆنیکەر بوو کە ئەوانی فێری تەمەڵی بێ بەهرەیی لە تەکتیک و ئاستی هونەریدا کردبوو٠

سەرەڕای گوشارە جیاجیاکان، شیفارنادزە هەوڵیدەدا قۆناغی تازە لە پەیوەندییەکانی دەرەوە بە هەندێک لە پرنسیپەکان ڕەنگڕێژبکاو لە ئاستی سیاسیی و ژیانی تایبەتیدا سیمایەکی مرۆڤ دۆستانەی دوور لە دۆگمای ئایدۆلۆژیا بەهامشۆی دیبلۆماسیی نێوان خۆی و هاوتاکانی لە ئەمریکاو ڕۆژئاوا ببەخشێ٠ هەر بەڕاستیش لەوەدا سەرکەوتووبوو، کە وا لە هاوتاکانی خۆی بکات بەشەریکێکی هەندێک جیاواز تەماشایبکەن، نەک بەدوژمنێکی سەرسەخت٠




**داگیرکردنی کوێت، سۆڤێتی خستە ڕیزبەندییەکی نوێوە**

بەڵام گوشارەکانی سەردەمی داگیرکردنی کوێت هی ئەوە نەبوون کە شیفارنادزە بەرگەیان بگرێ· دیسانەوە نەیارە کلاسیکییەکان (لەناوخۆدا) ئەوەیان پێ قووت نەدرا، کە سۆڤێت لە ئیدانەکردنی ڕژێمی عیراقدا لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا هاوهەڵوێست بێ· بەڵام چۆن بیر لە پەیوەندییەکی دروستی نێودەوڵەتی دەکرێتەوە لەکاتێکدا ڕژێمێکی شەڕانگێز دەوڵەتێک داگیردەکات کە ئەندامێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەو باڵیۆزخانەی لە هەموو



**داگیرکردنی کوێت ڕوسیای**
**بە هەموو ئاڕاستەیەکدا برد**

وڵاتانی دونیادا هەیە؟ ئەوە پێش هەموو شتێك شەڕی شەرعییەتە لەگەڵ ئەوانەی دەیانەوێ ئاژاوە لە ناوچەیەکی هەستیاری دونیادا بنێنەوە· کەچی پاسەوانانی کۆن پێیان سەیربوو کە سۆڤێت بەپێی ڕێککەوتننامەی نێوان خۆی و عێراق ڕەفتارناکات؟ مەگەر شیفەرنادزە بەچاوی خۆی کوشتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی مەدەنی عیراق نابینێ؟ شیفارنادزە ئەو سەرزەنشتانەی بەوە ڕەتدەکردەوە کە ڕژێمی عێراق ڕکابەری لەگەڵ شەرعییەتی دەسەڵاتی نێودەوڵەتیدا دەکاو میللەتەکەی تووشی مەینەتییەکی بێئامان دەکات· مەگەر ئەو ڕژێمە نەبوو کە کوردەکانی کیمیابارانکرد؟ **(ت125)** ئەی بۆ بانگەشەکەرانی مرۆڤدۆستی قسەیەك لە مەڕ تراژیدیای کورد ناکەن؟ **(220).**

سەرئەنجام شیفارنادزە وێرای ڕێزلێنان لە گۆرباچۆفی هاوڕێی ناچاربوو دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێ و خۆی بۆ نووسینی کتێبێك لەمەڕ خەیاری خۆی لە نوێکردنەوەو پریسترۆیکا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا تەرخانبکات· لەو کتێبەدا کە بۆ نووسینی یادەوەرییەکان دانراوە، شیفارنادزە لە مەڕ ئایندەیەکی ئینسانی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەدوێ· ئایندەیەك کە تێیدا بەهەمان گیانی شیفارنادزەو هاوتاکانییەوە کێشەکانی تێدا چارەسەربکرێ و ئەو ئایندەیەش هەلومەرجە تازەکان لەبەرچاوبگرێ، نەك بەرژەوەندییەکی ئیمبراتۆری، کە لەسەر خۆشگوزەرانی خەڵك هەڵچنرابێ· ئایندەیەك کە چرنۆبڵی تێدا ڕوونەدا، ئەگەر ڕووشیدا با هەموو ڕاستییەکانی بۆ ڕای گشتی ڕوونبکرێتەوە·· بەڵام ئایا لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤێت و کەنارگیرکەوتنی

گۆرباچۆف و گەڕانەوەی شیفارنادزە بۆ جۆرجیای زێدگای خۆی نیشانەی هەرەسی پریسترۆیکا بوو، یان نیشانەی سەکەوتنی نەیارانی؟ ئەوە مەگەر شیفارنادزە لە کتێبێکی دیکەدا تۆماریبکات٠

گۆڤاری سیاسەتی دەولی: ژ:**1** سالی **5**– نیسانی **1996** –ل**133**

فەسڵی دووەم

# هەیکەل لەشەرحی

# حاڵی کلنتۆن و مۆنیکا دا

# قسەیەک لەسەر سیاسەت

## پێشەکییەك دەربارەی گێڕانەوەی درێژ









## پێشەکی وەرگێڕ

قسە لەسیاسەت و.... ڕەوانبێژی لە ڕۆژنامەوانیدا!

ئەوەندەی لە بیرم بێ تائێستا چوار جار سەرنجم لەبارەی ڕۆژنامەوانی گەورەی میسر و عەرەب، محەمەد حەسەنێن هەیکەل، دەربڕیوە:

-جارێکیان لەبارەی هەیکەل و پەیوەندی بە عەبدولناسرەوە.

-جارێکیان لەبارەی پەیوەندی هەیکەل لەگەڵ بیری ناسیۆنالستی عەرەبدا.

-جارێکیان لەبارەی هەیکەل و ئەزموونی ڕۆژنامەوانییەوە.

-جارێکیان لەبارەی پرسی کورد و ڕوانینی هەیکەل لێی.

لە هەمووشیاندا هەیکەل وێنەیەکی چڕکراوە بوو لە تێکچڕژانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ڕۆژنامەنووسی، پەیوەندی لە نێوان سیاسەت و ڕۆژنامەوانی کە لە هەندێک ڕووەوە لەپەیوەندی نێوان دەسەڵات و ڕووناکبیریی دەچێ و لەگەلێک ڕووی تریشەوە لێی جیاوازەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. دواجار هەیکەل لە ڕێی دواترین کتێبییەوە، یان با بڵێین دواترین کتێبی کە ئابڵوقەی سەر کوردستانی بڕیوەو بە ئێمە گەیشتووە، وایکرد هەر چوار سەرنجەکەم لەیەک کتێبی نوێیدا بەچڕی ببینمەوە، کە هەیکەل ناوی (قسە لەسیاسەت) ی لێناوە، چونکە لە ڕاستیدا (قسە لەسیاسەت) لەدوو توێی بابەتە هەمەچەشنەکانی خۆیدا، هەمان ئەو سەرنجانەی ،جارێکی تر، لازیندووکردمەوە، ئەمەشیان لە سەرێکەوە ڕێڕەوێکی جێگیر لە ڕوانین و ڕەوتی پەرەسەندنی بەردەوامی ئەزموونی هەیکەل دەردەخا کە مرۆڤ ناتوانێ ڕێز لەو جێگیرییە لەئەزموونی ڕۆژنامەوانی خۆیدا نەنێ و لەسەرێکی دیکەشەوە بەمانای ئەوە دێت هەر کەسێک لە هەر وێشتگەیەکی ئەو ئەزموونەی هەیکەلدا تێبینی هەبێ ئەوا تێبینییەکانی وەکو خۆی ماون و دەتوانێ بە ئەندازەی دەوڵەمەندبوونی ئەزموونە جێگیرەکەی هەیکەل، دەوڵەمەندیان بکات و وردەکاریان بخاتەسەر.

لە ئەزموونی هەیکەلدا، ئایدیۆلۆژیا بەسەر بابەتیبوون، تەسکی عروبە بەسەر جیهانگیری فراواندا زاڵ بووەو بۆ ئەم پشتە ملی داتاکان دەگرێت و قۆڵی ڕاستییەکان با دەدا بەو جۆرەی لەگەڵ ویستی ئەودا بگونجێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەمەندی تەجرەبەی ئەو گاڵتەی پێ ناکرێت، بۆیە بە چاکم زانی ئەم فەسڵە لەم کتێبە تازەیەی وەربگێڕم.

لەم فەسڵەدا هەیکەل باس لە تەکنیکی نووسینی گێڕانەوە دەکات و نموونەی ئەو جۆرە نووسینانەی لەم کتێبەدا بڵاوکردۆتەوە، بەشێکی دیکەی فەسڵەکە لە سەر ماجەرای کلنتۆن و مۆنیکایە، کاتی خۆی چەند بەشێکی ئەم فەسڵەم لەڕۆژنامەی تایم بڵاوکردەوە کە لەسلێمانی دەردەچوو.

**وەرگێڕ**

## پێشکەش

ڕێڕەوی ئەم کتێبە چەند فەسڵێکە کە بەدرێژایی ساڵی (1999) و سەرەتای ساڵی (2000) بۆ گۆڤاری (ڕوانینە گەلێک) نووسیبووم. ئەو گۆڤارەشم لاشیرینە، نەک بەکەیفی خۆم یان لەبەر بەژەوەندییەک، بەڵکو لەبەر چەند هۆیەک کە پەیوەستی بیرۆکەکەی و جێبەجێکردنێتی. چونکە نەخاوەن پشکم لەو کۆمپانیایەی (ڕوانینە گەلێک) دەردەکاو نەئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و نەبەشدارێکی جێگیربووی دەستەی نووسەرانەکەشیم، بەڵام لەو دۆستە پەرۆشانەم کە پێیانوایە هەنوکە سەرنجدان لە بارودۆخی جیهانی عەرەبی پێویستی بەسەفەرێکی تر هەیە بۆ لای کتێب. جا ئیتر کتێبەکە پیتی چنراوی سەر لاپەڕە یان تروسکەیەکی بریسکەداری سەر شاشەیەک بێت. مەزندەیەکیشم لا جێگیربووە کە هەندێک ڕەوش و سەردەمی ڕاگوزار هەموومانیان بەدووی خۆیاندا پەلکێش و تووشی هەناسەبڕکێ کردووە. تا ئەو ئەندازەی کەشتییەکان لەبەندەرەکانی خۆیان پچڕان، باهۆزیش دوور بردونی، بێ ئەوەی سوکانێک جڵەوی ڕۆیشتنیان بگرێ، یان ئەستێرەک ڕێنوێن و نەخشەیەک یارمەتیدەریان بێت.

وام وەبیرداهات لەکاتێکدا نەتەوە لە دەروازەی هەزارەی سێیەمی ڕۆژژمێری زایینی ناو لێنراوی زەمەنە جیهانییەکەمانە، ئێمە هەڵوەستەیەکمان گەرەکە، تا بەقووڵی بیربکەینەوەو بەکاوەخۆ عەقڵمان بخەینەکار.

ئومێدمەدەکرد هەڵوەستەکەشمان وابێ کە تێڕامێنین بێ ئەوەی پەکمان بکەوێ، پێداچوونەوە بکەین بێ ئەوەی لالوت بین، هەروا قووڵ ڕۆچین، ئەگەرچی کەمێکیش بێت، بێ ئەوەی بخنکێین، چونکە ئەو هەڵەپەیەی هەنوکە نازانین پەلکێشی کوێمان دەکات ترسناکە، درێژە پێدانیشی پێشبڕکێیە بەرەو بەڵای ناگاهان. بواری بیریش ئاسۆ فراوانەکەیەو (کتێب)یش، وەک چۆن بەدرێژایی ڕێڕەوی شارستانێتی وابوو، هەروا عەمباری ڕوانین و گەنجینەی ئەزموونەکانە.

ناوی بەرایی (ڕوانینە گەلێک) (کتێبان) بوو، وەک گوزارشتێک لە پێویستی (جۆرێک) لە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکان، بۆ ژێدەرەکان و بۆ ئەو مەرجەعانەی توانستی چاککردنەوەو ڕاستکردنەوەو لێوردبوونەوەیان هەیە، چونکە پێشکەوتن دەکارهێنانی بەپەلەپڕوزکێی ئامرازەکانی سەردەم نییە، بەو خەیاڵەی گوایە دەستەبەرکردنی ئەو کەرەستانە بەسن. ئەوە

واهیمەیە، چونکە ئامڕازەکانی سەردەم زۆر لە چەک دەچن، پێویستە خاوەنەکەی مەشقی لەسەر بکات و بزانێ چۆن بەکاریدێنێ؟ ئەگینا ئەگەر بێ ئامادەباشی ڕەفتاریکرد، ئەوا خۆی دەکوژێ پێش ئەوەی ئیرادەی خۆی وەک جەنگاوەرێک بخاتەگەڕ.


سیر هارولدنیڤانز

بیرۆکەی سەرەکی لە دەرکردنی گۆڤارەکە گەڕانەوەیە بۆ کتێب، لێی نزیکدەبێتەوەو بەدەوریا دەخولێتەوە، دەستی دەگرێ، بەڵام لەهەمان کاتدا تاوتوێکردنی بۆ کتێب تەنها لە ڕێی خستنەڕوویانەوە نەبێ، کارێک کە زۆربەی گۆڤارەکانی لەم چەشنە لەجیهاندا دەیکەن، بەڵکو وابێ کە (کتێب)، لەپاڵ خستنەڕووییەوە، دەروازەیەکی بەرفرە هەبێت بۆ بابەتەکەی، ئەگەر پێی کرا بایەخی دەربخا، ئەگەر توانی ئیدیکەشی بخاتە ناو دەفرەکەیەوە، دواجار ئەوەبوو کە ناونیشانی لاوەکی (ڕوانینە گەلێک) بەسەر ناونیشانی سەرەکی (کتێبان)دا زاڵبوو، ئەمەش شیاو و پەسەندکراو بوو، هۆکاری هەستپێکراویش، ڕەنگە بێ ئەوەی مەبەستیش بێت، ئەوە بوو کە گەڕانەوە بۆ بنچینەو ژێدەر و مەرجەعەکان، وەک گەڕانەوەیەکی قوتابخانەیی دەرنەکەوێت، کە ئاماژەی کەوتن و پێویستی سەرلەنوێ گێڕانەوەی میتۆدیان لەئەلفابێتاوە پێبێت، چونکە کاری لەم بابەتە بەخەسارادانی کۆشش و سەردەمێکن لە ئەزموونی نەتەوە کە هەلومەرجەکە وا ناخوازێ، تەنانەت ئەگەر ئەو دۆخە پێویستی بەسەرلەنوێ ڕوانین و بیرکردنەوەش هەبێت. بەواتایەکی تر لەوانەیە جۆرێک لە جۆرەکانی گەڕانەوە ڕوویدات، بێ ئەوەی ئەمە مانای وابێت حوکمی سەرگەردانی بەسەر تەمەن و ژیانێکدا بدەین.

لەڕاستیشدا ئەو هاوەڵ و هاوڕێیانەی لە پڕۆژەی (کتێبان، ڕوانینە گەلێک)دا سەروکاربوون، لەماوەیەکی کەمدا کە ساڵێک پتری نەخایاند، توانیان هێمایەک دابنێن ئاماژەی ئەو ڕێگایە بێ، کە بڕیاریاندا ڕێبواری بن و لە دوی هێماکەش هێڵێک بکێشن کە گۆڤارەکە، ژمارە لەدوای ژمارە، پێیدا بەرەو ئامانجێک ڕۆشت کە وادەرکەوت شایستەی بایەخپێدان و شیاوی ڕێزلێنانە.

لەگەڵ ئەو هاوەڵ و هاوڕێیانەدا، هەروەک باسمکرد، لە پێگەی لایەنگری بەپەرۆشەوە، هەوڵمداو وای بۆچووم کە یەکەم پشکداریم لە کۆششەکەیاندا چەند فەسڵێک بێ لەسەر (پرس و پیاو گەلێک) کە هاو ڕەوتی ڕووداوەکانی ساڵێکی تەواو (فیبرایری 1999 – فیبرایری 2000)و سەرقاڵی ڕۆژگار و کەسێتی چەند پاڵەوانێکی بوون، ئاکامی ئەمەش سەفەر بوو بەئاقاری جیاجیاو سەردەمانێکی نزیک و دووردا.



والتر ليبمان

خواستیشم لە هەوڵێکی وا ئەوەبوو، کە نووسینی وتاری گێڕانەوەیی Article* Narrative. تاقیبکەمەوە، ئەم چەشنە لە وتار نووسین نوێیە لە ڕۆژنامەوانی عەرەبیدا، نووسەرەکەی لەگەڵ بابەتەکەدا بەسەر هێڵە گشتی و هێڵە لاوەکییەکاندا گوزەردەکات و لە گشتەوە بۆ وردەکاری مەسەلەکان دەچێ، ڕووداوە گەورەکانی کە مێژوو ئاڕاستە دەکەن لەگەڵ مەیلە ئینسانییەکانی خەڵق، کە خۆیان لەیەک کاتدا بابەتی مێژوو و هەرواش خوڵقێنەرین، پێکەوە گرێدەدا. بیرۆکەی بنچینەیی، لە وتاری گێڕانەوەیی، (درێژەپێداندا) ئەوەیە، کە ناڤێنی نێوان وتاری باو و کتێبە. ئەو، واتا ئەمجۆرە وتارە، لە وتار درێژترەو لە کتێبیش کورتتر، مەبەستیەتی پەلی بابەتێک بگرێ و هێندەی دەکرێ حەقی خۆی بداتێ و ئەوەندەی دەتوانێ خێرایی ریتمی وتار و تێروتەسەلی کتێبی تێ بئاخنێ، ئەوەبوو تاقیم کردەوە.

لەوانەیە ئەوەشی بخەمەسەر کە (ئەزمونکاری) سروشتی هەموو ئەو کەسانەیە زەمەن گەیاندونیەتییە ڕەوشێکی وا کە بتوانن بەخۆیان و بەخەڵکی بڵێن (دواڕۆژیان لەدوایانەوەیە)، بەم پێیەش ئەوان ئامادەگی زیاتریان تێدایە، ئۆباڵی ئەو شتانە بگرنەئەستۆ کە ئەوانیدی، ئەوانەی ناچارن وا لە دواڕۆژ بڕوانن کە لەپێشیانەوەیە (بەهەموو ئەو تێچوون و باجانەی ڕوانینی وایدەخوازێ) ناتوانن بیگرنەئەستۆ.

هەر بۆ نموونەش، ژمارەیەکی بەرچاو لە گەورەترین ڕۆژنامەوان و نووسەرانی دنیا گەیشتنە قۆناغێک، کە تێیدا قەرەباڵغی ڕۆژنامە گەورەکان و ڕیزی ئەوانەی پێشبڕکێیانە لەسەر لاپەڕەکانیان بەجێهێشتووەو چوون بۆ شوێنی هەمەجۆرتری بڵاوکردنەوە، کە مافی دیاریکردنی خوێنەرانی خۆی هەیە، بێ ئەوەی بە وروژاندن و شێوازەکانی تری سەرنجڕاکێشانی وەک قیژوهۆر، یەخەگیریان بێت.

عەرابی نووسەرانی ڕۆژنامەوان لە سەدەی بیستدا، واڵتر لیبمان، وایکرد، ئەوەبوو ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی بەرەو (نیویورکر) بەجێهێشت، کابرا هەستیکرد، لەو دەمەیدا کە لەهاندانی پێشبڕکێ و پێشبڕکێکاری دەربازیبوو، (هەنووکە) دەتوانێ بنووسێ و ڕێگای نوێ تاقیبکاتەوە، ئەو ڕێگایەش ڕێگای وتاری گێڕانەوەییە، کە تێیدا وادەردەکەوێ ئێژی قسانەدکا، ئێژی پیادەیەو ئێژی بەرەو دوور، بۆ ئەو شوێنەی بابەتەکەی دەیبا، کراوەو ڕەهایانە پیاسەدەکات.

ئیدیکەش وایانکرد، ئیدیکەی وەکی (کنجزلی ماران) و (ریمۆن ئارون) و (ولیم ریس موج)ی نووسەری پێشووی (تایمز) کە گەیاندییە وەشاندنی گۆڤارێک بۆ نووسینی وتاری گێڕانەوەو درێژەپێدان، دەربارەی گێڕانەوەو درێژەپێدان، دەربارەی کتێبە کۆن و چاپە ڕزیوەکانیان. ئەو کتێبانەی ئی وایان تێدابوو پێش سێ یان چوار سەدە چاپکراون.

لەوانەیە دواجار بەوە بیبرمەوە کە بڵێم، هەنوکە وتاری (گێڕانەوە)، یان جۆرێک لە جۆرەکانی، لەئاکامی گەشەکردنێکی سروشتی کە هەموو سەدەی پێشوو (یانی سەدەی بیستەمی) گرتەوە، پرەستیجی خۆی لە ڕۆژنامەوانی جیهانیدا بەدەستدێنێتەوە.

لەسەرەتای ئەو سەدەیەدا خاوەنی بیرۆکەی تاقیکردنەوەی وتارو هەواڵی خێرا، ئەلفرید هامزورسی ڕۆژنامەوانی بەریتانی بوو کە دواتر، کاتێک گەیشتە لوتکە، بەنازناوی لۆرد نورسکلسیفەوە ناسرا، بیرۆکەکەی وی وابوو، لەباشترین حاڵدا نابێ هیچ وتار یان هەواڵێک، لە (250) وشە زیاتربێت، ئەو بیرۆکەی خۆی لە ڕۆژنامەی (دەیلی میل)دا پراکتیزەکردو سەرکەوتنێکی مەزنی بەنسیببوو. هارمزورس لەو ڕوانینەدا ڕەوشتی لە مۆدێلی ژیانی ئەمریکای وەردەگرت و کاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەی بەسەرەوە بوو، کە شێت و شەیدای خێرایی بوو، لە هەنگاوی خێراوە بۆ زەمەنی خێرا، دواتر ئەو شەیداییەی پەلکێشی بواری زانیاری و بیریش کرد.

کۆمەڵگەی ئەمریکایی بیرۆکەی ساندویچی، کە لە ئینگلستانەوە دەستپێکردبوو، بەرەو سۆسج (هۆت دوگ)، مریشکی سوورەوەکراو (کنتاکی چکن) گۆشتی وردکراو (هەمبەرگر) پەرەپێدا، کە لە دوایدا گەورەو بچووکی بەرهەمەکانی ماکدۆناڵد ڕەنگدەرەوەی ئەو بیرۆکەیەبوون.

هارمزورس وای بینی، کە دەبێ وتارو هەواڵەکانیش هەمان مۆدێلی سەندویچەکانی ماکدۆنالد، هوت دوگ، کنتاکی چکن و هەمبەرگر بن، بەگەورەو بچووکییەوە، سەرەنجام ئەوە ڕوویدا کە هەمیشە ڕوودەدات: هەموو دەرکەوتنێکی ڕاگوزەر یان نوێباو زەمەنی خۆی بەسەردەبا، چونکە ڕەوشی دیکە خۆی دەسەپێنێ.

لەبیرمە ساڵی (1979) لە لەندەن تووشی ئەو (ڕەوشی دیکە)یە هاتم، دەمێکی کە پەیوەندیم بەڕۆژنامەی (سەندای تایمز)ەوە پتەوتربوو. ئەو وەختە بڵاوکردنەوە بۆ من لە میسر مەحاڵبوو، کەچی دنیای دەرەوە باوەشی پشوودرێژی خۆی بۆ کردبوومەوە (لەسەر ئەوەش سووربووم کە لە میسر و لەژێر سایەی یاساکانیدا بمێنمەوە، بەپێی ئیشوکارەکان لە هاموشۆکرندا بم و ئەوە ڕەچاوبکەم کە ماوەی دوورکەوتنەوەم لە هەر سەفەرێک، سەرەڕای هەر مەینەتییەک، مانگێک زیاتر نەخایەنێ).

لە بەهاریساڵی (1979)دا بە ئیشێک لە ئێران بووم، تا لەگەڵ ڕێبەری ئەفسوناوی شۆڕشەکەیدا، ئایەتوڵڵا ڕوحەڵڵا موسەوی خومەینی، هەڤپەیڤینێک سازبکەم، دوای ئەوەی گەڕامەوە بۆ لەندەن لە کۆبوونەوەیەکی جفاتی نووسینی ئەو ڕۆژنامە دێرینەدا (سەندای تایمز)، بەشداریم کرد، ئەوکاتە هارولد ئیفانز، یەک لە ڕۆژنامەوانە هەرە دیارەکانی سەدەی بیستەم، سەرنووسەری بوو. لەمیانی گفتوگۆ و لەکاتێکدا جفاتی نووسین خەریکی ژمارەی نوێی سەندای تایمز بوون، لە هارولد ئیفانزم پرسی داخۆ لە ژمارەی یەکشەممەی داهاتوو (23)ی دیسەمبەری (1979) چەندم جێگا دەداتێ بۆ وتارەکەم کە هەڤپەیڤینەکەی خومەینیشی تێدایە؟ ئەو لەلایەن خۆیەوە لێی پرسیم کە مەزەندەی خۆم چەندە؟ لە شێوەی پرسیاردا گوتم (دوو هەزار، دوو هەزارو پێنج سەد وشە)؟ ئەوەش قەبارەی وتاری هەفتانەی خۆم، بەڕاشکاوی بوو کە بۆ ئەلئەهرامم



دیدارێکی لەگەڵ خومەینی
کرد بەشێوازی گێڕانەوە

دەنووسی، ئیفانز دەستوبرد گوتی: بۆچی دەتەوێ بابەتەکە بخنکێنی؟ دواجار پێشنیازەکەی ئەوەبوو کە ئەگەر بابەتم بەئەندازەی پێویست پێیە باو تارەکەم دوو هێندەی ئەو قەبارە بێ کە باسم کرد، واتە پێنج هەزار وشە. هەرواش بوو، بەڵام من ئەو ڕۆژەو هەر دوای کۆبوونەوەکە، ویستم مەسەلەی ئەو ئاڕاستانەی لەهێکرا هاتوونەتە نێو ڕۆژنامەوانییەوە، بوروژێنم. بیروبۆچوونی زاڵ لەو گفتوگۆیانەی سیر دەنیش هاملتۆن، سەرۆکی ئەو دەمەی جفاتی کارگێڕی کۆی ئەو ڕۆژنامانەی تایمز دەیبردن بەڕێوە وابوو، کە ئەو زەمەنە بەسەرچوو کە تێیدا هارمز ورس، (لۆرد نورسکلیف) ڕێسا بەناوبانگەکەی خۆی دانا دەربارەی درێژیی وتارو هەواڵ کە دەبێ لە سنووری (250)وشەدا بێ، چونکە ئەو قەبارە خێرایە، قەبارەی ساندەویچ و دەستە خوشکەکانی، تەلەفزیۆن بردی. بەتایبەتیش دوای ئەو ئەزموونە گەورەیەی تید تیرنر پێیوابوو، کاتێک لە ساڵی (1980)دا ئاژانسی (CCN)ی دامەزراند.

ڕۆژنامەوانی بەتوانا فرانک جایلز، کە لە سەرنووسەرێتی سەندای تایمزدا جێی هارولد ئیفانزی گرتەوە، دوای ئەوەی ئەمی دوایی بۆ سەرنووسەرێتی تایمز دەستنیشانکرا، پوختکردنەوەی گفتوگۆکانمانی گرتەئەستۆ، ڕوونکردنەوەکەی جایلز وابوو، هەوکە تروسکایی خێرا بۆ وێنەیە نەک وشە، چونکە هەر کەسێک بایەخ بەباری گشتی بدات، چاودێری هەواڵەکان لە وێنەی یەک لە دوای یەکی نێو شاشە درەوشاوەکان دەکات، بەڵام ئەوەشی لە وشە دەوێ کە تا ئەودیو وێنەکان بچێ و بەشێنەیی پێتی بێژێ چ ڕوودەدا؟ وکێ؟ و

لەکوێندەری؟ و کەنگێ؟ دەشیەوێ وشە ئەمەی بەشێنەیی بۆ بگێڕێتەوە، چونکە هەر ئەمە ڕۆڵی وییە لە چاخی ئەلکترۆنیدا.

بەواتایەکی تر، شاشەی تەلەفزیۆن تروسکەی هەواڵە و چەند گرتەیەکی ڕووداوەکە نیشاندەدات، بەڵام وشە لە ڕۆژنامەدا چیرۆک و وردەکاری ئەودیو هەواڵەکەیەو ئەوە دەگێڕێتەوە کە وێنەکان ناتوانن بیگێڕنەوە، بەتایبەتی لە واری ناخ و هەست و سۆزدا.

بەمشێوەیە وتاری (گێڕانەوە) شوێنی شیاوی خۆی بەدەستهێنایەوەو ئەو ڕۆژنامانەشی کە بەڕاستی بایەخی پێدەدەن، بە (ڕۆژنامەوانی بەهادار) ناوزەدکران. وەکو دەردەکەوێ ڕۆژنامەوانی عەرەبی ئاشنای قوتابخانەی هارمزورس (نورسکلیف) بوو، کە دنیا لە ساڵی (1900)دا لە ڕێی دەیلی میلەوە ناسی، ئەم ئاشنایەتییە ساڵی (1945) لەقاهیرە، لە ڕۆژنامەی هەواڵەکانی ئەمڕۆ (اخبار اليوم)دا ڕەنگیدایەوە، ئیتر ئەوەبوو ئەم مۆدێلە ڕۆژنامەوانییە خۆی و لۆژیکی خۆی بەسەر خوێنەری عەرەبدا سەپاند، کە تاماوەیەکی دوورودرێژ پێی قایلبوو.

پێموایە هەواڵی خێراو وتاری خێرا بۆیە توانیویانە لە ڕۆژنامەوانیی عەرەبیدا بمێننەوە، چونکە تەلەفزیۆن ڕۆڵی خۆی لە (تروسکایی خێرا لە هەواڵ و بیرۆکەدا) وازی نەکردووە، ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەی تەلەفزیۆن لە دنیای عەرەبدا بەشێوەیەکی گشتی هێشتا موڵکی حکومەتەکان یان لە ژێر کۆنترۆڵیاندان، هەربۆیە تەلەفزیۆنی ئێمە تەلەفزیۆنی قەوانی سواوی هەواڵ و کاوێژکردنەوەی وتارە، هیچ ناڵێ و لەجێی خۆی نابزوێ، تەلەفزیۆنێکی جارسکەرە، چونکە لە دووتوێی دێرەکانیدا ڕووداوێک یان ئاماژەیەکی ناخاتە سەر، بەڵکو بێ قوتدان یان هەرسکردن ڕووداو و مەغزاکان لە چەشنی جوینەوەی بنێشت، دەجوێنێتەوە.

بەڵام وتاری گێڕانەوە شتێکی ترەو پێموایە دەگەڕێتەوە شوێنی شیاوی خۆی لە ڕۆژنامەوانیی بەهاداری عەرەبدا، هەروەکو چۆن لە (ڕۆژنامەوانی بەهادار)ی ئەمریکاو ئەوروپادا گەڕایەوە.

هەروەکو پێشتریش باسمکرد، کە لە ئەزموونی (ڕوانینە گەلێک)دا هەوڵمدا نموونەی وتاری (گێڕانەوە) بخەمەڕوو.

کاتێکیش کۆمپانیای میسریی بۆ وەشاندنی عەرەبی و نێودەوڵەتی داخوازی ئەوەیان کرد کە کۆی فەسڵەکانی ساڵی یەکەم (لە فیرایری 1999 بۆ فیرایری 2000) لە دووتوێی کتێبێکدا چاپبکەن، دیتم داخوازییەکە دەرفەتی ئەوەم دەداتێ بیرۆکەی وتاری گێڕانەوە بخەمە چوارچێوەیەکەوە کە خۆی نیشانی خەڵکی بدات تاڕای خۆیانی لەبارەوە بڵێن، لەگەڵ یان لەدژی، قەزاوەت بکەن بەو جۆرەی خۆیان هەڵیدەسەنگێنن.

لەسەرەتاو لەکۆتایشدا هەموو ئەزموونێک داوەرێکی ئاسایی هەیە کە دەبینێ و حوکمی خۆی دەدات.

کلینتۆن و ستار،
سیاسەت و یاسا و ئەڤینداری و جەنگ
لە چاخی جیاجیادا



لە دوماهی مانگی دیسمبەر و بەرایی مانگی یەنایەری هەموو ساڵێکدا، هەموو کەسێك کە لە بواری ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی- یان لە بواری میدیا بەگشتی- کاردەکات چاوەڕێی ئاکامی هەڵبژاردنی کەسێتی (پیاوی ساڵ) دەکەن، کە ژۆرنالیستەکانی گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکایی (تایم) پێی ڕادەبن.

ئەو هەڵبژاردنانە هەمیشە دەبنە هەواڵێك ئاژانسەکانی دەنگوباس دەستاودەستی پێ دەکەن و درێژەی هەواڵەکانی ڕایۆ و تەلەفزیۆنەکان زەقیدەکەنەوەو لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانیش شاباشی بەسەردا هەڵدەدەن.

هەندێك جار بایەخدان بە هەڵبژاردنەکانی گۆڤاری تایم بۆ کەسێتی (پیاوی ساڵ) هێندە جێی سەرنج دەبێ، کە لە هی هەڵبژاردنەکانی کۆمیتەی پاداشتی نۆبڵ زیاتر بێ، ئەمەش چونکە ئەو بنەمایانەی لە هەڵبژاردنی کەسێتی پیاوی ساڵدا پەیڕەویدەکرێ، لە بابەت و لە ناوی ئەو ئەستێرانەی هەڵدەبژێردرێن لەبەردەست و لە ئیختیاری هەموو کەسێکدایە. لەبەرئەوە بابەتەکان پەیوەستی باسوخواسی ڕۆژانەو ئەستێرەکانیش لەوانەن کە ڕۆژانە وێنەیان دەبینن و گوێیان لە دەنگیان دەبێ. هەروەها ئەو بابەتانەی جێی بایەخدانن ئەوانەن، کە لەناو هەمووواندا باو و بڵاون، بێ خۆهەڵکێشان بە زانستێك کە دووربێت لە توانای تێگەیشتنی گشتییەوە، یاخود خۆهەڵکێشان بە ئەفراندنێکی هونەرییەوە کە خەڵکی بەنامۆی بزانن و دواتریش بگوترێ ئەو زانستە کلیلی ئایندە یان ئەو ئەفراندنە هونەرییە مۆدێلی باوی زەمەنی داهاتووە.

لەلایەکی ترەوە، ئەو ڕێوشوێنانەی کەسێتی (پیاوی ساڵ)ی پێ دەستنیشاندەکرێ کراوەیە، بێ بخۆر داگیرسان و ڕێوڕەسمی تایبەتی. دواجار ئەو پرەنسیپانەی کار لە دادوەری هەڵبژاردنەکان دەکەن، پرەنسیپگەلێکی ئاشکرای ڕۆژنامەوانین و هەواداری سیاسی و مەیلی ئایدۆلۆژی و تەنانەت پروپاگەندەش زۆر کاریان تێناکەن. بۆیە ئەگەرچی هەروا بە دەست ژۆرنالیستەکانی گۆڤاری (تایم)ەوە بمێنێتەوە، بەڵام شیاوی جۆرێك لە دیموکراسی هاوبەشیکردنە، کاتێك لە گفتوگۆو بڵاوکردنەوەدا ئاستێکی یەکسانی لەنێوان لایەنە بەشداربووەکاندا ڕەچاودەکرێت. ئەو ئاستەش ئاشنایەتی بە بابەت و ئەستێرەی دەستنیشانکراو و زانینی بنچینەو ڕێوشوێنەکانی پەیرەوکراو، لە هەڵبژاردنی کەسێتی ساڵدا، دەیخوڵقێنێ.

لەوانەشە جیاوازیی هەرە گەورەی نێوان بژارەکانی گۆڤاری (تایم) بۆ کەسێتی (پیاوی ساڵ) و هەڵبژاردنەکانی کۆمیتەی پاداشتی نۆبڵ بۆ ئەوانەی نۆبڵەکەی بەدەستدێنن ئەوە بێ، کە

کەسێتی (پیاوی ساڵ) لالێکردنەوەیە بۆ یەك ڕۆژ، هەرچی پاداشتی نۆبڵیشە ئەوا مانەوەیەکی کەللەڕەقانەیە لەگەڵ ڕۆژگاردا.

ئەمجارەیان، لە دوماهی مانگی دیسمبەری **1998**و بەرایی مانگی یەنایری ساڵی **1999**دا، گۆڤاری (تایم) شتێکی کرد کە عادەتەن نەیدەکرد (ئەگەرچی کۆمیتەی نۆبڵ چەند جارێك دووبارەیانکردەوە). دابونەریتی گۆڤاری تایم لەو کاتەوەی هەڵبژاردنی کەسێتی (پیاوی ساڵ)یان دەستپێکردووە، لە دوای پرۆسەگەلێکی پاکتاوکردن دەگاتە یەك کەسێتی: پیاو یان ژن. دواجار گۆڤارەکە هەڵبژێردراوی خۆی وەك مانشێتێکی تاك و تەنیای ژۆرنالیستەکانی بۆ ڕووداوەکانی تێکڕای جیهانێك و تەواوی ساڵێك دەخاتەڕوو (لەکاتێکدا: کۆمیتەی نۆبڵ جاری وا هەیە پاداشتەکەی دەداتە پتر لە کەسێك و هەندێك جاریش دەیداتە پتر لە دووکەس. هەروەکو لە بەخشینی پاداشتی ئاشتیدا هات، کە لەنێوان ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر و مەناحم بیگن سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل، برابەشکرا. هەروەها لە بەخشینی هەمان پاداشت کە بەسێ قۆڵی درایە ئیسحاق رابین و شەمون پیریز و یاسر عەرەفات).

ئەمجارەیان (**1998-1999**) گۆڤاری تایم ئەوەی کرد، کە عادەتەن نایکات، کاتێك لە هەڵبژاردنی کەسێتی (پیاوی ساڵ)دا دوو پیاوی هەڵبژارد، نەك یەکێك. ئینجا لەسەر بەرگی گۆڤارەکە کە دوو وێنەی پێکەوەنوساوی (ویلیام جیفرسون کلینتۆن)ی سەرۆکی ئەمریکاو (کینیس ستار)ی داواکاری گشتیی سەربەخۆی دانا. ئەوی کە لێکۆڵینەوە لەو ڕەفتارانەی درابوونە پاڵ سەرۆك کردو ئینجا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە ناونیشانەکەی تا ئەندازەی جاڕسکردن بێتام بوو:

(بۆ ئەنجومەنی نوێنەران پشت بەستوو بەیاسای **28**-بەندی **595** (س)

پێشکەشکراو لەلایەن نووسینگەی داواکاری گشتیی سەربەخۆوە لە **9**ی سێبتەمبەری **1998**دا). دەبێ دان بەوەدا بنێین کە گۆڤاری (تایم) ژیرانە کەسێتی (پیاوی ساڵ)ی هەڵبژاردو ژیرانەش ڕێوشوێنی ئاشکراکردنی ئەو هەڵبژاردنەی گرتەبەر: دوو سەر لەسەر یەك بەرگ: کلینتۆن و ستار. چونکە بەڕاستی هەردوو پیاو هی یەك کێشەن، لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی، لە ڕووداوەکانەوە بۆ وردەکارییەکان، لە ئاکامەکانەوە بۆ پێشهاتەکان. هەردووکیان بەحوکمی شێوە، دوای حوکمی کردەوەیان، دیوی جیاوازی هەمان دراوبوون بە هەموو مانایەکی دراوەکە لە زەمەن و لە سەنگدا. ئەو کێشەیەی ئەم دوو کابرایەی کۆکردەوە، بەدرێژایی ساڵی **1998** بێ ڕاوەستان و هەڵوەستەکردن، جێی باسوخواسی شەو و ڕۆژەی دونیاو خەڵکەکەی بوو (دوای ئەوەش زەمەنێکی تریش درێژەدەکێشێ) ئەم کێشەیە وای لە کۆمەڵی ئەمریکایی (سەرقاڵکەری زەمان و خاوەنی بریار لێدەری) کرد لە فەزایەکی کراوەدا ببێتە شانۆیەك، کە لەناو شانۆکاندا، شانۆی مێژوو و شانۆیی هونەر، سەیرو سەمەرەترینیان بێت. لەهەمان کاتدا

ئەم کێـشەیە وای لە دانیـشتوانی سـەر ڕووی زەوی کـرد، کە هەموویـان ببـنە جەمـاوەری تەماشاڤانی ئەم شانۆ کراوەیە، کەمەندکێشی سەیرکردن و دڵبەندی ڕەوتی سەر شانۆکەی بن، سەرسـامی گفتوگۆکـانی بـن و وا لەگەڵ هەمـوو شـتێکدا، کە لەبەردەمیـان ڕوودەدات، ئاوێزانبووبن تا ئەو ئەندازەی هەندێکیان ئاگایـان لـێ نەبـوو چەنـد تەماشـاڤانێکی تـر، کە لە تەنیشتیانەوە بوون، تووشی پریـشك و دەسـڕێژی تونـدوتیژی شـانۆی فەزای کـراوە بـوون و لەجێدا، وەك قوربانیانی ئەو بڵقانە، پەکیانکەوت کە دەبوایە تەنها لەسەر شانۆکە قەتیـسبونایە، بەڵام لەدەسـت دەرچـوونی ڕووداوەکـانی وای لە پریـشکی ئەو بڵقـانە کـرد بـگەنە ئەوانەی تاوانێکیان لە مەسەلەکەدا نییە، مەگەر تاوانی ڕاوەسـتان لە نمایـشێکی شـانۆیی-مێژوویـی و هونەریی- نەبێ، کە پێشتر نموونەی نەبووەو هیچ هاوچەشـنێکیش بەتەنیـشتەوە خـۆی پـێ ڕاناگیرێ.

ئەمە باسوخواسێکی ئەو پرسەبوو کە هەردوو پیاوی پێکەوە کۆکردەوە.

*هەرچی دەربارەی پێکەوە دانانی وێنەی هەر دووکیانە لەسـەر بەرگـی گۆڤـاری تـایم، بە جۆرێك کە وەك دوو دیوی یەك دراو پێکەوە نووسابوون، ئەوا ئامـاژەو دەرکەوت زۆرو زەوەنـد بوون.



بوونە باسوخواسی گۆڤارەکان

ئامـاژەو جەفەنـگ و پەیوەنـدی ناسـراوی لەبـابەت: تاوان و سـزا، گوناهــ و تۆبەکـاری، خەتـاو بەلاگێـڕی. لەوانەشە زمانی جەڤەنگ لێرەدا ئاماژەی هەردوو دیـوی دراوەکەی پـێ بـێ. هەروەك ئەو مانـایەی پـێ بـێ کە هەردووکیان لە ڕووی زەمەن و سەنگەوە هەڵگرین.

یەکەمیان: ئەو ڕووەی دراوەکە کەوێـنەکەی تێـدایە (نیگارێك- دەشێ بگۆڕێت- کە ئەویش سیاسەتە).

دووەمیـــان: ئەو ڕووەی دراوەکە کە ئامـــاژەیە بـــۆ بەهایەك پێشدەکەوێ و ناگۆڕێ- ئەویش یاسایە).

ئەمەش ئاماژەن بەزمـانی جەڤەنـگ و دواتـر، لەگەڵ بەدواداچوونی قۆناغەکانی کێشەکەدا، ماناکانی زیاتر دەردەکەوت.

لەپاڵ ئاماژەو جەفەنگ و پەیوەندیی نێوان شـتەکاندا، شـتی دیـکەی سـەیرو سـەمەرەش هەبوون، لەباری ئەوەی کە دەشێ تاوانبارێك ئەستێرەبێ، گونـاهیش کەمەنـدکێش و خەتـاش لەسەر ڕوخساری هەندێك ڕەنگە لەگەڵ پێکەنینێکی ئەفسوناویدا خۆی نیشانی خەڵکی بـدات (ئەمەش حاڵو باری کلینتۆنە).

هەروەها سزا، تۆبەکاری بەلاگیرى، کە چەند ڕوویەکی هەقن، لە هەندێك هەلومەرجـدا تـا پلەی ڕووگرژی جـددین، تـا پـلەی خەمـۆکی گردەبـڕن، بەکـوتەکێکی زبـرەوە بانگەشـە بـۆ بەهەشت دەکەن، هەروەکو پەندێکی بەربلاوی ڕوسی دەیلێ (ئەوەش حالو باری ستار).

راپـۆرتی داواکـاری گـشتی سـەربەخۆ (کینـیس سـتار) کە خـاوەنەکەی ناونیـشانی "بـۆ ئەنجومەنی نـوێنەران- پـشت بەسـتوو بەبڕیـاری **28**، بەنـدی **595** (س)"ی بـۆ هەڵبـژاردووە، دیکۆمنتێکی دەگمەنە، چونکە پەیوەندیی بەکەسێتی ساڵ و وێنەی ساڵ و کێـشەی سـاڵ و مشتومڕی ساڵ و هەموو پەیوەستی ساڵی **1998** و دوای ئەویـشەوە هەیە. هەڵـبەت بەردەوام دوو شێواز هەیە بۆ خوێندنەوەی هەر دیکۆمنتێـك، یـاخود لە خـوار دیکۆمەنتەکانیـشەوە، بـۆ خوێندنەوەی فایل و کاغەزەکان، بەتایبەتی هی بواری سیاسی:

*شێوازی یەکەم: خوێندنەوەی دیکۆمێنتەکان- یان فایـل و کاغەزەکـان-بەچـاوی فـزول، وەك ئارەزوویەك بۆ زانینی ئەوەی پەنهان، یان پەردەپۆشـکراوە. خوێنـدنەوەی لەم چەشـنە لە سەفەری فرۆکەوە نزیکە، بەنێو کیشوەر و ئۆقیانووسەکاندا دێت و دەچێ. موسافیری تەماشکار لە پەنجەرەوە کەمەندکێشی پەلە هەورەکانی ژێرەوەیە کەلوتکەی چیاکان شان لەشانی دەدەن و دەریاو بیابانەکان لەبەردەمیدا بێسنوورن و پانتاییەکانیش جاربەجار پەیوەندیی نێوان مـرۆڤ و سروشتی وەبیردێننەوە، بەلام فرۆکەسوار، دوای گەشتەکەی، جێگاکەی خۆی بەجێـدێڵێ و ئینجا وێنەکان لەبیـرەوەری دەکـشێنەوە، دووردەکەونەوەو زەرد هەڵـدەگەڕێن، تـا ئەوکـاتەی بزردەبن. هەرچی شێوازی دووەمی خوێندنەوەیە، ئەوا لە سەفەری پیادەی سەرزەمین دەچێ، وەختێـــك ڕووبەری زەوی ڕوپێـــوو خـــۆڵەکەی شـــیکاریدەکرێ، دەچێـــتە قـــوولاییەوەو لە پێکهاتەکەی دەکۆڵێتەوە، لە کەشـوهەوا نزیکـدەبێتەوەو گەرمـاییەکەی پێوانەدەکـات. ئینجـا بەسەر تۆبۆگرافیا گوزەردەکاو لە دەریاو کەنارەکانی ڕادەمێنـێ، بەردو خـۆڵەکەی دەپـشکنێ و گیانلەبەرو ڕوووەك پۆلێندەکا، لە پشتاوپشت و بنەماڵەکان دەپێچێتەوە، تا دەگاتە دیاریکردنی ڕێڕەوێکی ڕوون بۆ ژیانی مرۆڤێکی زینـدوو، یـان چیرۆکـی ڕووداوێکـی قەومـاو. ئەگەرچـی زەمەن زەمەنی سەفەری باڵەفڕییە، بەوپێیەش زەمەنی خـوێَنـدنەوەی خێـرایە- بەلام زەمەن زەمەنـی ڕاسـتییەکان و بەو پێـیەش زەمەنـی پیادەرۆیـشە. پێـی نـاوێ کە ئەوەی خـۆی بە بنەماکان جۆش نەدابێ، ناتوانێ دزەبکـاتە نێـو زەمەنەکـانەوە. هەروەهـا دەسـپێکی فـڕین بـۆ ئاسمان نایەتەدی، مەگەر لەسەر زەمینەیەکی پتەونەبێ.

راپۆرتی (کیـنس سـتار)ی داواکـاری گـشتی سـەربەخۆ، دیکـۆمینتێکی تێـدایە کە زیـاتر بەشێوازی سەفەر بەباڵەفڕێ، خێراو خێرا لەگەڵ ڕیتمی زەمەنـدا، مـامەڵەی لەگەڵـدا کـرا. بە زۆری هێندەی لەسەر ڕاپۆرتەکە خوێندرابۆوە، هێندە لە خودی ڕاپۆرتەکە نەخوێنـدرابۆوە. ئەو ئاکـامەی زۆربەی خەڵـك پێـی گەیـشتبوون ئەوە بـوو، کە ڕاپـۆرتەکە بەتێکڕایـی چیرۆکـی

پەیوەنـدییەکی سێکـسییە لەنێـوان ژن و پیاوێکـدا؛ هەرچـی دەربـارەی وردەکـارییە زۆر و زەوەندەکانە، ئەوا تێکەڵییەکە لە توخمەگەلێکی وروژێنەر، کە وای لە ڕاپۆرتەکە کـرد ببێـتە چیرۆکێکـی ڕۆژنـامەوانی دەگمەنـی بێـوێنە. ئەمەش نهێنـی بایەخـدانەکەی خەڵکـیـە، چ لەنـــاوخۆی وڵاتەیەکگرتووەکـــان و چ لە دەرەوەی! هەرئەوەش بەرایـــی مەســـەلەکەو کۆتاییەکەیەتی، نەك شتێکی تر.

دەشێ لەبیرمان بێ کە لۆژیکی لەم بابەتە خوێندنگەیەکی زانست و هونەرەکـانی میـدیای لەپشتە، کە مامۆستایان و پەیڕەوان و لایەنگرانی خۆی هەیە. لە دەفتەری وانە پیشەییەکانمدا هەیە، کە بەندە لە کۆلێژی ڕۆژنامەوانیی زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرك، ئامادەی خولێـك بـووم، وانەکـانی لە دەوری یەك بـابەت دەخـولانەوە، ئەویـش (هەواڵـی سـەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە شتەگەلێکی پێنج تـوخمی تێـدایە: شـتێك لە پادشـایەتی **ROYALTY**- شـتێك لە ئـایین، لە سێکس، شتێك لە تاوان و شتێك لە پەنهانی.

ئینجا مامۆسـتای وانەبێـژ شـتێکی لەبـابەت ئەوەوە گـوت، کە فـۆرمەلەی هەواڵێکـی وەك مۆدێلێکی پوخت و بەرجەستەی نموونەییترین هەواڵی سـەرنجڕاکێش دارشـتووە. مامۆسـتای ناوبراو فۆرمەلە نموونەییەکەی خۆی بەم شێوەیە خستەڕوو:

(شاژن هاواریکرد: ئەی خوایە گیان، شازادە سکی هەیە، کێ ئەمەی کرد؟)

ئینجا درێژەی بەڕوونکردنەوەو وردەکاریی زیاتر دا:

کە هەواڵەکەی بەناوهێنانی شاژن دەستپێکرد، ئەوا شتێکی لە ڕەوشی شـاهانە خواسـت. کاتێك لە زاری شاژنەوە جاڕیدا کچەکەی سکی هەیە، شتێکی لە سێکسەوە خواست. دواجـار



**کلنتۆن و هیلاری، رۆژی دەستبەکاربوونیان سەرەتای شلەژانی کۆشکی سپی بوو**

که پرسی کێ وای کرد؟ ئەوا شتێك نهێنی و پەنهانی و تاوانیشی خستەسەر.


پاولا جۆنز

دیارە مامۆستاو پەیڕەوان و خوێنەرانی ئەم خوێندنگە ڕۆژنامەنووســیە پێیــانوایە، ئەمە لەگەڵ ڕیتمــی ئەم چەرخەدا نزیکترەو وەکی ویش خێراو سـەرنجڕاکێش و قۆڵپــدەدا، بەڵام بــۆ خۆشــبەختی لە ڕۆژنــامەوانیی جیهانیــدا خوێنــدنگەی تــر هەن، کە بیروبۆچــوونی جیاوازیان هەیە. پێویـستە تێبینـی ئەوە بکـرێ کە ئەو شتە لە سێکس کە چیرۆکێکـی سەرنجڕاکێـشی جێـی بــایەخ بەرهەمــدێنێ، بەپێـی پێوەرەکــانی مامۆســتای کـۆلێژی ڕۆژنـامەوانی لە زانکـۆی کۆڵۆمبیـا، سـاناترین شتی ڕاپۆرتەکەی ستارە. هەروەهـا تـاکە لایەنـی شـایانی خوێنـدنەوە نیـیە لە ڕاپـۆرتەکەدا، ئەگەرچـی تێڕوانینێکـی سـەرپێی وای دەردەخـا کە پانتـایی هەرە گەورەی داگیرکـردووە لە لاپەڕەو پاشـکۆکانی، کە بە هەزاران لاپەڕەیە! (بەگـوێرەی پێوەرەکـانی مامۆسـتای وانەبێـژی زانکـۆی کۆڵۆمبیـا، توخمەکـانی هەواڵـی نمـوونەیی، هەڵـبەتە بەڕای ئەو، سـەرجەمیان لە کێشەکەی کلنتۆن و ستاردا هەبوون:

- شتێك لە شاهێتی لەئارادابوو (کۆشکی سپی و سەرۆك بەجۆرێك لە جۆرەکان).

- شتێك لە سێکس لەئارادابوو (شتێکی زۆریش) بەو مانایەی کلنتۆن ئەو شـازادە خـانمەیە کە شاژن جارێدا سکی هەیە (شاژنەکەی هاواریکرد کۆنگرێس بوو).

- شتێك لە نهێنی و پەنهـانی و تـاوان لەئـارادابوو، شـتێك بـوو زۆر لەڕادەی پێویـست کە درێژایی ڕێگای کلنتۆنی داگرتبوو لە پایتەختی ویلایەتی ئەرکنساسەوە بۆ پایتەختی یەکێتـی ئەمریکایی لە واشنتۆن.

- شتێك لەئاین لەئارادابوو (چونکە کلنتۆن بەشێوەیەکی تـایبەتی ئەوتـۆ پەیوەنـدی خـۆی لەگەڵ مۆنیکا هەڵسوراند کە پێیوابوو کتێبی پیرۆز وەکو کردەوەیەکی گوناهکارانە ئاماژەی پێ نەکردووە).

ئەوەی مایەی تێڕامـانە ئەوەیە، ئەو شـتە لە سـێکس، بەدیـاریکراوی ئەو تـوخمە بـوو کە خودی سەرۆك کلنتۆن و لەگەڵ ئەویشدا ژنەکەی و لەپشت هۆردوکیشیانەوە تێکڕای سـتافی کۆشکی سپی و تێکڕای کۆمەڵی ڕاوێژکاران و تێکڕای شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکان، کە لەپشت پیاوی یەکەم و خانمی یەکەم-ی ئەمریکاوە ڕیزیان بەستبوو، هەڵوەستەیان لەئاسـتدا کـرد. ئەوەش لە تێڕوانینـی یەکەمـدا جێـی سەرسـوڕمان بـوو، بەڵام کەمێـك وردبـوونەوە

دەریدەخات، کە ئەوە بەئەنقەست و لەپێناوی پەردەپۆشکردنی شتێکی تری جگە لە سێکس، کراوە٠


جێنێفەر فلاوەرز

سەرۆك کلنتۆن یەکەمین کەس بوو تۆخمی (سێکس)ی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی لە زووەوە جەختی لەسەر بکات، کاتێك حاکمی ویلایەتی (ئەرکنساس)و پاڵێوراوی سەرۆکایەتی وڵاتەیەکگرتووەکان بوو٠ لەو دەمەیدا هەواڵی پەیوەندییەکی پتر لە دە ساڵی لەنێوان حاکمی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی و خانمە گۆرانیبێژێکی ئەکتەر لە یانەیەکی شەوانە، کە ناوی (جێنیفەر فلاوەرز) بوو، دزەیان کردە نێو ناوەندی رۆژنامەوانییەوە٠ جێنێفەر بڕیاریدا هەرچی لەبارەی حاکمی پاڵێوراوەوە دەیزانێ ئاشکرایبکات، ئەمەش کاتێك کلنتۆن وردەوردە لێی دوورکەوتەوە، لەترسی ئەوەی نەبادا درێژەکێشانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویدا کار لە چانسی سەرکەوتنی بکات٠ کاتێکیش جێنێفەر درکاندی، بیل حاشایکرد٠ کە چی زۆری پێ نەچوو ناچاربوو دانی پێدا بنێ، دوای ئەوەی دۆستی زامدار کاسێتی دەنگی و نامەی دەستنووسی کلنتۆنی خستەڕوو، تا ڕاستیی قسەکانی خۆی بسەلمێنێ٠ ئاشنایەتی جێنێفەر لەگەڵ حاکمدا تەنها لەوەدا قەتیس نەبوو کە لەو جۆرە پەیوەندیانە ڕەچاوەدەکرێ٠ ئەمەش بەهۆی ئەوەی، هەروەکو خانمخاس خۆی گێڕاویەتییەوە، کلنتۆن سەر لەسەر سەرین (زۆر لە نهێنییەکانی سیاسەت و سیاسییەکانی بۆ درکاندووە، لەوانەش تەنانەت نهێنییەکانی ژنەکەی)، بەڵام کلنتۆن لە ژێر گوشاری ئابروچووندا بڕیاری دا تەنها جەخت لەسەر مەسەلەی سێکس بکاتەوە، بەو خەیاڵەی کە ئەگەر (لیرە) دانی پێدانا (لەولا) خۆی لە دانپیانان دەبوێرێ٠ بەواتایەکی تر ئەگەر دان بەوەدا بنێ کە لەسەر (قەنەفەکە) چ ڕووی داوە؟ ئەوا خۆی لە دانپیانان بەوەی لەسەر سەرینەکە چی درکاندووە؟

بەم ڕەوتە لە داکۆکی لەخۆکردن کلنتۆن گوتی: بەڵێ، من خەمبارم چونکە ئازارێکی ئەوتۆم بەخانەوادەکەم گەیاند، کە هیچ پێویست نەبوو٠ دەشزانم کاری لە ژیانی هاوسەریشم کرد، بەڵام ملیۆنان ئەمریکایی کە ئەمشەو گوێم لێ دەگرن، دەزانن باسی چ دەکەم و تەقدیری هۆیەکانی لاوازی مرۆڤانەی دەکەن٠ ئەو لاوازییە خەسڵەتێك نییە کە تەنها من خۆمی پێوە هەڵکێشم یان خەوشێك نییە کە تەنها من هەڵگری بم٠ مرۆڤ لە هەموو بارێکدا هەر مرۆڤەو کێماسی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەبێ ئەمریکا وەڵامی

بداتەوە ئەوەیە، ئایا دەکرێ کێماسییەکی تایبەتی ڕێگربێت لەوەی پیاوێکی لەبارو شیاو ئەرکی سەرشان و بەرنامەی خۆی جێبەجێبکات؟


کلنتۆن، ڕەوتێك لە ژیانی تایبەتی

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە، کاتێك بیل کلنتن وەك پاڵێوراوی سەرۆکایەتی لە بەرامبەر جۆرج بوش دەرکەوت، تا کۆتایی ئەو ماوەیەو لەگەڵ نزیکبوونەوەی تەواوبوونی سەرۆکایەتییەکەی، ئەوا چیرۆکەکە دووبارەیەو قەوانە سواوەکە بەردەوامە.

جێنیفەر فلاوەرز، پاولا جۆنز، کاتلین ویلی، ئەلیانور مۆندیل و ئینجا مۆنیکا لوینسکی و سەدانی تر بەپێی گوتەکانی مۆنیکا لوینسکی، کە لە زمانی سەرۆکەوە دەیگێڕێتەوە، چۆن کلنتۆن ئەوانەی بۆ باسکردووە لەمیانی خۆهەڵکێشانی بەو قۆزییەی هیچ ژنێك خۆی پێ ڕانگیرێ و لەبەردەمیدا دەستەمۆدەبێ.

هەموو جارێك ئەوە دەرکەوت، کە سێکس کێرڤێکە لەگەڵ چەند کێرڤێکی تر لە چیرۆکەکەدا، بەڵام داکۆکیکردنی کلنتۆن لە خۆی و داکۆکیکردنی خێزان و ڕاوێژکارو شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەو، تەنها تەئکیدی لەسەر سێکس دەکردەوە، بەو حیسابەی کە ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتە بەبیانووی لاوازیی مرۆڤانەوە بەسە بۆ بێتاوان دەرکردنی سەرۆك بەو لێخۆشبوونەی کە (کێهانتان بێگوناهن با بەردێکی تێبگرێ). بیرۆکەی دانپیانان بەگوناهەکە، وەك ڕێبازێکی داکۆکیکردن لە کلنتۆن بیرۆکەیەکی ساناو ساکارە، چونکە ئەگەر پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی خێزان خەتایەك بێت، ئەوا لێبوردن لە دەست ژن و دواتر لە دەست بنەماڵەدایە، ئینجا ئەگەر گشتیان لەو خەتایە خۆشبن، خەڵکی دیکە هەقیان نییە، مەگەر جگە لە خەتای جاڕدراو و لێخۆشبوو لەلایەنی خاوەندارەوە مافەوە، مەبەستی تریان هەبێ؟

هەموو جارێك و دوای هەموو دانپیانانێك بەگوناهەکە، خانم هیلاری کلنتۆن وەك زویربوویەك لە مێردەکەی لە وێنەکەدا دەردەکەوێ و دواجار مێردەکەی دەستی لە کەمەری

ئالاندووه، وەك گەڕانەوەیەك بۆ ڕۆژانی ئەڤینداری و پەشیمانییەك لە هەمبەر فەرامۆشکردنی وادەو بەڵێن و ئینجا بەشێوەیەکی کاتیش بێت پەردە بەسەر وێنەکەدا دەدرێ، تاوەکو جارێکی تر کە کڵپەی ئارەزوو لە سینەی سەرۆکدا گڕدەگرێ و بڵێسەکەی لە چاوانیدا دەبریسکێتەوە. ئەمە حاڵ و بارێکە گەلێکجار ڕووی داوەو کارەساتەکە ئەوەیە هێندە دووبارەبۆتەوە وای لێهاتووە نیگەرانی لای کەس ناخولقێنێ، تا ئەو ئەندازەی ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)، ڕۆژنامەی هەرە سەنگینی نێو ڕۆژنامەکانی کەناری ڕۆژهەلاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، سەروتارێکی نوسیووە کە دەڵێ: لەوانەیە واچاکتر بێ کە کەس لووت نەژنێتە ژیانی تایبەتی بیل کلنتۆنەوە، مەگەر کاتێك لە ڕەفتارەکانییدا کەتنێکی وایکرد، کە بەتۆبزی تەعەددا بکات، چونکە لەم حاڵەدا دەبێتە پێشێلکاریی یاسا!

سێکس و هێز (دەسەلات یان دەسترۆیشتن) دوو هاوەڵی خۆشەویستی یەکتری بوون لە ڕەوتی دوورو درێژی مێژووی مرۆڤایەتیدا. ئەمەش دیاردەیەکە دەشێ بەسروشتی تەفسیریبکەین. دکتۆر هنری کیسنجەر، وەزیری ناوداری دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان، خاوەنی تیورییەك کە لە خۆیم بیستووە، ئەو وای گێڕایەوە کە ئەم تیورییەی بەلێکۆڵینەوە ئاشنایبووەو بەتاقیکردنەوەش بۆی ساغبۆتەوە، کیسنجەر گوتی: بەلێکۆڵینەوە زانیم، هێز توخمێکی حاشاهەڵنەگرو کارییە، بەلام نەیدەزانی ئەم توخمە تاکوێ بردەکات، مەگەر ئەو کاتە نەبێ کە بووە ڕاوێژکاری سەرۆك بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی و دواتر وەزیری دەرەوەو ئینجا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەو وەختە بۆی دەرکەوت هەندێك خەسڵەتی وروژێنەری هەیە کە جاران لە خۆی ڕانەدەبینی، ئینجا وزەو کەرەستە گەلێکی لێ دەرکەوت کە پێشتر شتی وای لە خۆیدا شك نەدەبرد. هنری کیسنجەر هەروا گوتی: دوای ئەوەی دەسەلاتی جێهێشت و لە بلاجگتۆرەکان دوورکەوتەوە، هەستی کرد کە هێزی چاوبڕانی کەمدەبێتەوە ویستی بۆ پیری بگێڕێتەوە، بەلام لە هێکرا وەبیریهاتەوە لە هەڕەتی گەنجی و پێش هەڵکشانی بەرەو لوتکە کاریگەری خۆی و بەپیرەچوونی ئەو کاریگەرییە تا ئەو ئەندازەیە بەخوڕ نەبوو کە لە سەردەمی هێزی و دەسەلاتیدا بوو.

لەوانەیە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بگوترێ ڕێڕەوی دوورودرێژی مێژووی مرۆڤایەتی بەپلەی سەرەکی بریتیبووە لە ململانێ لەسەر سێ هۆکار: هێز، سامان و جوانی. تێبینی دەکەین هەرسێ هۆکار کە زانستی ململانێ لە چاخی نوێدا ئاماژەی پێ دەکات هێندە لە داخوازی کەماڵ لە بانگەشەی فەیلەسوفانی گریك، پێش هەمووشیان ئەفلاتۆن، دوور نییە. کاتێك ئەفلاتون کۆششی مرۆڤایەتی وا ناساند کە هەوڵێکە لەپێناو گەیشتن بەڕەوایی، خێر و جوانی:

(ڕەوایی) لە بانگەشەی فەیلەسوفانی گریکدا، (هێز) لە لۆژیکی ململانێی نوێدا، مافێکە دەستەبەرناکرێ، بێ (هێز)ێك کە داکۆکی لێ بکات، جا ئیتر ئەو هێزە شەریعەتێکی ئاسمانی

یان یاسایەك بێت كە مرۆڤ داینـاوە، دواجار ئاگر و سـووتان بـۆ یـاخیبوانی شـەریعەت هەیەو زیندانیش (هەروەها پەتی سێدارەش) بۆ لەیاسالادەران هەس٠

(خێر)یش بارێكی لەم شێوەیەی هەیە، خێـر، چ خێـری مەعـنەوی و چ هـی مـاددی، بـۆ هەموو كەسێك مەیسەرنابێ، مەگەر زێدەباییەك لە بواری خوداناسی هەبێ تا مرۆڤەكان نەفس بەرزبن، مەگەر زێدەباییەك لە بـواری كـاردا هەبـێ كە پێویـستییەكانی هەمـووان پڕبكـاتەوە، هەرچی توخمی سێیەمی هۆیەكانی ململانێ، یـان بانگەشـەی فەیلەسـوفەكانی گـریكە، واتـا جوانی، ئەوا كەس لەگەڵیدا ناكۆك نییە٠ بەتایبەتی ئەگەر لەم میانەدا ڕەنگـدانەوەی جـوانی لە سروشتی و لە ڕاستی و لە مانامان دوور ڕاگرت و بەشێوەیەكی كاتیش بێ جەختمـان كـردە سەر جوانی سۆزداری، كە دڵی پیاوان و ژنان بەتاڵان دەباو جەماوەریان لەگەڵـدا دەخەوێنـێ، چ وەك ئیلهامبەخش یاخود بزوێنەرێك و چ وەك ئارامیبەخش یان ئیستیفزازكارێك٠

ئەگەر ئەم ڕێڕەوەمـان پەسـەندكرد، كەوابـێ لاپەڕەكـانی مێـژوو بەزۆری بـریتین لە سـێ لاپەڕە، لاپەڕەیەك دەربارەی خواستی زاڵبوون لە ڕێی بەكارهێنانی هێز بۆ ڕەوایی یان لە دژی ڕەوایـی، لاپەڕەیەك دەربـارەی خواسـتی سـامان بەدەر لە جیـاوازی ئـامڕازو ئامانجەكـانی، لاپەڕەیەك دەربارەی دڵبەندی جوانی، ئەگەرچی پێوەرەكان جیاوازبن و دیـدگای ڕوانـین بـۆ جـوانی لە ئاسـتی جیاجیـادا بێـت، هەرسـێ لاپەڕەكەش لێكدابڕاوو جیانین، بەڵكو بەشێوەیەك لە شێوەكان ڕێڕەوێك پێكەوەیان دەبەستێ و لایەنەكانیان لێك گرێ دەدا٠


ئەنتۆنیۆ

ململانێـی كـۆنینی نێـوان ڕۆمـا و ئەسـكەندەرییە هەرگیـز لە هەقایەتەكانی ئەڤینداری نێوان یۆلیۆس قەیسەرو كیلۆپاترا دابڕاونییە، هەروەك چـۆن لەو هەقـایەتە ئەڤیـنداریانەش دواتـر لەنێـوان مـارك ئەنتۆنی- بەشدار لە كوشتنی یۆلیـۆس قەیـسەر-و خـودی كیلۆپـاترادا ڕوویان دا٠ ململانێی ناوجەگەری ئەوروپاش، لەسەرەتای چاخی نوێـدا، هێندە لە هەوەسبازی ناپلیۆن و جۆزفین، بێوەژنەی هەمیشە مەكربـاز، دوورنەبوو٠ هەروەك دوورنەبوو نە لە ژنهێنانی نـاپلیۆن لە مـاری لـویز، شاژنی بنەماڵەی ئەرستۆكراتی هایسبۆرگ و نە لە شۆڕشی پۆڵەنـدا كە ڕێبەرایەتییەكەی ماریا فالفسكای جوانی جوانانی پێشكەش بە نـاپلیۆن كرد، تـاوەكو ئەو دێوجـامەیە لە پۆڵەنـدا ڕازیبـێ و سـەربەخۆییەكەی بپارێزێ٠


كیلۆپاترا و قەیسەر، ئەڤینی زەمانی جاران

سەیرو سەمەرەکەش ئەوەیە، ناپلیۆن لەکۆتایی ژیانیدا پەیوەندیی لەگەڵ ئەکتەرێکی هەرە جوانی پاریسیدا بەست، کە لەسەر شانۆ بە مەدمۆزیل جۆرج ناوبانگیدەرکردبوو، دوای دۆڕانی ناپلیۆن مەدمۆزێل جۆرج توانی هەست و سۆزی دۆك و لنگتۆن، فەرماندەی ئینگلیز کە لە شەڕی واترلۆدا لە ناپلیۆنی بردەوە، بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. دواجار حوکمی خانمخاس لەسەر هەردووکیان و لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی خۆی وابوو کە گوتی: بۆم دەرکەوت ئەوەی لە خۆشەویستیدا لیوەشاوەیە، هەر خۆشی لیوەشاوەی مەیدانی جەنگە! (ئەمەشیان تەئکیدکردنەوەیەکی دووبارەی تیورییەکەی کیسنجەرە)

چاخی شاژن فیکتۆریا، کە زۆربەی سەدەی نۆزدەی گرتەوە، ترۆپکی مەزنێتییە لە مێژووی ئیمبراتۆریای بەریتانیا و لوتکەی سەرکەوتن و خەنی بوونێتی، ناوی فیکتوریا، شاژنی بەریتانیا و ئیمپراتۆری هیندستان، چرکراوەی سەڵتەنەتی تەواوی چاخێك بوو کە نازناوی چاخی ڤیکتۆری لێ نرا، تا ببێتە ناونیشانێك بۆ شکۆداری موڵك، هەروەك چۆن بووە ناونیشانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەیەك کە خۆی وەك نموونەیەکی جێی چاولێکردنی مرۆڤایەتی دەهاتە پێشچاو لە بواری پابەندێتی بە ڕەوشتی بەرزو دابونەریتی و بەمەرجەکانی شارستانێتی تا پلەی وشکە سۆفێتی.


مارگریت تاچەر

دواتر دەرکەوت کە ڤیکتۆریا دوای وەفاتی میر ئەلەبەرتی مێردی پەیوەندییەکی بەردەوام و جێگیری لەگەڵ جۆن براون، خزمەتکاری تەوێڵەی پادشایەتی سازدابوو، هەر لەو پەیوەندییەش کچۆڵەیەکی بوو کە دواتر بڕیاری پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی لەکن خێزانێك لە ئەڵمانیا، درا.

هەنووکە لە لەندەن- بەئیلهام وەرگرتن لەو چیرۆکە- خەریکی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەماییین بەناوی مسز براون! (ژنی خزمەتکاری تەوێڵەکە) لەکاتی گەڕان بەدوای کەرەستەی مێژوویی فیلمەکەدا، بەستەیەك نامەی ئاڕاستەکراوی ڤیکتۆر بۆ خزمەتکاری تەوێڵەکە دۆزرایەوە. ئەوەی جێی داخە ئەوەیە، کە براون نیمچە نەخوێندەوار بوو، خوێندن و نووسینی هەر نەدەزانی.

لە ڕابردووی نزیکیشدا فرانکلین ڕۆزفلت، فەرماندەی هاوپەیمانێتی گەورەی ڕۆژئاوا، لە گەرمەی تۆفانی جەنگدا کەوتە داوی ئەڤینی سکرتێرەی کۆمەڵایەتی ئەلیا نورای ژنی،

تەنانەت لە کاتی گیانکێشانیدا لە خانووە گوندییەکەی لە (بارك لین)، دەستی دۆستەکەی گرتبوو. ئەدلۆف هیتلەری ڕێبەری ئەڵمانیاش لەوپەڕی ململانێی گەورەی جیهان شێتوشەیدای ئیڤا براون بوو، کە بەدرێژایی جەنگەکە لە (لانەی هەڵۆ)، ماڵەکەی لە لوتکەی چیای برختسجادن لە باڤاریا، لەگەڵی دەژیا. ڕێبەری ئیتاڵیاش، بنیتۆ مۆسۆلینی تا بناگوێی غەرقی ئەڤینی (کلارا بتاچی) بوو، تەنانەت هەر لەگەڵ ئەویشدا گەیشتە چارەنووسی خۆی، کاتێك کۆمەڵە شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست دەستگیریانکردو بەپەتکێشان کوشتیانن، ئینجا هەردوو تەرمەکەشیان، لە بەنزینخانەیەك بەقولابێکەوە هەڵواسی. هەروەها دوایت ئیزنهاور، فەرماندەی مەیدانی سوپاگەلی ڕۆژئاوا، پەیوەندی لەگەڵ خانمە خۆبەخشێکی ئینگلیزی بەست کە شۆفێری سەیارەکەشی بوو. دوای جەنگی دووەمی جیهانیش تووشبوونی ئەنتۆن ئایدن لە شەڕی سویس هێندە لەو مەیلە دوورنەبوو کە ئایدن دەیویست توانای خۆی بۆ کلارسیا بسەلمێنێ، دواتر لەکۆتایی تەمەن و لەگەڵ جیاوازی سی ساڵەی نێوانیان، کلارسیای خواست.

کەوتنی یەکجارەکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا، لە نیوەی شەستەکان، بەهۆی ئابروچوونی پەیوەندیی نێوان دوروسی، ژنی هارولد ماکمیلانی سەرەك وەزیران و لۆرد بۆسبی بوو کە ئەستێرەیەکی کۆمەڵایەتی دەستبەتاڵ بوو، بەڵام ماکمیلان بەناچاری و لە ژێر گوشاری لەیدی دوروسی خێزانی، بەبەرچاوی دیەی ڕەخنەگرو تەوسپێکەری ئەنجومەنی وەزیرانەکەیەوە، وەك وەزیرێك لە حکومەتەکەیدا دایمەزراندبوو!

خاتیمەی ئابڕوچوونەکانی ئەو چاخە ئاشکرابوونی پەیوەندی کریستن کلیری سۆزانی لەگەڵ جۆن بروفیمۆی وەزیری جەنگی بەریتانیابوو، بەزمەکە ئەوەبوو کە خانمخاس لە هەمانکاتدا پەیوەندیی لەگەڵ مولحەقی سەربازی سۆڤێت لە لەندەن، کۆلۆتێل یفگینی ئیفانۆف، هەبوو.


ژنە ئاسنینەکە لای میتران شتێکی تر بوو

پارتی پارێزگاران نەیتوانی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێتەوە، مەگەر ئەو کاتە نەبێ کە مارگرێت تاچەر دەرکەوت، تاچەریش هەروەکو زۆربەی هاوەڵەکانی دەڵێن نازو فیزی ژنێتی خۆی -بێ کەموزیاد- بۆ کارکردنە

سەر دەوروبەرە سیاسییەکەی خۆی بەکاردەهێنا. سەرۆك فرانسۆ میتران هەستی بە جۆرێك لە دڵبەندی شاردراوە لەئاستی مارگریت تاچەری (سەرەك وەزیرانی بەریتانیا)دا دەکرد، جارێکیان خۆم گوێم لێ بوو کە دەیگوت: (ئەم ژنە شتێکی بزوێنەری تێدایە کە ناتوانرێ فەرامۆشبکرێ، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە هەر گفتوگۆیەکی سیاسییدا قیژەقیژێتی..) میتران هەروا دەیگێڕایەوە (دوو لێوی مارگریت وەك دوو لێوی مارلین مۆنرۆ وان، پڕن لە وروژاندن، بەڵام هەردوو چاوەکانی وەکو دووچاوی کالیگۆلای ئیمپراتۆری ڕۆمانی وان و شەڕیان لێ دەبارێ!)

بەڵام ئەوانە هەمووی، تەنانەت ئەوانەش کە هی زەمەنێکی نزیکن، لە چاخە گەلێکی جیاوازدا ڕوویان داوە، چاخەگەلێك کە دەکرا نهێنی تێدا بپارێزێ و ئابڕوچوونی تێدا پەردەپۆشبکرێ!

بیل کلینتۆن و مۆنیکا لوینسکی لەسەری سەرەوەی ئەو لاپەڕەی مێژووەوە نین، کە پەیوەندیی نێوان پیاوێك هێزی هەیەو ژنێك شۆخ و شەنگە (هیچ نەبێ لە چاوی ئەو پیاوەوە، نەك لە چاوی خەڵکانی ترەوە) دەگێڕێتەوە، بەڵکو لەوانەیە ئەوان لە ڕیزی هەرە خواری لیستە مێژووییەکە بن.. ریزبەستنی ئەوان لەکۆتایی ڕێڕەوێکدا هاتووە، کە بەدرێژایی بەدوایەکدا هاتنی چەرخی ڕۆژگار لارەلارێتی، تاگەیشتە هەڵدێرێکی وا کە پەیوەندیی نێوان پیاوی هێزدارو ژنی پەسەندکراو گلۆربۆوە!



هارولد ماكاميلان

ئەم هەڵدێرە، کە بزاوتەکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر لەهەر شوێنێکی تر خێراتربوو، دەشێ لەماوەی سەرۆکایەتی جۆن کەنەدی چاودێریبکرێ، کە هاوکاتی هەندێك پێشهاتی ئاوس بەگۆڕانکاریی بەرفرەهی، بێسنوری، بێپەروا بوو. لەوانەشە ڕێککەوت نەبێ کە دروشمی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کەنەدی و دروشمی ئیدارەکەی گوزارشتی سنوورە نوێیەکان (The new Frontiers) بوو.

- گەیشتنی کەنەدی بەکۆشکی سپی شۆڕشێکی گەنجانە بوو (هەرخۆی دەیگوت ئەز یەکەم سەرۆکی ئەمریکام کە لە سەدەی بیستەم لەدایکبووبێ).

- گەیشتنی کەنەدی بە کۆشکی سپی

شۆڕشێکی دەوڵەمەندانە بوو (چونکە ئەو یەکەم پاڵێوراوی سەرۆکایەتی بوو کە سەروەت و سامانەکەی باوکی تێچووی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی گرتەئەستۆ).

- گەیشتنی کەنەدی بەکۆشکی سپی شۆڕشێکی جوانانە بوو (جاکلینی خانمی وی بەرجەستەکردنی پێوەرەکانی جوانی شەستەکان بوو، کە لە تاقەژنێکدا چڕبوبۆوە) هاوشانی ئەمانەش لەوانەیە لەوان بایەخدارترو جێگیرتریش، گەیشتنی کەنەدی بە کۆشکی سپی رێککەوتن سەرەتای شۆڕشێکی هەرە مەترسیدار بوو کە شۆڕشی وێنەکان (تەلەفزیۆن) بوو، ئەو تەلەفزیۆنەی دواتر لەگەڵ گەشەکردنیدا



جاکلین و کەنەدی

قەدەری وابوو بخرێتە سەر مانگە دەستکردەکان و هەموو کیشوەرو، هەموو سنوورو تەلبەندو دیوارەکان ببڕێ!

بەهەرحاڵ هەقایەتەکەی جۆن کەنەدی و بنەماڵەکەی لە سەردەمی نوێدا سەرلەنوێ دووبارەکردنەوەی هەقایەتەکانی بنەماڵەی بورجیای ئیتاڵیایی بوو لە دووماهی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بنەماڵەی بورجیا شێتوشەیدای کۆکردنەوەی زێڕ و کەڵەکەکردنی سەروسامان بوون، لەنێو ئەندامەکانی ئەو بنەماڵەیەدا پاپایەکی فاتیکان هەبوو، کە کەتنی گوناهی



جاکلین

لەگەڵ لۆکریچیای کچیدا کرد! ئەم شازادەیە دۆستەکانی خۆی، لە فەرماندەو پلەدارەکانی کەنیسە ژەهرخواردووکرد، هەروەك پاپا خۆشی کوڕێکی بیژی بەناوی (سیزار) هەبوو کە بیژاتی لەگەڵ بابیدا کردو لە جێی وی لەسەر تەختی سان پیتەر دانیشت.

نزیکەی هەمان شەو ئەو وێنانە لەگەڵ بنەماڵەی کەنەدیدا دووبارەبۆوە، بنەماڵە سەروسامانێکی زۆریان لە قومارو ئاڵوگۆڕی پارەو قاچاغ و ساتوسەودای ژێر بەژێر لەگەڵ چەتەکانی مافیادا کۆکردەوە، ئینجا ئەو سەروسامانەی لە دەستی جۆزیف کەنەدی باوکدا کۆبۆوە رێگای کڕینی نفوزی سیاسی و (غەیری سیاسیش) بوو، پارەکانی وی کوڕەکەی

بەرەو کۆشکی سپی هەڵگرت، جۆن کە چووە کۆشکی سپییەوە قـۆڵی بەقـۆڵی ژنە شـۆخ و شەنگەکەی، جاکلین-دا کردبوو، بەڵام ئارەزوو و تاسەی لای ئافرەتێکی تـر، ئەسـتێرەی هەرە نـاوداری خرۆشـان لە تەواوی سـەدەدا، مـارلین مـۆنرۆ، بـوو. مـارلین مـۆنرۆ بەهەوەسـی ئەسـتێرەیەك کنیـدی هەڵپێچـا، کە دان بە پەیوەندییەکەیـدا بنـێ و هەڕەشەی ئاشکراکردنی نهێنییەکـانی لـێ کـرد، کنێـدیش سـێ و دووی لە بڕیـاری کوشتنی نەکرد.


مارلین مۆنرۆ، کارەکتەرێکی چیرۆکەکانی کۆشك

سـەیر ئەوەیە ئەو کەسـەی تەگبیـری کوشـتنەکەی گرتەئەسـتۆ، لە ڕێـی یـارمەتی چەند ئەندامێکی مافیاوە، ڕۆبەرتی برای بوو کە ئەو کاتە داواکـاری گـشتی، واتـا وەزیـری داد بـوو، بەڵام ڕۆبەرت پـێش ئەوەش بڕیـاری کوشتنەکە جێبەجێبکات، بـێ سـڵکردنەوە ئەو ژنەی هەڵخەڵەتانـد کە ئەرکـی پاکتـاوکردنی خرابووە سەرشانی وی و پەیوەندیشی لەگەڵـدا دروسـتکرد، ئینجـا هەر دوای ئەوە، شەخـسی خـۆی لە پرۆسـەی لێـدانی دەرزییەکـی ژەهراویدا ئامـادەبوو، بـۆ ئەوەی بێـدەنگی مـارلین وا مـسۆگەربکرێت کە بێـدەنگییەکی یەکجارەکی بێت **(1)**.

**(1)**ڕاپۆرتێکی نووسینگەی، لێکۆڵینەوەی فیدراڵی کە لەلایەن کورتن ئیڤـانزی یاریـدەدەری بەڕێوەبەرەوە پێشکەش بە بەڕێوەبەری نووسینگە، ئەدگار هوفەر، کراوە. لە ڕاپۆرتەکەی ئیڤـانز کە بەشداریی بەدواداچوونی تاوانی خۆکوشتن-کوشتنی- مارلین مۆنرۆد، کردووە، واهاتووە کە سەرپەرشتیاری پاکژکردنەوەی شـانۆی تـاوانەکە لەهەر ئامـاژەیەکی بـوونی ڕۆبەرت کەنەدی، خودی هونەرمەند پیتەر لوفۆرد بووە کە مێردی باتریشیای خوشکی جـۆن و ڕۆبەرت کنێـدی بووە، جۆن و ڕۆبەرت بۆ یەکەمـین جـار مـارلین مۆنرۆیـان لە مـاڵی خوشکەکەیان دیووە.


مارلین مۆنرۆ

ڕۆژنـامەوانی گەورە، سـیمۆن هێـرش، کە بەرێپۆرتـاژە وردەکـانی لەبارەی بابەتە هەستیارەکانەوە ناوبانگی پەیداکردووە (لەوانەش بابەتی خۆپڕچەکردنی ئەتۆمی ئیسرائیل) ئەویـش ڕووداوی کوشـتنەکەی لە کتێبە گرنگەکەی (دیوی تاریکی کـامیلوت)دا گێـڕاوەتەوە. هەروەهـا وردەکاری زۆر دەربـارەی ئامـادەبوونی ڕۆبـرن کنێـدی لە پرۆسـەی

دەرزی ژەهراویکردنی مارلین مۆنرۆدا لە کتێبەکەی دافید هایمانـدا هـاتووە (لەلاپەڕە **304** تـا **325**) فەسڵێکی کتێبەکەی گرتۆتەوە٠

سەیر لەوەدایە کە دەفتەری تۆماری ڕەسمیی کۆشکی سپی ئاماژە بە ئاهەنگەکانی شەوانی سوور دەکەن لە چواردەوری مەلەوانگەکەی کۆشك، کە سەرۆك کنێدی بانگەشەی بۆ دەکـردو کاتی سازدانیشی- بێ ڕێـکەوت نەبـوو- لەو وەختـانەبوو کە ژنەکەی (جـاکلین) لە واشـنتۆن نەبێ٠

بەڵام خۆ جاکلینیش - ئەگەرچی نموونەی جـوانیی و ڕێکپۆشـی سـەردەمی خـۆی بـوو- وەنەبێ کە پەیکەری چـاکەو کەمـاڵی سـەردەم بـێ، ئاشـکرایە مێژوونووسـی تەرخـانکراو بـۆ نووسینەوەی چیرۆکی ژیانی، دافید هایمان، کە کتێبە بەناوبانگەکەی (ژنێك ناوی جـاکییە)ی لەبارەوە دانا، بۆ یەکەمین جار پەیوەندی نێوان جاکلین و ڕۆبرت کنێـدی، بـرای مێـردەکەی، ئاشکراکرد٠ گەیشتنی هایمان بەو ڕاستییە هاندەری بوو تا کتێبێك بنووسێت دەربارەی ژیـانی ڕۆبـرت کنێـدی، کە بەم دوایـیە بڵاوبـۆتەوە، زیـاتر بەدووی نهێنیـیەکەدا بچـێ و تێیـدا لە فەسڵێکدا بەنێوی (لە هاوڕێیەتییەوە بۆ پەیوەنـدی) بـایەخ بەدروسـتبوونی پەیوەنـدیی نێـوان ڕۆبرت و جاکلینی بێوەژنی براکەی بدات و چۆنیەتی گەشەکردنی ئەو پەیوەندییە بگێڕێتەوە٠

بەگوێرەی گێڕانەوەی هایمان، هەردوو دۆسـت، هەمـوو شـەوێك لە مـاڵەکەی جـاکلین لە (جۆرج تاون) ژوانیان دەبەست، دواتر خەڵکی دەستیان بە پسکەپسك کـرد، ئەوەبـوو جـاکلین چووە شوقەیەك لە ئەپارتمـانێکی جـادەی پێنجەمـی نیویـۆرك بـۆ ئەوەی لەنێـو پاڵەپەسـتۆی شارێکی قەرەباڵغـدا، ڕۆبەرت ببینـێ، چـونکە واشـنتۆن نـیمچە شـارێکی لاچەپە کە هەمـوو خەڵکی هەموو سبەینانێك دەزانن خەڵکانی تر بەدرێژایی شەو چییان کردووە!

دافید هایمان پێیوایە، تیرۆرکردنی ڕۆبرت کنێدی دوای هەقایەتی پەیوەنـدییەکەی لەگەڵ جاکلین کنێدی، بێوەژنی جۆن کنێدی برای، کە پێش ئەو تیرۆر کرابوو، یەکێك لەو پاڵنەرانە بوو کە وایان لە جاکلین کرد پاش چەنـد مانگێـك بە (پەیوەسـتنامەیەکی ڕەسـمی) خـۆی بە ملیۆنێری یۆنانی (ئۆناسیس) بفرۆشێ٠

ئابڕوچوونەکانی بنەماڵەی بۆرجیا لە زەمەنی خۆیـدا بەشـاردراوەیی و کپکراوەیـی مـایەوە، لەکاتێکـدا ئابڕوچوونەکـانی بنەمـاڵەی کنێـدی لە کاتوسـاتی خۆیـدا ئاشـکرابوون، بەڵام دەستڕۆیشتوویی بنەماڵەو دۆستایەتی تایبەتی سـەرۆك لەگەڵ چەنـد کەسـایەتییەکی دیـاری بواری میدیاییـدا، لەوانەش بـن برادلـی سەرنووسـەری (واشـنتۆن پۆسـت)و سـکۆت رسـتۆن سەرنووسەری (نیویۆرك تایمز)، هەروەها لیوەشاوەیی بییر سـالخبەری سـکرتێری ڕۆژنـامەوانی کنێدی، ئەمانە هەموویان قەتیسکردن و کۆنترۆڵکردنی ئابڕوچوونەکەیان دابینکرد٠

ئەمانە هەمووی لە ڕۆژگارەکانی پێش بیل کلینتۆن و مۆنیکا لوینسکی بوون٠

جیاوازیی نێوان ڕۆژگاری جاران و ڕۆژگارەکانی دوای وان ئەوەیە، کە چەرخی وێـنە، یـان چەرخی تەلەفزیۆن لە ڕۆژگـاری کنێـدی و جاکلینـدا گـاگۆلکێی دەکـرد، بەڵام لە ڕۆژگـاری کلنتـۆن و لوینـسکی دا، چەرخـی وێـنە یـان چەرخـی تەلەفزیـۆن گەیـشتە هەرەتـی دەستبەسەراگرتنی خۆی و چیتر کلیلەکانی لە دەستی چەرخـی دوو پیـاو یـان سـێ پیـاودا نەمان، دواجار لە ڕێی پەنجە پێنانی دوگمەیەکدا، سەد مانگی دەستکردنی لێوە هەڵدێ!

دونیای وێنەکان تەنها دێوی دەم بەهاواری دەربـازبووی قومقـومەکە نەبـوو، بەڵکـو خێـوە دەرچووەکانی نێو قومقومەکان گەلێك زۆربوون.

*هاوشانی شۆڕشی وێنەکـان، شۆڕشـێك لە دۆزیـنەوە زانـستییەکان-بەتـایبەتی لە بـواری ئاسمانگەری و ئەندازەی بۆماوەییدا، ڕووی دا کە لای زۆر کەس لەوانەی یەقینییـان لاوازبـوو درزی خستە بونیادی باوەڕەوە، بەواتـایەکی تـر پتەوتـرین بەرپەرچە مەعنەوییەکـانی بەردەم هەوەسبازی ئینسان شلوشەکەت بوون.


مارلین لەناو داوی بنەماڵەی کەنەدی دا

*هاوشـانی شۆڕشـی وێنەکـان، جۆرێك لە یاخیبوونی تاکەکەس لە دژی کۆمەڵگەکـان ڕووی دا، کە داوای خـاوکردنەوەی دابـونەریتە بەجێماوەکـان، داوای مـافی تاقیکردنەوەی دەکرد بەهەر نرخێك بێت، داوای شان تەکاندنی دەکـرد لەو بارە قورسـانەی کە مەزنـدەی زاڵ و بیانووی هەڵگرتنیان نەماوە. بەم شێوەیە دامەزراوی خێزان درزی تێکەوت، پەیوەسـتی کۆمەلایەتی شلبوو، کاریگەریی کەلتورێك کە هۆش و مەغزاکان دەپارێزێ خاوو خلیچ بۆوە.

*هەروەها شۆڕشی وێنەکان لە بواری توێژینەوەی پزیشکیدا هاوشانی شۆڕشی گەژوگیـابوو کە لە شەستەکان لە حەپـی ڕێگـرتن لە سـکپڕییەوە دەسـتیپێکردو لە نەوەدەکـان گەیـشتە ڤیـاگرا، ئەمەش مانـای وایە کە ڕێگـرییە واقعییەکـان دوای بەرپەرچە مەعنەوییەکـان ناتەندروست و نامرۆڤانەیە لە زوڵمێك دەچوو کە هەندێك کـۆمەڵگە وەك پـشتێنە دێـرینەکەی پاراستنی کچێنی، ئەوی لە ئاسن دروستدەکرا، تەماشایاندەکرد.

لە لوتکە بەرزەکانی بەخۆڕ هاتنەخوارەوەی ئەم شەپۆل و ئەم خورپـانەدا، بیـل کلینتـۆن و لەگەڵیشیدا مۆنیکا لوینسکی هـات، بەشـداری مەزنـی بیـل لەم چەرخە هـارو سەرشـێتانەدا ئەوەبـوو، کە نامـاقوڵی کـردە شـیاو، ناپەسـەندکراوی کـردە ئاسـایی، هەروەهـا ئەوەی بە

بەربەستەکانی یاسا، یان ئەخلاق و دابونەریت و تەنانەت ئەدەب و حەیاش بێدەنگی لێ کرابوو، ئەو وایکرد کە دەنگی بڵندو زوڵاڵ بێت.

لەوانەیە مێژووی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و مرۆڤایەتی ئەوە بۆ چەرخی کلنتۆن تۆماربکات، کە لە زمانی گفتوگۆی ئاسایی خەڵکدا هەموو تاپۆیەکی لەسەر ئەوەی دەگوترێ و ئەوەی ناگوترێ سڕییەوە، چونکە کاتێك سەرۆکی گەورەترین وڵات، لە دونیاو مێژوودا، لەبەردەم دەستەیەکی گەورەی سوێندخۆران لەکاتی سوێندخواردندا داکۆکی لە هەڵسوکەوتی خۆی بکاو قسەکەشی ئەوە بێ کە:

(مۆنیکا کردەوەیەکی سێکسی لەگەڵدا کردووە، بەڵام ئەو هیچ کەتنێکی لەگەڵدا نەنواندووە)- (کەواتا ئێمە لەبەردەم سووکردنی مانای قسەکردنداین!)

کاتێکیش پارێزەرەکەی لە شیکردنەوەی مەبەستی ئەوەی کە مۆنیکا کردەوەکەی کردووە دەڵێ، چونکە ئەو لێوەکانی دەکار بردووەو هەرچی کلنتۆنە ئەوا هیچی نەکردووە، چونکە جگەرەکەی بەرگیانی مۆنیکا کەوتووە، نەك شەخسی خۆی. (کەوابێ ئێمە لەبەردەم ئەتککردنی حورمەتی ماناکانداین)،

لە مێژووی کۆنیشدا کلیۆپاترە خاوەنی گرنگترین لووت بوو کە ئیمپراتۆریای ڕۆمانیی تووشی ململانێگەلێك کرد تا لەکۆتاییدا بووە باعیسی کەوتنی.

لە چەرخی نوێشدا مۆنیکا لوینسکی هەنووکە خاوەنی گرنگترین دوو لێوە، لەسەر پەری ئەو لێوانە دەسەڵاتی سەرۆکێك، ڕەوایی سەردەمێك و ناوبانگی ئیمپراتۆریایەك تێداچوو، کە کاروباری تەواوی دونیایەك بەسەر زەمین و ئاسمان و چارەنووسییەوە، کەوتبووە لای ئەوەوە!

**(4)**

کاتێك داواکاری سەربەخۆ کینیس ستار لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەبارەی ئەو مەسەلەیەی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا هەواڵەی ئەویان کردبوو، کە تایبەت بوو بەو ڕەفتارانەی درابوونە پاڵ سەرۆك ویلیام جیفرسۆن کلنتۆن، دەسپێکردنی پەیوەندییە سێکسییەکان دوا شت بوو کە دەشیا ئەو بیری لێ بکردایەتەوە:

نە لە بڕیاری پێسپاردنی لێکۆڵینەوەکەو نە لە نەخشەی کارەکانی و نە لە مێشکی ئەو و دەستەی تایبەتی سوێندخۆرەکە، کە لەگەڵ وی دانران، شتێکی وا نەبوو گوایە ئەوان ڕۆژێك لە ڕۆژان لە پرسیارێکی ئەوتۆ نزیکدەبنەوە کە حەیابڕوشێنێ یاخود سنووری داب تێپەڕێنێ.

وەنەبێ کینیس ستار هیچ هەستێکی دوژمنایەتی لەبەرامبەر کلنتۆن هەبووبێ، بەپێچەوانەوە سەرۆك خۆی نیمچە ڕۆڵێکی هەبوو لە هەڵبژاردنی ستار وەك لێکۆڵەرەوەیەکی سەربەخۆ لەو شتانەی دراونەتە پاڵی، ئەوەی ڕووی دا ئەوەبوو، کە خانمی وەزیری داد جانیت رینۆ سێ ناوی پاڵێوراوی بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ سەرۆك خستە بەردەمی، ئیتر ئەنجومەنی نوێنەران بەڕەزامەندیی ئەندامانی دیموکرات، کە حزبەکەی سەرۆکن، ئەویان دانا.

بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەی سپێردراو بە دادوەر ستار، ئەو ڕەفتارە داراییانە بوو کە درابوونە پاڵ سەرۆك، کاتێك حاکمی ویلایەتی ئەرکنساس بوو، هەروەك لێکۆڵینەوە بوو دەربارەی ئەندازەی کەڵك وەرگرتنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك لەو پارانەی بەشێوازەگەلێکی ئەوتۆ کۆکرابوونەوە کە بۆنی بەکارهێنانی نفوزیان لێ دەهات.



ڕاپۆرتە حەیابەرەکەی کینیس ستار

لەم خاڵەوە دادوەر ستار، لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەستپێکرد، بەڵام چەند مانگێك بەسەر ئەرکەکەیدا ڕانەبورد بۆی دەرکەوت و دواتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەیشتە یەقین کە ئەو چۆتە دراستانێکی چڕی دێوودرنج، ئەوانەی لە داستانی چڕی تێکچرژاوی بەرخۆگردا ئاکنجی بوون. ستار دواتر بۆی دەرکەوت، کە ئەگەر چوونە نێو دارستانەوە مایەی مەترسی بێت، ئەوا دەرچوون لێی موعجیزەیە!

بەکورتی و بێ نوقمبوون لە چاڵ و چەوێڵی وردەکارییە زۆرو زەوەندەکانی لێکۆڵینەوەدا، دادوەر ستار لە ساڵی یەکەمدا ئەم ڕووداوانەی بۆ ڕوونبۆوە. لێمان دڵنیابوو (بەگوێرەی کۆنووسی لێکۆڵینەوەکانی).

**1)** کلنتن کە حاکمی ویلایەتی ئەرکنساس بوو ئاگای لە کردەی بەقاچاغبردنی قەبارەیەکی زۆری کۆکائیین بووە.

**2)** کاتیی ڕایکردنی ئەرکی حاکمی ویلایەتی (ئەرکنساس) پاریزگاری پرۆژەیەکی گەورەی عەقاری گرتەئەستۆ کە سەرمایەکەی حەوسەد ملیۆن دۆلارەو کۆمپانیایەکی تازە دامەزراو

بەنێـوی (کۆمپانیـای ئەرکنـساس بـۆ پـارەدارکردنی گەشـەپێدان)، ئەوەی کـورتکراوەکەی (A.D.F.A)، پێی رادەبێ.

مولابەساتەکانی دەوری دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایەیان دابوو، گوماناوی بـوون: یەکەمیـان/ ئەو نوسـینگەی پـارێزەری کە کاروبـارە یاسـاییەکان کۆمپانیـاکەی رایـدەکرد، نووسـینگەی رۆز بـۆ پـارێزەری بـوو لە تیـل رۆك، ئەو نوسینگەیەش خانم هیلاری کلینتۆن هاوبەشـێکی سـەرەکییە تێیـدا، تێبینی ئەوەش کرابـوو کە هەقدەسـتی هـیلاری لە تۆمـارکردنی یەك پەیوەستنامە بۆ (کۆمپانیای ئەرکنساس بۆ پارەدارکردنی گەشـەپێدان) کە کۆششی تەنها چەند سەعاتێکی خایاند، گەیشتە چەکێك بە بەهای سەد هەزار دۆلار (لەکاتێکدا خانم ژنی حاکمی ویلایەتەکە بوو).





- خانم هـیلاری کلنتـۆن هەقدەسـتی زۆرتریـشی وەرگرتـووە کە بەپێـی قرسـاندنی شـارەزایان بـۆ کۆشـشی هەر پـارێزەرێکی لەو بەناوبانگتر، زیاترە. کەچی کاتێـك دادوەر سـتار داوای روونکـردنەوەی زیاتری کـرد دەربـارەی وردەکـاری ئەو پـارانەی لە رێـی کۆمپانیـای ئەرکنـــساسەوە دراونەتە خـــانم کلنتـــۆن، وەلامەکە وابـــوو کە ئەو بەڵگەنامانە لە فایلەکاندا نەماون و بزربوون.





قۆناغە جیاجیاکانی کلنتۆن

- دواتـــر لەو بەڵگەنامـــانەی لە هەنـــدێك بەڵگەنـــامە مابوونەتەوە دەرکەوت کە ژمارەیەك لە هەڤاڵەکانی حـاکم کلنتۆن و راوێژکارانی قەرزیـان لە کۆمپانیـای ئەکنـساس بـۆ پـارەدارکردنی گەشـەپێدان وەرگرتـووە، بـێ ئەوەی بەڵگەیەك هەبێ کە قەرزەکەیان دابێتەوە، ئینجا واتەواتی ئەوە بڵاوبۆوە کە هەندێك لەو قەرزانە رێـی خۆیـان بەرەو لای کلنتۆن یان هاوەڵانێکی نزیکـی، یـان بـۆ سـندوقی هەڵمەتـــی هەڵبژاردنـــی ئەو، گرتـــۆتەبەر، بـــێ ئەوەی جارێبدرێ و بگرە بەپێچەوانەی یاساوە ئەو کارە کراوە.

ئەوەی گومـانی وروژانـد ئەوەبـوو، کە رێکخەری ئەم قەرزانە، نووسینگەی رۆز بۆ پارێزەری، واتا خانم هـیلاری کلنتـۆن و شەریکەبەشـەکەی لە نووسـینگەکە، فنـسنت دۆستەر، بـوو. کە لەگەڵ خـانەوادەی کلنتـۆنی حـاکم و

دواجار سەرۆکدا لە ئەرکنساسەوە گواستییەوە بۆ کۆشکی سپی، ئەوەبوو لەوێ پۆستی ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی وەرگرت. ئەوەی جێی نیگەرانییە هەندێك هەواڵی ڕۆژنامەنووسی و هەروەها هەندێك لێکۆڵینەوە، کە پێش ستارو پێش گواستنەوە بۆ واشنتۆن کرابوون، ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد، کە پەیوەندی هیلاری فنسنت لەوە قوڵترە کە شەریکە بەشی نووسینگەیەکی پارێزەری بن.





- دواتر بۆ دادوەر ستار دەرکەوت، کە کلنتۆن دوای گواستنەوەی بۆ واشنتۆن بڕیاری لێبوردنێکی سەرۆکایەتی بۆ هاوەڵێك بەناوی دان لاستر دەرکردووە، ناوی ئەم هاوەڵە چەندینجار لەکردەوەکانی قاچاغچێتی کۆکایینـدا هاتووە، سەرباری ئەوەش شەریکە بەشێکی دان لاستر کەناوی باتس توماسۆنە لە کارگێڕێتی جێبەجێکردنی کۆشکی سپیدا دامەزرا، کاتێك دادوەر ستار لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە کێشەی (واین وتر)دا دەستپێکرد، ناوبراو هێشتا لەسەر کاری خۆی بوو.



هیلاری لەپشت مێردەکەیەوە، وەك هەمیشە

دادوەر ستار بەسەرسوڕمانەوە لەئاست ئەم ڕووداوانە هەڵوەستەیکرد، بەڵام دەریچەیەکی بۆ نەدۆزرایەوە کە لێیەوە بگاتە ناو نهێنییەکانییەوە، چونکە دوو لەمپەری لەپێش خۆی دیت:

- دیوارێك لە بێدەنگی، قسەکردنی لەوانە گرتووە کە دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان دەزانن.

- لەمپەڕێك لە مەتەریز کەچەند کەتیبەیەك لەپارێزەران سەنگەریان تێدا گرتووە. ئەوانە هەموو بیانوویەکیان سازو خۆیان بۆ هەموو پرسیارێك ئامادەکردووە. سەرەنجام لێکۆڵەرەوە درزێکی چنگ نەکەوت، بەجۆرێك لەجۆرەکان هەستێك دایگرت کەبێدەنگی و شاردنەوە سیاسەتێکی بەئەنقەستەو دەسەلاتێکی پاڵپشتە دەدا کەهیچ بڕیارێکی ڕەت ناکرێتەوە.

لەو کاتەدا توخمی سێکس بۆ یەکەمین جار چووە نێو بواری لێکۆڵینەوەکانی دادوەر ستارەوە، ئەوەبوو لەسەر داوای جانیت رینۆی وەزیری داد، کێشەی پاولا جۆنزی بۆ ڕەوانەکرا. پاولا کارمەندی پێشوازی کە سەرۆك کلنتۆنی بەوە تاوانبارکردبوو لەسەردەمی حوکمرانی ویلایەتی ئەرکنساسدا گێچەڵی سێکسی پێ کردووە، کاتێك لە ڕێی فرجیسۆنی پاسەوانە تایبەتییەکەیەوە بانگی کردۆتە قاوشەکەی خۆی، پاش ئەوەی لە هاتنە ژوورەوەی بۆ نووسینگەکەی خۆی (واتا نوسینگەی پێشوازی کە پاولا کارمەندێتی) سەرنجی پاولای داوە. کلنتۆن بێ هیچ پێشەکییەك تەکلیفی جۆرێك سێکسی لێ کردووە، ئینجا چاوەڕێشی نەکردوە! پاولا دەیگوت زۆر بە قەوماوەکە هات، هۆشی هاتەوە بەرو بەتوڕەیی و قیژو هاواری تاوانبارکردنەوە ڕووی لە دەرەوەی قاوشی حاکمی ویلایەت کرد.





دوو دنیای یەك سەرۆك
لەگەڵ هیلاری دا

ئەوەی سەرنجی دادوەر ستاری ڕاکێشا لە مەسەلەی ڕەوانەکردنی کێشەکەی پاولا بۆ کن وی ئەوەبوو، کە پارێزەرانی کلنتۆن هەوڵیاندابوو سازش لەگەڵ پاولا جۆنز بکەن، هەتا لەدەست شکاتەکەی لە دژی ئەو حاکمەی بۆتە سەرۆك، هەڵبگرێ، کاتێك پاولا ئەوەی ڕەتکردەوە، ئیتر هەڕەشەی (شکاندنی هەردوو قاچە جوانەکەی لێ کرا)، هەروەکو نەناسێك بەتەلەفۆن پێیوتبوو، ئەو کاتەی هاوخەم و لایەنگری بۆ کێشەکەی پەیداکرد (کەچی) پارێزەرانی سەرۆك لە دادگا واتەواتی ئەوەیان بوو نابێ سەرۆك لەکاتی بوونی لە دەسەڵاتدا لە کێشەیەکی مەدەنیدا دادگاییبکرێ. گوایە ئەوە کار لە پرەستیجی سەرۆکایەتی دەکات.

ئەو دەمەی ستار دەستیکرد بە سۆراخکردنێکی سەرەتایی پێش لێکۆڵینەوەکەی، سەرنجی گفتوگۆیەکی نووسراوی دا، کە لە ڕاپۆرتی یەك لە یاریدەدەرانی خۆیدا هاتووە تێیدا یاریدەدەر باسی ئەوە دەکات، کاتێك لەگەڵ پارێزەرێکی سەرۆکدا قسەیکردووە، پارێزەر پێیوتووە:

- باوەڕ دەکەی کە سەرۆك تەنانەت بەڕاگوزەریش بێت لا لە کچێکی وەك پاولا جۆنز بکاتەوە؟

یاریدەدەری ستار بەپرسیارێك وەڵامیدەداتەوە:

- جا ئەگەر وانییە بۆچی سەرۆك پاسەوانە تایبەتییەکەی خۆی بەدوایدا ناردووە تا بێتە قاوشەکەی؟ پاسەوانیش لە کاتی سوێندخواردندا شایەدیداوە کە ئەوەی کردووە؟

پارێزەری کلنتۆن گوتی: پاسەوانەکە درۆدەکا، ئەگەر کلنتۆن ئەو کچەی ویستبا، بیست دۆلاری دەدایەو ئەویش بە پەلەپروزکێ ڕایدەکردە قاوشەکەی، چونکە هەر ئەوە (نرخەکەیەتی)! یاریدەدەری ستار لە وەڵامدا گوتی، ئەگەر مەسەلەکە وایە ئەی بۆچی هەنووکە پتر لە نیو ملیۆن دۆلاری دەدەنێ تا لە شکاتەکەی خۆی خۆشبێ؟!



تایم هەمیشە لەوێ بوو

(ڕۆژی 12-ی ینایری ڕابردوو پارێزەرانی سەرۆك کلنتۆن چەکێکیان بە بڕی هەشت سەدو پەنجا هەزار دۆلار نارد بۆ پاولا جۆنز، بۆ ئەوەی واز لە شکاتەکەی لە دژی کلنتۆن، بێنێ.

سەیرەکە لەوەدایە کە نیو ملیۆن دۆلاری بەهای ئەو چەکە سەرۆك کلنتۆن دابینیکردو ئەو داواکەشی کە سێ سەدو پەنجا هەزار دۆلارە خانم هیلاری کلنتن پەیدایکردوە).

## (5)

بەپێی ڕێژەی لێکۆڵینەوەکانی بێ، پێدەچێ دادوەر ستار تا ئەو وەختە بایەخێکی ئەوتۆی بە باسە سێکسییەکە نەدابێ، پێیوابوو باسی گرنگتری لێکۆڵینەوەکانی لایەنە دارایی و یاساییەکانی هەڵسوکەوتی سەرۆکە، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە خۆی لەبەردەم شتێکی مەترسیدارتردا دییەوە (2). بۆ نموونە بۆی دەرکەوت ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی ویلایەتی ئەرکنساس، لەوانەی بۆ شایەتی بانگکرابوون، پێش ئەوەی ئەو (واتا ستار) بکرێتە لێکۆڵەرەوەی سەربەخۆ، تووشی چارەنووسی تراژیدی هاتن.

- (21) حاڵەتی مردنیان لێ قەوما.
- لەناویاندا (8) حاڵەت هەبوون، کە بەناوی حاڵەتی خۆکوشتن تۆمارکراون.
- لەو چارەنووسە تراژیدیاییانەدا، دوو حاڵەت سەرنجیان ڕاکێشا:

*یەکەمیان: ئەوەبوو کە (کاتی فیرگسۆن)، ژنی ئەو پاسەوانەی پاولا جۆنزەی بردە قاوشی حاکم بیل کلنتۆن، لە هەلومەرجێکی بوغرنجدا وەفاتیکردو دوای ئەوەی هەندێك لە

دراوسێکانی لێیان بیستبوو کە ڕاستی ڕووداوەکان دەزانێ و دەشیاندرکێنێ (لەوانەیە ئەمە گەواهیەك بدەن بەدەستەوە، یان لەوانەشە وانەبێت، بەڵام مەسەلەیەکی جێی سەرنجە).

*دووەمیشیان: ئدویللی بەڕێوەبەری دارایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی کلنتۆن، ئەویش لەناکاوڕا وەفاتیکرد، ئەو پیاوە سەرچاوەی سەرجەم پارەکانی دەزانی، کە بۆ هەڵمەتەکە دەهاتن، (لێرەش هەروا- هەروەك حاڵەتەکە چۆن بوو بۆ کاتی فیرکسۆن- مردنی لەناکاوی ویللی لەوانەیە گەواهی بێت و لەوانەشە وانەبێت.)

2) ئەم بەشە لەوتارەکە پشت بەلاپەڕەی لێکۆڵینەوەکانی دادوەری سەربەخۆ کینیس ستار دەبەستێ، لێ لە ڕێکخستنی ڕووداوەکان و پێکەوە گرێدانەوەشیان پشتی بەتوێژینەوەیەکی مەیدانی بەست، کە لۆرد ویلیام ریس مۆج، کە سەرنووسەرێکی جارانی ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی و هەروەها سەرۆکێکی دێرینی ئەنجومەنی ئەمیندارانی دەستەی ڕادیۆی بەریتانیایە، ئەنجامیدابوو. لۆرد مۆج بە هەستی ڕۆژنامەوانێکی دێرین شکیکرد کە نهێنییەکانی سەرۆك کلنتۆن ئیستفزازی تواناو شارەزاییەکەی دەکا، ئەوەبوو چووە شوێنی ڕووداوەکان، پرسیاریکرد و سۆراخی ڕاستییەکانی کرد، ئینجا گەڕایەوە تا چەند وتارێکی لەسەر کێشەکە نووسی، گرنگترینیان ئەو وتارە بوو لە ژمارەی ڕۆژی دوو شەممە (7)ی سێپتەمبەری ساڵی **1998**، لە ڕۆژنامەی تایمزدا، بڵاوکرابۆوە ناونیشانەکەی بەمجۆرە بوو:

- بەهەموو پێوەرەکان: ئیفلاسێکی ئەخلاقی

لەیتل ڕۆکەوە بۆ نووسینگەی کۆشکی سپی

کلنتۆن لە دوای خۆیەوە شایەدو بەڵگەی ئیستغلال و گەندەڵی بەجێدێڵێ، بەڵام چوونیەکی هەردوو حاڵەت لەگەڵ وێکچوونی هەلومەرجەکە باعیسی گومانکردن بوون.

جارێکی تر دادوەر ستار خۆی بینیووە کە سەر بەو دیواری بێدەنگیەدا دەکێشێ کە پێشتر ناسیبووی، خەریکبوو پێی لەو سەنگەرانەی پارێزەران هەڵبکەوێ کە هەموو دەوروبەرو قوژبنەکانی هەڵقەندبوو.

لەناکاو، لەناو خودی کۆشکی سپی، ئابڕوچوونێکی لابەلا قەوما کە پەیوەندی بەمردنێکی نوێی نارۆشنەوە هەبوو، قوربانی ئەمجارە فنسنت فۆستەر، شەریکە بەشی جارانی هیلاری کلنتۆن بوو لە نووسینگەی ڕۆز بۆ کاروباری پارێزەری لە تیل ڕۆك. فۆستەر لەگەڵ بنەماڵەی کلنتۆن ڕوویکردە کۆشکی سپی و ببووە ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆك، کە لە نوسینگەیەکی نزیك بە کۆشکی سپی، لوتکەی دەسەڵات و دڵەکەی لەواشنتۆن، دانیشتبوو.

روخساری ڕووداوەکان وابوو، گوایە فۆستەر کە لەدوا ڕۆژەکانیدا زۆر خەمۆکی بوو، دوای نیوەڕۆ لە نووسینگەکەی خۆی هاتەدەرێ، دوای سەعاتێك تەرمەکەی دۆزرایەوە، کە لە

سەرەڕێ لەژێر دارەکانی باخچەیەکدا درێژکرابوو٠ دەمانچەیەك بەدەست کوژراوەکەوە بوو، وای نیشاندەدا خاوەنەکەی بەنیازی کوشتن تەقەی لەخۆی کردووە!

مەترسیدارترین شتێك کە لە ڕوخساری ڕووداوەکاندا دەرکەوت ئەوەبوو، کە کۆشکی سپی پاش ئەوەی لە ڕێی واشنتۆنەوە بە دۆزینەوەی تەرمی (فنسنت فۆستەر)ی زانی، کە دەمانچەشی بەدەستەوەبوو، ڕوخسەتی ئاگادارکردنەوەی نیابەی گشتی نەدا، مەگەر دوای پتر لە سەعاتێك٠ لەو سەعاتەشدا شتی سەیروسەمەرە ئەوەبوو، پێش هاتنی نوێنەری نیابەی گشتی فایلێکی زۆر لە نووسینگەکەی فۆستەرەوە هەڵگیراو گواسترانەوە٠ ئەو کەسەی فایلەکانی پێچایەوەو گواستییەوە خانمی یەکەمی کۆشکی سپی (هیلاری کلنتۆن) بوو!

بێگومان وەکیلی نیابە، کە سەرپەرشتی هەڵهێنانی تەلیسمی وەفاتی (فۆستەر)ی دەکرد، داخۆ کوشتن یان خۆکوشتنە؟ لێکۆڵینەوەکەی بۆ ڕۆژگاری لیتل رۆك و چالاکییەکانی ئەو نووسینگە پارێزەرییەی هیلاری کلنتۆن و فنسنت فۆستەری پێکەوە کۆکردەوە، درێژکردەوە٠

***

بەشێوەیەك لە شێوەکان لە لێکۆڵینەوەکەدا تیشکی دەزوویەکی باریك، بەڵام دیار، لەپشت شایەدی و قسەکانەوە دەرکەوت٠ گوایە فۆستەر هەستیکردوە مامەڵەی شەریکەبەشەکەی جارانی گۆڕاوە، دوای ئەوەی بنەماڵە هاتنە کۆشکی سپی، دواتر بینی لێکۆڵینەوە لە چالاکییەکانی جاران بەردەوامە، ئەگەرچیش وا ئەو لێکۆڵینەوانە گەمارۆدەدرێن، بەڵام هەندێك کەس پێ لەسەر تەواوکردنی دادەگرن، سەروەختێك، پێش خۆکوشتنی بەچەند مانگێك، وادەردەکەوێ فۆستەر نوسینگەیەکی تایبەتی پۆلیسی نهێنی، کە خاوەنەکەی ئەفسەرێکی کۆن بوو بەناوی جیری بارکس، سپاردبێ تا ئەرکێکی تایبەتی بۆ خۆی (واتا بۆ فۆستەر) ڕاییبکات، بەدوای ڕووداو و بەڵگەکانی تایبەت بە هەڵسوکەوتی سەرۆك کلنتۆن لە کاتی حوکمڕانی ویلایەتی ئەرکنساسدا بگەڕێ و بیاندۆزێتەوە٠ لەوەش سەیرتر ئەوەیە، لەو کاتەی پیاوە تایبەتییەکەی پۆلیسی نهێنی درێژەی بەئەرکی خۆی دەدا (لەسەر داوای فۆستەر)، ئا لەو کاتەدا تۆڕی تەلەفزیۆنی ناوخۆی هەواڵی دۆزینەوەی خودی فۆستەر بەمردوویی بڵاودەکەنەوە- مردنەکەشی بەکوشتن نەبووە، بەڵکو خۆکوشتن بووە!

بارکس بەبیستنی هەواڵەکە سەری سوڕما، دواتر ژنەکەی ئەو قسەیەی لێ گێڕایەوە: لەکاتی بیستنی هەواڵەکەدا ڕووی لەم کردو بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پێیوت: من هەنووکە پیاوێکی مردووم!

ژنەکەی شایەدیشی دا ئەو فایلەی هەموو ئەو کاغەزو لێکۆڵینەوانەی تێدابوو، کە مێردەکەی دەربارەی هەڵسوکەوتی سەرۆك کلنتن کۆیکردبۆوە، لە مێردەکەیان دزیبوو، دوای دوو ڕۆژ لە هێکرا یەکێك پێیراگەیاند کە مێردەکەی تێداچوو٠ لەو کاتەی لە خاڵێکی

هاتووچۆو لەوەختی ئاماژەی سوردا خۆی دابوو بەسەر تایەی ماشینەکەیدا، ئا لەو کاتە لە دەمانچەیەکی بێدەنگەوە تەقەی لێ کرا.

ژنەکەی بارکس شێت و دەهەری بوو، لە هەموو جێگایەك قسەی دەکردو داوای لێکۆڵینەوەی دەکرد لە ڕووداوی تێداچوونی مێردەکەی، بەفیعلیش کراو ئاکامی لێکۆڵینەوەکەش (هەڵگرتن بوو) دوای دەرەنجامێکی سەیر گوایە (ویلایەتی ئەرکنساس پڕە لە چالاکی دەستە تاوانکارەکان کە ململانێی خوێناویان لەنێواندا هەیە). لەوانەیە نوسینگەی تایبەتی پۆلیسی نهێنی، بارکس، بەجۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ یەکێك لە دەستەکان لە دژی دەستەیەکی تردا تووشی هاتبێ، بەم شێوەیە لە کەشوهەوای شەڕی تاوانکاری لە (ئەرکنساس)دا پاکتاوکراوە.

ئەم ڕووداوانە هەموویان زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو بوون، هەر ڕووداوەو بەئاڕاستەی ڕووداوەکەی دووەم و ئینجا سێیەم....هتد، پێدەچێ ئەمەش ئاساییبوو بە ڕیزبەندی و پێکەوەنووسان، بەپێی ڕێساکانی شانۆی گریکیش لە یەکێتی کات و یەکێتی شوێندا. ئەوەی لەم حاڵەدایە یەکێتی کات و یەکێتی شوێن دووپاتدەکاتەوە ئەوەیە، کە پاڵەوانەکە یەك پیاوە لە ئانوساتی خۆیدا هەڵسوکەوتەکانی دەنوێنێ، جا لەهەر شوێنێك بێت، چ لە نوسینگەی حاکمی ویلایەتی (ئەرکنساس)، یان لە نوسینگەی کۆشکی سپی، بارەگای کاری سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لەم ڕیزبەستن و بەدوای یەکدا هاتنەدا، لەم یەکێتی کات و شوێنەدا، مەنتقی بوو کە سەرجەم ئەم کێشانە بگەنە دەستی لێکۆڵەری سەربەخۆ کینیس ستارو وەزیری دادیش (جانیت رینۆ) ناچاربێت ڕەوانەی ئەوی بکات. کێشەی ئاودیوکردنی کۆکایین، کێشەی کۆمپانیای ئەرکنساس بۆ پارەدارکردنی گەشەپێدان و ڕۆڵی نوسینگەی ڕۆز بۆ پارێزەری تێیداو کێ پارەکانی وەرگرت؟ چەندی وەرگرت؟ کەی وەریگرت؟ بۆچی وەریگرت؟

- هەڵهێنانی تەلیسمی (21)تەرمەکە چییە کە هەشتیان مردنی خۆکوشتنن، ئەی هەقایەتەکەی پاولا جۆنزو ئەو پاسەوانەی هێنابووی چییە؟ ئەی ژنی پاسەوانەکەو ئینجا خۆکوشتنی فۆستەرو سەرتێداچوونی پیاوی تایبەتی پۆلیسی نهێنی کە ئەو بەکرێیگرتبوو؟ ئەی ئەو کاغەزانەی نوسینگەکەی خودی فۆستەر کە لەماوەی سەعاتێك دوای ئاگادارکردنەوەی کۆشکی سپی لە دۆزینەوەی تەرمەکەی پێچرانەوە، چییان لێ کرا؟

ئەوەی ڕووی دا ئەوەبوو، کە ئەم کێشانە لە نوسینگەکەی ستاردا خڕبوونەوە، دواتر، ئەمەش لە هەمووی گرنگترە، لەگەڵ کۆتایی ساڵی **1996**دا، دادوەر ستار لە ڕێی کەڵەکەکردنی بەڵگەو ئاماژەکان و پێکەوە گرێدانی ڕووداوەکانەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی بەجۆرێك نیگەرانی کرد لە ئاستی سەرۆکدا، بەڵام هەڵمەتی پڕوپاگەندە بۆ سەرلەنوێ پاڵاوتنی

کلنتـۆن دەسـتپێکردبوو، دادوەری سـەربەخۆ وای بە چـاکترزانی هـۆی نیگەرانیـیەکەی بـشارێتەوە، بەڵام بـاوەڕی تادەهـات جێگیرتردەبـوو کە ئەو لەبەردەم هەنـدێك هەڵسوکەوتی گومانلێکراودایە. لەوەش خراپتر ئەوە لەسەر ئاستی دەسەڵاتی باڵای وڵاتدایە، کە پەیوەنـدیان بەرەوشت، پەیوەندییان بەنەزاهەت و هەیبەتی یاساوە هەیە. ئینجا دوای ئەم هەموو ماجەرایە، جارێکی تر کێشەیەکی نوێ خۆی بەگۆڕەپانەکەدا کرد. پوختەی ڕوودانی بەم شێوەیە بوو:

پتر لە دوو سەد فایل لە فایلە نهێنییەکان کە لەکن نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی بوو، تایبەت بوون بە ژمـارەیەك لە کەسـایەتییە درەوشـاوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکـان، لە پەنهـانی یەکێك لە دەزگا سەرەکییەکانی ئاسایشی وڵات- ئاژانسی لێکۆڵینەوەی فیـدراڵی- گـوێزرایەوە بۆ کۆشکی سپی، کە ئابڕوچوون گەمارۆیداوەو ئەویش هەوڵدەدا ڕایگرێ و بەهەموو شـێوەیەك پاڵی پێوەبنێ، بەڵام تـادێ ئیلحـاحی زیـاتر بـۆ ئاشـکراکردنی ڕاسـتییەکان دەکـرێ، بـوونی لێکۆڵەرەوەیەکی سەربەخۆو دەستەیەکی باڵای سوێندخۆران لەگەڵیدا ئیلحاحێکی سەرباریشی خستە سەر، بەتایبەتی کە (لێکۆڵەرەوەو هاوەڵە سوێندخۆرەکانی) هەسـتێکی گومـان تـاڕادەی تاوانبارکردن دایگرتوون، ئەو هەستەش تووشی نائومێدی بووە سـەبارەت بەوەی تـا ئێـستا لە لێکـدانەوەی هەڵـسوکەوتەکانی سـەرۆك و سـاغکردنەوەی یاسـایانەی تۆمەتەکـان بەسـەریا شکستیانخواردووە. سەرەڕای ئەوەی کە سیبەرەکەی لەبەرچاوی خۆیان دەبیـنن و سـەرەڕای ئەوەی هەست بەو دەسەڵاتەی سەرۆك دەکەن، کە هەوڵی بەڕووەوەنان و شاردنەوەو بەهەموو شێوەیەك بەرپەرچدانەوەی دەرکەوتنی ڕاستییەکان دەدەن!

کاتێك گواستنەوەی ئەم دوو سەد فـایلە تـایبەت و نهێنیـیە لە نوسـینگەی لێکـۆڵینەوەی فیـدراڵییەوە بـۆ کۆشـکی سـپی بەتەواوی ڕوونبـۆوە، لە میـدیای ئەمریکـا و کۆنگرێسیـشدا مقۆمقۆیەکی توند دەستیپێکرد.

پاڵنەری گواستنەوەی فایلەکـان هـیچ مانـایەکی نەبـوو، جـگە لەوەی کە کۆشـکی سـپی پلانێکی دیاریکراوی هەیە بۆ ڕەفتارکردن لە حاڵەتی تەنگـژەدا، واتـا لەو حـاڵەتەی کە ئەگەر لێکـۆڵینەوە لەگەڵ سـەرۆك کلنتـۆن پەرەیـسەندو تـوانرا مەزەنـدەو گومـان و تۆمەتەکـان بە بەڵگەی یاسـایی ئەوتـۆ پاڵپـشتبکرێن، کە بەس بـن بـۆ ئیـدانەکردن لەبەردەم کـۆنگرێس و لەبەردەم ڕای گشتیدا!!

پلانەکەش بەرچاوبوو، چـونکە ئەگەرچـی پرۆسـەی گواسـتنەوەی فایلەکـان بەشـێوەیەکی شەفاف نەبوو، بەڵام لە ئامانج و نیازەکەدا شەفافییەتەکە دیاربوو، ئامانجی ڕوون و ئاشـکرا کە هەمووان دەیانزانی ئەوەبوو، کۆشکی سپی بە بیـری هەمـوو پەیوەندارانـدا دێنێـتەوە، کە ئەو دەتوانێ نهێنیە تایبەتیەکانیـان بزانـێ، تەنـانەت زیـاتر لەوەش کە خۆیـان حەزدەکەن خەڵـك

بیزانێ٠ هەروەك وەبیریان دێنێتەوە كە لەكاتی ئاشكرابوونی نهێنییەكانی سەرۆكدا، هیچ حەسانەیەك بۆ نهێنییەكانی كەسی تر نابێ!

هەر بەفیعلیش نهێنییەگەلێك لەوانەی لە فایلەكانی نوسینگەی لێكۆڵینەوەی فیدرالیدا بوون، دەربارەی دەستەیەك سیاسەتمەدار كە چاوەڕێدەكرا ڕۆڵی گەورە لە لێپێچینەوەی هەڵسوكەوتەكانی كلنتۆندا ببینن، لە ئانوساتی گونجاودا پەخش و تەخشانكران، ئەو ڕۆڵە پێویستەیان گێڕا كە كۆشكی سپی خۆی بۆ ئامادەكردبوو٠

*نیون گنگریچ سەرۆكی زۆرینەی كۆماری لە ئەنجومەنی نوێنەران پێش هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییە لێی ئاشكرابوو كە نفوزی خۆی بەكارهێناوە بۆ خۆدزینەوە لە نیو ملیۆن دۆلار پارەی باجدان، دواتر ناچاربوو دانی پێدابنێ و داوای لێبوردن بكات٠ هەروەك ناچاربوو خۆی لە سەرۆكایەتی ئەوەی مابوو لە ماوەی ئەنجومەنی نوێنەران بكێشێتەوە٠


ئەو شوێنەی تەرمەكەی
فنسنت فۆستەری لێ بوو

*بۆب لیفنگستۆن، كە نوێنەری ویلایەتی تەكساس و سەرۆكی زۆرینەو پاڵێوراو بۆ ئەنجومەنی نوێش بوو، ناچاربوو واز لە خۆپاڵاوتن بێنێ و دان بەهەواڵی ئەو پەیوەندییە ئەڤینداریانەدا بێنێ كە لە چەند سەرچاوەیەكی نەزانراوەوە دزەیكردبوو و كەسیش گومانی لەوە نەبوو سەرچاوەكە خودی كۆشكی سپی، یان هەندێ لە پەیوەندارانی ئەوێندەرێ بوو٠ جگە لە وازهێنان لە خۆپاڵاوتن بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و جگە لە دانپێدانان- ئەگەرچی بەناچاریش بێ- لیفنگستۆن خۆی لە خۆیەوە ئەندامێتی خۆی لە ئەنجومەن هەڵپەساردو داوای لە سەرۆك كلنتۆن كرد كە چاو لەو بكات، ئەگەر هەندێك ویژدان و هەندێك ڕێزی ڕەوشت یاخود یاسای تێداماوە٠

*هنری هاید سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران دەنگۆی پەیوەندییەكی ئەڤینداری، هی سەردەمی لاوێتی، لەسەر بلاوبۆوە، بەلام كابرا ئازایانە ڕووبەڕووی هەوڵەكانی ئیبتزازكردنی بۆوە، كاتێك ڕایگەیاند كە پەیوەندییەكە بیرەوەری سی ساڵ لەمەوپێشەو ئەو چەند ساڵێك بەر لەئێستا لەكن ژنەكەی گێڕاویەتییەوە، بۆیە ئێستا سوورە لەسەر ڕەتكردنەوەی هەموو ئیبتزازێك٠ هەرچۆنێك بێت پێش ئەوەی ئەم هەواڵانە بلاوبێتەوە، ڕای گشتی ئەمریكا چاودێری و تەماشای دەكردو هەوڵیدەدا لە مەغزای گواستنەوەی دیكۆمنتە

شەخسییەکان لەلایەنێکی ئەمنی حکومەتییەوە بۆ لایەنێکی سیاسی (حزبی) لە کۆشکی سپی، تێبگات.

مەغزا - هەروەکو باسکرا- لای هەمووان ڕوونبوو، بەڵام لە زەمینی داواکاری گشتی سەربەخۆو دەستەی سوێندخۆران و کۆمەڵە یاریدەدەرەکانی روونتربوون. دواجار لە سەرەتای ساڵی **1998**دا کینیس ستار باوەڕێکی نیمچە تەواوی پەیداکرد، کە پێویستە سەرۆك بەرێتە دادگا، لە ڕێی حەجر **(Impeachment)**، چونکە زیاتر لەوەی مەزەندەی لێ دەکرا ژمارەیەك تاوانی ئەنجامداوە کە لە برگەکانی دەستوردا مەسەلەی حەجرکردن لەسەر سەرۆك و دادگاییکردنی ڕێکخراوە، هەر لە تاوانی ئیستغلالکردنی نفوزەوە تا پەنابردنە بەر ئیبتزاز.


فنسنت فۆستەر و هیلاری

بەڵام ڕێگای ئیدانەکردن لەکوێیە لەکاتێکدا دیوارەکانی بێدەنگی کەڕو سەنگەرەکانی بەرەنگاری تۆکمەن، لە دەوری ئەو سەنگەرانەش کۆمەڵێك تیرئەندازە لە شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکان هەن، کە نووسینەکانیان ستوونی ڕۆژنامەکانی پرکردۆتەوەو لە ئێزگەکانەوە دەنگیان دێ و وێنەکانیشیان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە خۆدەنوێنن؟ ڕێگای ئیدانەکردنی کوا، لەکاتێکدا ڕای گشتی هێشتا هاوسۆزە لەگەڵ سەرۆك، لەبەر چەند هۆکارێك کە پەیوەندییان بەهیچ کام لە کێشەو تۆمەتەکانەوە نییە؟ لە هەموو حاڵێکیشدا مەسەلەکە ئاسان نییە، چونکە لایەنەکەی تر، کە پێویستە ئیدانەبکرێ، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. لەحاڵێکی وادا تۆمەتەکان دەبێ وەك ڕۆژی ڕووناك وابن و پەیوەندییان بەدەستوور و یاساوە هیچ گومانێکیان لەسەر نەبێ!

ساڵی **1997** تەواوبوو، هێشتا داواکاری گشتی سەربەخۆ دادوەر ستار لەوپەڕی حاڵەتی نائومێدیدا بوو، لەگەڵ ئەم هەستی نائومێدیەدا بەوردی چاودێری درەوشانەوەی وێنەی سەرۆك کلنتۆنی دەکرد، لەکاتێکدا ئەو (واتا ستار) بەتەواوی لەوە دڵنیابوو، کە لەبەردەم

پرۆسەیەکی چەواشەکاریانەی بێوێنەیە لە ئەزمووونی ئەمریکاییدا، ئەو چەواشەکارییەی لەبەردەمی دەقەومێ تەنها لەئاستی ڕای گشتییدا نییە، بەڵکو لەئاستی دادپەروەریشدایە.

دەکرێ بگوترێ ململانییەکی وا کە پێویستی بەتوێژەرەوەیەکی سایکۆلۆژی شارەزایە، لەنێوان کلنتۆن و ستاردا دروست و پتەو بوو، لەوانەیە جۆرێك بێ لەو ململانێیانەی دەشێ دروست بێت لەنێوان گومانلێکراوێك و پیاوێکی پۆلیس، کە لە گومانەکە دڵنیایەو خەریکە دەیکاتە تۆمەتێك و بەدوای بەڵگەدارکردنی ئیدانەکردنەکەیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ پێشکەشی گۆڕەپانێکی یاساو بەردەم دادگایەکی دادپەروەرانەی بکات. گرفت لێرەدا ئەوەیە، گومانلێکراوەکە زۆر وریایە، پارێزەرەکانیشی توانایان زۆرە، جگە لەوەش بەهێزی گەلێك شت لەوانەش: هێزی وێنە، هێزی گەنجێتی، هێزی پلەوپایە، بەهەمموو ئەمانە کلنتۆن توانی خۆی بگەیەنێتە ئاسۆگەلێك کە تیرورمەکان نایەگەنێ. حاڵی ستار بەپێچەوانە بوو، ئەو لە بنچینەدا کەسێتییەکی کۆنەپارێزەرە (کۆنسەرڤتیڤ) پیشەی یاساش ئەدگارێکی توندی گرژیی پێ دابوو، ڕاییکردنی کارەکانی لەناو نووسینگە داخراوەکان و لەناو فایل و کاغەزە ڕووگرژەکاندا بوو. سەرباری ئەوەش ئەو بەتەواوی لە دونیای وێنەوە دووربوو، ئەو ئەوەی لێ داوانەکرابوو و بگرە بۆشی نەبوو، لەلایەن خۆیەوە، لەبەردەم کامێراکاندا دابنیشێ یان کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ببەستێ. وادەهاتە بەرچاو سووربوونی لەسەر ڕاونانی کلنتۆن جۆرێك بێت لە نەست زبری و هەست دەبەنگی، کە هیچ پاڵنەرێکیان نییە، جگە لە ڕق و ئیرەیی پێ بردن، یان هیچ نەبێ وێنەکان ئاوەهایان گەیاند.

جا لەکاتێکدا هەموو ڕەفتارێکی بیل کلنتۆن ڕووداوێکی ژێر بلاجیکتۆر بوو، ئەوا هەموو ڕەفتارێکی ستار وای پێویستدەکرد لە ژوورێکی کپکراودا بێ، بۆ ئەوەی ئەرکەکەی تەواوبکاو ڕاپۆرتەکەی —ئەگەر توانی- بنووسێ، دوای ئەوە لەوانەیە ڕێڕەوێکی تر بگرێ، بەڵاکە لەوەدابوو کە یەکێکیان بەردەوام بەبزەیەکەوە تێی دەقوچێنێ.

دووەمیشیان بەردەوام لە داخ و تووڕەییدا ددانی جیڕدەکاتەوە.

بەکورتییەکەی کلنتۆن بەنەشئەی دڵنیاییەوە، هیچ نەبێ لە ڕوو، وا هەڵسوکەوتی دەکرد، کە دەتوانێ خۆی لە ڕاوەدوونانی پیاوێك بدزێتەوە، کە دەیزانی سۆراخیدەکات. کلنتۆن زانی ستار خەریکبوو لێکۆڵینەوەکانی لێ پەرت بێت، کاتێك ڕووداوەکان لەگەڵ هەستی نائومێدیدا تێکەڵ و ئاڵۆز بوو، تاوای کرد ڕاونانی کلنتۆن لەلایەن ئەوی داواکاری سەربەخۆوە سیمای نیازێکی شەخسی بگرێتەخۆ، کە دەکرێ لەکاتی پێویستدا ئاشکراو ئیستیغلالیش بکرێ.

لەولاشەوە ستار هەروا باوەڕیوایە، ئەگەر وابڕیارە خێر بەسەر شەڕدا سەربکەوێ (کە ئەوەش حیکمەتی شەریعەت،ە چ خودایی و چ دونیایی) کەواتا هەر ڕێگایەك دەدۆزێتەوە کە بەسەر لەمپەڕەکانی بەردەمی، تەنانەت بەسەر تۆمەتی نیازی شەخسیش کە دراونەتە پاڵی، زاڵببێ.


**تیلە چاوی رەخنە لە کلنتۆن**

ستار لەمپەڕەکانی بەردەمی لەوەدا کورتکردەوە، کە ئەو لەبەردەم تاوانبارێکدایە دەزانێ چۆن بوونی خۆی لە شوێنی تاوانەکە، لەکاتی ڕوودانی، بشارێتەوە، تاوانبارێك سوپایەك پارێزەری هەیە، کە بۆ هەر کوێ ڕابکات، شوێن پێیەکانی دەسڕنەوە. تاوانبارێك کە کۆمەڵێك ڕاوێژکاری وای لە دەورە مامەڵە لەگەڵ هەموو بەجێماوێکی لابەلا دەکەن جگە لە پەنجەمۆر، کە لەبەر خەمساردی لە شوێنی تاوانەکە بەجێیهێشتبێ، یان هەر وردەکارییەك کە دەشێ پارێزەران فەرامۆشیانکردبێ، چونکە لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری ئەوانە. جگە لەمەش ئەو، واتا ستار، لەبەردەم دەسەڵاتێکدایە کە نەشیاوە ئینکاربکرێ، لەبەردەم حەسانەتێکدایە ئەستەمە پشتگوێبخرێ، چونکە تاوانبار خودی سەرۆکە، ئەم دەسەڵات و ئەم حەسانەیە دەستەبەری ئەوە دەکەن، زمانەکان لاڵبن و نەکرێتەوەو چاوەکانیش کورتبن نەك تیژ!

لەم کەشوهەوا باربووەدا، کینس ستار هەقایەتەکەی مۆنیکا لوینسکی دۆزییەوە، کاتێك لیندا تریبی هاوڕێی مۆنیکا کێشەکەی هێنایە نووسینگەکەی.

لیندا تریب لەسەرەتای پەیوەندیی مۆنیکاو سەرۆکدا پێکەوە فەرمانبەر بوون لە کۆشکی سپی، ئینجا هەردووکیان پێکەوە گواسترانەوە (پنتاگۆن). گواستنەوەی مۆنیکا لە کۆشکی سپییەوە بەپێی بڕیارێکی سەرۆکی سکرتاریەتی تەنفیزی کۆشکی سپی، خانم نانسی هێنریش بوو، کە وایدەبینی مۆنیکا دەچێتە هەندێك جێگای کۆشکی سپی بۆی نییە پێی پیابنێ، هەروەها (سووك و منجڕە)و باشتروایە لە سنووری دەوروبەری نووسینگەی سەرۆك دووربخرێتەوە. هەرچی گواستنەوەی (لیندا تریب)ە، ئەوا بەپێی بڕیارێکی درەنگ جێبەجێکرابوو، چونکە فەرمانبەرێتی ئەو لە کۆشکی سپی پاشماوەی سەردەمی سەرۆکایەتی بۆش بوو!

دادوەر ستار، وەکو هەموو کەسێك لەواشنتۆن، گوێی لێ بوو کە کچێك هەیە ناوی مۆنیکا لوینسکیە، بەشێوەیەکی گشتی زانیارییەکانی لەسەر ئەو خانمە ئەوەبوو، کە بەهۆی بەخشینی پارە لەلایەن دایکییەوە، مارشی لویس، بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی کلنتۆن توانی لە یۆلیۆی ساڵی **1995**دا وەك فەرمانبەری ڕاهێنان بگاتە کۆشکی سپی. ئینجا لەهەر هەلومەرجێکدا بێ پەیوەندییەکی لەگەڵ سەرۆك کلنتۆندا دروستکردووە (یەکەمین جار لە **15**-ی نۆڤەمبەری

1995 بوو)، دواتر لە کۆشکی سپییەوە بۆ پنتاگۆن گواستراوەتەوە (6-ی ئەپریلی 1996). ئینجا پەیوەندی مۆنیکا لەگەڵ سەرۆك بەردەوام و بەگەرموگوڕی مایەوە (دواتر دەرکەوت دوادیدار کە پەیوەندی سۆزدارەکی نێوان هەردوولای تێدا قەوماوە لە 29-ی مارتی 1997دابووە) سەیروسەمەرەکە لەوەدایە، کە ئەمە پاش چەند مانگێك لە ئاگاداربوونەوەی ستار بەهەقایەتی مۆنیکا لوینسکی بووە، بەزۆری ڕێی تێدەچێ کە تاسەرەتای ینایری 1998، ویڕای هەموو ئەو شتانەی بەرگوێی کەوتووە، بەڵام دادوەر ستار پێی وانەبوو دەشێ کێشەکەی مۆنیکا خزمەتی کارەکەی ئەو بکات. لەوانەیە پێیوابووبێ کە ئەمە سەرچڵییەکی ترە لە سەرچڵییەکانی کلنتۆن و بێگومان ئەگەر یەکێك لە خاوەنەکەشی، مۆنیکا، بپرسێ ئەوا ڕەتیدەکاتەوە، ئەنگێزەی ئەو ڕەتکردنەوەیەش سۆزو پەیوەندی بنەماڵەکەی بێ بەکۆشکی سپی و هەروەها ئارەزووی خۆلادان بێ لە ئابڕووچوونێکی ئاشکرا.

لەهێکراو بێ چاوەڕوانی، نووسینگەی ستار ڕووبەڕووی لیندا تریب بۆوە، کە هاوڕێی مۆنیکاو هاوەڵێتی لە کۆشکی سپی و ئینجا لە پنتاگۆن کاتێك لەگەڵ ئەودا بۆ ئەوێندەر گواسترانەوە.

ئەو چیرۆکەی لیندا تریب لە نووسینگەی دادوەر ستار گێڕایەوە، تەنها ئەوەنەبوو کە هاوڕێکەی پەیوەندییەکی لەگەڵ سەرۆکدا هەیە، بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەبوو، پارێزەرانی کێشەکەی پاولا جۆنز بانگێشتی دادگایانکرد بۆ ئەوەی وەکو ئارەزوویان لێ بوو شایەدی لەسەر جۆرێك لە پەیوەندی سێکسی بدات، کە کلنتۆن حەزی لێ دەکرد، بەو ئومێدەی سەلماندنی شتێکی وا پاولا جۆنز دەربارەی داوایەکی لەم چەشنەی کلنتۆن لێی دووپاتبکاتەوە.

گرنگترین شتێك کە لە زانیارییەکانی لیندادا هەبوو، دوای وردەکاری پەیوەندیی نێوان هاوڕێکەی و سەرۆك، لەکاتێکدا بانگێشتکرابوو تا لە کێشەی پاولا جۆنزدا شایەدیبدات، ئەوەبوو کە (کلنتۆن داوای لێ کرد لەبەردەم دادگادا حاشا لە پەیوەندی نێوانیان بکات و لەسەر ئەو هەڵوێستەش سووربێ تەنانەت لەکاتی سوێندخواردنیشدا).

بەهەستی دادوەرێکی پەرۆش بۆ دەستگیرکردنی ئاماژەیەك، دادوەر ستار گێڕانەوەی لیندا تریبی وەرگرت و داوای لە یەکێك لە گەورە یاریدەدەرەکانی خۆی کرد لێی بپرسێ داخۆ ئەو زانیاریانەی لەکوێ هێناوە؟ لیندا دانی پێدانا ئەم قسانەی لە مۆنیکاوە بیستووە کەوا سەیری ئەم دەکات خۆشکە گەورەو ئامۆژگاریکارو چاودێرێتی، بۆیە دڵی خۆی بۆ دەکاتەوەو لەگەڵیدا، زیاتر لەهەر ئینسانێکی تر، زمانی بەرەڵادەکات. لێرەشەوە پرسیار لە لیندا تریب دەکرێت داخۆ ئامادەیە هاوڕێکەی ڕابکێشێتە مەیدانی شایەدیەکی تەواو لەسەر سەرجەم ڕووداوەکان و

ئەو شایەدیشی لەسەر جیهازێکی بچووك، کە نووسینگەی داواکاری گشتی بۆی بسازێنێ، تۆماربکرێت؟ لیندا تریب قەبوڵیکرد!

پاڵنەرەکانی لیندا تریب بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵەی لە کێشەکەدا دیتی، لەسەرەتای چونی خۆڕسکانەی بۆ نووسینگەی داواکاری سەربەخۆ تا پێ سپاردنی ئەرکی ڕاکێشانی مۆنیکا، جا چ لە ڕێی گفتوگۆی تەلەفۆنی یان دیداری ڕاستەوخۆوە تادەگاتە سەرلەنوێ پێگێڕانەوەو تۆمارکردن و پێشکەشکردنی تێکڕای کاسێتەکان بە نووسینگەی دادوەر ستار، هەموو ئەمانە هەروا مایەی مشتومڕێکی دوورودرێژ دەبن، داخۆ بۆچی وابوو؟

* لەوانەیە مەیلێکی حزبایەتی بەلای حزبی کۆماریدا هەبێ لە ئەنجامی خزمەتکردنی لە کۆشکی سپی لەماوەی سەرۆکایەتیی بۆشدا (هەندێك کەس وای بۆچوون).

* لەوانەیە بەو مقۆمقۆیانەی نێو کۆشکی سپی بێزاربووبێت و هەستی بەسوکایەتی کردبێت. نەك تەنها سوکایەتیکردن بەکەرامەتی شوێنەکەو هەیبەتەکەی، بەڵکو لەبەر کەرامەتی خۆشی وەکو شایەدێکی ئاگادار لەو سوکایەتییەی خەڵکی دیکەش لە کۆشکی سپی هەستیان پێ کردبوو، بەڵام ئەوان بێدەنگی و سەرسەلامەتییان هەڵبژارد (هەندێکی تر لە شیکەرەوەکان وای بۆچوون).

* لەوانەشە تووڕەبووبێت، چونکە لەو کارەی کە لە کۆشکی سپی لەگەڵی ڕاهاتبوو بۆ کارێکی تر لە پنتاگۆن، کە بۆ ئەو چۆڵەوانی بوو، گواسترایەوە. هەروەك لەوانەشە وای هەستکردبێ، جا ڕاست بکات یان بەهەڵەدا چووبێت، کە ئەو بێتاوان سزادراوەو لەگەڵ مۆنیکا لوینسکی خراوەتە یەك تای تەرازو یەك بڕیارەوەو بەوپێیەش سزای خوارد، بێ ئەوەی لە وەسڵی دۆست بەهرەمەندبووبێ! (ئەمەش بۆچوونێك بوو کە لایەنگرو پشتیوانی هەبوو).

* بۆخۆی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا گوتی پاڵنەرەکانی وی لەم بارەیەوە هیچی تر نییە جگە لە پاڵنەرەکانی هەر هاووڵاتییەکی ئەمریکایی کە باوەڕی بەبەهاکانی ئەمریکا هەیەو پەست و نیگەران دەبێ کە ببینێ دارزین و ئابڕوچوونی ئەخلاقی و سیاسیی لوتکەی دامودەزگای دیموکراسی ئەمریکا تەڵخبکات.

زیاتر ڕێی تێدەچێ کە هۆیە پاڵنەرەکانی لیندا تریب تێکەڵییەك بێت لە هەموو ئەو شتانەی سەرەوە.

سەیروسەمەرەکەشی لەوەدایە، یەکەمین کاسێتەکانی کە دادوەر ستار تەماشای دەقەکانی کرد، گفتوگۆیەکی نێوان لیندا تریب و مۆنیکا لوینسکییە کە بەمشێوەیە بەڕێوەچوو:

- مۆنیکا: باوەڕدەکەی پێیگوتووم دەمەوێ دووربکەوینەوە، چونکە لەوانەیە تووشی گیروگرفتێکی ئەوتۆی بکەم کە نەیارەکانی بیقۆزنەوە؟!

لیندا: ئەو .... (ناولێنانی سەرۆکە کە ناشێ لەسەر کاغەز چاپی بکەین)

مۆنیکا: پێم گوت جا کەی من تووشی گیروگرفتم کردووی؟

لیندا: تۆ تووشی دەردیسەری بکەیت؟ ئەم سپڵەیە پێویستە سوپاسگوزاری ئەستێرەی بەختی بێ!

مۆنیکا: ئەوە (پیسایی) پیاوێکی .... (ناولێنانێکی تری سەرۆك کە ناشێ چاپ بکرێ.



لەوێنەدا خێزانێکی بەختەوەر

لیندا: تۆ دواکەسی کە دەشێ تووشی گیروگرفتی بکەیت.. تێکڕای گیروگرفتەکانی لە خەڵکی ترەوەن... دەبوایە سوپاسگوزاری ئەستێرەی بەختی خۆی بێ کە کیژێکی وەکو تۆ هاتە ژیانییەوە، دەردی سەری لە خانمانی ترەوە تووشی هات، ئەگەر ئەوەی بەتۆی گوتووە بە یەکێکی لەوانە بگوتایە، ئێستا ئەوان نەفرەتیان لە .... (هەندێك جنێو کە خانەوادەی سەرۆك دەگرێتەوە).

مۆنیکا: ئێ-ئێ-ئێ..

لەگەڵ لەسەر یەك کەڵەکەبوونی کاسێتەکان لە نووسینگەی داواکاری گشتی و لەگەڵ خوێندنەوەی وردی دەقەکانی، ئەوا ستار وای مەزەندە کرد کە ئەوە ئەوە، نەك سەرۆك کلنتۆن، دەبێ سوپاسگوزاری ئەستێرەی بەختی بێت!

وردەکاری ڕووداوەکان وردە وردە لە ڕێی قسەکانی مۆنیکا لوینسکییەوە دەرکەوت، مۆنیکاش وا درێژەی پێ دا تا گەیشتە پلەی لێ رژان و واوەتریش.

مەسەلەکە ئەوەنەبوو کە پیاوێك پەیوەندییەکی سێکسی، لە هەر چەشنێك بێ، لەگەڵ ئافرەتێکدا کردووە. هەروەها مەسەلەکە ئەوەش نەبوو کە پیاوێك ئەو کەتنەی لە بارەگای کاری خۆی و چەند فەرسەخێك لەولای نزیکترین هاوکارانییەوە کردووە. هەروەها ئەوەش نەبوو کە بارەگای ئەو کەتنە نووسینگەی سپی ئامێزی نێو کۆشکی سپی بوو. بەڵکو لەهەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەبوو کە ئەو مۆنیکایەی دیمانەی لەگەڵ کلنتۆندا هەبوو، دوای ئەوەی بانگێشتکرا لە کێشەی پاولا جۆنز لەبەردەم دەستەی سوێندخواردندا شایەدیبدات، لە کاسێتەکان و بەدەنگی ئاشکرای خۆی ڕایگەیاندوە کە سەرۆك داوای لێ کردووە حاشا لەو پەیوەندییە بکات، ئەگەر پرسیاریان لێ کرد. لۆژیکی کلنتۆن لەمەدا ئەوەبوو، کە پەیوەندیی نێوان دووان ناکرێ تەئکیدی لێ بکرێت، مەگەر یەکێکیان دانی پێدابنێت، مادامەکیش خەڵك نەیبینیون، ئەمەش وابوو، کەوابێ هیچ کەسێك ناتوانێ شتێك بسەلمێنێ، ئەگەر یەکێك لەو دوو لایەنە شتێکی وەك گەواهی دانپیانان نەسەلماندبێ.

دادوەر ستار زانی دواجار ئەوەی چنگکەوت کە لە کێشەکانی تردا عاسێ بوو:

1- دانپیانانێکی تەواوی مۆنیکا لوینسکی لەبەردەمدایە، بەوەی لەنێـوان خـۆی و کلنتۆنـدا قەوماوە.

2- هەروەك تەئکیـدێکی مۆنیکـا لوینـسکی لەژێـر دەسـتدایە، کە تێیـدا دەڵـێ سـەرۆك هەولێداوە بەدەستی خۆی فیریبکات دەبێ لە شایەدییەکەی بەردەم دەستەی سـوێندخواردن، لە مەسەلەکەی پاولا جۆنزدا، چی بڵێ؟

3- هەروەك لەم ئانوسـاتەدا تۆمـارێکی تەواوی حاشـاکردن و ڕەتکردنەوەکـانی کلنتـۆنی لەبەردەسـتدایە، چ لەبەردەم مایکرۆفۆنەکـان و زومـی کامێراکـان و چ لەبەردەم دەسـتەی سوێندخۆران لە کێشەکەی پاولا جۆنز، کە تێیـدا پـێ لەسـەر ئەوە دادەگـرێ، لەنێـوان ئەوو مۆنیکـا لوینـسکیدا هـیچ پەیوەنـدییەکی سێکـسی ڕووی نەداوە، ئەو شـایەدییەش لەکـاتی سوێندخواردنی گوتنی ڕاستیدا بووە، هەموو ڕاستی و هیچ شتێکی ترنا جگە لە ڕاستی.

4- دواجار ستار کراسە شینەکەی مۆنیکـا لوینـسکی لە کـنە، کە لەدوا دیـداری سـەرۆك کلنتۆندا ئەوەی لەبەردابووە، لەسەر کراسـەکە پەڵەی ئەوتـۆ هەبـوون کە کارگەکـان دەتـوانن خاوەندارێتی خاوەنەکەی بسەلمێنن!

بەم شێوەیە ستار هەموو ئاواتەکانی بەیەکجاری هێنایەدی.

- تاوانباری لەسەر شانۆی تاوانەکە دەستگیرکرد.

- لەو ساتەوەختە خۆش و گەرموگوڕەدا کەس لە دەوری تاوانبـار نەبـوو، نە پـارێزەران، نە ڕاوێژکاران و نە شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکان.

- جێدەستی- جیناتەکانی- پەڵەی سەر کراسێکی شینە.

- هـیچ دەسـەڵاتێك، یـان پرەسـتیج، یـان هـیچ پلەوپـایەیەك لە کـۆمەڵگەی کـراوەی ئەمریکادا نەیاندەتوانی سەرۆك بپارێزن، یان ڕەفتارەکانی پەردەپۆشبکەن.

- هیچ دەریچەیەك لەبەردەم سەرۆکدا نەمابوو، مەگەر دانپێدانان نەبێ، دوای حاشاکردن.

بەڵام سەرۆك سووربوو لەسەر ئەوەی کە درۆی نەکردووە، کاتێك گوتوویەتی لەنێوان خۆی و مۆنیکادا پەیوەندییەکی سێکسی نەبووە، ئینجا لە میـانی داکۆکیکردنـدا پێناسـەی تـایبەتی خۆی بۆ پەیوەندی سێکسی خستەڕوو، لەوانەش گوایە مۆنیکا کردوویەتـی و ئەو نەیکـردووە، لێوەکانی مۆنیکا ئەوەی پێـداوە کە ئەم ئـارەزووی لـێ بـووەو ئەمەش سێکـسە، جـگەرەکەی ئەمیش هەقی بەخشندەیی ئەوی داوەتەوەو ئەمەش سێکس نییە.

ستار ڕاپۆرتەکەی خۆی بۆ کۆنگرێس نـارد، ئەنجـومەنی نـوێنەرانیش پـاش چەنـد ڕۆژێـك خستیانە تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

(لەبیرمە ئەو شەوەی ڕاپۆرتەکەیان خستە سەر تۆڕی ئینتەرنێت، من لە لەندەن بووم، بەپێی وەعدێکی پێشتر لە هۆڵی ئوتێل کلاریدج دوو لە هاوەڵە دێرینە ئەمریکییەکانم بینی، ئەوانیش مێژوونووسی هەرە ناسراوو درەوشاوەی ئەمریکایی، ئارسەر شلیزنجر و لەگەڵیشیدا ڕۆژنامەوان و ئەستێرەی درەوشاوەی گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ڕۆناڵد ئیفانز بوون. پێکەوە چووینە ژوورەکەی ئیفانز تا لە تەلەفزیۆنەوە پەخشی ڕاستەوخۆ لە واشنتۆنەوە ببینین).

ڕای پەلەی ئارسەر شلیزنجەر وابوو کە (ستار تەعەسوفی لە یاسا نواندووە، بەبیانووی پابەندێتی یاساوە) ڕولاند ئیفانز بەپێچەوانەی وی گوتی: ئەگەر ستار تەعەسوفی نواندبێ یاخود نا ئەو گەردەلولەی بەرەو لای کۆشکی سپی هەڵیکردووە سەرەنجام سەرۆك لە نووسینگەکەی سپیئامێز هەڵدەقەنێ.


مۆنیکا و کلنتۆن

ئیتر گفتوگۆیەکی درێژو سەرنجڕاکێش دەربارەی کێشەکە لەنێوانماندا ڕووی دا.

(8)

گرفتی ڕاپۆرتەکەی داواکاری گشتی کینس ستار وابوو، کە لە ڕاپۆرتێکی سیکسی پڕ لە ڕووداوو گوزارشت و قسەی ئەوتۆ دەچێ کە کەس پێیوانەبوو دەشێ لە ڕاپۆرتێکی یاسایی یان سیاسیدا بنووسرێ، ستار کە ڕاپۆرتەکەی خۆی بەیارمەتی کۆمەڵێك لە شارەزایانی دەوروبەری نووسی، کە ئەوانە لە مامۆستا هەرە باشەکانی یاسان، نەیدەویست ڕاپۆرتێکی تا ئەو ئەندازە ڕووتو قووت بنووسێ، بەڵام پێویستی هەلومەرجەکە حوکمی خۆی کرد.

- دواجار تاوانباری تەڵەکەبازی گرت، دەشیەوێ لەو شوێنەی گرتوویەتی، بیهێڵێتەوە،

- جا تاوانبارەکە بەسەر تاوانەکەیەوە گرتووە- دەشیەوێ بەسەر تاوانەکەوە بیهێڵێتەوە بۆ ئەوەی هەمووان، لە سەروشیانەوە کۆنگرێس، بیبینن.

- تاوانبارەکەی لە حاڵەتی درۆکردندا گرتووە، دەشیەوێ درۆکە لە جێی خۆی، لەسەر زمانی بمێنێتەوە.

- تاوانبارەکەی لە حاڵەتی سوێندی درۆدا گرتووە، دەشیەوێ سەدای دەنگی، لەکاتی سوێندی درۆدا، هەروا بیستراوبێ.

بەو پێیەی ڕووداوی گرتنەکە، وردەکاری و دەرگیرییەکانی سێکس بوون، بۆیە سەرنجی گشتی وەرگیراو لە ڕاپۆرتەکە تێکڕای سێکس بوو، ئەمەش چونکە ڕاپۆرتەکە وەسفێکی دووردرێژی ڕووداوەکە بوو، بەو شێوەیەی لەلای دادوەر ستارو یاریدەدەرەکانی دەرکەوتبوو. بۆ

بەدبەختی ڕاپۆرتەکەی ستار واکەوتەوە هەمـوو ئەو مەرجـانەی تیـدا بێـت کە مامۆسـتایەکی وانەبێژی کۆلێژی ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی کۆل ـۆمبیا بۆ ئەو توخمانەی دەستنیشانکردبوو، کە هەواڵێکـی وروژێـنەری نمـوونەیی پێکـدێنن، سێکـسیش یەك لەو توخمـانەیە، بەم شـێوەیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن یەکەو سەر بەرەو گـرنگەکە بازیانـداو پیـشەکییەکەیان لە دوای خۆیـان بەجێهێشت، بەشێوەیەکی وردتـر کەس لەئاسـتی پەنجـا لاپەڕەی یەکەمـی ڕاپـۆرتەکەی سـتار، کە بەرایی ئەو شرۆڤەکردنەی ئەوی تێدایە دەربـارەی دەعـوای تۆمەتبـارکردنی سـەرۆك، هەڵوەسـتەی نەکرد٠


مۆنیکا، دۆسێیەکی سیاسیکراو

دادوەر ستار دەیویـست بڵـێ، هەر بەفیعلـیش وای گـووت: ئەوەی کە بـۆ ئەو گرنـگ بـوو لە کێشەی مۆنیکا لوینسکی، ئەوە نەبوو کە سـەرۆك چۆن لە نووسینگەکەیدا ڕەفتاری لەگەڵدا کردووە، بەڵکـو ئەوەبـوو کە سـەرۆك پێـشتر چـۆن لەگەڵ هەر تـۆمەتێکی ئاڕاسـتەکراودا هەڵسوکەوتیکردووە٠

- شوێنپێیەکانی خۆی لەسەر شانۆی تاوانەکە سڕییەوە، یان هەوڵی بۆ دا٠
- ئەرکی پڕکردنەوەی هەموو کەلێنێکی بۆ پارێزەرەکـانی بەجێهـشێت، یـاخود هەوڵـی دا وابکات٠
- ئەرکی پەردەپۆشکردنی هەموو کەموکورتییەکی لە بەرەڤانیـدا بەشـارەزایانی پەیوەنـدییە گشتییەکانی سپارد، یان هەوڵی دا وابکات٠

دواجاریش کە زانی حاشاکردن کەڵکی نیـیە، دانیپێـدانا، بەڵام تەنهـا دانپیـانێکی مرۆیـی، لایەنی یاسایی فەرامۆشکرد یاخود هەوڵی دا وابکات، بەڵام کلنتۆن لە هەموو حاڵێکدا- پـێش دانپیانـان- هەمـوو شـێوازێکی لەگەڵ قوربانیـانی گـرتەبەر، هەر لە هەڕەشـەوە بـۆ فریـودان٠ خەڵکانێکی نادیاری دۆزیەوە کە هەڕەشەکانی جێبەجێبکەن و لە ئاماژەی فریودانیشدا پـشتی بەهاوڕێنانی خۆی بەست، یەکەمین کەس پشتی پێ بەست- بەتایبەتی لە حاڵەتی سـەرچڵی هەمەجۆری مێبازیدا، لەوانەش پرسـەکەی پـاولا جـۆنز، پـارێزەری ناسـراوی زنجـی، فیرنـۆن گۆردانی هاوڕێی بوو٠

(پێویسته لێرەدا لەلایەن خۆمەوە ئەوەی بخەمە سەر، کە من لەو ڕۆڵانەی فیرنون گـۆردان گێڕاویەتی سەرم سوڕما، بەتایبەتی لە کێشەی مۆنیکا لوینسکی، چونکە بەندە پتـر لە جارێـك ئەم زاتەم لە نوسینگەکەی خۆی لەواشـنتۆن بینیـوە، بەژیـری و زرنگـی و سـەنگینی خـۆی سەرنجی ڕاکێشام و بەگرنگترین کەسایەتییە ڕەشپێستەکانی هاووڵاتیانی وڵاتە یەکگرتووەکانم دادەنا.

پاشان لەهەندێك هاوڕێی هاوبەشی خۆم و گۆردانم پرسی، داخۆ ئەم کابرایە چۆن ڕازیبـوو، چۆن کبریائی ڕێی پێدا، لەکاتێکدا کبریا لە حاڵەتی ئەودا خەریك بوو دەگەیـشتە گرێـی خـۆ بەزلزانین؟

وەڵامی هاوەڵە هاوبەشەکانمان وابوو، کە فریوی بریقوباقی نزیکبوونەوە لە دەسـەڵاتی بـاڵا وایان لە فیرنون گۆردان کرد خۆی لەبیربکاو بەوە ڕازیبێ کە سنووری نێوان شـیاو و نەشـیاو ببەزێنێ. فیرنون گۆردان بوو کە لە قۆناغە بەراییەکانی کێشەکەدا بانگی مۆنیکا لوینسکی کرد هەتا سەردانی نووسینگەکەی بکـات، بـۆ ئەوەی بێـدەنگییەکەی بکـرێ و دوور لە واشـنتۆن کارێکی بۆ پەیدابکەن، ئینجا بەفیعلی لەگەڵ خۆی بردی بـۆ لای ریچـارد هـالبرین جێگـری سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای ریفلون بۆ کەرەستەکانی ماکیـاژو خۆجـوانکردن، گۆردان داوای کرد (لەسەر داوای کلنتۆن) مۆنیکا ڕەوانەی کارێکی مووچە زۆر لە کۆمپانیـاکە بکرێ، بۆ ئەوەی بێدەنگییەکەی دەستەبەربکرێ و لە وانشتۆن دووربخرێتەوە).

دادوەر ستار لە پێشەکی ڕاپۆرتەکەیدا ڕایگەیانـدو چەنـدجارێکیش دووپـاتیکردەوە، ئەوەی ئەو دەیەوێ لەسەر سەرۆك بیسەلمێنێ، تەنها قەومانێك نیـیە، بەڵکـو جۆرێـك **(Pattern)** یـان شێوازێکە لە ڕەفتار کە دەکرێت هەموو قەوماوێك شرۆڤەبکات!

ئینجا ستار عوزری خواست سەبارەت بەوەی کە زۆر باسـکردنی وردەکارییەکـانی سـێکس بەئەنقەستە تا بسەلمێنرێ کە سەرۆك کەتنی پەیوەنـدی سێکـسی کـردووەو بەتەنهـا مۆنیکـا بەرپرسیارنییە، بەڵکو وەسفی سەرۆك بـۆ ئەوەی ڕووی داوە درۆیە. ئەمەش تـاوانی شـایەدیی درۆیەو دەخرێتە سەر ئەوانەی پێشترو دەبێتە تاوانێکی سەربار.

ئەو – واتـا دادوەری سـەربەخۆ- دەیەوێ کورتهێنـانی تـاوان لە پاڵپـشتکردنی تـاوان بسەلمێنێ و تەئکید لەسەر ئەوە بکاتەوە، تەنها ڕەواییە کە پاڵپشتی ڕەواییە.

لەکاتێکدا کەڵەکەبوونی تۆپەڵی درۆ لە دوا سـەرەنجامدا دەبێـتە مـایەی کەوتـن و پـسان، ئەمەش مەغزای مەسەلەکەو حیکمەتەکەیەتی، گەواهی و شایەدیشێتی!

***

ناچاربوونی سەرۆك- ویلیام جیفرسۆن کلنتۆن- کە بەپێی یاسـای (لە **12**ی سـێپتەمبەری **1998**) بێتە حزوری داواکاری تایبەتی، گەورەتـرین سـوکایەتیکردنە کە سـەرۆکێکی ئەمریکـا

تووشی هاتبێ٠ ئینجا وتارەکەی لەهەمان شەودا کە ئاڕاستەی گەلی ئەمریکای کردبوو، گەورەترین زامی مەعنەویی بوو کە لەم چەرخەدا سەرۆکێك خۆی پێ تووشکردبێ٠

ئەگەرچی سوپای پارێزەران و ڕاوێژکاران و شارەزایانی پەیوەندییە گشتییەکان هەموو هونەرو زانستێکی خۆیان خستەگەڕ، بەڵام لەو ڕۆژەدا هیچ شتێك کەڵکی نەبوو٠

ئەگەرچی یەك لە ڕاوێژکارانی سەرۆك، جیمس کارافیلی شارەزا لە پەیوەندییە گشتییەکاندا، لە هەموو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ستاری بەوە تاوانبارەکرد، جگە لە سێکس بیر لە هیچ شتێك ناکاتەوەو بەهۆی گرێی دەروونی لە کەسێتی خۆیدا شێتی سێکسە، جگە لە سێکس هیچ شتێکی تر نابینێ، جگە لە سێکس بیر لە هیچ شتێك ناکاتەوە، بەڵام ئەمانە هەمووی لەو ڕۆژەدا، **13**ـی سێپتەمبەر لاڵو بێ زمان بوون، چونکە خودی سەرۆك لەوێبوو، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بەهەمووانی دەگوت کە ئەو بەفیعلی پەیوەندییەکی بەدڕەفتاری لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا، مسس لوینسکی، هەبووە٠ ئینجا بەزمانی موبارەکی خۆی بەگەلی ئەمریکا دەڵێ کە ئەو (درۆی لەگەڵدا کرد) خانەوادەکەی خۆی، ژنەکەی و کچەکەی کە لای ئەو لە هەموو ئینسانێکی تر خۆشەویسترن، فریوداوە٠ ئینجا لێگەڕا دڵۆپێك لەچاویدا بریسکەی بێ، ڕێی بە پەشۆکاوی دەنگیدا بەنەبرەیەکی خەمبارانە وەك هەوڵێك بۆ داوای لێبوردن، بەڵام هەرکەسێك گەر لە وێنەکە وردببوایەتەوە، دەیتوانی لەو ساتەدا سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان وەك (مشکی ناو تەڵە) ببینێ٠

لەو شەوەدا ئەوە کۆنگرێس نەبوو، کە لە دەرگای تەڵەکە وەستابوو، هەروەها پاسەوانی زیندانەکەش میدیاکان نەبوون، بەڵکو کێشەی گەورەی کلنتۆن لەو شەوەدا لەگەڵ ژنەکەی هیلاری بوو٠

پەیوەندیی نێوان بیل کلنتۆن و هیلاری رودهام سەیرترین پەیوەندی بوو، بێگومان دەشبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بێکۆتایی بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستییەکەی دەربکەوێ٠

ئەو پەیوەندییە کە بە کەمەندکێشییەکی دوو سەرە دەستیپێکرد، بەڵام ئەو کەمەندکێشییە سۆزداری نەبوو، مەگەر ماوەیەکی کەم نەبێ، ئینجا سۆزداری پاشەکشەیکرد بۆ ئەوەی ڕێگا لەبەردەم جۆرێك لە هاوبەشێتی خۆش بکات، کە مەیلی خواستی سیاسی هەیە، تاڕادەی ئەوەی لە دڵی هەردووکیاندا گڕیگرتبوو٠

لای کلنتۆن سووتانو پەرۆشی بۆ خواستە سیاسییەکان شتێکە مایەی لێحاڵیبوونە٠

بەزۆری بڵێسەی گڕەکە کاتێك گرتی کە دایکی ڕاشکاوانە پێیوت بەتەواوی لەوە دڵنیانییە داخۆ کێ باوکێتی، چونکە لەسەردەمی سکپڕیدا زۆری دەخواردەوەو هەر شەوەی لە دارێکی دەگوزەراند، بەم شێوەیە بێل ناوی کلنتۆنی هەڵگرت کە مێردی دواتری دایکی بوو، بەڵام هەر

ئەمەش بوو وای لەو زارۆکە کرد لە خەمی ئەوەدا بێ خواست و خەونێك بخوازێ کە بەسەر هەموو ڕەچەڵەکێکدا زاڵبێ، لە کۆمەڵگەیەکدا کە تا پلەی موعجیزە (پەرچوو) هەل بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێ.


کلنتۆن

کلنتۆن لە هەرزەکارییدا هەستیکرد خزمەتی ئاڵا لە ڤێتنام (لەو کاتەدا) پەکیدەخات. بۆیە هەلی خۆدزینەوەی سازان، ئینجا هەلومەرجەکە یارمەتیدا تا شوێنێك لە زانکۆی (جۆرج تاون) لە واشنتۆن بۆ خۆی دابینبکات، دواتر یەکێك لە بەخششەکانی رۆدس (سیرسیسیل رودس) لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەرکەوت کە بۆ ماوەی دوو ساڵ یاسا بخوێنێ، دوای ئەوە گەڕایەوەو پەیوەندی بە نووسینگەیەکی پارێزەرییەوە کرد.

بەڵام چاوی لە سیاسەت گیربوو، کە هەستیکرد ئەمە دزەیکردە نێو بیلبلەی خەونەکانییەوە، کاتێك ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ خوێندنگە ناوەندییەکەیدا بەگەشتێك چوونە کۆشکی سپی و ئەمیش چانسی تەوقەکردنی لەگەڵ جۆن کندی سەرۆکی ئەوسای وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ ڕەخساو وێنەیەکیشی لەگەڵدا گرت.

لەکاتی کاری پارێزەری و خوێندنی یاسا لە کۆلێژێکی ناوخۆیدا، بیل چاوی بەهیلاری کەوت و سەردەمێکی پەیوەندیی نێوانیان دەستیپێکرد کە زۆری نەبرد بووە گرێبەندێکی وا تێیدا هیلاری لایەنی زاڵبوو، چونکە لایەنی خاوەنی توانای تێگەیشتنیشە.

هیلاری بەزوویی خاڵی لاوازی بیلی دەستنیشانکرد، هیچ نەبێ جارێکیان لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کلارك کلیفۆرد، (عەمیدی پارێزەرانی دیموکرات و وەزیریان لەپتر لە کابینەیەکدا) باسیکردووە.

مەزەندەی وابوو خاڵی لاوازی مێردەکەی ئەوەیە، کە ئامادەیە دوای هەر ئافرەتێك بکەوێ. بەمەش، بەپێی لێکدانەوەی هیلاری، تۆڵە لە دایکی دەستێنێتەوە کە نەیتوانی ئەوەی بۆ دیاریبکات کێ باوکێتی؟

ئەم تێگەیشتنە بۆ گرێی کلنتۆن کە هیلاری دواتر وەك پاکانەیەك خستییە بەردەم ژمارەیەك لە دۆست و نزیکەکان تا وەڵامی ئەو پرسیارەیان بداتەوە بۆچی چاوپۆشی لە دەیان ناپاکی مێردەکەی کرد کە خۆی ئاگای لێ بووە، ئایا بەمە هاندەری (کلنتۆن) نەبووە کە پێ درێژی بکات؟

لەوانەیە شرۆڤەکەی هیلاری هەندێك ڕەوایی تێدابێت، بەڵام ڕاستێکەی پەیوەنـدیی نێـوان ئەو دووانە لەوە ئاڵۆزتریش بوو، چونکە هەردووکیان لەسـەر ئەوە یەکیـانگرت، یـاخود گـرێ‌و گرێبەستی نێوانیان یەکیگرت، کە تا پلەی تاگرتن هەڵوەدای هێز و نفوز و شتی دیکەی جگە لە هێزو نفوز، بن.

(سیاسەتمەدارێکی دیاری ئەمریکایی، کە ڕێی پێ نەدام ناوی بدەمە پـاڵ قـسەکەی، پێـی گوتم هەقایەتی بیل و هیلاری پێویستی بەخوێندنەوەیەکی تری چیرۆکەکەی (فاوسـت) هەیە کە گۆتە، شاعیری گەورەی ئەڵمانیـا، نووسـیبووی، هەقـایەتەکەی گـۆتە هەقـایەتی پیـاوێکە هاوپەیمانێتی لەگەڵ شەیتاندا بەست.

بەگوێرەی بیروڕای سیاسەتمەدارە پـایە بڵنـدە ئەمریکـاییەکە بیـل و هـیلاری هەقـایەتی پەیمـانێکی تـرە لەگەڵ شـەیتان، شـەیتان لەگەڵ شـەیتان، نەك هەقـایەتی پیاوێـك لەگەڵ شەیتاندا!).

کاتێك کلنتۆن یەکەمین خەونی خۆی بەدیهێناو بووە حاکمی ویلایەتی ئەرکنـساس، ئیتـر زانـرا کە نووسـینگەی ژنەکەی، هـیلاری، ناوەنـدی هەسـتیاری دەمـاری بڕیـارە لە تەواوی ویلایەتدا.

کاتێك خەونەکانی بیل کلنتۆن فراوانبوون، بۆی لوا بچێـتە کۆشـکی سـپییەوە، بەدرێژایـی جادەی بنسلفانیا تا دەگاتە نیشتەنی تازەیان، هیلاری هەنگاوبەهەنگاو شـان بەشـانی کلنتـۆن دەرۆشت.

ڕۆژی دواتر، کاتێك هەردووکیان چوونە کۆنگرێس، تا لەسـەر خـوانی کارێـك ئەنـدامەکانی ببینن، توانجی پاتریك موینهان، یەکێك لە ئەندامە هەرە دیارەکانی ئەنجومەنی پیران، وابوو کە نەوسنێکەی بیل سەرنجیراکێشا. هیچ شتێك نەما لەبەردەمـی بیـل دانرابێـت و لێـی نەخـوا. وەسفی پاتریك وابوو، بیل بەهێزتـرین (مەکیـنەی خـواردنە) کە لە ژیانیـدا بینیـویەتی، بەڵام ئەوەشی لە هیلاریدا سەرنجیڕاکێشابوو، بایەخدانی بوو بەوێناکردنی نەخشەیەك بـۆ پێگەکـانی کارتێکردن و نفوز پەیداکردن لە کۆنگرێسدا، موینهان وا وەسفی هیلاری کرد، کە مەکیـنەی لە قوتونان و بەرگتێگرتنی زەلاتەیە.

لەوانەشە نەوسنی بیل لە قوتدانی هەمووشتێکدا، ڕۆڵـی لە سەرچڵییەکانیـشیدا بینیبێـت، چونکە مەسـەلەکەی جنیفـر فـلاورز لەکاتێکـدا تەقیـیەوە، کە ئەو تـازە پێیـدەنایە کۆشـکی سپییەوە. ئینجا مەسەلەکەی پاولا جۆنزی بەسەرداهات، کە هێشتا ئەو لەسەر کورسـییەکەی خۆی، لە نووسینگەکەی، ڕۆنیشتبوو!

بەڵام هیلاری لێبوردەو مژوڵـی کـارە تایبەتییەکـانی خـۆی بـوو، هەروەك بیرکردنەوەشـی مژوڵی بایەخدان بـوو بە بەشـداریکردن لە سـەرۆکایەتیدا. بەم شـێوەیە هـیلاری گـوێی بەوە

نەدەدا کە ڕوودەدا یـان دەگـوترێ، هەر بەفیعلـیش لەو ڕۆژانەدا بـایەخی خـۆی ئاڕاسـتەی پرۆژەی گشتی دابینکردنی تەندروستی دەکرد. ئەوەبوو خۆی کۆتایی مـانگی ینـایری (1993) چووە گۆنگرێس و لەوێ پرۆژەکەی خستەڕوو و داکۆکی لێ کرد. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین وتاری مێردەکەی دەربارەی بارودۆخی وڵاتە یەکگرتووەکان!

***

پروپاگەندەیەکی زۆر دەوروخولی هیلاری داو زۆربەشیان هیچ گەواهییەکی گردەبـڕ تەئکیـدی نەکـردنەوە، بەڵام پروپاگەنـدەکانی دەوروخـولی بیـل گەیـشتنە پـلەی تۆمەتبارکردن. کەچی ئەم بەدرۆ خۆی دەربازدەکردو هەڵدەهات، هیلاریش (لەسـەری دەکردە ماڵ) و لیی خۆشدەبوو، ئینجاش لەکاتی گونجـاودا خۆرسـکانە سـەرکردایەتی داکۆکیکردنی دەکـرد لەبەردەم ڕای گـشتیدا، تـا ئەوکـاتەی ئـابڕوچوونەکەی مۆنیکـا لوینسکی قەوما، کلنتۆن لە شوێنی تاوانەکەو لەو کاتەی پارێزەرو ڕاوێژکارەکانی لەوێ نەبوون، دەستگیرکراو حاشاکردنیـشی کەڵکـی نەبـوو، چـونکە جـێ پەنـجەی بەسـەر کراسەشینەکەوە بوو.

شەوەکەی، هەروەکو ڕاپۆرتێکی ناسیۆناڵ ئەکوایرر ئاماژەی پێ دا، کە ئاژانـسە گەورەکـانی هەواڵ (لەوانەش ئاسوشێدپریس و ڕۆیتەرز) و هەرسێ تۆڕە سەرەکییە تەلەفزیۆنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانیش پەخشیانکردەوە، هیلاری خێوێکی دڕنـدەبوو لە کۆشـکی سـپیدا. تەنـانەت گەیشتە ئەوەی جنێو بەمێردەکەی بدات، کە ئەویش وەڵامیدایەوە. هیلاریش کلۆپی چرایەکی تێگرت کە چەوتیهێناو بەری نەکەوت.

کاتێك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا ئاکامی دەنگدان لەسەر بڕیاری حەجرخستنە سـەر سەرۆك، بەپێی دووبڕگە دەرکەوت، ڕادەی گرژی نێوان هیلاری و بیـل گەیـشتە یەخەگیـری یەکتری، تا ئەو ڕادەیەی کە سەرۆك قیژاندی بەسەر پاسەوانەکەیداو پێیگوت: ئەم ئـافرەتە..م لێ دووربخەرەوە، (ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی ئەو وەسفەی کە کلنتۆن بەکاریهێنا، لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوکردەوە.)

***

**3-** بەپێی ڕاپۆرتێکی بڵاوکـراوە، لە ڕۆژنـامەی واشـنتۆن پۆسـت و نیویـۆرك تـایمز (وهـی دیکەش) لە ڕۆژی (26)ی سێپتەمبەری ئەمساڵدا، ئەو پاسەوانەی سەرۆك فەرمانەکەی پـێ دابوو، خەڵکی تریش لە کۆشکی سپی، گوتیان: هیلاری ئەعسابی خۆی لەدەستدا، تا ئەو ڕادەیەی قەڵەمێکی کێشا بەدەموچاوی مێردەکەیداو ناچار ماکیێرێکی شارەزایان بـانگکرد تا ئاسەواری زەخمەکە پەردەپۆشبکات، ماکیاژکردن لەو حاڵەتـدا پێویـست بـوو، چـونکە کلنتۆن پـاش مـاوەیەك دیـداری لەگەڵ ئەنـدامە دیموکراتەکـانی ئەنجـومەنی نـوێنەران

هەبوو، کە هەوڵیانداو لە هەوڵەکەشدا شکستیانخوارد، لەمەپڕ بخەنە بەردەم بڕیاری حەجرەکە.

(٩)

پرۆژەی ئەو بڕیارەی لیژنەی کاروباری یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەران بەتەواوی دەستەکەیەوە ناردی و بووە بنچینەی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران لە حەجرخستنە سەر سەرۆك، بڕیارێکی پارتی کۆماری نەبوو بەتەنها، بەڵکو سی نوێنەر لە دیموکراتەکانیش (پارتەکەی سەرۆك) پاڵپشتیبوون.

گفتوگۆ کراوەکانی کران، چ ئەوەی لیژنەی کاروباری یاسایی و چ ئەوەی لە هۆڵی ئەنجومەن بەتەواوی دەستەکەیەوە کران، وانەیەکی مەزنی پیادەکردنی دیموکراسی بوو، لەوانەشە کۆمەڵگەکانی دنیای سێیەم بتوانن لە گفتوگۆکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا شتێکی زیاتر، فێربن تا لە ڕەفتارەکانی کلنتۆن (بەتایبەتی ڕووماڵکردنی وێنەیی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لێهاتوویەکی جاویدانی هەیە. لەکاتێکدا وێنە لە جیهانی سێدا لەرزۆك و سەرەتاییە. وانەی پرسیارو وەڵام لە گفتوگۆکانی لیژنەو ئەنجومەندا جوان و ڕێکوپێك بوون:

* ئایا دەکرێ لەبەر هەوەسێکی سێکسی حەجر بخرێتە سەر سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان؟

- هەوەسە سێکسییەکان گوناهێکی خۆیەتی و ئێمە لەسەر ئەوە لێی ناپێچینەوە، ئەگەرچی ئەو شێوەیەی سەرۆك ڕەفتاری پێ کرد زیانی بە پۆستەکەو بەدەوڵەتیش گەیاند.

* ئەوە کێشەی خیانەتێکی ژن و مێردایەتییەو خانەوادەکەش لێی خۆشبوون.

- خانەوادەکەی دەتوانێ لە خیانەتی ژن و مێردایەتییەکەی ببورێ و ئەمەش بابەتی لێپێچینەوەکە نییە، بابەتی لێپێچینەوەکە ئەوەیە کە بەرپرسی یەکەمی جێبەجێکردنی یاسا درۆی لەگەڵ دەستەیەکی گەورەی سوێندخۆراندا کرد، لەکاتێکدا سوێندی لەبەردەم خواردبوون کە ڕاستی، تەواوی ڕاستیان پێ بڵێ و هیچ شتێکی تر جگە لە ڕاستی نەبێت.

* بەڵام تەواوی ڕای گشتی لەگەڵ ئەودان، ئایا کۆنگرێس دژی ڕای گشتی دەوەستێتەوە؟

- کۆنگرێس بەرپرسە لە دەستوورو یاساو هەقی بەسەر ئاکامی ڕاپرسیەکانی ڕای گشتییەوە نییە.

* زۆرینەی ڕای گشتی لە دژی داواکاری سەربەخۆ کینیس ستارەو پێیوایە ئەم کابرایە لەبۆسەدابووە بۆ سەرۆك و ڕاویناوە، بۆیە بۆتە کەسێتییەکی ناحەز.

- پێویست ناکات قسە لەسەر ئەوە بکرێت، داخۆ کابرا کەسێکی خۆشەویست یان ناحەزە، ئێمە لەبارەی کەسێتییەکەیەوە نادوێین. قسەمان تەنها لەسەر ئەو ڕووداوە سەلمێنەرانەیە کە هێناویەتییەوە.

* میللەت هەموو ڕاستییەکانی زانی، کەچی پشتیوانی خۆی لە سەرۆك نیشاندا.

- کۆنگرێسیش لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردراوە، جا ئەگەر ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی میزاج و مەیلی میللەت لەم ساتەوەختەدا نیشانبدات، ئەوا ئەرکی کۆنگرێس وایە کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دەستوور و یاسا بکات لە هەموو ئانوساتێکدا.

* باشە ژیانی تایبەتی هەموو مرۆڤێك، تەنانەت ئەگەر سەرۆکیش بێت، حورمەتی خۆی نییە؟ ئایا سەرۆکەکانیش مرۆڤ نیین؟ ئایا ناشێ ئەوانیش ژیانی تایبەتی خۆیانیان هەبێت؟

- ژیانی تایبەتی هەموو هاوولاتییەك بەدەستوورو یاسا پارێزراوە، کەسیش لێرە لە ژووری نووستنی سەرۆك یان ژووری نووسینگەکەی نزیك نەبۆتەوە، ئەگەرچی ئەوێ شوێنی شیاوی پیادەکردنی تایبەتمەندێتییەکان نییە، بەڵکو نزیکبوونەوە کاتێك بوو کە سەرۆك لەبەردەم نوێنەرانی یاسادا ڕاوەستاو سوێندی بۆ خواردن کە جگە لە گوتنی ڕاستی، تەواوی ڕاستی، هیچی تر نەڵێ. یەکەمین ئەرکی سەرۆکیش، بەپێی دەستووری ئەمریکا، بەرپرسیارێتییەتی لە پاراستنی یاساو پابەندێتی بەیاساوە.

(لەوانەیە ئەم خاڵە خستنەسەری فراوانتری بوێت، ئەویش ئەوەیە کەسیاسەت میدیای بەهەموو کەناڵەکانییەوە خستەگەڕ تا خیتابی خۆی بگەیەنێتە هەموو خەڵك لە هەر کوێیەك بن، لە بەرامبەریشدا میدیا ئەو مافەی بەخۆی دا، لەو شوێنەی کەلێین وێنەیان بۆ هەموو خەڵکی بگوازێتەوە. سیاسەت میدیای ڕاپێچی دوورترین مەوداکرد، میدیاش تا قوڵترین دەریچە چووە نێو سیاسەتەوە.

بەم شێوەیە ئەو تەکنەلۆژیایەی هەندێکجار دەرفەتی چەواشەکاری بەسیاسەت دا، تۆڵەی خۆی بەوە سەندەوە لەبەرامبەردا هەقی ئاشکراکردنی چەواشەکارییەکانی هەبێ!).

* ئایا سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان گوزارشتکاری ڕۆڵی وڵات نییە لە هەلومەرجێکدا بەرپرسیارێتی ڕێبەرایەتیکردنی دنیا کەوتووەتە ئەستۆی؟ ئایا ئەمەی لە سەرۆك دەقەومێ تانە لە ڕۆڵی ڕێبەرایەتی ئەمریکا نادات؟

- ئەسڵەن پێچەوانەکەی ڕاستە، وڵاتە یەکگرتووەکان وڵاتێکی دنیای سێ نییە، بۆیە ئەگەر سیستمی سیاسی ئەمریکا بتوانێ لەکاتی سەرپێچیکردنی یاساو دەستووردا دادگایی سەرۆکەکەی بکات، ئەوا گەورەترین ڕۆڵی ئەمریکا دروست ناکات، بەڵکو گوزارشتی لێ دەکات. لەوانەیە ئەمەی ڕوودەدا کار لە دەسەڵاتی سەرۆك بکات، بەڵام هێزی سیستمی

سیاسی قەرەبوویـدەکاتەوە. لەوانەیە ئەمەی ڕوودەدا کـار لە هەیبەتـی سـەرۆکایەتی ئەمریکـا بکات، بەڵام هێزی دەوڵەتی ئەمریکا ئەو کێماسییە پڕدەکاتەوە.

* ئایا شیاوە بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە کەنداو، سەربازو ئەفسەرانی گوێیان لەو شێوازە بێـت کە کۆنگرێس مامەڵەی پێ دەکات لەگەڵ سەرۆك کە ڕێبەری باڵای هێزە چەکدارەکانە؟

- ئایا شیاوبوو دەرهەق بەو هێزانە، کە ڕێبەری باڵایان وا لەگەڵ مۆنیکـادا ڕەفتاربکـات کە کردی، لەهەمان ئەو شوێنەی بڕیاری شەڕو ئاشتی لێ دەدرێت. نەك تەنها لە کەنـداو، بەڵکـو لە هەموو جیهانیشدا؟

هەڵوێستی ڕای گشتی لە کێشەکەی کلنتۆن و ستار جێی سەرسوڕمانی زۆر کەس بـوو لە سەرتاسەری گۆی زەویدا، سەرچاوەی سەرسوڕمانەکەش ئەوەبوو کە ئاکـامی ڕاپرسـی گـشتی نیشانیدەدات:

**1-** ڕای گشتی ئەمریکا پێیوایە سەرۆك پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مۆنیکادا کردووە.



**کۆنگرێس**

**2-** هەروەك پێیـــــــوایە ســـەرۆك لە ســـوێندخواردندا درۆی حاشالێکردنی کرد.

**3-** هەروەك تەفسیرکردنی ســـەرۆك بـــۆ پەیوەنـــدیی سێکـــسی (گـــوایە مۆنیکـــا کردوویەتی و ئەو نەیکردووە) قەناعەتی بەکەس نەهێناوە.

**4-** بـاوەڕبوون بە سـەرۆك لە (**30**٪)ی ئەو دەنگـــــانەی تێنەپەڕاندووە کە بەشدارییان لە ڕاپرسـییەکانی بـۆ پێـوانەکردنی ڕای گـشتی ئەنجامـدراون، کردووە.

**5-** سەرۆك بەو هەموو شتانەی کردوونی، شایستەی سزادانە.

کەچی سەرەڕای ئەوەش ڕێژەی ئەوانەی لابردنی سەرۆکیان ڕەتکردەوە لە (**70**٪) زیـاتربوو. ڕای زۆرینەی دەنگەکانە وابـوو کە سـزادانی سـەرۆك بە تـۆمەت و سەرزەنـشتکردنێکی تونـد ببڕێتەوە، ئینجا وازی لێ بێنن ماوەی سەرۆکایەتی خۆی تەواوبکات.

زۆرکەس پێیانوابوو کە سەرەنجام هەست و نەستی ڕای گشتی لەبارەی حەجرخستنە سەر سەرۆك تەلیسمێکی پڕ ناکۆکی بوو، وای دەبینم هەر ئەمەش ڕاوبۆچوونمە. میللەتـی ئەمریکـا

لەم کێشمەکێشەدا گەلێك هوشیارانە ڕەفتاریکردو هەڵوێستەکەشی ژیرانەتربوو لە مەزەنـدەی زۆربەی چاودێران، کە پێیانوابوو سۆزدارانەو بەپێی میزاج بووە.

هۆکارەکانی ئەمەش، پێموایە زۆرن:

یەکەمیان- بەرنامەی کۆمەڵایەتی کلنتۆن زیاتر لە بەرنامەی پارتی کۆماری جێی پەسەندی کۆمەڵانی خەڵك بوو، چونکە لە بواری چانسی کارو بیمەو دابینکردنـی تەندروسـتیدا کلنتـۆن توانی زۆرێك لەو بەڵێنانە بۆ تێکـڕای خەڵکـی ئەمریکـا بەدیبێنێـت کە بەتەبـیعەت سۆشـیاڵ دیموکراتەکان دەیدەن و نزیکیشبوو لەوەی وەسفی سیاسـەتی ڕێگـای سـێیەمیان لێنـا، واتە سەرمایەداری بە ڕوویەکی ئینسانیانەی ئەوتۆ کە دەوڵەت ڕۆڵی درەوشانەوەو تەئکیدکردنەوەی تێدا بگیرێت.

دووەمیان- کلنتۆن ئەو دەرامەتـانەی لەبەردەسـتدابوو کە بـواری دەدا بەرنـامەکەی خـۆی جێبەجێبکات، ئەمەش بەهۆی پاشکەوتەی ئەو لە ئەنجامی دابەزینی ئاستی پێشبڕکێی چەك، لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و نەمانی شەڕی ساردەوە، دروستبوو، دابەزینەکە گەیشتە (30٪). لێرەدا لەوانەیە پیاوەتی سەرکەوتنی بەرنامەکەی کلنتۆن بەپـلەی یەکەم بـۆ ڕێبەرانـی سۆڤیەت، بەتایبەتیش بۆ گۆرباچۆڤ و یەڵـسن، بگەڕێـتەوە، ئەوان یـارمەتی ئاشـبەتاڵپێکردنی دەوڵەتە کۆمۆنیـستەکەی خۆیانیـان دا، زیـاتر لەو گوشـارانەی نەیارانیـان لە ئۆردوگـای سەرمایەداری خستیانە سەری.

تێبینیدەکرێ ئەم وەفرە لە تێچووی چەك وردە وردە دەهاتەوەخوار، ئەوەبوو سـەرۆکایەتی ئەرکانی جەنگی ئەمریکایی لەم ساڵانەی دوایدا گازندەی بـوو لەدەسـت زۆرکردنـی قورسـایی سەرشانی، چونکە داوایان لێ کرد هێـز لە کەنـداوو لە باڵکـان بڵاوبکـاتەوە، لەهەمـان کاتـدا سـەرۆکایەتی ئەرکـان بەئەزمـوونی لێـدانی عێـراق بـۆی دەرکەوت چەکـی موشـەك نـاتوانێ ئامانجێکی ستراتیژی بەدەستبهێنێت، بەفیعلـیش کلنتـۆن لە یەکـی مـانگی ینـایری (1999) داخوازی زیادکردنی (1000)بلیۆن دۆلاری بۆ سەر بودجەی بەرگـری لە مـاوەی پێـنج سـاڵی داهاتوودا، ڕەوانەی گۆنگرێس کرد.

سـێیەمیان- بەپێـی مەزنـدەکانی تـۆژەرەوەی ئـابووری، وردبینـی ڕۆبەرت ساموێلـسۆن*، شەپۆلی گەشبینی کە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و پاوانکردنی بەڕێـوەبردنی کاروبـاری دونیا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە هاتەئاراوە، بووە مایەی زیادکردنی بایی (8)تریلیۆن دۆلار بۆ سەر بەهای پشکی کۆمپانیاکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، ئەمەش باعیسی بوژانـدنەوەیەکی بێوێنە بوو کە هەموو هاووڵاتییەکی ئەمریکایی لەماوەی (10)ساڵی دوایدا هەستیپێدەکرد.

چوارەمیان- لەگەڵ ئەم بوژاندنەوەیەی بازاڕەکانی ئەمریکا بەهۆی چەند قـومێکی بەهێـزی گەشبینی، سـەرمایەگوزاری بەدۆلار بـووە ئامـانجێکی نێـودەوڵەتی، بەواتـایەکی تـر ئـابووری

ئەمریکـا هێـزی ئەوەی پەیـداکرد ببێـتە عەمبـاری متمـانەپێکراوی یەدەك• لەهەمانکاتیـشدا وەبەرهێنانی هەرەباشی ئایندە بوو، ئەوەبوو سەروسامانێکی زۆر ڕوویتێکرد، قەوارەی بـازاڕیش توانای لەباوەشگرتنی هەبوو•

بەزۆری ئەم ڕەوشە زۆر درێژەناکێشێت، چونکە هاتنەژوورەوەی یـۆرۆ، دراوی یەکگرتـووی ئەوروپا، دەفرێکی دارایی مەزن دروسـتدەکات، کە ئەگەر زۆرترنەبێـت، ئەوا هـیچ لە دەفـری دۆلار کەمترنییە و لەویش تۆکمەترو سەنگین ترە•

پێنجەمیان- داوەری سەربەخۆ، کینیس ستار، بەهۆی ڕووگرژی و جـدیەتییەوە، نەیتـوانی هاوسۆزی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، ئەو توانیی قەناعەتیـان پـێ بێنـێ کە بەجۆرێـك لە جۆرەکان هەڵەیەکی کوشندە لە هەڵسوکەوتی سـەرۆکەکەیان ڕووی داوە، بەڵام سـەبارەت بە ڕووی گرژو کەللەڕەقی و ڕاوانی بێوچانی قوربانییەکەی، لەوە زیاتری پێ نەکرا• ستار گەمەی وێنەکانی دۆڕاندو گـورزی گـورچگبڕی لەلایەن ڕکـابەرە لێـو بەخەنـدەکەیەوە بەرکەوت، ئەو ڕکابەرەی خاوەنی رووخساری پڕ بەرائەتی دەرکەوتوو لە دەموچاویدایە کە دەڵێـی تێڕوانینـی منداڵێکی لاسارەو دەیەوێت وازیبکات (ئەی بۆچی لێ ناگەڕێن وازیبکات؟!)•

شەشەمیان- زۆرێك لە خەڵکی، لەناخەوە دەزانن گوناهە ئاشکرابووەکانی سەرۆك لە وێـنەی گوناهە پەنهانەکانی خۆیانە، لەوانەیە ئەو خەڵکانە هەر ئەوانەبن کە (کلنتۆن) ڕووی دەمی تـێ کردن و لە یەکەمین دانپیانانی ئاشکرادا گـوتی: ژمـارەیەك زۆری ئەمریکـایی لـێم تێـدەگەن، کاتێك دەڵـێم ئەز درۆمکـرد تـا خـانەوادەو ناوبـانگی خـۆم بپـارێزم• دیـارە ئەوانە هەموویـان پەیامەکەی کلنتۆنیان وەرگرت و لێی خۆشبوون و لەگەڵیشیدا لەخۆیان خۆشـبوون، بەڵام نە لە داواکاری سەربەخۆ، کینیس ستارو نە لەکۆنگرێس خۆش نەبوون•

حەوتەمیـــان- ســـەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکـــان توانـــای کـــاریگەری بەســـەر ئەجنـــدای بایەخپێدانەکانی ڕای گشتییەوە هەیە، نەك تەنها لە ئەمریکا، بەڵکـو لە تێکـڕای جیهانـدا، ئەو دەسەڵاتی بڕیاردانی ئەوتۆو دەرفەتی بژارەی وای هەیە کە دەتوانێ سەرنجەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە• بەمانایەکی تر، ئەگەر ئابلۆقە لەسـەر نووسـینگەکەی لە کۆشـکی سپی توندکرانەوە، دەچێتە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ ئەوەی ڕۆڵـی دروسـتکەری ئاشـتی لە قودس و غەززە بگێڕێتەوە، دەچێ و هەموو میدیای جیهانیش لەگەڵی دەڕۆن• جا ئەگەر بۆی دەرکەوت سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتەنیاهۆ لێناگەڕێ ڕۆڵی دروسـتکەری ئاشـتی بگێڕێت، ئەوا دەتوانێ هەرکاتێك بخوازێت، تەنانەت ئەو کاتەی سواری فـڕۆکەکەی دەبێـت لە قودسەوە بۆ واشـنتۆن، ڕۆڵـی دروسـتکەری شـەڕ بگێڕێـت لە عیراقـدا، بەمەش ڕای گـشتی ئەمریکا لەگەڵ خۆی بباو لەجێـی دیمەنێـك کە مـایەی شـەرمەزارییە بـۆ کلنتـۆن، دیمەنـی ئەنجومەنی نوێنەران لەوکاتەی بیر لە حەجرخـستنە سـەری دەکـاتەوە، دیمەنێکـی بەسـەردا

بسەپێنێت کە پێی خۆشەو شاگەشکەیدەکات (دیمەنی بەغدا لە شەودا کە گڕی موشـکەکانی کرۆزی تێدا دەدرەوشێتەوە، بروسکەی روکێتیش لە ئاسمانەکەی لورەلورێتی).

بەمجـۆرە دیـمەن دیـمەن دادەپۆشـێ، چـونکە سـەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا دەتوانێـت ئەولەویاتەکـان دەسـتکاریبکاو سـەرنج لەو شـوێنەوە کە نایەوێـت، بگـوازێتەوە بـۆ شوێنێك کە پێی خۆشە.

بەزمەکە ئەوەیە فرۆکەهەڵگری ئەمریکـایی (ئینـتەر برایـز)، کە لە کەنـداو گیرسـاوەتەوە، ئەوی بەشداری لێـدانی عیراقـی کـرد، لە پرۆگرامـی حەوانەوی سـەربازەکانی لیـستێکی بەو فیلمانە داناوە، کە دەتوانی داوایبکەی بۆ پەخشکردن لە هۆلی داتاشـۆی فرۆکەهەلگـرەکە. لە رۆژی دەستپێکردی لێدانەکەی عیراقدا یەکێك لەو فیلمـانەی زۆرتـرین تەماشـاکاری هەبـوو، فیلمی (**Wag the Dog**) چیرۆکی سەرۆکێکی ئەمریکا دگێرێتەوە، کە میـدیاکان سـکانداڵێکی سێکسیان بڵاوکردۆتەوە. سەرۆك لە فیلمەکەدا ویستی سەرنج لەسەر ئەو سکانداڵە بگوازێتەوە، بۆیە جاڕی شەری دژی ئەلبانیا دا، بەبیانووی ئەوەی هەڕەشـە لە ئەمنـی نەتەوەیـی ئەمریکـا دەکات)



**فرۆکە هەڵگری ئەنتەربرایز**

..................................

هەشتەم- لەوانەیە ئەمە گرنگترین هۆکارەکـانیش بێـت ، تەنـانەت ئەگەر لە ڕیزبەندیـشدا دواینیان بێت – ڕای گشتی ئەمریکا، بەغەریزەش بێت، تێگەیشت کە سڕکردنی سـەرۆکێکی وڵاتە یەکگرتووەکان پێش کۆتایی سەدەی بیستەم، وێرای لابردنی سەرۆك ڕیچارد نیکۆسن لە

سـکاندەڵی ساڵی **1974**دا، مانای وایە لە یەکچارەکە سەدەدا دوو سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تووشی دەرکردن هاتوون، هەروەها بە کورت و کرمانجی مانای وایە سسیستمی دەستووریی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووچاری دۆخی ناجێگیری هاتووە، ئەمەش دەبێتە مایەی داخوران و دارزان لە یەکەمین دەوڵەتی دامودەزگاکان لەم چەرخەو لەم دنیایەدا.

............................

- دوای ئەو هەموو هۆکارانەو لە سەرووشیانەوە فاکتەرێکی تر بەبیرما دێت و ئاماژە بۆ کردنیشی بەکەڵکە لە تافی زیادبوونی جەماوەرێتی کلینتۆندا، هاوشانی تۆمەتبارکردنی، ئەو فاکتەرەش بریتییە لەوەی، لەسەر ئەم کێشەیە، جۆرێک گەمەی "گوریس ڕاکێشان" یان جۆرێك لە "کەڵلەڕەقی" لەنێوان زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی ئەمریکا، لەمپەڕی ئۆقیانووسەوە بۆ ئەوپەڕی، لەگەڵ دەسەڵاتی تەشریعی،کە خۆی لە کۆنگرێسدا دەبینێتەوە، ڕووی داوە.

شایەت بەشێك لە دیاردەکانی گۆڕەپانی ئەمریکا دەشێ وا وێنابکرێت کە زۆرینەی جەماوەری ئەمریکا بێتاقەتن و پێیانوایە کۆنگرێس یاسای کردووە بەدەسکەلا، بێ ئەوەی حساب بۆ هیچ شتێکی تر بکات، لەکاتێکدا دادگاییکردنی سەرۆکی وڵات و حەجەرخستنە سەری لە بنچینەدا کێشەیەکی سیاسییە، کە سیاسیش بێت، مانای وایە یاسا یەکێکە لەو توخمانەی دەبێ لەبەرچاوبگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا توخمی دیکەش هەن، کە ناکرێت فەرامۆشبکرێن. جا لەگەڵ توندی لە هەڵوێست و ئیجرائاتەکاندا، زۆرینەی ڕای گشتی چوونە گەمەی "ڕاکێشراکێش" و "کەڵلەڕەقی"یەوە لەگەڵ کۆنگرێسدا.

لێرە دەستەواژەی "کەڵلەڕەقی" بەکاردێنم، نەك دەستەواژەی ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئۆپۆزسیۆن لە باوەڕبوونێکی مەبدەئییەوە دێتەکایەوەو مەبدەیش لەم حاڵەتەدا دژی کلنتۆنە. ئەگەر ڕای گشتی بەتەمای بەرهەڵستی ڕێوشوێنەکانی کۆنگرێس بووایە، ئەوا بە کردەنی بە تەنگ ئەو بانگەوازانەوە دەهاتن، کە تاڕادەی ئاشکرایی لە کۆشکی سپی و نزیکەکانییەوە داوایان لە ڕای گشتی دەکرد پشتیوانی لە سەرۆك بکەن، بەرامبەر ئەو پیلانەنانەی گوایە دژی سەرۆکایەتییەکەی لەئارادابوون. ئەگەر ڕای گشتی بجولایە، دەمانبینی لە شەوی دەنگدان لە سەر سڕکردنی سەرۆکدا چۆن بە لێشاو ڕووی لە ئەنجومەنی نوێنەران دەنا. یانی دیمەنێکی هاوشێوەی ئەوەمان دەبینی، کە نووسەری ناوداری ئەمریکا نۆرمان میللەر لە کتێبی (سوپاکانی شەو)دا دەیگێڕێتەوەو تێیدا باسی ئەوە دەکا چۆن ڕای گشتی ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ بەرهەڵستیکردنی شەڕ لە ڤێتنامدا.

بەڵام ئەمجارە مەسەلەکە "کەللەڕەقییە"، نەك ئۆپۆزسیۆنی.

گوریس ڕاکێشان لەنێوان هەڵوێستگەلێك ئەنگێزەی جیاجیایان هەیە، لەگەڵ هەستکردن بەوەی مەبدەئو باوەڕیش کەرامەتیان هەیە.

..............................

...........................

بەکورتی و بەپوختی، ڕای گشتی لە کێشەی کلینتۆندا گەیشتبووە دوو بڕیار:

یەکەم: پێویست ناکات ئێستا کلینتۆن لە کۆشکی سپی دەربکرێت، چونکە زۆربەی سیاسەتە ناوخۆییەکانی پەسەندکراو وجێی پشتگیرییە (تەنانەت ئەگەر باعیسی ئەو سیاسەتانەش دروستکراوی دەستی خۆی نەبێت).

دووەمیان: پێویستە دواتر کلنتۆن بکرێتە دەرەوی مێژووەوە، چونکە زۆربەی ڕەفتارەکانی ناماقوڵن (ئەمەش جێگاو پێگەی نادەنێ لە مێژوودا، تەنانەت ئەگەر لە گەڵێشیدا بەرەحم بن) ئیتر بەم شێوەیە.

**(10)**

پرسیارێکی حاشاهەڵنەگر لەم ڕێڕەوە درێژەدا ماوە کە بەشێوەیەکی لۆژیکی خۆی دەسەپێنێ. چ دەقەومێ ئەگەر یەکێك ویستی ڕێبازی سیاسی کلنتۆن، بەو جۆرەی دادوەری سەربەخۆ کینیس ستار پوختیکردۆتەوە، بەسەر سیاسەتی سەرۆکی ئەمریکا لە جیهانی عەرەبیدا پراکتیزەبکات:

- کەتنکردن یان ئەنجامدانی تاوانێك، ئینجا هەوڵی دەرچوونێکی شاراوە لە شانۆی کەتنەکە یان تاوانەکە. ئینجا داپۆشینی درۆکە بە درۆیەکی تر، ئینجا پەنابردنە سوپایەك پارێزەرو شارەزا بۆ پینەکردن و بەکارهێنانی هەڕەشەو لێدان، تەماع خستنەبەرو هەڵخەڵەتاندن، دۆزینەوەی بکەری نەناسراو (یان ناسراو) بۆ خۆکوشتن یان کوشتن، پەیداکردنی دۆستی وەفادار بۆ دۆزینەوەی ئیش یان پاداشتکردن.

بەدیاریکراوی تر بڵێین ڕێبازی سیاسیی کلتنۆن بەوجۆرەی "ستار" لێی گەیشتووە ڕێمان پێ دەدات کلنتۆن ببینین وگوێی لێ بگرینو چاودێری بزووتنەوەکەی بکەین:

- ئەو دەیەوێ لە کەشی ئابلۆقەی خنکێنەری دەوروپشتی، لە واشنتۆن، هەڵبێت، جا تەنانەت ئەگەر ڕێی ئەو ئامانجەی ڕاکردنیش بێت بۆ پێشەوە (بۆیە سواری فرۆکەکەی دەبێت بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە دۆخی ئێستایدا هەمیشە

ئامادەی ئەوەیە ببێتە یاریگا بۆ هەر سـەرۆکێکی ئەمریکـا بـۆ هەر یـارییەکی کە پێـی خۆشە)٠

- ئەمەش لە ژێر پەردەی ئەوەی گوایە دەخـوازێ ئاشـتی لە نـاوچەکە دابینبکـات (کەچی وا بەدرێژایـی مـاوە پـشتیوانێکی دڵـسۆزی ئیـسرائیلە، چـونکە لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستدا ئەوە تەنها ئیسرائیلە کە دەتوانێت لەناوخۆدا یارمەتیبدات٠)

-بەڵـــگەی ڕەتکـــردنەوەش ئەوەیە، کە دەخوازێـــت گەلانـــی نـــاوچەکە لە هەر هەڕەشـــەیەك بپارێزێـت (بـۆیە تەنهـا لە عیـراق دەدا، بەبیـانووی لەنـاوبردنی چەکە کۆمەڵکوژەکـــانی کە خۆشـــی دەزانـــێ هیچـــی ئەو چەکـــانە نەمـــاون٠ داواش لە فەلەســـتینەکان دەکـــات بە ئامـــادەگی و بەرچـــاوی خـــۆیەوە میـــساقی میلییـــان هەڵوەشـــێننەوە، لەکاتێکـــدا دەزانـــێ کە چەنـــد ســـاڵێکە بەفیعلـــی ئەو میـــساقە هەڵوەشاوەتەوە)٠

- هەروەهـا سـوورە لەسـەر چاوبەسـتەکی، وەختێـك دەڵـێ لە قـازانجی عەرەب و موسڵمانەکان کاردەکات (بەڵگەش بۆ ئەوە مادلین ئۆلبرایتی وەزیری دەروەی و ویلیـام کۆهینی وەزیری بەرگرییەتی٠ جا ئەگەر شـایەتی ئەوان نـایخوات، دەکـرێ لە جـۆرج تینت بەڕێوبەری سیا یان لە جەنەراڵ ئەنتۆنی زینی فەرمانـدەی فەرمانـدەیی گـشتی بەرپرس لە تەواوی وڵاتانی ناوچە لە ئۆقیانوسەوە بۆ کەنداو، بپرسن!)

- ئەو خۆی بەتەنها نەبوو لە ئاسمانی عیراق، لەسەر زەمینی دەسەڵاتی نیـشتمانیی فەلەستین (یان تەنانەت لە لیبیا و سـودان)، بەڵکـو هاوشـانێکی لەگەڵ بـوو، ئەویـش تـــۆنی بلێـــرە٠ پێویـــستە هەمـــووانیش لەبیریان بێـت کە بەریتانیـا لە ئەمریکـا دێرینترە لە ئەزمـوون و میـانەی لەگەڵ عەرەبدا!)


نیکسۆن

- هەروەهـا بانگـەوازی موسـڵمانەکان دەکـــات و ســـڵاو و پیرۆزبـــایی مـــانگی ڕەمەزانیـــان بـــۆ دەنێرێـــت و لەکۆتـــایی وتارەکەشیدا لە موجامەلەو ڕێزلێناندا تـا ئەندازەی بەعەرەبی قسەکردن دەیبات و بەزمـــانی خۆیـــان دەڵێـــت (ڕەمەزان کەریم)٠٠ ئەمەش بیرئانینێکە داگیرکاری ناپلیۆنمان وەبیـردێنێتەوە بـۆ میـسر، لە دوو

سەد ساڵ پێش ئێستا، کە لەگەڵ هاتنە میسری ئیسلامەتی خۆی و دۆزینەوەی ڕێگای ڕاستی جارِ دا. وەك بڵێی دوو سەد ساڵ لە مێژووی نوێ لەنێوان ساڵی **1798** (ناپلیۆن) و ساڵی **1998** (کلینتۆن) بێ هیچ ئەسەرێك هاتوچوو.

سەیرەکە لەوەدایە، عەرەبی ئەوێ زەمان، دوو سەد ساڵ پێش ئێستا، ئیدعای ناپلیۆنیان قبوڵ نەکردو زۆری پێ نەچوو لە دژی هەڵسانەوە، بەڵام عەرەبی ئەم زەمانە لە کلنتۆنیان قبوڵکرد و لیی بێدەنگبوون. عەرەبی ئەم زەمانە هیچ تۆمەتێکیان نەدایە پاڵی، ئەویش لەلایەن خۆیەوە دانی بە هیچدا نەنا. هەروەها داوای لێبوردنیشی نەکرد، مادام پەیوەندداران گلەییان نەکرد و تۆمەتباریان نەکرد و ڕاوەدوویان نەنا.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە عەرەب بە ئەدەبترن لە کینیش ستار،یان بەلانی کەمەوە وەکو ئەو ڕووگرژنین و ئەدگاریان مۆن نییە و دڵیان لەو بەفری زستانەی ئێستا بەسەر واشنتۆندا دەبارێت، سپیترە.

لە هەموو حاڵێکدا ئەوانە بە ئیرادەی خۆیان و بێ ئیرادەش بوونەتە تەماشاکاری دونیایەك دیمەن، کە بێ پسانەوە بە بەردەمیاندا گوزەردەکات و بێ جارِسبوون سەرنجیانڕادەکێشێت. ئەو دیمەنانەی تووشی ڕامانیان دەکات، بە بزاوت و ڕەنگ و دەنگەکانی تا ڕادەی تۆفان. ئەمە ڕێگەی ئەوەیان لێ ناگرێت لەناویاندا یەکێك هەبێت جارجار وەبیریبێتەوە کە لە دەروازەی سەدەی بیست و یەکدان. ئینجا وەك وێڵەکانی گەڕەکی سەیدە زێنب یان (سەیدنا ئەلحوسین) ڕەفتاربکات ، وەختێك لە قەرەباڵغی ڕەمەزاندا بقیژێنێت (ئەڵلا حەی)!

## پیرۆزبایی لە خراپترین سەرۆك••



باش بوو (11/8) بە هۆی سەرقاڵییمەوە پێم نەکرا سەر لە بەیانییەکەی کە (CNN) بردنەوەی بوشی کوڕی ڕاگەیاند، لە ڕێی نووسینێکی (ئاڵای ئازادی)یەوە پیرۆزبایی خۆم بۆ تاقمی نوێی سەرۆکایەتی ئەمریکا بنێرم. ئەگینا منیش وەکو زۆر لە سەرکردەی وڵاتان تووشی ئیحراجبوون دەهاتم و ناچاردەبووم وتارەکە و پیرۆزباییەکەم بکێشمەوە. جا ئەگەر کێشانەوەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکە خواپێداوەکان، بۆ سەرۆکی ئەو دەوڵەتانەی سەنگ و قورسایی نێودەوڵەتی خۆیان هەیە، ئاسایی بێ و تەنها ئیحراجییەکی تەکنیکی بێت، ئەوا بۆ منی ڕۆژنامەنووسی قوربەسەری کورد زۆر لەسەرم دەکەوت. پێش هەموو شتێك لەئاست ناوخۆییدا پێیان دەگوتم شیکردنەوەکەت هەڵەدەرچوو و پیرۆزباییەکەشت بە (با)دا چوو!.

بە هەر حاڵ تا ئێستا بۆش لە پێشەوەی ئالگۆڕەوەیە، لەبەرئەوە پیرۆزباییەکان ئەگەرچی ڕاگیراون، بەڵام ئیمکانی ئەوە هەیە لە ئان و ساتێکدا بنێردرێنەوە بەتایبەتی کە (بوش) لێدوانی وای دا ئەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونی پێوە دیاربوو، ئەو ڕاستەوخۆ لە (CNN) لەبەردەم جەماوەرێکی بەرینی چاوەڕێی ئاکامەکاندا گوتی: ئێوە ئێستا لەبەردەم سەرۆکی داهاتووی ئەمریکادا ڕاوەستاون.

با گەشتێك بەناو نامە پیرۆزباییەکاندا بکەین. کە هەر پیرۆزباییەکی گوزارشت لە خیتابی سیاسیی حکومەتی پیرۆزبایی ناردبوو دەکات.

سەرۆکی ئەڵمانیا ویستی لە پێشەوەی پیرۆزباییکاران بێت و ڕایگەیاند کە (بوش دۆستی ئەڵمانیایە و چاوەڕێدەکرێ درێژە بە ڕێبازی پەیوەندیی پتەوی نێوان هەردوولا بدات)، بەڵام پاش چەند دەقیقەیەك وتەبێژەکەی پەشیمانبۆوەو گوتی: (چی بکەین مەسەلەکە ئاڵۆزبووە). بێگومان ئەمەم لە ڕادیۆوە گوێ لێ بوو، ئەگەر لە تەلەفزیۆنەوە بوایە، وێنەی وتەبێژم دەدیت کە شانی ڕادەتەکاندو دەیگوت: (چی بکەین)؟

- جاك شیراك-یش پەلەیکرد، نەك تەنها لە پیرۆزباییەکە، بەڵکو لە پیاهەڵدان بە شان و باڵی بۆشدا کاتێك گوتی: (بوش دایەلۆگچییەکی چاك و گوێگرێکی عەجایەبە!)

- حزبی فەرمانڕەوا لە ژاپۆن بە هەستوسۆزێکی زۆرەوە ڕایگەیاند (لەناخی دڵەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی بوش دەکەین).

بەمەش دەرکەوت، ئەگەرچی ژاپۆن لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە لەوانەی ڕۆژئاوا پێشکەوتووترە، بەڵام لە ڕووی سۆزو کوفوکوڵی عاتیفەوە هێشتا لە جوملەی عاشقانی موجامەلەی ڕۆژهەڵاتییە.

- نەمزانــی وڵاتە وڵاتە عەرەبییەکــان چ جــۆرە پیرۆزبایییەکیــان نــاردووە، بەڵام دۆســتێکی دێرینــی عەرەب، کە ڕوســیای (عظــیم الــشأن)ی جــارانە، هەروا لەســەر شــێوازی خیتــابی براگماتیکی خۆی بەردەوامە. مۆسکۆ گوتی کە (لەسەر ڕێبازی حیوارو وتوویژ لەگەڵ سەرۆکی نوێی ئەمریکادا بەردەوامدەبێ) بێ ئەوەی ناوی سەرۆك دیاریبکات!.

- بە دیویکی تردا، عێراقیش وەکو ڕوسیای دۆستی، گوێ بەناوی سەرۆکی دەرچوو نادات، ئەو ئەگەرچــی پەیــامی پیرۆزبــایی نەبــوو، بەڵام لە لێدوانێکیــدا ڕایگەیانــد (ســەرۆکی نــوێ هەرکەسێك بێ، خراپترین سەرۆك دەبێ بەرامبەر بە حکومەتی عێراق).

بەمەش گەیشتینە ئاکامی خوازراو، کورد پیرۆزبایی خۆی بنێرێ یاخود نا، بـۆش دەربچــێ یان ئالگۆر، بۆ ئێمە گرنگ ئەوەیە ("خراپترین" سەرۆك بێت بەرامــبەر بە حکــومەتی ئێــستای عێراق).

لەرۆژنامەی ئالای ئازادی لە ساڵی (**2001**)دا بلاوبۆتەوە

# ڕێگا بەرە و سیستمێکی

# جیهانیی نوێ و گەشەکردوو




وەرگێڕان لە هنری کیسنجەرەوە

**هنری کیسنجەر سیاسەتمەدارێکی ناسراوی دونیای ڕۆژانی شەڕی ساردو ململانێی نێوان زلهێزەکان بوو، شوێن پەنجەی بەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیی زۆر لە قەیران و ناوچەکانی دنیاوە تاکو ئێستاش دیارو ئاشکرایە. لەمەڕ سیاسەتەکانی ڕۆژئاواو سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی دنیاوە گەلێك بیروڕاو بۆچوونی دیاری هەیە. لەوانە ئەم بیرۆکەیەی لەمەڕ پێکهاتنی بلۆکێکی ئابووری جیهانی، کە وڵاتانی کەرتی ڕۆژئاوای گۆی زەوی دەگرێتەوە.**

پێش کۆتاییهاتنی ئەم هاوینە•• سەرۆك کلتنۆن داوا لە کۆنگرێس دەکات ڕازیبوونی خۆی بنوێنێ سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی بازرگانی ئازاددا، کە **(370)** ملیۆن مرۆڤی تێدا نیشتەجێیە و کۆی بەرهەمێکی نەتەوەیی هەیە بەبڕی **(6)**تریلیۆن دۆلار• ڕێککەوتننامەکەش دەبێتە گەورەترین هەنگاو بەرەو سیستەمێکی تازەی جیهانی، کە لەپاش کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە هیچ کۆمەڵە وڵاتێك هەنگاوی وایان نەناوە• هەروەها یەکەمین هەنگاوە بەرەو تێروانینێکی فراوانتر بۆ پێکەوەنانی ناوچەیەکی بازرگانیی ئازاد، کە نیوەی ڕۆژئاوای سەرگۆی زەمین بگرێتەوە• سەربار ڕاپرسییە گشتییەکان ئەوە دەردەخەن کە نیوەی گەلی ئەمریکا گوێیان لە ڕێککەوتننامەکە نەبووە•



**ئاڵای دەوڵەتانی سایەی نافتا**

ئەمەش هەلێکی باشە بۆ سەرۆك، کە ڕۆڵێکی ڕابەرایەتی بنوێنێ لە ئاشناکردنی گەلی ئەمریکا بەو هەلەی بۆیان ڕەخساوە، لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە ئەوە ئاشکرابوو ئیدی ترس لە کۆمۆنیزم، ئەو بابەتە کۆنکرێتییە نییە کە سیستەمی جیهانی پێکەوە دەبەستێت و بەداروخانی بەرگری ئایدۆلۆژیاش، ڕەوتە نەتەوەییە کلاسیکییەکان لە نزیکەی هەموو دونیادا، زاڵبوو•

قۆناغی دوای شەڕی سارد بەفیعلی چەندین پێشبڕکێ و دوژمنـایەتی بەخـۆوەبینی، کە سەردەمی پێش جەنگی جیهانی یەکەمی دەهێنایەوە یاد. لەژێر ڕۆشنایی ئەمانە هەمـووی، پەرەسەندنەکان لە نیوەی ڕۆژئاوای سەرگۆی زەمین بۆ تێکرای سیستەمی جیهـانی گرنـگ دەبێـت. لێـرەدا چەنـد سیـستمێکی دیموکراسـیی هەن خۆیـان لەپێنـاو ئەو پرەنـسیپە ئەمریکیانە تەرخانکردووە، کە لەسەر فەرمانڕەوایی گەل و ئابووریی ئـازاد پێکهـاتووە، تـاکە دیکتاتۆرییەتێك کە تا ئێستا لەنیوەی ڕۆژئاوای سـەرگۆی زەمـین مابێـت (کوبـا)یە، هەمـوو دامودەزگاکانی سەر بە دەوڵەت دەخرێنە چوارچێوەی کەرتی تایبەت، لەبـری بەکارهێنـانی ئـامرازە پـارێزەرو نیـشتمانییەکان لە بەرێـوەبردنی ئابووریـدا، لەبـری ئەوانە ڕێڕەوێـك پیادەدەکرێت کە لەسەر هەناردن و ڕازیبوون بە وەبەرهێنانی بیـانی و پاڵپـشتی سیـستەمە بازرگانییە جیهانییەکان بنیاتنرابێت. ئەم شۆڕشە، کە ئێستا لە نیـوەی ڕۆژئـاوای سـەرگۆی زەمـین لەئـارادایە، نیـشانەیەکە دەشـێت ببێـتە سیـستەمێکی جیهـانی پێکهـاتوو لەسـەر هاریکاریکردنی یەکتری.

خودی ئەم شۆڕشە، کە لە شێوەی ڕێککەوتننامەی (نافتـا) خـراوەتە بەردەم کـۆنگرێس بـۆ پەسەندکردنی، تەنها ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانیی گـشتیی ئاسـایی نییـە، پێویـستە سـەرۆك ڕۆڵێکی سەرکردایەتی بنوێنێ لە شەڕی پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی (نافتا) و پایەی کلنتۆن بواری پێ دەدا ڕێککەوتننامەکە لە میانی چوارچێوەیەکی ستراتیژی فراوانتـردا دابنـێ و وا لە گەلی ئەمریکا بکا هەستبکا پەسەندکردنی (نافتا) بەقازانجی نەتەوەیـی ئەمریکـا دەکەوێـتەوەو پێویستە لەسەری کە بـوار بە نەیـارانی ڕێککەوتننـامەکە نەدات وەکـو کێـشەیەکی ئینـسانی ئابووری بیخەنەڕوو.

لەم بوارەدا سەرۆك شایانی پاڵپشتیکردنە لەلایەن هەردوو حزبی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆنەوە، گرنگترین بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەش ئەو دەرئەنجامانە بوون کە ئیدارەی بوش پێیگەیبوو، ئیدارەی کلنتۆنیش سازش لەمەڕ ڕێککەوتننامەو پاشکۆکانی دیـکە دەکـات. ڕێککەوتننـامەکە گرنگییەکی هێندە ژیـاری و جیهـانی هەیە کەوای لـێ کـردووە تێڕواننینـی تەسـکی حزبـی تێپەڕێنێ، شایانی پشتگیریکردنیشە لەلایەن هەردوو حزبەوە.

چ بەپێی ڕێککەوتننامەی (نافتا) بێت، چ بەبێ ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئەمریکـا دراوسـێیەکی گرنگی وەك ئەو گرنگییەی کە مەکسیك لە سەدەی داهاتوو دەیگاتێ، نەبـووەو نیـیە. چـونکە مەکسیك لەسەدەی داهـاتوودا، ژمـارەی دانیـشتوانی دەگـاتە زیـاتر لە (**100**) ملیـۆن کەس و هاوشانی (پڵنگە) بچووکەکانی ئاسیای وەکو کۆریا دەبێـت، ئەو سـنوورە سروشـتییە کـراوەی نێوان هەردوو وڵاتیشمان، پەیوەندیی تۆکمەو برایانەمان دەکـا بە بەرژەوەنـدییەکی نەتەوەیـی پێویست، بوونی (**20**) ملیۆن مەکـسیکیش لە وڵاتە یەکگرتووەکـان سـیمایەکی مرۆڤدۆسـتانە

دەبەخشێتە ئەو بەرژەوەندیانە، جا ئابووری مەکسیك چەند گەشەبسێنێ، ئەوەندە کۆچ کردووەکان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان کەمدەبێتەوە و بواری هەناردنی ئەمریکا بۆ ئابوورییەك، کە گەشەکردنی بۆ ئێمە گرنگە، زیاتردەبێت.

تەنانەت لە بواری ئابووری ڕووتیشدا پێموایە کە (نافتا) لە مەودای درێژخایەن بە قازانجی ئێمە دەگەڕێتەوە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەخەن کە ئێمە لەئاستی کارەکانیشدا، ئەوەی بەدەستیدێنین زۆرترە لەوەی لەدەستمان دەردەچێت. دەبێ ئەوە بڵێین، کە ئەمجۆرە حساباتانە مانای ئەوەنییە ئەوەی کارەکەی لەدەستبدات کارێکی دیکەی دەستدەکەوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت خۆمان فریودەین: چونکە پیشەسازییەکانی مەکسیك، سەرباری گومرگ و سنووردانان لەلایەن ئێمەوە، پەڕیونەتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان. کەوابێ ڕێککەوتننامەکە کار بۆ گواستنەوەی ئەو پیشەسازیانەی مەکسیك ناکات، وەك دوژمنان و نەیارانی (نافتا) بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەوەی نەیارانی (نافتا) بانگەشەی بۆ دەکەن و ئەوەی نەیارانی (نافتا) مەبەستیانە، بەتەنها هەرەسهێنانی ئەو ڕێککەوتننامەیە نییە و بەس، بەڵکو دانانی کۆت و گومرگی زیاترە لەبەرامبەر مەکسیك، سیاسەتێکی لەم چەشنەش، کۆتایی بەهیوای پێکەوەنانی پەیوەندییەکی نوێ لەنیوەی رۆژئاوای سەرگۆی زەمین دێنێ و بەشداری لە جۆشدانی ڕق و کینەی نەتەوەیی دەکا.



کاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە

مەکسیکیش لە پێشەوەی ئەو شۆڕشە بوو، کە ئێستا نیوەی ڕۆژئاوای سەرگۆی زەمینی داگرتووە، ماوەیەکی هێندە دوور نەبوو کە سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە پێکهاتبوو لە هێرشکردنە سەر وڵاتە یەکگرتووەکان، بە وتار و دروشم، ئابوورییەکەشی ئابووریەکی چەپڕەوانەی وشکبوو و ئەو سیستمەی کە تێیدا زاڵبوو (قەرەبووکردنەوەی هاوردن) ئەم زاراوەیەش پاراستنی بازرگانی چاکدەکات.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکی ماوەی سەرۆکایەتی (بیجیل دولا مدرید) لە ساڵی (1982)، ئیدی ئەو سیستمە ڕەنگدانەوەی لە مەکسیك هەبوو و لەسەردەمی (کارلۆس سالیناس دوجورتای) ئەو بزووتنەوەیە بوو بە تەوژمێکی توندو سالیناس مەکسیکی سەراوژێرکردو دەرگای وەبەرهێنانی بیانی کردەوەو گومرگی کەمکردەوەو سووربوو لەسەر پێشبڕکێی ئازاد. هەروەها فەسادی لەناوبردو پۆستی وەزارەتی دا بەکۆمەڵێك لاوی بەهرەدارو خاوەن توانا. لەنێوان ماوەی هەڵبژاردنی سالیناس و سوێندخواردنی دەستووریشی، لە سەرۆکی تازە هەڵبژێراوم پرسی، کە ئایا ئارەزووی پێکەوەنانی سیستەمێکی بازرگانیی ئازاد لەنیوەی ڕۆژئاوای سەرگۆی زەمینی هەیە؟ لە وەڵامدا وتی: ئەگەر مێژووی سیاسیی مەکسیك لەبەرچاوبگرین، مەسەلەکە وەکو خەونێکی دوورەدەستی لێ دێ، هەروەها وتی: باشترین مەسەلە کە ئیدارەکەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە ئەوەیە، کە هەر کەرتەو بەجیا چارەسەربکرێت و پاشان دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر هەوڵی پێکەوەگرێدانی بدرێت، تاوەکو تێگەیشتنێکی بەرفراوان و گشتی پێکبێنێت. واش پێدەچێ پاش ساڵێك سالیناس لەوە گەیشت کە تێچووی چارەسەرە نیوەچڵییەکان هێندە لە تێچووی ڕاپەراندنی شتی ڕاست و دروست کەمترنییە. بۆیە بڕیاری دا بەهەموو توانایەوە بەرەو ئەوە هەنگاوبنێ، کە ئێستا بە (نافتا) ناسراوە.

سالیناس بەسەرچەندین تەگەرەی ناوخۆییدا زاڵبوو و ئەوەی لەتوانایدابوو ئەنجامیدا بۆ وەڵامدانەوەی پەرۆشییەکانی ئەمریکا، تارادەی گەیشتن بەرێککەوتننامەی لاوەکی لەمەڕ ژینگە و دەستی کار. ئەم هەنگاوانەش لەلایەن نەیارە چەپڕەوەکانییەوە وا گوزارشتی لێ کرا، کە ڕێگا خۆشدەکات بۆ دەستێوەردانی بێگانە لە یاساکانی مەکسیك.

لەگەڵ ئەوەش ڕێڕەوە کۆنەکانی زمانی گفتوگۆی سیاسیی لە مەکسیك هێشتا لەئارادایەو دروشمەکانیشی کۆڵەکەی ئۆپۆزسیۆنە چەپڕەوەکەی دژی سالیناس پێکدێنێ، شکستی (نافتا) کۆنگرێس، سوکایەتییەکی گەورە دەبێ بۆ ئیدارەیەك، کە لە مێژوویی مەکسیکدا دیموکراتییترین و لە ڕووی ئابوورییەوە کراوەترین ئیدارەیە. هەروەها شکستێکیش دەبێ بۆ سەرۆك سالیناس، کە گرەو لەسەر هاریکاریکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات. ئەمەش کێشەیەکی زۆر لە مەکسیك دەخولقێنێ، لەکاتێکدا ئەو وڵاتە ساڵێکی دیکە ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەبێتەوەو کارەساتەکەش لەوەدایە کە بڕیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ببێتە هۆی سەرکەوتنی پاڵێوراوە نەتەوەییە توندڕەوەکان، بەشێوەیەك ئەو ڕەوتە کپبێتەوە کە داوای هاریکاری لەنێوان ئەو دوو وڵاتە دراوسێیەدا دەکات، کە لەواقیعدا بێجگە لە پێکەوە ژیان هیچی تریان لەبەردەمدا نییە.

هەڵبەتە مێژوو دەستپێشخەرییەکەی بازرگانێتی ئەمریکا وا تۆماردەکات کە گرنگترین دەستپێشخەری کیشوەرەکەیە لەپاش پرۆژەی مارشاڵ-ەوە، بەدەنگەوەهاتنی ئەو پێشکەوتنەی

ئەمریکای لاتینیش بەدەستیهێناوە لە بواری ئازادیی ئابووری و دیموکراسیی سیاسیدا و گۆشەنیگای بنیاتنراو لەسەر گەڵاڵەکردنی ناوچەیەکی بازرگانیی ئازاد، کە نیوەی سەرگۆی زەوی بگرێتەوە• هەموو ئەمانە هەوڵەکانی ریفۆرمستەکان لەهەر وڵاتێك بەجیا جێگیرتردەکات، ناوچەکەش نەیدەتوانی گوزارشت لە هاوکاریی خۆی بکات، مەگەر لە رێگای رێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکانەوە نەبوایە• ئەم رێکخراوەش گرنگی بەو کێشانە دەدا کە پەیوەستبوون بە ئاسایشەوەو بۆ جیهانی ئەمڕۆ دەست نادەن، بەڵام ئێستا ناوچەکە پێویستی بەرێکخراوێکی تازە هەیە، کە وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی ئەمڕۆ بێ، جا لەکاتێکدا هەموو وڵاتانی گەورەی ئەمریکای لاتین ئامادەی بەشداریکردنن لە هاوبەشییەکی تازە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا، لەسەر بنچینەی ئەو بەهایانەی ئەمریکا دەیان ساڵە بانگەشەیان بۆ دەکات، ئالەو کاتەدا هەر پاشەکشەیەك وڵاتە یەکگرتووەکان بیکات، دەبێتە هۆی شڵەژانێکی توندوتیژ بۆ ئەو وڵاتانە•



کاریکاتێرێك گوزارشت لە خێروبێری نافتا دەکات

پێکهێنانی رێکخراوێکی هەرێمی تایبەت بەنیوەی سەرگۆی زەمین، کە خۆی تەرخانبکات بۆ دیموکراسیی و بازرگانیی ئازاد، هەنگاوی یەکەم دەبێت بەرەو ئەو سیستەمە جیهانییە نوێیەی سیاسەتمەداران، بێ جێبەجێکردنی هەمیشە باسیان لێوە دەکرد، ئەمەش رێگا بۆ وڵاتانی ناوچەکە خۆشدەکات بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە بەدەنگ ئەو دۆخەوە بێت کە سیستەمی نوێی جیهانی دەیگاتێ• نزیکەی هەموو وڵاتانی جیهان، بە قسە نەك بە کردەوە، بانگەشەی سیستەمێکی بازرگانیی جیهانیی ئازاد و داوای پێویستی پابەندبوون بە دانوستانەکانی ئۆرگوای دەکەن، بەڵام ناشێت ئەو کۆبوونەوە هەرێمیانە پشتگوێبخەین کە لە ئەوروپا و ئاسیادا وەك خەیارێکی ئەلتەرناتیفانە بەدیاردەکەون•

پێکهێنانی سیستەمێکی بازرگانیی ئازاد لەنیوەی رۆژئاوای سەرگۆی زەمین، کە بەرێککەوتننامەی (نافتا) دەستپێدەکات، رۆڵێکی سەرەکی بە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبەخشێت، سەرباری هەر شتێك کە ڕوو بدات•• جا ئەگەر بێتو چەمکەکانی دانوستانی ئۆرگوای زاڵبێت، ئەو کاتە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێتە پشکدارێکی سەرەکی لە گەشەسەندنی ئابووری جیهانی• ئەگەر کۆمەڵە هەرێمییەکان هەیمەنەت پەیدابکەن، ئەوا لەسایەی ئەو گەشەسەندنەی نیوەی رۆژئاوای سەرگۆی زەمین، بە بازاڕە گەورەکانی خۆیەوە، دەبێتە

ڕکابەرێکی گرنگ. ئەگەر بێتو (نافتا)ش دەرگای پەیوەندیکردن بۆ وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە بکاتەوە، ئەوا سیستەمێك بۆ بازرگانیی جیهانی ئازاد دروستدەبێت لەسەر ئەو بنچینەیەی کە: ئەوەی مەرجەکانی پەیوەندیکردن قبوڵبکات پاداشتێکی باشی بدرێتێ و ئەوەشی پابەندنەبێت بە مەرجەکانی ئەندامێتی سزای بەسەردا بسەپێنرێت.


ڕەهەندێکی خۆش بۆ سیاسەت

سەرۆك کلنتۆن وای پێ چاکە، کە سەرەنجی کۆنگرێس لەسەر گرنگی ڕیفۆرمە ئابوورییەکەی لانەبات، ئەم کارەش ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام (نافتا) هێندە گرنگە بەچەشنێك کە دواخستنی ئاخاوتن لە بارەیەوە کارێکی زیانبەخشە و دەبێت دەستپێشخەری بنوێنێ لە خستنەڕووی تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ مەسەلەکە، بەڵام کەس بۆی نییە داوای ئەوەی لێ بکات بەتەنیا شەڕەکە بەرێوەببدات، دەبێ لەو ئەرکەدا سەرۆك کۆمار و وەزیرانی دەرەوەی پێشوو یارمەتیبدەن لە هاوپەیمانێتییەکی فراوان، وەك ئەوەی کاتی خۆی پرۆژەی مارشاڵ خرایە بەردەم گەلی ئەمریکا.

ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، مێژوو ئەوە بۆ ماوەی سەرۆکایەتی کلنتۆن تۆماردەکات، کە لە هەموو ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکا دووربینترە، ئیتر وێرای هەر شتێك کە لەماوەی سەرۆکایەتیی خۆیدا دەیکات!

لە کوردستانی نوێ: هەردوو ژمارەی **(479)** لە**(1993/9/5)** و ژمارەی **(484 )** لە **(1993/9/10)**، بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕاو لە ژمارەی **(5346)**ی ڕۆژنامەی شەرقی ئەوسەتی لەندەنییەوە.

## فەسڵی سێیەم

# رۆژئاوا و قەلەمڕەوی ڕوسیا

# جیرنۆفسکی ناتوانێ بەرەو بەغدا بفڕێ

لە هەواڵێکی تراژیدیی کۆمیدی، بەڵام چاوەڕوانکراویشدا، واهاتووە کە وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا (فلادیمیر چیرنۆفسکی)ی سەرۆکی حزبی دیموکراتی لیبڕاڵی ڕوسیای ئاگادارکردۆتەوە، ئەگەر بە ئاسماندا سەفەر بۆ بەغدا بکات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە فڕۆکەکەی بخرێتەخوارەوە· هەروەها لە درێژەی ئەو هەواڵەی لە ڕۆژنامەی دوێنێی (الحیاة)دا بڵاوکراوەتەوە، واهاتووە کە جیرنۆفسکی لە (26)ی ئەم مانگەدا گوایە بەنیازی بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ هەڵگرتنی سزاکانی سەر رژێم، سەفەرێك بۆ عیراق دەکات·



دۆستی کورد، دۆستێکی سەدامیش بوو

هەواڵەکە تراژیدیی کۆمیدییە، چونکە بە زەقی ئەوە نیشاندەدات کە ڕژێمی عیراق لەئاستی گۆشەگیری و کەنارکەوتنی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چووەتە خوار پلەی سفرەوەو پێشدەچێ بانگهێشتکردنی (چیرنۆفسکی)ی ناسیۆنالیستی توندڕەو، دەربڕی دوو حاڵەتی تەواوکەری یەکتر بن· یەکەمیان درێژبوونەوەی هەمان بەشی کۆمیدیی تراژیدی شانۆگەری گوێبڕین و دەستبڕینی وڵاتی (صدام) بێ، دووەمیشیان ڕەنگدانەوەی ئاوەژوکراوی ئەو (سەرکەوتنانە!) بن کە دیبلۆماسیی نەزۆکی (طارق عزیز)، هاوڕێ لەگەڵ گرەوەی هەندێك ناوەندی ئیقلیمی، ئیدعای وەدەستهێنانی بۆ دەکرد!

هەروەها هەواڵەکە چاوەڕوانکراوبوو، چونکە ئەمە یەکەمین جار نییە دەنگۆی جۆرە وێکگەیشتنێك لەنێوان ڕژێم و ئەم حزبە عاجباتییە دەبیسترێ· هەر سەرەتای ئەم ساڵە بوو کە (عبدالغنی عبدالغفور)ی ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعس، خوازیاری سەردانی ڕوسیا بوو، بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی حزبەکەی جیرنۆفسکی· دواتریش چەند هۆکارێکی

لابەلا ڕێگربوون لەوەی خودی جیرنۆفسکی سەردانی بەغدا بکاو بە دیداری (صەددام حسین) شادبێ. لە لێدوانێکدا ئاوەها وەڵامی ئەوانەی دابووەوە کە لەمبارەیە ڕەخنەیان لێ گرتبوو (من هەرکەسێك بانگهێشتم بکات، سەردانی دەکەم!).

دیارە حزبێك، کە دەرهاویشتەی واقعی نەخۆشی وڵاتێکی بەکێشمەکێشی وەکو ڕوسیا بێت، هەر ئەوەی لێ سەوزدەبێ کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەناسەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی لە باوەڕپێهێنانی حزبی بەعس و ڕژێمی بێزراوی صددام زیاتر بڕناکات. دەستخۆش بۆ دیبلۆملاسیی چالاك کە شێتەکانی دونیای لە (بەغدا) کۆکردۆتەوە، کورد گوتەنی (تەیری گوڵ عاشق بە داری زەقنەبووتە).

کوردستانی نوێ: ژ: **799** لە **1994/10/2** یەکشەممە.

# چیرنۆفسکی

# فۆتۆکۆپییەکی چاپکراوی هیتلەر!


چیرنۆفسکی

جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لەوەدایە، کە مرۆڤ هەرگیز دووجار ناکەوێتە تەڵەیەکەوە، لەکاتێکدا دەشێ ئاژەڵ ئەوەی لێ بەسەربێ، چونکە بێ یادەوەری و بێ مێژوو و بێ ئەزموونە. پێدەچێ ئەم ڕاستییە جیاکارە، وەکو جاران بە جیاکاری نەمابێتەوە، ئێستا مرۆڤ بەهۆی گەمژەییەکانی خۆیەوە دەشێ چەندین جار هەڵەکانی دووبارەبکاتەوەو زیاد لە جارێکیش بکەوێتە هەمان تەڵەوە.

شەڕی دووەمی جیهانی لە بنچینەدا لە مندالانی فاشیزمدا لەدایکبوو، لە پێشدا هیتلەر لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەرکەوت، دەستی بە دامەزراندنی حزبی فاشستی کردو چەند دروشمێکی بەرزکردەوە، کە تیایدا دەڵێ: ئەڵمانیا لە سەرووی هەمووانەوەیە، ڕەگەزی ئەڵمانی لەباشترین ڕەگەزەکانە. پاشان هیتلەر گەیشتە ترۆپکی دەسەڵاتداریتی لە ئەڵمانیادا و دەستیکرد بەئاراستەکردنی هەموو تواناکانی دەوڵەت و دانانی لە خزمەتی ماشێنی جەنگدا. لەکاتێکیشدا قسەی لەسەر ئاشتی و بواری زیاتری بۆ ئەڵمانیا دەکرد، لەهەمان کاتدا دەستی بەخۆسازان کرد بۆ جەنگەکە.

شەڕی جیهانی دووەم دەستیپێکردو دەروازەکانی دۆزەخکرانەوەو جیهان بەتێکڕای ئەو وێنەیان بینی، کە دەشێ فاشیزم لە ئازارو ڕوخاندندا ئەنجامیبدات. کاتێکیش جەنگ کۆتاییهات، وامەزەندەدەکرا فاشیزم لەگەڵ (50) هەزار کەس لە قوربانیانی جەنگەکە لەگۆڕنراو بۆ یەکجارەکی کۆتاییهاتووە، بەڵام ئا ئەوەتا ڕۆژگارەکان لە نۆژەنەوە مەترسی فاشیزمیان لەخۆ هەڵگرتووە. ئەمجارەیان شانۆی فاشیزم لە ئەوروپاوە گواسترایەوە بۆ ڕوسیا و - چیرنۆفسکی- فاشیستی نوێ، وەکو ئەکتەری ئەو شانۆیە وەدیارکەوت.

پارتەکەی چیرنۆفسکی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە لە **23.5**٪ی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستهێناوە.. واتە چارەکی دەنگدەران لەگەڵ ئەودان. ئەوە ڕاستە کە ئەدگارەکانی ئەو لە

ئەدگارەکانی ئەدۆڵف هیتلەر جیاوازە، بەڵام ئەو ئەدگارە نەفسی و نیگەرانی و زێدەڕۆیی و ڕوانینە شێتەکانی بۆ گەلان، هەمان ڕوانینی هیتلەرە. مقۆمقۆیەك لە مۆسكۆ پەیدابوو، کاتێك کۆمەڵێك بەڵگەنامە دۆزرانەوە، کە تەئکید لەسەر ڕەچەڵەکی جوولەکەیی چیرنۆفسکی دەکاتەوە، ئەویش ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی: (دایکم ڕوسییەو باوکیشم پارێزەرێکی ڕوسییە)... ڕۆژنامەی (الحیاة)یش هەڤپەیڤینێکی لەگەڵدا ئەنجامداو پەردەی لە ڕووی توندڕەویی و زێدەڕۆیی بۆچوونەکانی لەمەڕ گەلان و ڕژێمەکان، هەڵدایەوە... ئەو توندڕەوییەش سەرەتا تراژیدیاکانی هیتلەر وەبیردێنێتەوە. ئەو خەون بە سوپایەکی ڕوسییەوە دەبینێ، کە لە چوار ملیۆن سەرباز پێکهاتبێ، ئەم سوپایەش دەبێتە تۆخمێکی هێمنی لە هەموو جیهاندا، ئەمە چۆن دەبینێ؟

ئێران و تورکیا و ئەفغانستان، لە ڕوانگەی فاشیستی تازەوە، ناوچەی بەرژەوەندیی ژیاریین بۆ ڕوسیا و نابێ تەنازولی تێدا بکات بۆ هیچ کەسێك، بەڵکو دەبێ بێپەروا بەرەو باشوور هەڵکشێ، تاوەکو دەگاتە کەناری گەرمی هیندی.

چیرنۆفسکی لە مەڕ کوژراوان بەتەوسەوە دەدوێ و دەڵێ: (دە ملیۆن کوردو دە ملیۆن تورك لەناودەچن، بێگومان ئێمەش ڕزگارماندەبێ..) چونکە مەلەکان بەهەموو شێوەکانیان دەکەونە خوارەوە، بۆیەش چیرنۆفسکی پێیوایە کە ڕژێمی عیراق هاوپەیمانێکی سروشتی ئەو بۆچوونە فاشیستانەیە.

لەمەڕ مەترسی وەهمی ئیسلامییەوە، فاشیستە نوێیەکەی ڕوسیا دەڵێ: ئیسلام لە دەرگای ئەورووپا نادات، بەڵکو ئیسلام لە کوچەو شارەکانیدا دەخولێنەوە، ڕۆڵی مێژوویی ڕوسیاش لە ڕزگارکردنی جیهانە لەو مەترسییەو لە فراوانخوازی ئەمریکا، هەرچی ئیسرائیلە ئەوا ئەو وڵاتە لە دەرەوەی ئەو بوارەیە، لەکاتێکدا عیراق (هاوپەیمانێکی ستراتیژییە).

سەبارەت بە فەلسەفەکەش ئەوا شتێکی ساکارو لەهەمان کاتدا ترسناکە، چیرنۆفسکی دەڵێ: (دەبێ ڕوسیا مەترسیداربێت و هەر ئەوەندەش تەلی شەمچەکە نزیکبێتەوە دونیا گڕی تێ بەردەبێ، ژمارەیەکی زۆرمان هەیە لە هەموو چەکەکان، ئەوان دەڵێن: ئەمریکا دەستوەردەدات، ئەمەش ڕاست نییە، چونکە ئەمریکا گرمۆڵەدەبێتەوەو بێدەنگدەبێت، کاتێك دەزانی کە لەگەڵ مندا مامەڵەدەکات).

ئەمە گرنگترین بۆچوونەکانی ئەم شەڕانگێزە نوێیەیەو بریتییە لە فۆتۆکۆپییەکی چاککراوە لە بۆچوونەکانی هیتلەر. واش پێدەچێ کە قەیرانەکان کاتێك تۆکمەتردەبن دەبێتە ژینگەیەك کە گەورەترین بۆچوونە شێت و گەمژەکانی تێدا پەروەردەدەکرێت. جیهانیش نرخێکی مەزنیدا کاتێك لە سەرەتاوە هیتلەری تەمبێ نەکردو هیوادارم ئەو هەڵەیە دووبارەنەبێتەوە.

کوردستانی نوێ: ژ: **718** سێشەممە **1994/6/28**. نووسینی: ئەحمەد بەهجەت. (وەرگێڕدراو) ڕۆژنامەی حەیات: ژ: **11403**

# هەڵبژاردنەکانی سوید:
# سۆشیال دیموکراتەکان دەسەڵات دەگرنەوە دەست


هیجەلمار

ئەوە بووە بە نەریتێکی نیمچە باو لە ڕێڕەوی کاری سۆشیال-دیموکراتەکانی سویددا، کە هەمیشە بۆ پێکهێنانی حکومەت و سەرخستنی بەرنامەی هەڵبژاردنیان پێویستیان بە هاوپەیمانێتی هیچ کام لە حزبە سویدییەکان نەبێ، بەڵێ ئەمجارەشیان سەبارەت بەوەی کە (46٪)ی دەنگەکانی وەدەستهێناوە. (کارلسۆنی) سکرتێری حزبی سۆشیال-دیموکراتی سویدی ڕایگەیاند، ئەوەان بەتەمانین ئیئتلاف لەگەڵ حزبەکانی تردا پێکبێنن، بەڵکو دەیانەوێ حکومەتێکی کەمینە بێننە سەرکار کە لەپێشدا هاتووەکانی خۆی بەچارەسەرکردنی باری قەرزی دەوڵەت و قەیرانی بێکاری دیاریبکات. بەپێچەوانەی ئەوەش لیبراڵ و موحافیزکارەکان پێویستیان بە ئیئتلافێکی بەهێز هەیە، تاوەکو بتوانن لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا سەنگەر لە سۆشیال-دیموکراتەکان بگرن و بەسەرنجدان لە هەڵەو کەموکورتیەکانی ئەوان لە حکومکردندا ئامادەباشی بۆ خولێکی دیکەی هەڵبژاردن بکەن.

**حیزبی ریفۆڕمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان!**

لەماوەی نێوان ساڵانی **(1896- 1994)**دا چیرۆکێکی درێژ لە سەرکەوتن و شکست، لە خەبات و نوچدانی حزبی سۆشیال-دیموکراتی سویدیدا هەیە، ساڵی **1896** هیالمار برانتینگش بوو بەیەکەم پەرلەمانتاری سۆشیال-دیموکرات و ساڵی **1920** هەرخۆشی

یەکەمین حکومەتی سۆشیال-دیموکراتی لە مێژوویی سویددا پێکهێنا. ئیدی لەو ڕۆژەوە وەکو ترس شکاندنێك لە حکومڕانی، بەپچڕپچڕی و جارجارەش بەسەریەکەوە، چەندین جار کابینەی حکومەتیان گرتۆتەدەست، ئەگەر هەروەختێکیش دۆڕاندوویانە، ئەوا هێشتاش چەندین کۆمۆنەو هەرێمی سویدیان بەدەستەوە مابۆوە. ماوەی نێوان (1932-1976)، مەگەر (100) ڕۆژی نەبێ، ئەگینا ئەو دوای بێ پسانەوە ئەوان تێیدا فەرمانڕەوایی سویدیان کردووە. لە 1976 تاوەکو 1982 دووره دەسەڵات بوون و لەوێ بەدواوە تاوەکو ئەمڕۆیان حوکمیان بەدەستبووە، یان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابیان گێڕاوە، لەو (98) ساڵەدا سۆشیال-دیموکراتەکان کۆمەڵگەی سویدیان بە سیماکانی خۆیان ڕەنگرێژکردووە، مێژوویی ئەم سەدەیەی سوید، بەتایبەتی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی مێژوویی سۆشیال-دیموکراتەکانە. زۆربەی ئەو ڕیفۆرمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئێستا تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگەی سویدی لێی بەهرەمەندن، تەنانەت حیزبە ڕاستڕەوو هێزە نەیارەکانیش وەکو واقیعێکی چەسپاو سەلماندوویانە، دەستکەوتی سۆشیال-دیموکراتەکانە:


گۆران پێرسۆ

- ئەوان بوون کە یاسای (8) سەعات کاریان دارشت.
- دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاریان دابینکرد.
- لە ڕێگەی ئەو گۆڕانکارییانە و لە ڕێگەی سیاسەتی باج وەرگرتنەوە جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی (سویدیی)یان کەمکردۆتەوە، بێتوندوتیژی و بەشێنەیی. تاڕادەیەکی پێشکەوتوو دادپەروەری کۆمەڵایەتیان بەرقەرارکردووە.
- لە بواری ئازادیی سیاسییدا کاریگەرانە بەشدارییان لە پەرەپێدانی دیموکراسیی سویدی و سەلماندنی ئازادیی بیروڕادەربڕین و پێکهێنانی سەندیکای پیشەیی و دیموکراسییدا کردووە، بەجۆرێك هەر خودی ئەو سەندیکایانەن کە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بۆ حزبەکە مسۆگەردەکەن.
- لە بواری پێشخستنی ژنان و سەلماندنی مافە ئینسانییەکانیان و نەهێشتنی هەڵاواردن لەنێوان ژن و پیاودا، شوێن پەنجەیان لە خەباتی سیاسیی و پیشەیی ژنانی سویددا ئاشکراو دیارە.

سیاسەتی دەرەوە: هەڵوێستی ئیجابیانە لە دیموکراسیی و پشتگیری لە کێشەی کورد.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی حزبی سۆشیال-دیموکرات، ئەوا لە ماوەی حوکومڕانی ئەو حزبەدا هەمیشە توانیویەتی بێلایەنی سوید، بەڵام بێلایەنییەکی بەهەڵوێست و ئیجابیانە، لە کێشە نێودەوڵەتییەکاندا بپارێزێ، سۆشیال-دیموکراتەکان هەمیشە دژی هەردوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم و هەروەها دژی شەڕی ڤێتنام و داگیرکردنی ئەفغانستان و تێکڕای وڵاتان بوون. لە کۆنگرە جیهانییەکانی سۆشیال-ئینتەرناشناڵدا داکۆکیان لە ئاشتیی نێودەوڵەتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنووسی گەلان کردووە. هەڵوێستیشیان لەمەڕ کێشەی کورد هەڵوێستی پشتگیریکردن بووە. دۆستایەتییەکی باشیان لەگەڵ ی.ن.ك دا هەبووە. ساڵی **1984**، تەنانەت پێش ئەوەی ی.ن.ك ڕێبازی سۆشیال-دیموکراتیش هەڵبژێرێ. وەفدێکی حزبی سۆشیال-دیموکراتی سویدی لەگەڵ وەفدێکی یەکێتی کۆبۆتەوەو بیروڕای ئاڵوگۆڕکردووە، لە گەرمەی دەسەڵاتی داگیرکەراندا ئەوان پشتگیریان لە حەسانەوەو پەنادانی کوردە ئاوارەکان کردووەو لەگەڵ ئەوەدابوون مافی مەدەنی و مافی هاوڵاتییان بۆ بسەلمێنرێ. تەنانەت لەم هەڵبژاردنەدا ژنە کوردێك لە لیستی سۆشیال-دیموکراتدا وەکو پەرلەمانتارێك هەڵبژێردرا. هەروەها لە درێژەی ئەو هەوڵ و کۆششانەی بۆ بنەبڕکردنی شەڕی ناوخۆی کوردستان درا، کۆنی فیدکسۆنی لێپرسراوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سۆشیال-دیموکراتی سویدی لەگەڵ وەفدی سۆشیال- ئینتەرناشناڵ سەردانی کوردستانی کردووە.

## ڕەوتێک بۆ تایبەتمەندی سۆشیال- دیموکرات لە سویددا

بە درێژایی کارکردنی ئەو حزبە لە مەیدانی سیاسییدا توانیویەتی هەندێك سیما و خاسییەتی تایبەتی بۆ سۆشیالیزمی سویدی دابڕێژێ و خەرمانی کەلتوری سۆشیال-دیموکراتی پێ دەوڵەمەندبکات. هەرواش چەندین کەسایەتی ناوداری جیهانی پێبگەیەنێ لەوانە (ئۆڵف پاڵمە)، کە خاوەنی فیکرو فەلسەفەی تایبەتی خۆی بووەو خزمەتێکی چاکی سۆشیال-دیموکراتی سویدی و مێژوویی سۆشیال- ئینتەرناشناڵی کردووە. هەروەها (تاگی ئیرلانەر)، کە بەسەریەکەوە **(23)** ساڵ سەرۆکی حزب و حکومەتی سوید بووەو لە ساڵی **1969**دا خۆی وەکو پێویستی بە ساڵاچوون دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

مایەوە بڵێین، ئێستا وا چاوەڕواندەکرێ حزبی سۆشیال-دیموکرات لەم دەورە تازەیەی حوکومڕانییدا هەوڵ بۆ ئەوە بدات کە سیاسەتە نادروستەکانی ئیئتلافی ناوەڕاست

ڕاستبکاتەوەو وەکو هەمیشەش لێی ڕەچاودەکرێ گرنگی بە دەزگا خزمەتگوزارییەکـان و دەزگاکانی باج بدات، وەکو هەمیشە بیانکات بە ئامرازی چاککردنی دۆخـی ئـابووری لەو وڵاتەی سۆشـیال دیموکراتەکـان، باشـتر لە هەر لایەنێکـی تـر، لەگەڵ خزمەتکردنـی ڕاهاتوون٠

کوردستانی نوێ: ژ: **793** یەکشەممە **1994/9/25**.

# کۆسۆڤۆ لە زەمەنی دەستێوەردانی ئیجابیانەدا

لە زەمەنی تەفسیراتی جیاو پێوان بە دوو پێوانەدا ڕووداوەکانی کۆسۆڤۆ بەرەو ڕەوشێکی هەڵایساوتر دەچن. ناتۆ لە بنکەکانی سەرب دەداو ئەلبان نەژادەکانی کۆسۆڤۆش لەنێوان پاکتاوکردنی عەرەقی و ڕاگوێزانی ناچاریدا گیریبیانخواردووە.

لە دەرەوەی ئەو بازنە گڕگرتووەشدا، هەر وڵاتەو بەشێوەی جیا ڕووداوەکە تەفسیردەکات. دروست هەر وڵاتە و لەنێو دیڕەکانی شیکردنەوەی ڕەوشی کۆسۆڤۆدا بۆ (لەیلا)ی خۆی دەگری.

ڕوسەکان، کە خۆیان سیاسەتێکی شۆڤێنیستیان دەرهەق کەمینەکان هەیەو کەمیان بەچاچانییەکان نەکرد، لە پشت پرەنسیپی سیادەو شەرعییەی دەوڵەتاندا نارەزایی خۆیان شاردۆتەوە. ئەوانیش وەك چین ترسی ئەوەیان هەیە، کە پرەنسیپی (دەستێوەردان) کەمینەکانی نێو خۆیان بەرخۆرداربکات.

دەوڵەتە عەرەبییەکان، کە فرمێسکێکی زۆریان بۆ موسوڵمانانی بۆسنیا ڕشت، لە ترسی کەمینەی نێو وڵاتە عەرەبییەکان و جێگیربوونی نەریتی دەستتێوەردان، خەریکە باوەش بە سەربەکاندا دەکەن! عەرەبەکان دەڵێن ئەمریکا سیاسەتی پێوان بەدوو پێوانە پیادەدەکات، کەچی ئەوە لەبیردەکەن کە خۆشیان دوو پێوانە لە ئاستی کوردەکان دەگرنەبەر، لە سەرێکەوە دەڵێن بۆ ئەوەی بۆ کۆسۆڤۆ دەکرێت بۆ کوردی تورکیا ناکرێت، لە سەرێکی دیکەشەوە پێیان ناخۆشە خودی پرەنسیپی دەستێوەردان لەپێناو ڕاگرتنی سەرکوتکردنی کەمینەکان بەراییەکەی لە دانانی ناوچەی ئارام بۆ کوردی عێراق دەستیپێکرد!

(ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە) ئەمە پرەنسیپی هەندێك دەوڵەتی ترە، کە حەزی لە دەستێوەردانە، بەو مەرجەی کەمینەکانی لای خۆی نەگرێتەوە.

داخۆ کوردەکان، لەگەڵ ئەوانیشدا کەمینەکان، چۆنی پێوانەدەکەن؟ کەمینەکانی وەکو تبتی و مەسیحییەکانی باشووری سوودان، هیچ لەسەر هەڵوێستیان نازانین، بەڵام مەعلوم

ئەوانیش وەکو کورد، ئەگەر گلەییەکیان هەبێت، ئەوا لەو بارەیەوە کە پێیان خۆشە ئەوەی بۆ کۆسۆڤییەکان دەکرێت لێیان نەستێنرێتەوە، بەڵکو ئەوانیش بگرێتەوە. زیاتر لەوەش کورد حەزدەکات دەستێوەردانەکانم کە لە ناوچەی ئارامی کوردستانەوە بەرەوی پەیداکرد، وا گەشەبستێنێت کە ئەوانیش لە هەڕەشەی سەربازیی بپارێزرێن و تراژیدیای ئابی **(1996)** دووبارە نەبێتەوە.

لێرەو لەوێ خەریکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرەنسیپی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە جێگیر و پەرە پێ بدات. هەن ئەم دەستێوەردانە بە چەقۆکێشییەکی ئەمریکاو ناتۆ دەزانن و هەشن پێیان خۆشە هەڵبژاردنی لێرەو لەوێ سیاسەتێکی ئینتیقائی نەبێت، بەڵکو پرۆڤەیەکی عەمەلی بێت لەگەڵ سەرکەوتنییدا هەموو سەرزەمینێك، کە کەمینەو گروپەکانی تێدا سەرکوتدەکرێت، بگرێتەوە!

کوردستانی نوێ: ژ**:1829** لە رۆژی **1999/4/1**

# له کشانەوەی سوپای سربدا

ڕێوڕەسمی کشانەوەی سـڕبەکان لە هەرێمـی کۆسـۆڤۆی ئەلبانـنـشیندا وێنەیەکـی چڕکراوەی ڕەوشی ململانێـی ئەتنیکیـیە لە هەرێـمەکەو لە تەواوی دەڤەری بالکانـدا٠ وردەکاریی کشانەوەکەی سوپای میلۆسۆڤیچو ڕووداوەکانی هاتنە ڕێگا، گەواهی توندی ململانـێکەو گرژیـی نێـوان لایەنە پێـك ناکۆکەکـانن٠ هەروەهـا ئەو وردەکارییـانە، هەڵوێستو دیدی هەموو لایەنەکانیش دەردەخەن٠



سوپای سربیا: نموونە لە وێرانەی بەجێماو

سوپای سربیا دەکشێتەوەو دەخوازێ وەك ڕێبەرەكەی كشانەوەكە بە سەركەوتن بزانێ، بۆیە لە وێنەكانەوە دیارن كە پێدەكەنن و دڵیان بە هێرشی كشانەوە خۆشە! هاووڵاتییانی كەمینەی سرب، كە لە هەرێمەكەدان، چاویان پڕ فرمێسكەو بۆ سوپای كشاوە دەگرین٠ ئاوارەكان، ئەوانەی لە چیاكانی كۆسۆڤۆو بە تایبەتی دەوروبەری برشتینا خۆیان حەشاردابوو، وردە وردە دەردەكەونو بە شەرمو ترسەوە بە دوای لەتێك نانو ئەوەی ماوە لەماڵو خانووبەرەیان دەگەڕێن٠ لەو ڕەوشە گرژەدا مادامەكی لە سەرەوە، لای ڕێبەر و سیاسەتمەداران ناكۆكیو گرژی هەیە، لە كۆسۆڤۆ گرژییو شەڕی لابەلا لەنێوان ئەلبانەژادەكانو كەمینەی سربی لەوێ نیشتەجێ بوو هەیەو ڕەنگیداوەتەوە٠ لەوێش، واتا لە خوارەوە، هەر سربەكان پەلاماردەرن٠ ئەوان تەنها سەر لە بەیانی دوێنێ **(6/16)** كە ڕۆژی كشانەوەی سوپای سرب بوو لە پایتەختی هەرێمەكە چەند ڕوداوێكی پەلامارداناو گرژییان خوڵقاند٠ لاوانی سرب دەستپێشخەربوون لە پەلامارداني لاوانی ئەلبانەژاد٠ چەند چەكدارێكی سرب ئەلبانەژادەكانیان دایە بەر گوللەو لە یەك دەستڕێژدا چواریان كوشتو دوانیان بریندارکرد٠ لە داخی ئەو ڕووداوانە،ئەلبانەكان بەرددەگرنە سوپای كشاوەو سوپای ڕزگاریخوازی كۆسۆڤۆش، كە قەراروایە لە چەك داماڵرێ، دەخوازن پشكێكیان لەو ڕەوشەدا هەبێتو خۆیان پارێزگاری لە هاوڵاتیانی خۆیان بكەن٠ ئەوان، كە ئێستا دەبینن مۆسكۆ خەمی كەمینەی پەلاماردەری سربێتی، پێیانوایە دەبێ ناتۆش سەركەوتنەكەی خۆیان وەك هێلكەیەكی پاكراو بەوان ببەخشن و ڕووداوەكان لە پاراستنی ئەلبانەژادەكانەوە بە ئاقاری چێكردنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ ببەن٠



سوپا جەللاد و جەللادەكانیش هاوكاری بوون

باشــه ســربەکان بــۆ وا پەلامــاردەرن، بە حکــومەتو ســوپاو هاوڵاتیانیــانەوە؟ ئەو ڕووداوانەی هاوڵاتیانی سرب لە کــشانەوەی ســوپاکەیاندا دەیــکەن، پتــر لە پرســیارێك لەسەر نەتەوەو ئەتنیکەکان دەوروژێنێ: داخۆ پەیوەندیی دروســتی نێــوان نەتەوەکــان چۆن دروستدەبێتو کێ بناغەکەی دادەڕێژێ؟ داخۆ پیاوانی دەوڵەتو سیاسەتمەداران چ ڕۆڵێك دەبینن لە کەمکردنەوە یان پەرەپێدانی گرژییە ئەتنکییەکانو چۆن دەتــوانن ناکۆکییە مێژووییەکان بێننەوە سەر بەرەو گرێ تێبەردەنەوە؟

بــۆ وەڵامــی ئەم پرســیارانە دەبــێ ئەو زانیــارییە بەبیــربێنینەوە کە لە ســەرەتای دەستپێکردنی تەنگژەی کۆسۆڤۆوە باسکرا:

چەندی کۆسۆفۆییەکان بەتوندی بۆ سەربەخۆیی کۆسۆفۆ و مافی نەتەوەیــی خۆیــان تێدەکۆشن، هێندەش ســربەکان خــاکی کۆســۆفۆ بە خــاکێکی هەرە پیــرۆزی خۆیــان دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەس نییە بــۆ قەومــانی ڕووداوی تونــدوتیژی وەك ئەوەی دوێنێ ڕوویان دا، چونکە ئەگەر مەسەلە شەڕی پیــرۆزی نێــوان دوو ئەتنیکــی جیاواز بێت، خــۆ فەلەســتین و جولەکەکــانیش شــتی پیرۆزیــان هەیەو هەریەکەیــان ئەویتر بەبێگانەی نێو خاکی خۆی دەزانێ، کەچی لە کشانەوەی ســوپای ئیــسرائیل لە بەشێکی ناوچەکانی مایەی ناکۆکی تونــدوتیژی وەك ئەوەی ســربەکان کردیــان ڕووی نەدا، بەڵێ ڕاستە نارەزایی خۆپیشاندان هەبوو، بەڵام مەسەلەکان بەو زەقیەی هەرێمی کۆسۆفۆ نەبوون.

پێموایە باعیسی ئەو توندوتیژییەی کۆسۆفۆ، حکــومەتە دیکتــاتۆرییەکەی ســربیایە، میلۆسۆڤیچ بــێ پرســی ســربەکان شــەڕی هەڵگیرســاند، بــێ پرســی وان لە کۆســۆفۆ کشایەوەو خاکی (پیرۆزی) وانی جێهێشت. ئەمەش ڕۆڵیگێڕا لە زیادبوونی گرژییەکاندا، بەتایبەتی کە:

حکومەتە دیکتاتۆرییەکان هەمیشە پــشت بە یــادەوەریی ڕەمــزو ئاماژەکــانی مێــژوو دەبەســتن لە بزوانــدنی ڕووداوەکــانی ئەمــڕۆدا، میلۆســۆڤیچیش مەســەلە ئەتنیکیــیە هەمیشە ئامادەبۆوەکەی خراپتر وروژاندەوە.

حکومەتە دیکتاتۆرییەکان دیموکراسی نادەنە گەلەکانیــانو بە دیموکراســی نــایەنە سەرکارو بە دیموکراسی حکــومڕانی نــاکەن، تــاوەکو ئەگەر لە شــەڕدا شکــستیانخوارد گەلەکەیان شکستەکە قبوڵبکەنو (کشانەوە)کەیان پێ قووتبدرێ.

کاتێك دیکتاتۆرەکان دیموکراسی نادەنە گەلەکانیان، هەڵبەتە ناشیدەنە کەمینەکــان، تا گرفتی کەمینەو گرژیی لەسەر موڵکداریێتی خــاکی پیــرۆزو خاوەنــداریێتی مێژوویــی هەرێمەکان تەواوبێتو بەو مافەی بە کەمینە دراوە، یەکێتــی خــاکی وڵاتەکە دوور لە

ڕابردووی مایەی گرژی، بپارێزێت٠ کە میلۆسۆڤیچ مافی کۆسۆڤۆییەکان نادات، ئەوان توندتردەبن‌و لە داخوازیی ئۆتۆنۆمییەوە بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆن٠ کە کۆسۆفۆییەکان توندتردەبن، گرژیی دەقەومێ‌و سربەکان فرمێسک بۆ ئەو خاکە دەڕێژن کە بەهی خۆیان دەزانن‌و گێلی ڕێبەرە توندڕۆکانیان لەدەستیداون٠

*لە کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە

# کۆتایی پێ هات!



میلۆسۆڤیچ

ڕووداوی گەورە زۆرن لە دونیـــادا، کە هـــی ئەوەن ببـــنە مانـــشێتی گەورەی تەواوی ڕۆژنامەکـــانی دونیـــا، بەڵام ئەو مانـــشێتانەی گەورەو جـــوانن، گوزارشـــتکەرن لە ڕووداوەکەو بەئەندازەی سەرسامیمان لەسەر ڕووداوەکە سەرسامو سـەیرن، کەمو هەڵبژاردەن٠ چـۆن ڕووداوی گەورە هەلـومەرجی گەورەو پیـاوی گەورەی خۆیـان دەوێـت، مانـشێتی جـوانو گەورەو سەرنجڕاکێشیش، ڕۆژنـامەی بـاش و ڕۆژنامەنووسـی زیـرەك و زرنگی دەوێت٠

خۆ هەموو ڕۆژێك ڕووداوی گەورە نایەتە پێشەوە، تا ڕۆژنامەنووس کەمتەرخەمی لەئاسـتدا بنوێنێو مانشێتێکی ئاسایی بۆ هەڵبژێرێ٠ ڕووداوی گەورە وەکو چانسێك کە بۆ ئینسان دێـتە پێشێ بەپەلە پێدەکەنێو ڕاگـوزەری دەڕوا، بـۆیە ڕۆژنـامەنووس دەبـێ پەلـی بگـرێو بەدوای مانشێتی قووڵو ئاماژەی ڕۆژنامەنووسی ئەوتۆدا بگەڕێ، کە ئەویش بەشی خۆی بەشداریبکات لە ڕووداوەکەو لەناولێنـانی٠ ڕووداوەکـان جێـی سـەرنجی خەڵکـن، بەڵام کە مانـشێتەکانی ڕۆژنامەیەك ڕایدەگەیەنن، دەتوانن ڕووداوەکە بکوژنو دەشـتوانن وا بـکەن نـاوەکەی ئەوان لە ڕووداوەکەی دەنێن، هەر خۆی لەئاستی خەڵکیشدا ببێتە ناوو ناونیـشانی ڕووداوەکەو دواجـار ڕۆژنامەکەو ڕۆژنامەنووسان ببنە پشکداری پاڵەوانانی ڕووداوی جێی سـەرنج٠ خەڵـك لەبیریـانە کە ئابڕووچوونو گەنـدەڵی ئیـداری لە وڵاتـانی گەورەی دونیـا ئاشـکرابوونو بـوونە ڕووداوی گەورەی سەردەمی خۆیان، بەڵام ڕۆژنامە گەورەکـانی ئەو وڵاتـانە بەمانـشێتی جـوان توانیـان ڕووداوەکە گەورەتر بەرجەستەبکەنو مۆری ناولێنانی خۆیانی بەسەردا ببڕن٠

هەر پێـرێش، کە سـڵۆبۆدان میلۆسـۆڤیچ دەسـتگیرکراو بـرایە زینـدانەوە، ڕۆژنامەکـانی یۆگۆسلاڤیاو ڕۆژنـامە گەورەکـانی دونیـا نـاوی جیاجیـان لە هەڵمەتـی دەسـتگیرکردنەکەو ڕووداوی خۆبەدەستەوەدانی دیکتاتۆرەکەی سربیا نـا، کەچـی دواجـار ڕۆژنـامەیەکی بەلگـراد

گــرەوی جــوانترینو سەرنجڕاکێــشترین مانــشێتی بــردەوە، مانــشێتێك گوزارشــتی لە دەستگیرکردنی میلۆسۆڤیچ کرد: (کۆتایی پێ هات!) ئەم مانشێتە بووە سەردێڕو وێردی ســەر زمانی خەڵکی و پەیامنێرانی کەناڵە جیهانییەکـان کە لە شـوێنی ڕووداوی دەسـتگیرکردنەکە بوون•

بەڵـێ دیکتاتۆری (کۆتایی پێ هات)و ئەو ڕۆژنامەنووسەشی کە مانشێتەکەی دانـاو کۆتـایی شانۆگەریی تـرسو بیمـی لە وشـەیەکدا چڕکـردەوە، (سـەرەتای) وەرچەرخـانێکی گرنگـی لە ڕۆژنامەگەریی وڵاتێکدا دەستنیشانکرد، کە پێشتر لە ژێر سایەی دیکتـاتۆریو سـەرکوتکردندا ئازادی ئەفراندنو مافی دانانی مانشێتی سەرنجڕاکێشی لـێ زەوت کرابوو•

کوردستانی نوێ ژ: **2417** سێشەممە **2001/4/3**

# میلۆسۆڤیچ لەنێوان بەلگراد و لاهایدا



له دادگادا

*سەرەنجام میلۆسۆڤیچ دەستگیرکراو نەتەوەی سربیاش هەروا مایەوەو چاوی لە ئایندەیە کە ژیانێکی بێشەڕوشۆڕو کۆمەڵێکی دیموکراتیان بۆ دەستەبەربکات. مەبەستمە بڵێم نەتەوەی سرب، نەك گەلی سربستان، چونکە میلۆسۆڤیچو ڕێڕەوی ئەو لە سیاسەتدا دەیانویست وای نیشانبدەن، ئەوەی ئەوان دەیکەن لە قازانجی نەتەوەی مەزنی سربەو بۆ قازانجی ئەوانە، کەچی ئاکامی ڕەفتارەکانو هەلومەرجی دەستگیرکردنەکە نیشانیدا سیاسەتی دیکتاتۆرەکەی بەلگراد چەند گۆشەگیر و بێزراو بوو.

کەس نەڕژایە سەر شەقامەکان و کەس نەبوو بڵێ "پاڵەوانی نەتەوەییمان" ڕاپێچی کوێ دەکەن؟ بەڵکو سربەکان پێش هەموو کەسێك گوتیان ئێمە زیاتر لە کۆسۆفییەکان حیساب و کیتابمان لەگەڵ "پاڵەوان"!دا هەیە. یەکێك لە هاوولاتیانی پایتەخت بەئاشکرا گوتی: (هەستدەکەم شەرمەزارییەکمان لەکۆڵ خۆمان کردۆتەوە). ئەمەش دەستگیرکردنی ڕاستەقینەو زیندانی ڕاستەقینەیە، کە شۆڤێنیستێك کەس لە هاوڕەگەزەکانی خۆشی شایەدی چاکی بۆ نەدەن.

*سەرەنجام میلۆسۆڤیچ دەستگیرکراو حکومەتی بەلگرادیش بەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی ئەویان کردووە کێشەکەیان وا چکۆلەکردووە، کە هەرگیز لە هەزری دیکتاتۆر و لەئاستی "گەورەیی"! ئەودا نەبوو.

"ڕێبەری نەتەوەیی سربیا" لەسەر گرفتی ئیداریو دارایی، لەسەر گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتو کوشتنی ڕکابەران دادگاییدەکرێ، نەك لەسەر ئەو "جەنگە نەتەوەییانەی" بەرپایکردنو تێیدا شکستیخوارد. لاهای داوایدەکات تا لەسەر "جەنگە نەتەوەییەکانی" لە دژی ئەلبانەنەژادەکانی کۆسۆفۆ ئەنجامیدا، وەك تاوانبارێکی جەنگ سزای

بـدەن٠ بەڵام حکـومەتی نـوێی بەلگـراد سـوورە لەسـەر ئەوەی ئەو شـەرەفە نەتەوەیـیە بە میلۆسـۆڤیچ نەداو لەسـەر فـایلی کـاری ڕۆژانە، نەك تۆمـاری "سـەروەرییە مێژووییەکـانی" تەمبێیبکات٠

*سەرەنجام ئەگەر بەدڵی میلۆسۆڤیچ بـێ، لەوانەیە "لاهـای" بەسـزا قورسـەکانی قڕکردنـی کۆسۆفییەکانەوە چاکترو پەسەندتر بێ لە دادگای خۆمـاڵی بەلگـراد، کە کەمتـرین عـاقیبەتی سزای گەندەڵییە وەك هەر فەرمانبەرێك کە سەرپێچی ئیداری دەنوێنێ!

*لە کۆمۆنیـستێکی شـێوە تۆتالیتـارەوە بـۆ "ڕێبەرێکـی نەتەوەیـی" کە کەمینەکـان سەرکوتدەکات، تا دەگات بە تاوانکارێکی ڕێبازی گەنـدەڵیو خـراپ بەکارهێنـانی دەسـەڵات، ئەمە چیرۆکی میلۆسۆڤیچو هەموو دیکتاتۆرێکی سەرەڕۆیە٠

کوردستانی نوێ ژ: **2418** چوارشەممە **2001/4/4**

فەسڵی چوارەم

# رۆژگارە تاڵەکانی
# وڵاتی شەکر

# کوبا... ڕۆژگارە تاڵەکانی وڵاتی شەکر...!


کاسترۆ

لە نیوەی یەکەمی ساڵانی هەشتاکاندا، کاسترۆی فەرمانڕەوای کوبا، لە دەربڕینێکی چاوەڕوان نەکراودا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت دەستەیەك لاوی لێوەشاوە، لە دەزگاکانی حوکم پەروەردەو پر ئەزموون بکرێن، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا فیکری تازەگەری و گیانی گەنجانەی خۆیان، ئاوێتەی کەلتووری شۆڕشگێڕی هاوڕێکانی گیڤارا بکەن و بەو دوو بەهرەیەوە دەسەڵاتدارێتی کوبای سۆشیالیستی و دراوسێی نەیاری ئەمریکا بگرنەئەستۆ. دوای پیرسترۆیکاو لەبەر هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات و بەتەنها مانەوەی وڵاتانی هاوچەشنی کوبا، سەرلەنوێ و ئەمجارەیان لەنیوەی یەکەمی ساڵانی نەوەتەکاندا کاسترۆ لە ئاخاوتنێکی تازەیدا، هیوای ئەوەی خواست کە ساڵی (1998) فەرمانڕەوای وڵات نەبێ و دەستەیەکی دیکەی خوێنگەرم ڕابەرایەتیی کوبا بکەن! ئەم ئاخاوتنانەی (کاسترۆ) جدیبن یا بۆ چەواشەکردنی خەڵکی وڵاتەکەی و یان بۆ هەر مەبەستێکی تر بێت، دەربڕی ئەو ڕاستیە هەمیشە زیندوون، کە ئەگەر شۆڕشگێڕانی هەر وڵاتێك (لە دوای لە گۆڕنانی حوکمێکی دیکتاتۆری پاشکۆی بێگانە) ئەو شۆڕشگێڕانە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی، کە زادەی دۆخێکی شڵەژاوە، ئاڵوگۆڕنەکەن بە دەسەڵاتێکی مەدەنی و دیموکراسی، ئەوا ئەو دەسەڵاتە شۆڕشگێڕەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا دیکتاتۆرییەتێکی تر بەرهەمدەهێنێت و دیکتاتۆری (کاسترۆ) لە جێگای دیکتاتۆری (پاتیستا)دا دەنێ و هیچیتر. سەرئەنجام شەرعییەتی خودی شۆڕشەکە دەکەوێتە خانەی گومان و جێگای پرسیاری ئەو جەماوەرە، کە گوایە شۆڕشەکە بە پشتیوانی ئەوان و لەپێناوی ئەواندا کراوە.

لە شوباتی ساڵی (1959)دا، کە کاسترۆ و هاوڕێکانی بە بەرگی پارتیزانی و ڕیشی درێژەوە خۆیان کرد بە (هاڤانا)ی پایتەختدا، لە زۆر لاوە پیرۆزباییان لێ کرا، بەڵام ئەم پارتیزانانە

هێنده جێگای سەرنجی وڵاتان و ناوەندە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمەی شەڕی سارد نەبوون، تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانیش ئەگەر گرەنتییەکی بچووکی وەربگرتـایە کە بەرژەوەنـدییەکانی لەو وڵاتە دەپارێزێ، ئەوا هەرگیز لە دەسەڵاتی تازەی کوبا بەدگومان نەدەبوو.

ئەمریکا بیری لە نەشیاوترین گریمانیش بکردایەتەوە، هەرگیـز پێـشبینی ئەوەی نەدەکـرد (کوبا) بۆ ماوەی (34)ساڵ ببێـتە مـایەی نیگەرانـی و بەرژەوەنـدییەکانی زلهێـزی لە دونیـای سەرمایەداری لە ئەمریکای لاتین بخاتە مەترسییەوە.

ئەوەی زووتـر دەنـگ و سـەدای شۆڕشـی کوبـای بە جیهانـدا بڵاوکـردەوە، هەنگـاوە ڕادیکاڵەکانی شۆڕشگێڕەکان بوو. پەیتـا پەیتـا هەمـوو کەرتە ئابوورییەکـان کـران بە مـوڵکی دەوڵەت. تەنانەت سەرتاشخانەکانیش وەکو گیڤـارا دەیگـوت، ئیـدی ئەوانەی کە گۆڕانکـارییە تازەکان لە بەرژەوەندیدابوون، بەرەو ئەمریکا و وڵاتانی دیکە هەڵاتـن، ئێـستا ئەوانە بەشـێکی بەرچاو لە نەیارانی ئەمرۆی (کاسترۆ) پێکدێنن. سـاڵی (1961) بە بڕیارێـك لە سـەرووەوە، نەك هەڵقوڵاوی بـارودۆخی وڵاتەکە، پیـادەکردنی سۆشـیالیزم وەکـو ئامـانجێکی تـازەی شۆڕشـی ڕاگەیەنـرا!، ئـاوێتەبوونێکی سـەیری گیـانی نەتەوەیـی و فیکـری سۆشیالیـستی و ئامـانجی ڕابەریکردنی شۆڕشی ئەمریکای لاتین، هەموو پێکەوە تێکەڵ بە بەرنـامەی کـاری (کاسـترۆ)و حکومەتەکەی بوون. ئیدی لەوێ (کاسترۆ) بوو بە ئەفسانە، کوباش بوو بە مۆدێلی چاولێکراو و کتێب و ڕاسپاردەکانی (گیڤارا)و (ڕۆجـیە دۆبـری)یـش بـوون بە ڕێنـوێنی شـۆڕش لە ئاسـیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین. پاشان هەوڵەکانی کاسترۆ بـۆ گـرتنەبەری سیاسـەتێکی تـایبەتی و نموونەیەکی جیـاواز لە سۆشـیالیزمەکەی یەکێتیـی سـۆڤێت و ڕەخنەگـرتن لە خرۆشـۆف و هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤێت لە قەیرانی موشەکەکان لە ساڵانی شەستەکاندا، ئەمانە هەمـووی (کوبا)ی وەکو دەنگێکی تایبەتمەند بە دونیا ناساند.

ئەزمـوونی کوبـا ئەزموونێـك بـوو هەمیـشە لە حـاڵەتی نـاهەمواری ڕۆژگارەکـانی خـۆی بەسەردەبردو وڵاتی تازە ڕزگاربوو لە ئەنجامی ئەو هەنگاوانەی تەگەرەیەکی زۆری هـاتەپێش. ساڵی (1961) حکومەتی ئەمریکا پەیوەندیی دیبلۆماسـی لەگەڵ کوبـا پچڕانـدو سـاڵی (1962) پەیوەندیی ئابووری لەنێوان هەردوو وڵاتدا نەما، لەو کـاتەوە تـا ئێـستا ئەمریکـا ئـابلۆقەیەکی سەختی سەپاندوە بەسەر کوبادا.

تارمایی هەرەسهێنانی سیستەمی موڵکداریتی گشتی و بنیاتنانی سۆشـیالیزم بـاڵی بەسـەر وڵاتدا کێشا، کادێرانی هونەری بەرەو دەرەوەی وڵات هەڵـدەهاتن و سـەرمایەی بیـانیی لەبەر باری نائارامیی سیاسی و لەترسی خۆماڵیکردنی وەبەرهێنانی ئابووری تـایبەتی، هەمـوو بـوارە جیاجیاکانی ئابووری کوبایان بەتەنیا بەجێهێشت. هەوڵدان بۆ بنیاتنانی ئابووری خۆبژێوی بـوو بەسیاسەتی دەوڵەت، ئەمەش پێویـستی بە لەخـۆگرتنەوە (تقشف) هەبـوو، ئەمـانە هەمـووی

دەسەڵاتی مەرکەزیان توندترەدەکردو بیروکراتییەتیان زیاتر دەچەسپاند، لەم کاتەدا بوو کە گیڤارای وەزیری پیشەسازی لە نامەیەکی پڕ لەسۆزدا، دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاندو بەرەو هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە شوێنێکی دیکەی ئەمریکای لاتین (پۆلیڤیا) کەوتەڕێ، ئەو هەر لە زووەوە لە کیانی بیروکراسی دەترسا و هەستی بە جیاوازیی نێوان قۆناغی شۆڕش و قۆناغی حوکمڕانی دەکرد.


کاسترۆ و گیڤارا

لە ئاکامی ئەو ئابڵوقەیەی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤییەت بوو بە تاکە دەروازەی کوبا (70٪) بازرگانی کوباو (40-45٪)ی هەناردەی شەکر (کە سەرەکیترین سامانی ئەو وڵاتەیە) لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت و وڵاتە سۆشیالیستەکانی ئەو کاتە بوو. لەبەرامبەردا، ئەو وڵاتانە بەتایبەتی و سۆڤیەت سەرچاوەی یەکەمی سووتەمەنی بوون بۆ کوبا. بەم دۆخە نالەبارەوە کوبا پێشوازی لە سەردەمی دوای شەڕی سارد کرد، ئێستا قەیرانی ئابووری، لە جاران زیاتر تەنگی پێهەڵچنیوە، گەمارۆی ئەمریکا تادێ توندتردەبێت و ڕوسیای پاشماوەی سۆڤیەت ئێستا سەرگەرمی ناکۆکییەکانی خۆیەتی و بواری ئەوەی نەماوە یارمەتی کۆنەدۆستەکانی خۆی بدات، لەبەردەم دەرکەوتە تازەکانی جیهانی پاش شەڕی سارد، خیتابی سیاسیی لە کوبا بە دوو ڕەوتی ناکۆکدا ئاڕاستەدەکرێت:

یەکەم: ڕەوتێک هەر هەمان زمانی کلاسیکی توندڕەو بەکاردێنێت لە دژایەتیکردنی ئەمریکاو سیستەمی نوێ و داکۆکیکردن لە سۆشیالیزمە تایبەتییەکەی کوباو شێوە ژیانی پەسەندکراو لەلایەن تاکە حزبی فەمانڕەواوە، ئەگەرچی ئێستا بۆ هەوادارانی مۆدێلی کوبا، ئەوە ڕوونبۆتەوە کە سۆشیالیزمەکەی کاسترۆ لە جۆرێک لە جۆرەکانی حوکمی عەسکەرتاری بەولاوە هیچی تر نییە.

دووەم: ڕەوتێك دەیەوێ کوبا لە هەر سەرچڵیەك، کە دوارۆژەکەی نادیارە، بپارێزێ و زمانی عەقڵ و دانوستان تێکەڵ بە ئاخاوتنێکی میانڕەو بکات، لەم ڕووەوە کاسترۆ ستایشی کلنتۆن دەکات، بەوەی کە گەنجێکی خاوەن ئایندەی سیاسیەو داوای دەستپێشخەری لە واشنتۆن دەکات، چونکە وەکو خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمریکا (فیلە)و کوباش (مێرووولە)!!.

ئەوەی ئێستا هاڤانا بۆ کۆتاییهاتنی قەیرانەکانی ڕەچاویدەکات، ئەوەیە کە هەندێك ڕیفۆڕمی سەرمایەداریانە پیادەبکات و دەرگا لەبەردەم کەرتی تایبەتی و سەرمایەی بیانی بکاتەوە، هەر

ئێستا حکومەتی سۆشیالیستی مامەڵەپێکردن و گۆڕینەوەی دۆلار لە بازاڕەکانی وڵات، بەهۆیەکی شەرعی دەزانی، بۆ برەوپێدانی ئابووریی داتەپیووی کوبا، بەڵام ڕیفۆڕمی ئابووری کەشێکی والای سیاسیی دەوێ و ناکرێ متمانەیەك بۆ خۆی دابینبکات، تاکە شتێك کە تا ئێستا لە کوبا نەسەلمێنراوە، دیموکراسیی و فرەحزبییە، وەك ئەوەی بڵێی شنەبای دیموکراسیی نەك (دۆلار و سەرمایەی بیانی) جێگای مەترسی بێ بۆ سۆشیالیزمەکەی کاسترۆ، سەبارەت بەو، مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیی (شکومەندی نیشتمانی) دەخاتە مەترسییەوە، ڕێك وەکو (صەددام)ی دۆستی!، کۆنگرەی مافی مرۆڤ لە ڤیەننا، هەڵوێستی لێکچووی چەندین حکومەتی جیهانی سێیەمی بەخۆوەبینی (کوبا، عێراق، کۆریای باکوور، ئێران، چین)٠ کە لە هەموو شتێکدا جیاوازن و تەنیا یەك شت کۆیاندەکاتەوە، ئەویش دژایەتیکردنی ڕەوتی دیموکراتیزەکردنی جیهان و مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی خۆیانە٠

ئەزموونی کوبا، ئێستا ڕۆژگارە تاڵەکانی خۆی بەسەردەبات، وێرای هەر دەستکەوتێك کە ئەو ئەزموونە بۆ خەڵکی کوبای بەدەستهێناوە، زوو یا درەنگ، دەبێت ئەو وڵاتە تێکەڵ بە بازاڕی سەرمایەداری ببێتەوەو لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆدا خۆی بگونجێنێ، ئەگەرچی پێشبینیکردنی کوبای پاش کاسترۆ کارێکی دژوارە، بەڵام ڕۆژانە هەڵهاتنی خەڵکی لە کوباو فرواوانبوونی بازنەی ئۆپۆزسیۆن، نیشانەی ئەوەن کە ئێستا خەڵکی کوبا وەکو دیکتاتۆرێك، نەك وەکو ئەفسانەیەکی شۆڕشگێڕی، تەماشای کاسترۆ دەکەن! لە سیستمی جیهانی نوێدا، کە ئەمریکای وەکو تاکە جەمسەرێکی گەورە پایەدارکردووە، ڕەنگە لەو سیستەمەدا بوار بۆ مانەوەی پاڵەوانی بچووك نەمابێتەوە!!٠

کوردستانی نوێ: ژ: **499** یەکشەممە **1993/10/3**

# ژەنەڕاڵەکانی هاییتی،
# شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە!

(محەمەد حەسەنین هەیکەل) لە کتێبێکی خۆیدا ئاماژە بە ڕەفتارێکی نابەجێیی هەندێك لە سەرکردەو ڕێبەرەکانی جیهانی سێ دەکات، کە چۆن لە بۆنەیەك دەگەڕێن، تاوەکو خۆیان وەکو پاڵەوانی نەتەوەیی و دژە ئیستعمار بناسێنن، تەنانەت لە جیاتی ئەوەی کۆبوونەوە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو شوێنێکی گونجاو و لەبەردەست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاربهێنن، ئەو کۆبوونەوانە دەکەن بە مینبەری گوتارخوێندنەوەو هەراوهوریای بێبەرنامەو سەرئەنجام نەدەتوانن دیدی خۆیان بۆ مەسەلەکان لە چوارچێوەی یاساو عورفی



ژەنەراڵ راووڵ سیدارس

نێودەوڵەتی بەدونیا بگەیەنن، نە بەو گوتارو حەماسەتەیان نەبەردییەك بۆ خۆیان تۆماردەکەن! لەکاتێکدا لە دۆخی بێدەسەڵاتیی ئەو سەرکردانەو لەو پێگە لاوازەی کە وڵاتەکانیان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا داگیریدەکەن، دەگونجا ئەو مینبەرە متمانەپێکراوو یاساییانە بە چەشنێکی وا بەکارببرێ، کە ئەگەر بەحوکمی ناهاوسەنگی ئەو هاوکێشە نێودەوڵەتییە بە قازانجی ئەوان تەواونەبێ، ئەوا بەلایەنی کەم بیانوو بەدەست زلهێزەکانەوە دەبرێ و حیوارو جۆرە وێکگەیشتنێك دروستدەکات، کە ئیجابیانە ئاڕاستەکردنی لەسەر بەهرەو پڕتوانایی خودی ئەو سەرکردانە دەوەستێ، بەڵام ئایا ئەوە تاکە سەلبیەتێکە ئەو سەرکردانە پێیەوە دەناڵێنن و لەگەڵ خۆشیاندا وڵاتەکانیان تووشی بەڵای ناگەهان دەکەن؟! ئەوەی ئەمڕۆ ژەنەڕاڵە حوکمڕانەکانی هاییتی لەو وڵاتە گەمارۆدراوەی ئەمریکای لاتین پەیڕەوی لێ دەکەن، بۆ خۆی فەسلێکە لەو گەمە کۆمیدییەی سەردەمانێکی زۆرو ئێستاشی پێوەبێ، فەرمانڕەوایانی بێبەهرە و ژەنەڕاڵە بچووکەکان لەسەر شاشەی پڕتراژیدیای وڵاتەکانیان پێشکەشیدەکەن و بەشێوەیەکی بێتامیش دووبارەیدەکەنەوە...، (صەددام)ی ئەمجارە لە نزیك دەریای کاریبییەوە سەرەتاتکێیەتی!

هەڵهێنانی مەتەڵەکە هێندە دژوار نییە، تـاوەکو ژەنەڕاڵ (راوولا سـیدراس) ئالۆزیبکـاو بەشەڕێکی نیشتمانی دژ بە شەڕخوازە دەرەکییەکان ناوزەدیبکات، مەسەلەکە ئەوەیە، کە ژەنەڕاڵەکـانی هـاییتی، ئەوانەی لە سـاڵی **1991**-ەوە دۆخـی نائاسـاییان لە وڵاتـدا ڕاگەیاندووە، هەرگیز ئامادەنین دەسـت لەو دەسـەڵاتەی خۆیـان هەڵبگـرن و جێگـا بـۆ دەسەڵاتی شەرعی هەڵبژێردراو یان هەر دەسەڵاتێکی دیکەی مەدەنی چۆڵبکەن، ئیـدی لەم پێناوەداو تەیارکردنی خەڵکی هاییتی لە ڕێگەی شەڕێکی ئاکام نارۆشـنداو ژەنەڕاڵ (سیدراس)، بێپەروا لە داهاتووی سیاسـیی وڵاتەکەی، تونـدڕەوانە پـێ لەسـەر مـانەوەی خۆی و حـوکمی سـەربازی دادەگـرێ و هەر بانگەشـەو هەوڵـدانێکی **UN**و ئەنجـومەنی ئاسـایش و گۆمەڵگـای نێـودەوڵەتیی بەدەسـتتێوەردانێکی ئەمریکـا لە دۆخـی نـاوخۆیی وڵاتەکەی دەزانێ، هەرواش ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بانگەشەو هەوڵدانە وەکـو (ئەرکێکـی نیشتمانی!) چارەنووسساز نیشاندەدات، ئینجا لە درێـژەی چنـگ گیرکردنێکـی زیـاتر لە کورسیی حوکم، ئامادەیی خـۆی و وڵاتەکەی بـۆ بەرەنگـاربوونەوەی هەر هەڕەشـەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕاگەیاندووە، بەڵام چۆن خۆ ئامادەکردنێك؟ لەم مـاوەیەدا، کە نـاڵی **CNN**ی ئەمریکـی لە ڕاپـۆرتێکی تەلەفزیـۆنی خۆیـدا وێـنەی ژمـارەیەك لەو دوو هەزار خۆبەخشکەرانەی نیشاندا کە چۆن بەچەکی کۆن و مەشـقێکی بـێ بەرنـامەوە بەنیـازن شەڕی باڵادەستی سەربازی و توانای و دەسترۆیشتوویی سیاسیی ئەمریکا بکەن، بێژەری تەلەفزیۆنی **CNN** دەیگوت (زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم هێزەیان لێ پێکهێنراوە، خەڵکانی بێکار و دەستبەتاڵن!)، بەڵام چ ژەنەراڵەکان و چ ئەو خۆبەخشکەرە بێکارانە بۆ ساتێکیش سڵ لەوە ناکەنەوە کە وڵاتەکەیان بخەنە بەر مەترسیی هەڕەشەیەکی دەرەکییەوە، ئەگەر تەنانەت بە عەقڵی ژەنەڕاڵەکانی هاییتیش لە مەسەلەکە بڕوانرێ، ئەوا هێشتا ئەو پرسیارە بـێ وەڵام دەمێنێـتەوە. بـۆچی حکـومەتی سـەربازی هـاییتی بەچەشـنی (نۆریگـا)ی سەرکردەی پەنەما بیانوو بـۆ دەسـتێوەردانی ئەمریکـا دەسـازێنێ؟! بـۆچی لە دۆخێکـی نابەرابەری سیاسیی و ئابووری و سەربازیدا حکومەتەکانی وەکو سودان و کۆریای باکوور و بەم دواییەش هـاییتی، کـێچەڵ بـۆ خۆیـان دروسـتدەکەن، ئەگەر مەسـەلەکە تەنهـا پاراستنی کورسیی حوکم و هەندێك جاریش سەرشێتییەکی بوغرائامیز نەبێ؟! (من وەکو صەددام نیم و بەرگریدەکەم) ئەمە ئاخاوتنی ژەنەڕاڵ (راووڵ سیدراس)ە لە لێدوانێکی پڕ جۆشوخرۆشـــدا، بەڵام ئەو گێـــژاوەی دەســـەڵاتی ســـەربازی لە هـــاییتی وڵاتیـــان پەلکێشکردووە، ڕێك دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو حەماقەتەیە کە دیکتاتۆرە سەرەرۆکانی جیهانی سێ بەگشتی و (صدام)یـش بە خەسـتییەکی تونـدتر، ئەنجامیانـدا، چـونکە لە دەستپێکدا هەموو کودەتاچییەکان، وێـرای جیـاوازی لە مـاوەی حـوکمکردن و ئاسـتی

پسپۆڕییان لە بواری پیلانگێڕی و سەرکوتکردندا، بەیەك سیاسەت و یەك عەقڵییەتی دواکەوتووی سەربازییەوە لەگەڵ مەسەلەکانی گۆڕەپانی سیاسیی و قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا ڕەفتاریانکردووە. لە عورفی (صەددام)دا پاراستنی دەسەڵات داکۆکیکردنە لە نیشتمان و بانگەواز بۆ دیموکراتییەت و شەرعییەتی دەستووری بانگەوازێکە درزدەخاتە جەستەی نیشتمانەوەو لەو درزەشەوە دەستێوەردانی زلهێزەکان دزەدەکاتە ژوورەوەو جەستەی ئەو نیشتمانە حەرامدەکات. لە دیدی ژەنەڕاڵەکانی هاییتیشەوە، داخوازی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ گێڕانەوەی فەرمانڕەوایەتی شەرعی (ئەرستید)، کە لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا سەرکەوتنی وەدەستهێناوە، کارێکە دەبێ هەموو خەڵکی هاییتی، وەکو پەلاماردانێکی دوژمنکارانە، چاوی لێ بکەن. لەم نێوانەشدا ئەمریکا، کە بەرژەوەندییەکانی لە هاییتی و هاوکێشەکانی دوای شەڕی سارد وا دەخوازێ دەستخۆشی لە دیموکراسییەت بکا، توانیویەتی لەلایەك لەگەڵ خواستی خەڵکی هاییتی، ئەوانەی پشتگیری لە کۆششەکانی (ئەرستید)و ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی دەکەن، کۆك و تەبا بێ. لەلایەکی تریشەوە سەرقافڵەی ئەو گوشارە نێودەوڵەتییە سیاسی و ئابوورییەیە و خەریکیشە تارادەی پەلاماردانی سەربازی درێژە بەو گوشارە بدات. ئەم دۆخەش دەسەڵات لە هاییتی گۆشەگیرتردەکات و ڕێڕەوی قەیرانەکەش بە پێچەوانەی مەبەستەکانی ژەنەڕاڵە سەربزێوەکان، ئاراستەدەکات.

ئەوەی لە هەڵوێستی حکومەتی عەسکەری هاییتی تێبینیدەکرێ ئەوەیە، بەدرێژایی ئەم ماوەیە گرەویان لەسەر ئەوەکردووە، کە ڕەنگە ئەمریکا بەهۆی تەواو سەرنەکەوتنی لە سۆماڵ و هەندێك شوێنی تردا، سڵ لە هاتنە پێشەوەیەکی دیکە بکاتەوەو تووشی جۆرێك لەو تەنگەژەیە ببێ کە پێیدەگوترێ دووبارەبوونەوەی گرێی ڤێتنام. پێویست بە وەبیرهێنانەوەش ناکات، ئەگەر بڵێین ئەوە هەمان شت بوو لە جەنگی دووەمی کەنداودا (صەددام) گرەوی لەسەر دەکرد، چونکە نە زەمەنەکە زەمەنی شەڕی


هایتی: دەروازەی دەستووەردان

ڤێتنامەو نە قەیرانی (هاییتی)یش کێشەی ڕزگاریخوازی ڤێتنامە. ڕەنگە لە باشترین حاڵیشدا ژەنەڕاڵ (ڕاوول سیدارس) ببێتە (فەرەح عیدید)ێکی تر، بەڵام خۆ هاییتی وەکو سۆماڵ بەسەر هێزو لایەنە سیاسییەکاندا دابەش نەکراوە، تاوەکو لە درزی ململانێی خوێناوی لەسەر دەسەڵات، لەکۆتایی سەدەی بیستەم و لە ساتەوەختی هێشتا بە تەواوەتی دەرنەکەوتنی بچمی سیستمی نوێی جیهاندا، (ڕۆبن هود)ێکی تر ببێتە پاڵەوانی نیشتمانی!!

کوردستانی نوێ: ژ:**776** دووشەممە **1994/9/5**

# ساڵی 1997.. ساڵی قۆماندان گیڤارایە!

کێ لە زەمەنی مایکل جاکسۆن، رامبۆ و ڤاندامدا ئەو دکتۆرە ئەرژەنتینییەی لەیادە کە بە سواری پایسکل هەموو کیشوەری ئەمریکای لاتینی گەڕاو دواتریش بەپارتیزانی ئەو کیشوەرەی شۆڕشپڕژێنکرد؟



گیڤارا لە هەموو شوێنێك

کێ قۆماندان گیڤارا دەناسێتەوە، کە لە ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتاکانی بزووتنەوەی خوێندکاران و لاواندا ویردی سەر زمانی شۆڕشگێڕانی دونیا بوو، بە کوردستانەکەی خۆشمانەوە؟

دکتۆر ئەرنستۆشتی گیڤارا کە (30) ساڵ بەر لەئێستا (ساڵی 1967) لە پیلانێکی سەربازیدا تیرۆرکراو کۆتایی بەو شۆڕشە پێشوەختەی هێنرا کە لەنێو جوتیارانی بۆلیڤیاوە هەڵیگیرساندبوو، ئەمساڵ دێتەوە یادەوەری هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ و لێپرساوە کەنەفتەکانی ئەمڕۆی لە کوبادا، دوای ئەوەی حزب و حکومەتی کوبا بڕیاری دا ساڵی **1997** ساڵی گیڤارا بێ.

حکومەتی هاڤانا لە بەرنامەیدایە، لە سەرجەم ئەو شوێنانەی شاهیدی شۆڕش و یادەوەرییەکانی گیڤارا بوون، ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ سازبکات و نەخشە و پیلانیش بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنە مێژووییانە دابڕێژێ.

چاودێران وای بۆ دەچن، هەرچەندە ڕەنگە مەبەستی هاوڕێ دێرینەکانی گیڤارا ئەوە بێ ئیلهام لە یادەوەریی شۆڕشگێڕیی ئەو وەربگرن، بۆ ئەو قەیرانە سیاسیی و ئابوورییەی (دورگەکەی کاسترۆ) تووشی هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەبیرهێنانەوەی دیرۆکی جوامێرێکی وەکو گیڤارا زیندووکردنەوەی ماناکانی جوانی، بەخشندەیی و تێکۆشانە لە دووماهی سەدەیەك کە حەمەدۆکێکی ڕاستەقینەی تێدا نابینرێ!

شایانی باسە، ئەرنستۆ چێ گیڤارا دوای ئەوەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە لای چەکەرەی کرد، لەگەڵ کاسترۆ و هاوەڵانیدا شۆڕشیان لە چیاکانی سیراماستیرا-وە بەرپاکرد تا لە ساڵی **1959** چوونە نێو هاڤانای پایتەختەوە. دوای پێکهێنانی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی لە وڵاتدا،

گیڤارا کرا بە وەزیری پیشەسازی و ماوەیەکیش دەستبەکاربوو، بەڵام دواتر بانگەوازی شۆڕش پاڵی پێوەنا، کە لە نامەیەکی بە سۆزدا بۆ کاسترۆ، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێ لەپێناوی ئەوەی (پتر لە ڤێتنامێك) لە ئەمریکای لاتینیدا دروستبکا. ئەوەبوو چووە پۆلیڤیاو لەوێ دوای نووسینی چەند کتێب و یاداشتنامەیەك لەبارەی جەنگی پارتیزانی و دانانی بنکە و بارەگاکانی شۆڕشێکی پێشوەخت، لەلایەن چەند ئەفسەرو سەربازێکەوە دەکەوێتە کەمینێکی سەربازییەوەو دەکوژرێ.

کوردستانی نوێ: ژ: **79** لە **1997/1/16**

## فەسڵی پێنجەم

# پایزی کۆمۆنیزم

# کۆریای باکوور، ئەگەری قەیرانێکی دیکە



**کیم ئیل سۆنگ،**
**تاقە جێگیریی بوو لە کۆریا**

وەك بەشێك لە هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی گوشاری ئەمریکا لەسەری و پاش خۆکێشانەوەیەکی کورتخایەن لە پەیمانی داماڵینی چەکی ئەتۆمی، کۆریای باکوور لەدوا هەڵوێستی ڕاگەیەندراوی خۆیدا بڕیاری دا گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ وەکالەتی وزەی ئەتۆمی، سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە. ئەم هەڵوێستەش لە پاش ئەو کۆبوونەوەیە دێت، کە هەر دوو نوێنەری بیونگ یانگ و واشنتن لە ژنێڤ ئەنجامیان دا.

هەر لەدوای نەمانی شەڕی ساردو دەرکەوتنی ئەمریکا وەك براوەی ئەو شەڕە، ئیدارەی واشنتۆن چ لە سەردەمی بوش و چ لە سەردەمی ئێستای کلنتۆندا، کەوتە خۆ بۆ ئەوەی هەرچی زووترە پێگەی خۆی لەو جیهانەی ناونراوە سیستەمی تازەتوند و پایەدارتر بکات. ئیدی لەم پێناوەو بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی سەربازی لە پرۆسەی گەردەلولی بیابان و بەزاندنی دیکتاتۆری بەغدا، پاش ئەو کەوتنە گوشار خستنە سەر ئەو لایەنانەی وەك پاشماوەی سەردەمی شەڕی سارد لەملاو ئەولای دونیادا هەر مابوون، یەکێك لەو وڵاتانەی کەوتنە بەر گوشاری سیاسەتی ئەمریکا، کۆریای باکوور بوو.

سەرباری ئەوەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەگشتی بۆ واشنتۆن گرنگییەکی ئابووری هەیە، بەوەی کە بازاڕی ساغکردنەوەی کەلوپەلە پیشەسازییە بەرهەمهێنراوەکانێتی، خۆی کۆریای باشوور بنکەیەکی سەربازی و ئابووریی بەهێزی ئەوە.. بۆیە هەر مەترسییەك تووشی ئەو وڵاتە دەبێ، بەدژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دادەنرێت و وەکو نەسەلماندنی سەروەریی ئەمریکا بۆ دونیای ئەمڕۆ تەماشادەکرێت. جا ئەگەر کۆریای باکوور پەرە بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی خۆی بدات، ئەوە توانای سەربازی خۆی بەرامبەر کۆریای باشوور بەهێزتردەکات و دەتوانێت گوشارەکانی ئەمریکا – کە لە ڕێگای باشوورەوە پیادەدەکرێت– لەسەر خۆی کەمبکاتەوەو جێگای خۆی لە وتووێژەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا، لە حاڵێکدا ئەگەر دەستیپێکردەوە، سەنگینتربکات. کۆریای باکوور بە بەرنامەی ئەتۆمی خۆی نەوەستاوەتەوە، بەڵکو تەقەلای یارمەتیدانی ئێرانیش تۆمەتێکی دیکەیە کە ئەمریکا ئەوی پێ

سەرزەنــشتدەکات. هەمــوو ئەمــانە ئەو خــاڵانەن کە واشــنتۆن لەســەر کۆریــای بــاکووری تۆمارکردووەو لەپاش ئەو سەرکەوتنانەی لە کەناڵە دیبلۆماسییە جیاجیاکاندا لەماوەی هەفتەی ڕابردوو بەدەســتیهێناوە، قــایلبوونی ڕژێمــی عێــراقە بەدانــانی چــاودێری درێژخــایەن لەســەر دامەزراوە ســەربازییەکانی و داواکــاری (کوبــا) بــۆ چــاکترکردنی پەیوەنــدیی نێــوان هاڤانــا و واشنتۆن، ئێستاش ئامادەبوونی کۆریای باکوور بۆ دانوستاندن لەگەڵ وەکالەتی وزەی ئەتۆمی. لەپاش ئەو سەرکەوتنانە، ئەمریکا دەیەوێ وا لە کۆمەڵی نێــودەوڵەتی بگەیەنــێ، کە گوشــاری ئەو لەسەر وڵاتانی خاوەن بەرنامەی ئەتــۆمی لە دونیــای ســێدا بەشــێکە لە هەوڵــی کــۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ داماڵینی چەکی ئەتۆمی، نەوەك بەتەنیا هەڵوێستێك بــێ بەرامــبەر بەو وڵاتــانە. ماوەیەك بەر لە ئێستا بڕیاری ڕاگرتنی تاقیکردنەوەی چەکە ئەتۆمییەکانی خۆی درێژکــردەوە، هەروەها نیازی ئەوەی هەیە نوێنەرێك بــۆ ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بنێــرێ، تــاوەکو بانگەشــەی نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی بکات. ئێــستا بیونــگ یانــگ دەســتپێکردنەوەی وتــووێژی چەکــی ڕاگەیاندووە، ئایا ئەمە هەنگاوێکە بۆ هێورکردنەوەی بــارودۆخەکە، یــان ئەگەری مــشتومڕ هەر لەئارادایە؟

کۆریای بــاکوور تــا ئێــستاش یەکــێکە لەو وڵاتــانەی نــایەوێ ئەوە بــسەلمێنێ، کە ئەمــڕۆ جەمسەرێك بەناوی بلۆکی کۆمۆنیزم لەئارادانەمــاوە. کــیم ئیــل ســونگ دیکتــاتۆری ئەو وڵاتە نیوسەدەیە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی لە جیهانی دەرەوە دابڕیوەو وای پەروەردەکــردون کە ئەو قارەمانی ڕزگاریی کۆریایە لە چەنگــی ئەمریکــا- ســاڵانی **(1950-1953)**، بەڵام ئایــا بــارودۆخی سەردەمی شەڕی کۆریاو ئەمریکایە؟ ئەو وەختە یەکێتی ســۆڤێت پــشتیوانبوو، کەچــی ئێــستا جگە لە هاودەنگەکانی لە کۆنگرەی مافی مرۆڤ لە ڤیەننا، کە ئەوانەش وەکو خــۆی وڵاتێکــی لاتەریــب بــوون و خۆیــان کەوتــوونەتە ژێــر گوشــاری ئەمریکــا، جــگە لەو وڵاتــانە هــیچ هاوپشتیوانییەکی بۆ نەماوەتەوە، تەنانەت ڕوسیاش ماوەیەك بەر لەئێــستا وەکــو هەڵوێــستێکی کتــوپڕ — بیونــگ یانــگ —ی بەدروســتکردنی چەکــی ئەتــۆمی خــاوەن کــڵاوەی مــایکرۆیی تاوانبارکرد.

جا ئەگەر هێــشتا کــاتی ئەگەری بەکــاربوونی هێــزی ســەربازی دژی ســەرپێچییەکانی — کۆریای باکوور- زۆری مابێ، ئەوە خــۆ ئەگەری دروســتبووی قەیرانــی دیــکە هەر لەئــارادایە، چــونکە ئەو سیاســەتەی ئیــدارەی واشــنتۆن پەیڕەویــدەکات هەرگیــز لەگەڵ سروشــتی حکومەتەکەی —کیم ئیل ســۆنگ- کە وڵاتەکەی لە گۆڕانکارییەکــانی ســەردەم دابڕیــوە، یەك ناگرێتەوە.

کوردستانی نوێ: ژ:**448** پێنجشەممە **1993/7/29**

## نیمچە دورگەی کۆریا:

# ئەگەری ڕێکەوتن یان

# خولێکی دیکەی گەمەی قەیرانەکان؟!

واپێدەچێ کێشەی نیمچەدورگەی کۆریا، دیسانەوە بە وەرزێکی دیکەی گرژی و



کیم ئیل سۆنگ، بەرنامەی ئەتۆمی　　　بەرنامەی سۆشیالیزمی

ئاڵۆزیدا تێپەڕببێ، لەماوەی پاش سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی دانوستانی نێوان کۆریای باکوورو ئاژانسی ئەتۆمی سەبارەت بەلێپێچینەوەو چاودێریکردنی دەمەزراوە ئەتۆمییەکانی پیونگ یانگ، لەم ماوەیەدا کێرڤی قەیرانەکە چەندین جار هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە. چ لە کێشەیەك چاوەڕوان دەکرێ، کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرجارەی بیانوویەکی جیا بۆ خۆ گیفکردنەوە لەیەکتری بێننەوەو

هەریەکەو تەنانەت هاوپەیمانەکەی خۆشی وەکو کارتێکی گوشار دژ بەویدی بەکاربێنێت؟

ولاتە یەکگرتووەکان، ویڕای ئەو گرژی و ئالۆزیەش، هێشتا بۆ هێشتنەوەی ئەگەری چارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەیرانەکە، لەم ماوەیەدا چەندین دەربڕینی تەواوکەری یەکتری نیشاندا. لەلایەك لە ڕێگای (مادلین ئولبرایت)ی نوێنەری واشنتۆن لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی ڕاگەیاند، کە ئەو پرۆژەیەی ئەمریکا نیازیبوو پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی بکات و تێیدا داوای والاکردنی دەرگای دەزگا ئەتۆمییەکانی کۆریای باکور دەکرا، ئەو پرۆژەیە هەرگیز مانای سزادانی پیونگ یانگ ناگەیەنێ و مەسەلەی ڕەوانەکردنی دژە موشەکی (پاتریوت)یش بۆ کۆریای باشور، هەر وەکو کلنتۆن سەرۆکی ئەمریکا تەئکیدی لەسەر دەکردەوە، بۆ بەرگری لە خۆکردنە، نەك هێرشبردن.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا، دوای چەند ڕۆژێك لە بڕیاری ناردنی ئەو دژە موشەکانەو بانگەشەکردنی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی مانۆڕی سەربازی لەگەڵ کۆریای باشور، دیسانەوە بۆ ئەوەی بوارێك بۆ پیونگ یانگ برەخسێنێ و ئاگاداری هەڵوێستی پەکین بێ، ماوەیەکی دیکەش مانۆر و خەیاری سەربازی بەلاداخست و درێژەی بە هەوڵی ئاشتیانە دا. لە ئاخاوتنێکی هیوائامێزانەشدا دیبلۆماسییەتی ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ناکۆکی نێوان چین و ئەمریکا هەرگیز کار لە هەڵوێستی پەکین سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نیمچەدورگەی کۆریا ناکات.

هەروەکو ئاشکراشە تێکڕای ئەم دەربڕینانەی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری واوەترچوونی ئالۆزییەکان تا ڕادەی هەلایسانی شەریکی ئاکام نادیار لەو شوێنەی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، کە ناوەندێکی ژیارییە بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا. بەلام ڕیرەوی ڕووداوەکان لە دوو هەفتەی ڕابردوودا نیشتنەوەی ڕووداوەکانی دوورترخستەوەو خواستی ئەمریکای نەهێنایەدی، هەروەکو چاوەڕوانیشدەکرا چینی براگەورەی کۆریای باکوورو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش پرۆژەکەی واشنتۆنی پەسەندنەکردو سەپاندنی هەرجۆرە سزایەکی بەسەر پیونگ یانگ ڕەتکردەوە. ئێستا بازنەی هاوکێشەکە بەمجۆرەیە: لەلایەك چین لە بەرامبەر ئەمریکا کارتی یۆنگ یانگ بەکاردێنێ، ئەمریکاش کارتی مافی مرۆڤ و دیموکراسی. لەلایەکی دیکەشەوە واشنتۆن لەبەردەم کۆریای باکوور گرنگیەکی زۆرتر بەکۆریای باشوور دەدات. لەم نێوانەشدا کۆریای باکوور لە کەشی

هەستکردن بە لاوازی و گۆشەگیریدا یاری بە ئاگرێکی دەستەبەرنەکراو دەکات، کە ئەویش ناکۆکیی نێوان چین و ئەمریکایە، بەتایبەتی کە پێشبینی پتر پەرەسەندنی ئەو ناکۆکییە دەکرێت، بەهۆی ئەو پێشنیارەی کلتۆن لە تەمووزی داهاتوودا بڕیاری لەسەر دەدات و داوای ڕاگرتنی ئەو ئیمتیازاتە بازرگانیانە دەکات، کە چین وەك (ولاتێکی لەپێشداهاتوو لە رووی بازرگانییەوە) لێی بەهرەمەندە٠

بەلام دلنیانەبوون لە جددیەتی هەولەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەلی نێودەولەتی و هەستکردن بە لاتەریکبوون و گۆشەگیری، وای لە کۆریای باکوور کردووە بەگومانەوە بڕوانێتە بانگەشە یەك لە دوا یەکەکانی واشنتۆن و سیئول و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی٠ ئەو لەجیاتی گوێگرتن لەو بانگەشانە، چاودەبڕێتە دەستپێکردنەوەی مانورە سەربازییەکانی نێوان سیئۆل و واشنتۆن٠ ئەو مانۆرانەش بە هەولی داگیرکردنی ولاتەکەی لەقەلەمدەدات و ئەوەندەش لە دادپەروەریی **UN** و ئەنجومەنی ئاسایش بەدگومانە، کە چەندین جار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئەو دامودەزگا نێودەولەتیانە لە ژێرگوشاری ئەمریکادان٠ هەربۆیەش پیۆنگ یانگ تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو هیچی لەگەل کۆمەلی نێودەولەتیدا نییەو لە نامەیەکدا کە ئاراستەی ولاتە یەکگرتووەکانی کردووە، ڕاستەوخۆ داوای وتوێژ لەگەل واشنتۆن دەکات٠ لەلایەکی دیکەشەوە مەودای نیگەرانی دەسەلاتی دیکتاتۆری (کیم ئیل سونگ) گەیشتۆتە ئاستێك، تەنانەت وا بڕوانێتە بانگەشەی یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریا کە کۆششێکی (سیئول) دەردەبڕێ بۆ ئیحتیواکردنی سیستمی بەناو سۆشیالیستی لە ولاتەکەو لەپشت ئەو کۆششەوە نەخشێکی ئەمریکی بۆ کۆنترۆلکردنی دورگەکەو ناوچەی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا لەئارادایە٠ هەربۆیەش لەکۆتایی سالی **1993**دا و لەکاتی دانوستانێکی لابەلای پیۆنگ یانگ و واشنتۆندا، وەفدی کۆریای باکوور تەئکیدی لەسەر پێویستی ڕێزگرتن لە سەروەری نیشتمانی و دەسەلاتی سیاسیی هەردوو بەشەکەی ولات کردەوەو ئەم هەلوێستەش بەڕەتکردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆی ئەگەری یەکگرتنەوە لەقەلەمدرا٠ هەر بۆیەش چاودێران پێشبینی ئەوەش دەکەن، لەم سەروبەندەی هەر لایەنەو کارتێکی گوشاری بە دەستەوەیە، چاکترین چارەسەر بۆ کێشەکە، گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی نێوان پیۆنگ یانگ و واشنتۆن و گرێدانی جۆرە (صفقە) یەك بێت٠ بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئەمریکا هەولی نیمچە ڕازیکردنێکی چین بدات، بۆ ئەوەی ئەمی دوایی شێلگیرانەتر بێتە ناو مەسەلەکەو کەشێکی لەبار بۆ ئەو ڕێکەوتە بخولقێنێ٠ بەپێچەوانەش بازنەی ولاتانی پەیوەندیدار زۆرتردەبێ و ڕەنگە ژاپۆن و

ڕوسیاش بێنە ناوەوە، ئەو کاتەش چارەنووسی نیمچەدوورگەی کۆریا ئـاڵۆزتردەبێ و خولێکی دیکەی گەمەی قەیرانەکان دەستپێدەکاتەوە٠

کوردستانی نوێ: ژ: **655** لە هەینی **1994/4/8**

# گەرماو .... گەرم



**کۆریای باکور:**
**خودایە بەسەر خۆم و دوژمنەکاندا**

خۆکێشانەوەی کۆریای باکوور لە ئەندامێتی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و یەکلایەنە (تصعید)کردنی قەیرانی نێوان خۆی و ئەمریکا، لە چەند ڕوویەکەوە (پیونگ یانگ) دەخاتە بەردەم هەڕەشەیەکی والاو چارەنووسێکی نادیارەوە، کە لەدوا شیکردنەوەدا هەرگیز بە قازانجی ئەو تەواونابێ٠
لەلایەك ئەو کارتە لە دەستی (کۆریای باکوور) ڕفێنرا، کە لەم گەمەی قەیرانەدا گرەوی لەسەر تیژتربوونی ناکۆکی نێوان چین و ئەمریکا دەکرد، چونکە وێرای بەگرژی مانەوەی ناکۆکیی نێوان ئەم دوو وڵاتەی دوایی، بەڵام وا پێدەچێ چین نەیەوێ هەروا بەئاسانی و لەپێناوی وڵاتێکی یاخیبووی وەکو کۆریای باکووردا ئەو متمانە ئابوورییە لەدەستبدات کە سەرۆك (کلنتۆن) لە ڕێگای نوێکردنەوەی (دۆخی وڵاتانی لەپێشداهاتوو لە ڕووی بازرگانییەوە) بەوی بەخشییەوە٠ لەلایەکی دیکەشەوە سەرکەوتنی ئەمریکاو زیاتر یەکخستنی هەڵوێستی خۆی و ژاپۆن لەم قەیرانەدا، بەتایبەت دوای سەردانی ئیمبراتۆڕی ژاپۆن بۆ واشنتۆن، ئەو سەرکەوتنەی کۆریای باکووری زیاتر گۆشەگیرکردووەو بواری مانۆڕی سیاسیی لەبەردەمدا تەسکترکردۆتەوە٠ هەر بۆیەش (پیونگ یانگ)، جگە لەوەی هەڵایسانی شەڕێکی دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای کردۆتە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو لەم نزیکانەدا، هەروەها پەیتاپەیتا کێرڤی هەڕەشەکردنی خۆی دژ بە تۆکیۆ هەورازتر هەڵدەکێشێ و بەو هەڕەشەکردنەش، کە شەڕزەییەکی ئاشکرای پێوەدیارە، سەنگەرەکانی دوژمنایەتی و ژمارەی دوژمانیشی زیاتردەکات٠ هەوڵێك کە ئێستا ئەمریکا لەم بوارەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و کپکردنەوەی قەیرانەکە دەیدات، ئەوەیە کە تا دواهەناسەی دانوستان ئیش بۆ هێورکردنەوەو ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشەکە بکات، چونکە

ئەگەر چی واشنتۆن لەڕێگای کەناڵی جیاجیای کۆششی دیبلۆماسی و بەخشینی ئیمتیازات بە وڵاتـانی پەیوەنـدار بە قەیرانـی نـیمچەدورگەی کۆریـاوە، توانیـویەتی بوارەکـانی مـانۆرکردن لەبەردەم پیونگ یانـگ کەمتربکـاتەوەو تەنگـی پـێ هەڵبچنـێ، بەڵام چـاودێران ئامـاژە بەوە دەکەن، کە ڕەنگە هەر خودی ئەم تەنگپێهەڵچنینە وا لە کۆریای باکوور بکات زیـاتر هەسـتی گۆشەگیربوونی لەلا بڕوێ و ڕەنگە لە کەشی بەدگومانی لە ڕاستگۆیی گۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی سەربزێوییەکی مەترسیدار، لە شێوەی هێرشێکی کتوپڕ بۆ سەر کۆریای باشوور بنوێنێ. بـۆیە ئێستا ئەگەر (تصعید)ی دۆخەکە سیمای بێزارەمانەوەی کۆریای باکووری پێـوە دیـاربێ و هەر بەتەنها بۆ گوشارێکی کاتی درۆزنانەش نەبێ، پێویستە ئەمریکـا لە ڕێـگەی بەشـداریکردنێکی ئیجابیانەی چین و هێنانەمەیدانی ئەو وڵاتە وەکو لایەنێکی ناوبژیوان لەم قەیرانەدا، هەوڵێکی جددی ئەوتۆ بدات، کە سەرەنجام بیونگ یانگ نەگەیەنێـتە ئاسـتی پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی نائومێدی (خودایە بەسەر خۆم و دوژمنانمدا!) و هەندێك بەرامبەرەکەی دڵنیابکـاتەوەو هەمـوو ئەڵتەرناتیڤەگان لە دوژمنەکەی نەستێنێتەوە!.

کوردستانی نوێ: ژ:**709** پێنجشەممە **1994/6/16**

# نیمچە دورگەی کۆریا:

# گۆڕانی چۆنایەتی لە هەڵوێستەکان یان وێستگەیەک بۆ هەڵچوونەوەیەکی نوێ؟!



ڕێبازی کیم لە تەنگژەدا

دوو فاکتەری بەردەوام و کاتی، پێکەوەو هاوشانی یەکتری، کار لە ڕەوتی هەڵچوون و داچوونی کێشەی نیمچەدورگەی کۆریا دەکەن و هەردوو لایەنی پەیوەندیدار لەم کێشەیەی بەرەو هەڵشاخانی سیاسی و ڕەنگە له

دواڕۆژیشدا سەربازی ئاڕاستەدەکەن: فاکتەری بەردەوامی، ماوەدرێژ، سروشتی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو شێوەی سیستمی سیاسی کۆمەڵایەتی کۆریای باکورە، کە لەگەڵ سیسمی نوێی جیهانی و لەوەش گرنگتر خواستی ئەمریکا بۆ باڵادەستبوون لە دونیای تاك جەمسەریدا، ناکۆکە. ئەم پێکادانی بەرژەوەندییەکان، کە کۆریای باکوری لە بەرەی وڵاتانی یاخیبووی خاوەن ئایدیۆلۆژیای جیاجیای وەکو کوباو ئێران و عێراق ڕیزبەندکردووە، درەنگ یا زوو، وێرای چەقبەستن و بەلاداچوونی کاتی، هەر دەگاتە دۆخێکی یەکلاکەرەوە، بێگومانیش ئەو یەکلاکردنەوەیە هەرگیز بەقازانجی سیاسەتی سەرسەختانەی (کیم ئیل سۆنگ) ناشکێتەوە. دیارە لە دواشیکردنەوەشدا هەر خودی فاکتەری بەردەوامییە، کە لە دۆخە جیاجیاکانی قەیرانی نێوان کۆریای باکوور لەلایەك و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلایەکی ترەوە، سۆراخی فاکتەری کاتی، کامیان خۆی لە هەڵسوڕاندنی ڕۆژانەی قەیرانەکە دەبینێتەوە، ڕەنگرێژدەکات. هەر لە کڵاوڕۆژنەی ئەم لێکدانەوەی سەرەوەش دەتوانین بڵێین، کە تەنانەت ئەو گۆڕانە چۆنایەتییەی لەماوەی دوای گەشتەکەی جیمی کارتەر (سەرۆکی پێشووی ئەمریکا) بۆ ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە هەڵوێستی بیونگ یانگ و نەیارەکانی ڕوویان دا، تەنانەت ئەو گۆڕانەش لە چوغزی کارتێکردنی فاکتەری بەردەوامی، کە سەرجەم کێشەکەی کۆنترۆڵکردووە، دەخولێتەوە. ئێستا خاوبوونەوەی گرژییەکان و ئیشکردن بۆ گێڕانەوەی کۆریای باکوور بۆ

ئەندامێتی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و قایلبوون بە پشکنینی دەزگا ئەتۆمییەکانی، بەرامبەر بەوەش ئاساییکردنەوەی پەیوەندی دیبلۆماسیانەی بیونگ یانگ- واشنتۆن، بەڕوونی سیمای گومان ئەوەیان پێوە دیارە، کە تێکڕای ئەم هەوڵ و کۆششانەی تا ئێستا دراون و بەم گۆڕانە چۆنایەتییەی ئێستاشەوە، هەر هەموویان وێستگەی نیشتنەوەیەکی کاتی قەیرانەکەن، کە بێگومان هەڵچوونێکی دیکەی بەدواوە دێ و سەرئەنجام دەگەڕێتەوە دۆخی پێویستی یەکلاکردنەوەیەکی یەکجارەکی!

سەرنجدان لە شوێن و پێگەی هەریەك لە وڵاتانی پەیوەندیدار بە قەیرانەکە، پێویستی ئەم هێوربوونەوەی ئێستا دەسەلمێنێ، کار گەیشتبووە ئاستێك کە دەبوایە ئەو وڵاتانە هەندێك لە ئاڵۆزییە دەستکردەکانی ئەم دواییە خاوبکەنەوە، لەلایەك خۆگیفکردنەوە یەکلایەنەکەی (کۆریای باکوور) لە ژاپۆن و هەڕەشەکردن بەهەڵایسانی ئاگری شەڕێکی ترسناك نەدەکرا لەوە زیاتر پەرەبستێنێ و لە ئامانجی خۆی کە (تصعید)ێکی ماوە کورت بوو، وەرگرێتەوەو ئەو وڵاتە گۆشگیربووە لەبەردەم دوژمنانی بێدەسەڵاتتربکات. هەر بۆیەش لە کۆتایی کۆبوونەوەی کارتر- سۆنگ سەرچاوە ڕەسمییەکانی بیونگ یانگ، سەرلەنوێ پەیوەستبوونی کۆریای باکوریان بەئەندامێتی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی و قایلبوون بە پشکنینی دەزگا ئەتۆمییەکانی ڕاگەیاند. بۆ ئەم وڵاتە گرنگبوو کە لە دژوارییەکی وەکو ئەوەی ئێستادا، بەسەرکەوتوو بێتە بەرچاوو بتوانێ لە بەرامبەر بە تەنازولێك، کە لە هەموو حاڵێکدا هەردەبوایە بیکات، وەکو هاوشانی زلهێزێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و واشنتۆن بگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە بەگێڕانەوەی پەیوەندی دیبلۆماسیی و مامەڵەکردنی چوونیەکی قایلبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە، ئەمریکا بەناچاری هەر دەبوایە دەرەتانێك بۆ دوژمنەکەی بهێڵێتەوەو هەندێك لە ئەڵتەرناتیفەکان بگێڕێتەوە بۆ بیونگ یانگ، تا هیچ نەبێ لە پرۆسەیەکی ئینتحاریدا، کە ڕەنگە لایەنەکانی تریشی لەگەڵ ڕاپێچبکات، دووریبکاتەوە. لە ڕاستیشدا چاودێران پێشبینی هاتنە ناوەوەیەکی ئیجابیانەی چینیان دەکرد، هەرواش بوو، وێڕای ئەو ئیمتیازاتە ئابوورییەی ئەمریکا بە (پەکین)ی بەخشیبوو، بەڵام ئەم وڵاتە بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا، بەوە ڕازی نەبوو کە سەبارەت بە سەرپێچییەکانی ئەم دواییە بیونگ یانگ سزابدرێت. دەرئەنجامێك، کە بەئاشکرا لە هاوکێشەی دوای ئەم گۆڕانکارییە چۆنایەتییە خۆی دەنوێنێ ئەوەیە، کە لە هەردوو ئەگەری شەڕو هێوربوونەوەی قەیرانەکەدا، ئەمریکاو لایەنگرانی چانسی سەرکەوتنیان بۆ فەراهەمبووە، بەڵام تاکە دەروازەیەك کە لەبەردەم بیونگ یانگ واڵاکرابێتەوە، ئەگەری کەڵك وەرگرتنە لە دۆخی هێوربوونەوەو دەستهەڵگرتنە لە گیانی مامەڵەکرنی سەرسەختانە. لەڕاستیدا خۆتێکەڵکردن لەگەڵ هاوکێشەی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزو ڕێزگرتن لە سەروەری وڵاتانی دراوسێ، تاکە ڕێگەی دەستەبەرکراوە بۆ کۆریای باکوور، بەپێچەوانەی ئەوەش بەربەرەکانێکردن لەگەڵ واقیعی باڵادەستبوونی ئەمریکاو ئینجاش بەرەنگاربوونەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ئیستفزازێکی کاتی بەولاوە هیچی دیکەی لێ شین نابێت!

کوردستانی نوێ: ژ: **714** لە پێنجشەممە **1994/6/23**

# کیم ئیل سۆنگ

# هەڵوەرینی دوا گەڵای پایزی پاتریارک!

**گەورەم هەرچۆنێکت بوێ، ئەوا کاتژمێر ئەوەندەیە!**

**رۆمانی پایزی پاتریارکی گابریل کارسیا ماکیز**



**لە پۆستەرەکاندا**
**سەرکردەی خۆشەویست بوو**

مردنی کیم ئیل سۆنگ، سەرۆکی کۆریای باکوور، لە تەمەنی **82**ساڵی و لە زەمەنێکدا کە وڵاتەکەی لە گۆشەگیرییەکی جەرگبڕدا دەژیی و لە میدیای جیهانی و نێوەندە سیاسییەکانی دونیادا بە وڵاتێکی یاخیبوو دەناسرێ، ڕاستییەکی ساکار وەبیردێنێتەوە، کە دیکتاتۆرەکان لە گەرمەی دەسەڵاتخوازیی خۆیاندا هەمیشە لەیادیدەکەن• ڕاستییەکەش ئەوەیە، کە سەرکردەیەکی سیاسیی کاتێك لە دەرکەوتێکی مێژوویدا هەلی هاتنە مەیدانی بۆ دەرەخسێ و ماوەیەکی لە مێژووی نەتەوەو وڵاتەکەی بە سیمای ئاکارو کردەوەکانی خۆی دەنەخشێنێ، ئەگەر لە دەرفەتی گونجاوو پێش زەمەنی داکشانی کێرڤی بەخششی سیاسیی خۆیدا، بە جورئەتەوە گۆڕەپانەکە چۆڵ نەکاو کاغەزی دەست لەکارکێشانەوە ئیمزانەکات، ئەوا خەڵکی وڵاتەکەی و هەروەها زەمەنێکی سیاسیی نوێ، کە زەمەنی ئەو نییە، ڕەحمی پێ ناکەن، بگرە لە یادەوەریی دەستەجەمعی ئەمانەی دواییدا تەنانەت یادگارە شیرینەکانیشی دەبنە دیرۆکێکی دزێوم کە فلاشباگکردنی هەرگیز مایەی خۆشحاڵی نەبێ!

**(دیدارێک کە ئەنجام نەدرا!)**

زەمەن زەمەنێکی ترە، ئەگینا چۆن کیم ئیل سۆنگ بە حکومەتێکی پتەوەوە لە ساڵی **1968**و لە ڕوداوی هاتنەناوەوەی پاپۆڕی جاسوسی (بوبیلۆ) بۆ قوڵایی ناوی

هەرێمی کۆریادا توانی حکومەتی ئەمریکا ناچاربکات داوای لێبووردن لە گەلی کۆریا بکات! چۆن ئەو کیم ئیل سۆنگ-ە لەپاش نەمانی سۆڤیەتی دۆستی گەورەو لە دوای پەرەسەندنی قەیرانی چەکی ئەتۆمی لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا، هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی و وڵاتەکەی بەرەو وێستگەی بەستنی پەیوەندیی دیبلۆماسیی لەگەڵ (واشنتۆن) و ڕاکێشانی سەرمایەی ئەمریکی بۆ وەبەرهێنان لە کۆریای باکووردا ئاڕاستەدەکرد؟ چاودێران بە شەوقەوە دەیانڕوانییە دیداری لوتکەی نێوان کیم ئیل سۆنگ – کلنتۆن، کە دەبوایە لەکۆتایی ئەم مانگەدا، لە دانیشتنێکی یەکلاکەرەوەدا، هێڵە گشتییەکانی بەرقەرارکردنی ئاشتی لە نیمچەدورگەی کۆریا دابڕێژرابا. ئەگەر ئەو دیدارە ئەنجامبدرابا، ئاخۆ (سۆنگ)ی **82** ساڵەی پاشماوەی جیهانی جوت جەمسەری و پاڵەوانی تێکشکاوی گەڕاوە لە سەردەمی (چەمکە بە بڕەوەکانی جاران لە بابەت شەڕی میللی ماوەدرێژو بەرەی نیشتمانی بە ڕێبەری جوتیارو کرێکارو ئینجا سۆشیالیزم لەیەك وڵاتداو ...هتد)و کلنتۆنی گەنجی تەمەن کەمتر لە پەنجا ساڵەی خاوەن خواستی سیاسیی گەورە، کە هەرچۆنێك بێ بۆ خۆی لە سەرکەوتنەکانی (جۆرج بۆش) لەبارەی هاتنە بوونی سیستمی نوێی جیهانییەوە بەهرەمەندبووە، چۆن لەگەڵ یەکتری کۆدەبوونەوە، ئاخۆ گفتوگۆی کەسێك کە لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە پانتاییەکی زۆری لە مێژووی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان داگیرکردبێ، لەگەڵ کەسێك کە بەحوکمی ئەوەی سەرۆکی ناوەندێکی بڕیاربەدەستی سەرمایەدارییە و لە جەنگێکی ساردی کەلەتەزێندا چەمکە بنەڕەتیەکانی لەمەڕ مافی مرۆڤ و دیموکراسی و بازاڕی سەرفرازییان بەدەستیهێناوە، دەبێ بەچ ئاقارێکی نادیار ئاڕاستەبکرابا؟!

**سەرۆکی خۆشەویست لەلایەن چل ملیۆن کۆرییەوە، ئەو مرۆڤەی بە بلیمەتی لەدایکبوو..!!**



تابلۆکان بەختەوەریی سۆشیالیزمیان وێنادەکرد

ڕۆژی **1913/4/15** کـیم ئیـل سـۆنگ لەدایکبـوو، زۆربەی ئەو سـەرچاوانەی لەمەڕ ژیـانی ئەو دەدوێـن و لەلایەن سـەرچاوە ڕەسـمییەکانی پـارتی کـاری کۆریـاوە دەردەچوون، چیرۆکی ژیانی وا دەگێڕنەوە کە ئەو (سـەرکردەیە) هەر لە منـداڵییەوە (بلیمەت بووە)، بنەماڵەکەی، دایك و باوك و بـاپیرەی، لە جەنگـی دژ بە ئیمپریـالیزمی ژاپۆنی بەشدارییانکردووە. بۆخۆی دەیگوت، کە دایکم بلیمەت بووە. بەمجۆرە خواستی بنەماڵەگەری تێکەڵ بە ڕوانینی سۆشیالیزمی زانستی بـوو!! هەقایەتەکـانی پـاڵەوانێتی کیم ئیل سۆنگ دەڵێن:

چەنــدین ڕێکخــراوی دروســتکردووە لەوانە (یەکێتــی ڕوخانــدنی ئیمپریــالیزم) و (کۆمەڵەی لاوانی دژ بە ئیمپریالیزم) و (کۆمەڵەی لاوانی کۆمسیۆنی کۆری). ئەنـدامانی




کیم بەگەنجێتی

ئەو ڕێکخراوانەی بە گونـدو نـاوچە دوورەدەسـتەکانی کۆریـادا بڵاودەکـردەوە، تـاوەکو خەڵکـی ڕێکـبخەن و هانیانبـدەن. پاشـان پـارتی کۆمۆنیـست لەگەڵ پارتەکـانی تـر تێکەڵکراو پارتی کاری کۆریان لـێ دروسـتکرا، سـاڵی **1945** ژاپۆنییەکـان لە ئاکـامی شەڕی نیشتمانی بەڕێبەرایەتی (کیم ئیل سۆنگ) لە کۆریا، وەدەرنران. ئینجا باشووری کۆریــا لەلایەن ئەمریکــاوە داگیرکــرا و لە **20**/حــوزەیرانی/**1950** شــەڕی کۆریــا دەستیپێکرد. ئەو شەڕەش مـاوەیەکی درێـژی خایانـدو تێیـدا چەنـدین دەوڵەت دژی کۆریا دەجەنگان و پارسەنگی هێزەکان لە دونیای سەرەتای شەڕی سارددا لایەنەکـانی دابەشی دوو زلهێزە کلاسیکییەکە کردبوو، مانەوەی کیم ئیـل سـۆنگ و سـەرکەوتنی بەسەر ئاستەنگییەکاندا وێنەیەکی درەخشانی لەلای خەڵکی وڵاتەکەی و لە دونیـا بـۆ دروســتکردو لە ســەروەختێکدا وەکــو کەســایەتییەکی نیــشتمانی و دوژمنێکــی سەرسەختی سەرمایەداری دەژمێردرا. کۆششێکی زۆر لەئارادابوو، تاوەکو (سۆنگ) وەکو تیۆرزانێك لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێریدا بناسرێت، بەڵام ئەو نەیتوانی ببێـتە (مـاو)ێـك، کە جێگای چاوتێبڕینی گـــــەلان و وڵاتانی تر بێت و لەناوخـــۆی وڵاتەکەش وەکـو

شانازییەکی نیشتمانی تەماشابکرێت و نەیتوانیٚ لەباری ھەژموون و دەسەڵاتەوە ببێتە ستالینێکی نویٚ، بەڵکو وەکو دیکتاتۆرێکی بچووك لە سنووری وڵاتەکەیدا مایەوە.



ئەدگاری منداڵی

کۆمەڵێك ئەرك ھەبوون کە سۆنگ لەو سەردەمەدا نەیتوانی جێبەجێیان بکات، ئەوانەش:

لە بواری نیشتمانیدا ھەردوو کۆریای لە شەڕی نیشتمانیدا پیٚ یەك نەخرا، تا دواتر دوو وڵاتی سەر بەدوو کەمپی جیاواز بوون بە واقیعێکی چەسپیو. لە ڕوی تیۆرییەوە لە نیوەی دووەمی سییەکاندا بیرۆکەی (زۆتشە)ی ھێنایە بوون، کە تێیدا داوادەکات خەڵکی کۆریا لە بنیاتنانی وڵاتەکەیاندا پشت بە خۆیان ببەستن. لەڕاستیدا دەویسترا بیرۆکەی (زۆتشە) گوایە ببێتە ڕوانینێکی تایبەتیانەی سۆنگ بۆ سۆشیالیزم و چۆنیەتی پیادەکردنی لە بەشێکی کۆریادا. ئەو بۆچوونانەش نەبوونە تێزی دانپیانراو لەلایەن بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی وڵاتانی ھاوپێگەی کۆریاوە.

لە ڕوی پرۆژەی بنیاتنانی وڵاتێکی سۆشیالیستییەوە، جگە لەوەی کە ئەزموونەکەی کۆریای باشوور وەکو ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژھەڵات مایەپووچ دەرچوو، ھەرواش لەبارەی چێکردنی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئاسایدا سەرۆك سۆنگ سەرفرازنەبوو، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ کۆریای باشوور کە بووە یەکێك لە وڵاتانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کامپی بەناو سۆشیالیستیداو لەلایەن ناوەندە سەرمایەدارییەکانەوە پڕتواناەکرا، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو، کە ھەمیشە لەبەردەم باکووردا بیٚ، ئابووریەکی بەھێزی بۆ فەراھەمکرابوو کە ئاوەھا لە ئەنجامی ئەو تێکشکانەدا سۆنگ و ڕژێمە تۆتیالیتارییەکەی بەرەو ناوەوە گرمۆڵەبوون و بەوە گیرسانەوە کە بڵاوکراوە ڕەسمییەکانی پارتی کاری کۆریا لە خیتابێکی ڕەھادا بەسەرۆك سۆنگ بڵێین: (سەرۆکی خۆشەویست لەلایەن چل ملیۆن کۆرییەوە!). ئینجا لە درێژەی ئەو گرمۆڵەبوونەدابوو، کە بیونگ یانگ زیاتر لە ھەر وڵاتێکی دیکەی کۆمۆنیستی سیستمێکی توتیالیتاری و داخراوی ئاواکرد. گەڕانەوە بۆ بنەماڵەگەڕێتی وا قووڵبۆوە، کە تەنانەت کیم ئیل سۆنگ خۆی لە ژیاندا بوو کاتێك کوڕەکەی بۆ جێگرتنەوەی تەزکیەکراو و جۆرێك لە سۆشیالیزمی میراتگەرایی دروستبوو، کە لە قووتوی ھیچ مارکسیزمێکدا وێنەی نەبوو.

خزمەتکردنی ئەو بنەماڵەیە جێگەی دڵسۆزی بۆ بنەماکانی سۆشیالیزمی بنیاتنراوی گرتەوە.

**(گۆڕانکارییەکان: کۆریای داخراو گۆشەگیرتر دەکەن!)**

بەڵام زەمەن لە سـەردەمی شـکۆداری شـەڕی نیـشتمانیدا ڕانەوەسـتا و نەمـانی قودسیەتی سەرۆك سۆنگ لە دڵی کۆرییەکانـدا بە سامێکی تەلیـسماوی بەرامـبەر بە درێژمـاوەی دەسـەڵاتی قەرەبـووکرایەوە، گۆڕانکارییەکـان کۆریـای لە نزیکتـرین دۆستەکانی دوورخستەوە و لە سەنگەرێکی یاخیبوودا لەگەڵ حکومەتە گۆشەگیرەکانی کوباو ئێران و ڕژێمی عیراقدا لەنگەریان پێ گرت. جیـاوازیی ئایـدۆلۆژیا و هەڵوێـست ئەو یاخیبووانەی کردە پاڵپشتیکی (چین)ی برا گەورە. قەیرانەکانی کۆریا زیاتربوون لە هی وڵاتانی دیکەی هاوهەڵوێستی. پێویستی گەڕان بەدوای ڕێگەچارەیەك بـۆ کێـشە ئابووریەکان و پەرۆشی بۆ هاتنی سـەرمایەگوزاری بیـانی و قەیرانـی چەکـی ئەتـۆمی، ئینجاش لە هەمووی گرنگتر بێکەڵـك مـانەوەی ئەو چەمکـانەی سـەردەمانێك (بیونـگ یانگ)و پایتەختە دەستەخوشکەکانی مانەوایانی بە شەرعییەتێکی درۆزنانە دادەپۆشی و گۆڕینی روانینەکـان بـۆ چەمکـی نیـشتمانی و دیموکراسـیی و سـەروەری و وڵات و ....هتد.

لەڕاستیدا بەحوکمی داخراوی ئەو وڵاتەو سیاسەتی دوورەپەرێزی حکومەتی بیونگ یانگ لە دەزگا و ناوەندەکانی میدیای جیهانی، تا ئێستا نەتوانراوە ڕای گشتی خەڵکی کۆریا لە بارەی سیـستمی فەرمـانڕوا لە وڵاتەکەیانـدا بزانـرێ، بەڵام بەپـشتبەستن بە دەمەکانی داروخانی ڕژێمـی لەو بـابەتەی کۆریـای بـاکوور، دەشـێ ئەوە بگـوترێ کە مردنی (کیم ئیل سۆنگ) ئەو سامەشی نەهێشت کە پێشتر لە پاشـماوەی قودسـیەتی سەرۆکەوە مابوو. بۆیە دەکرێ ئەو سامشکاندنە گۆمی مەنگـی بێـدەنگی ئەو کـۆمەڵگە داخراوە بشڵەقێنێ و خەڵکی وڵاتەکەش بەدەوری خۆیان ڕۆڵێـك لە گـۆڕانە پێـشبینی کراوەکاندا ببینن.

**(ئاسۆی ململانێکان و دەروازەیەکی کراوە لەبەردەم ئەگەرە جیاجیاکان!)**



سەرکردەی چینی کرێکار

پێدەچێ مەرگی (کیم ئیل سـۆنگ) دەرگـا لەبەردەم چەندین ئەگەردا واڵابکـاتەوە، لەلایەن ململانـێ لەسـەر کورسـی دەسـەڵات کـوڕو کوڕەزاو بنەماڵەی فەرمانڕەوا، درەنـگ یـان زوو قەیرانـی دەسـەڵات تیژتردەکـات و لەلایەکـی تـرەوە ئەو گـۆڕانە چۆنـایەتییەی کە پـێش مردنی سۆنگ لە هەڵوێـستی بیونگ یانگـدا بەدیکـرا، تـازە

ناشیٚ پاشەکشەی لیٚ بکریٚ، کە ئەمەش لەگەڵ دانوستانی پێشنیارکراو سەرلەنویٚ پەیوەستبوونەوە بە مەرجەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی دەرەتانێك بۆ چارەسەری کێشەکە دەدۆزرێتەوەو ڕەنگە ململانیٚ لەسەر دەسەلاَت و کرانەوەی تەلیسمی ترسی خەڵکی کۆریاو هەروەها ئاکامە نادیارەکانی دانوستانە چاوەڕوانکراوەکان و لە دوورەوەش گوشارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دۆخەکە بەرەو گۆڕانێکی ڕیشەیی ببەن، کە ئەگەری گۆڕانی سروشتی سیستمی فەرمانڕەواشی تێدا بەدوورناگیریٚ. بۆیە دەکریٚ بلێین، کە ئەم مردنە درەنگ وەختە ڕاستە چارەسەری کێشەکان دوورتردەخاتەوە، بەلاَم لەئاکامدا تێکڕای هاوکێشە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەگۆڕیٚ و ڕێگای بۆ پێچانەوەی فایلی قەیرانی نیمچەدورگەی کۆریا خۆشدەکا، تەنانەت وردە وردە بیرۆکەی یەکگرتنەوەی هەردوو کۆریاش (هەڵبەتە بە قازانجی کۆریای باشوور) دەکاتە پرۆسەیەکی عەمەلی، کە پێشتر بەلێکدانەوەی هاوکێشە تازەکان مانەوەی (سۆنگ)ی کۆنە پاڵەوانی نیشتمانی تەگەرەی سەرەکی بوو لە ڕێگەی جێبەجێکردنیدا!.

کوردستانی نویٚ: ژ: **731** چوارشەممە **1994/7/13**

# تەگەرەکانی بەردەم هەردوو کۆریا



هەردوو کۆریا!

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا کۆریای باشوور بەبەردەوامی چەندین تیمی تایبەتی ڕەوانەی ئەڵمانیا کرد، تاوەکو بتوانێ لە نزیکەوە کەڵك لە ئەزموونی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی ئەڵمانیا وەربگرێ. وێرای ئەو تەگەرە زۆرانەی لە بواری پتر بوونی ناهاوسەنگیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەنێوان هەردوو بەشەکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەڵمانیا تووشی ئەڵمانیای یەکگرتوو هات، بەڵام هێشتا سیئۆل پێیوایە مۆدێلی یەکێتی و نەتەوەیی ئەڵمانیا بەهەموو لایەنە ئیجابی و سلبیەکانییەوە هی ئەوەیە، کە تیمی تایبەتی بۆ تەرخانبکرێ. لانی کەم کۆرییەکان فێری ئەو وانەیە بوون، کە مەسەلەکانی یەکگرتنەوە بەدەر لە خواست و ئارەزووە نەتەوەییەکان، کارێکی گەلێك دژوارە. تێڕوانینی شێنەیی و هەنگاوی لەسەرخۆ، بەڵام چەسپاوی گەرەکەو پێویستە لەو مەسەلەیەش بەپلەی یەکەم تایبەتمەندییەکانی دۆخی کۆریا لەبەرچاوبگیرێ.

جار هەیە ئایدۆلۆژیا یان هەڵبژاردنی سیستمێکی سیاسیی دەبێتە خاڵی گردکەرەوە بۆ پەرتەوازەیی نەتەوەیەك و لەیەك یەکەی نیشتمانیدا کۆیاندەکاتەوە. ئەمە چارەنووسی گەلی ڤێتنام بوو، کە هاوکێشەکانی سەردەمی جووت جەمسەری و خەباتی زاخاودراو بە مارکسیزمێکی نەتەوەیی پرۆسەی یەکگرتنەوەی بۆ دابینکرد. کەچی بۆ گەلی ئەڵمانیا و گەلی کۆریا هاوکێشەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهان زیانی پێ گەیاندن. لەواقیعدا وڵاتی دابەشکراوی هەردوو گەلی ئەڵمانیاو نیمچەدورگەی کۆریا لە سەربازگەیەکی دابەشکراوی نێوان هەردوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەچوون، زیاتر لەوەی وڵاتێك بن بۆ بەشێك لە نەتەوەکە، کە ویستبێتی خاوەنی خەیارێکی سیاسیی جیا لە بەشەکەی تر بێت و کۆششی بۆ

ئەوەش کردبێ بەشەکەی تر ڕاپێچی خەیارە سیاسیەکەی خۆی بکات. ئەڵمانیای سزادراو بە گوناهەکانی نازیزم، وەکو تیکەیەك دوو لەتکراو بەشە ڕۆژهەڵاتەکەی دەرخواردی ژەمێکی جەمسەری کۆمۆنیزم کراو بەشە ڕۆژئاواییەکەشی لەژێر چاودێریی جەمسەری سەرمایەداریدا مایەوە. نیمچەدورگەی کۆریاش وەبەر نەفرەتی دووجەمسەری کەوتووەو شەڕی کۆریای سالانی پەنجاکانیش خەریکبوو شەڕێکی جیهانی دیکەی بەدواوەبێ.

لەم ماوە درێژەی دابڕاندا، ئەڵمانەکان توانیان لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی جیاجیاوە پەتی پەیوەندی و وێکگەیشتن لەنێوان هەردوو بەشەکەی وڵات بپارێزن. هەرچی کۆرییەکانیشن، ئەوا سەرەڕای لەئارادانەبوونی دیواری لە چەشنی دیواری بەرلین، بەهۆی گۆشەگیری دەسەڵات لە بەشی باکوور، نەیانتوانی دەرفەتێك بۆ هاموشۆکردن و تێرکردنی هەستی نەتەوایەتی برەخسێنن. لەکاتێکدا ڕووداوی ڕووخانی دیواری بەرلین پەلەی لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا کرد، سیئۆل دەیەوێ بەکاوەخۆ هەنگاو بۆ ئەو ئەرکە بهاوێ. لەهەموو دۆخێکیشدا دەبێ ئامادەسازی بۆ کۆمەڵێك باج و قوربانیدان بنوێنێ.

سەرەڕای زیانی دابڕاوی نەتەوەیی بۆ کۆرییەکان، بەڵام بە حوکمی ئەوەی هەردوو بەشەکەی کۆریا لە هێڵی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەردوو جەمسەرەکەی دونیادا بوون، ئەوا هەریەکەیان بەڕێگای خۆی تا ماوەیەکی درەنگ گەشەکردن و پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوەبینی. کۆریای باشوور لە چاو وڵاتانی دیکەی ئاسیا خەریکە دەچێتە خانەی وڵاتە سەنعەتییەکانەوە. بۆ نموونە، لەکاتێکدا پیشەسازی دروستکردنی کەشتی پشتی بە پسپۆری کۆمپانیا ئەمەریکایی و بەریتانیاییەکان دەبەست، ئێستا کۆریای باشوور ڕکابەرییەکی سەرخست لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەکاو کۆمپانیایەکی وەکو سیۆنگ لە فراوانیی بازاڕو قەوارەی وەبەرهێنانەکانی، هەردوو کۆمپانیای سۆنیی ژاپۆنی و ئی سی ئیی بەریتانیایی بۆڕداوە. ئەگەرچی کۆریای باکور ئێستا سەبارەت بەنەمانی جەمسەری ڕۆژهەڵات ئەو گرنگییەی جارانی لەدەستداوە. بەڵام لەچاو ئەو وڵاتانەی پەیڕەوەی لە ناوەندێتی ئابووری دەکەن، خاوەن توانای ئابووریی خۆیەتی، بەڕادەیەك کە تۆژەران پێشبینیی ئەوەیان کردووە، ئەگەر کۆریای


یەکگرتنەوە، ڕەهەندی مرۆیشی هەیە. بەشێك لە خێزانە دابڕاوەکانی نێوان هەردوو بەش دوای پەنجا ساڵ ڕێگە بە یەکتربینینیان درا

یەکگرتوو ببێتە واقیعێکی بەرجەستە، ئەو وەختە وڵاتی یەکگرتوو دەتوانێ کەڵك لە هێزی مرۆیی و دەستی کاری هەزاران و مەشقپێکراوی باکوور و هەروەها کانزا فلزییەکان و ئەو کانزایانەی باشوور لێی بێبەشکراوە، وەربگرێ.


دیمەنێکی سنووربڕ

لە ڕووی ئابوورییەوە تەگەرەیەکی زۆر پێش بەپرۆسەکە دەگرێ. ئاستی گەشەسەندن لە باشووردا لەگەڵ باکوور بەراووردناکرێ. بۆ نموونە، تێکڕای داهاتی تاکەکەس لە باشووردا پێنج ئەوەندەی تێکڕای داهاتی تاکەکەسە لە باکوور، هەرچەندە ئاماژەش بۆ ئەوە دەکرێ کە وڵاتێکی (70) ملیۆن کەسی (کە دانیشتوانی کۆریای یەکگرتوو پێکدێنن) دەتوانێ توانا سروشتییەکانی باکوور، چ لە ڕوی توانا مرۆییەکان و چ لە ڕوی کەرەستەی خاوەوە لەگەڵ توانا پیشەسازییەکانی باشوور تێکەڵبکاو بەشێك لەو ئاستەنگییە چارەسەربکات کە دەشێ ببێتە ڕێی پرۆسەکە، بەڵام لەدوا ئاکامدا هەردەبێ باشوور بەدەنگ کێشەکانی باکوورەوە بێ و بیر لە چارەسەرکردنیان بکاتەوە. باشوورییەکان درك بەو ڕاستییە دەکەن، کە ئەڵمانیایەکی تر لە نیمچەدورگەی کۆریا سەرهەڵناداتەوە، بەڵام دەشزانن کە درەنگ یان زوو هەر گۆڕانێکی سیاسیی لە بیونگ یانگ ڕووبدات، ئەوا بە ملیۆنان کەس لە خەڵکی باکوور ڕوو لە بەشەکەی دیکەی وڵات دەکەن و تەنگژەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیش لەگەڵ خۆیان ڕاپێچدەکەن. ئەو گۆڕانە سیاسییەش وا دەخوازێ، ئەوان پێشوەخت خەم لە ئایندەی یەکگرتنەوەکە بخۆن و تەگبیرێکی بۆ بکەن.

بەپێی مەزندەیەك، کە هلمۆت شمیدەتی کۆنە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا کردوویەتی، دەبێ لە دۆخی سیناریۆیەکی بەپەلەی یەکگرتنەوەدا باشوور بۆ ماوەی (10) ساڵ 8٪ی بەرهەمی ساڵانەی خۆی بۆ بووژاندنەوەی باکوور تەرخانبکات. بەگشتیش بە گەیشتن بەئاستێکی هاوسەنگی باری گوزەران لەنێوان هەردوو بەشدا پێویستی بە (30)ساڵ هەیە. لە دۆخی سیناریۆی بەکاوەخۆی یەکگرتنەوەشدا، پرۆسەکە وا دەخوازێ کە باشوور ئامادەباشی بۆ پێشهاتی لەبابەت ئەوە بنوێنێ، کە یەکگرتنەوە بەهۆی زۆری دەستی کارەوە پێویستی بە زیادکردنی خەرجی حکومەت دەبێ. لە هەردوو سیناریۆکەشدا دەبێ سیئۆل لە ماوەی قۆناغی پەڕینەوەدا نرخی گۆڕینەوەی هەردوو دراوی وڵات دابنێ، نەك یەکسانیان بکات. ئەم نرخدانانەش ڕێگا بۆ هاوسەنگییەکی بەردەوام و سەرئەنجام بۆ ڕێکخستنەوەی هەردوو دراو خۆشدەکات.

ئەم دۆخە ئـــابوورییە چەنـــدین کێـــشەی کۆمەڵایەتیـــشی بەدواوەیە. لەلایەك لە دوای یەکگرتنەوە رەوی ئێجگار زۆری خەڵکی باکوور بۆ باشـوور، بەمەبەسـتی گەڕان بەدوای کـارو ژیانی خۆش گوزەرانیدا، پاڵەپەستۆیەك بـۆ باشـوورییەکان دروسـتدەکات و دەیانخـاتە بەردەم مەترسیی بێکارییەوە، بەچەشنێك کە ڕەنگ بێت خواستی نەتەوەیی ئاوەژووبێتەوەو مەسەلەی یەکگـرتنەوە ئەو درەوشـانەوەی جـارانی لەلای خەڵکـی باشـوور نەمێنـێ، چـونکە قورسـایی یەکگرتنەوە دەکەوێتە سـەر شـانی ئەوان. پێویـستە سـیئۆل بە هێمنـی و لەسـەرخۆ کـاری گواستنەوەی سیستمی ئـابووری مەرکەزی بـۆ ئـابوورییەکی ئـازاد ئەنجامبـداو تـا وەختێکـی درێژخایەنیش خۆی لە بەتایبەتیکردنی دەزگـا ئابوورییەکـانی دەوڵەت بپـارێزێ، چـونکە ئەمە ئاکامێکی کۆمەڵایەتی و ئـابووری نادیـاری دەبێـت. لەڕاستیـشدا تـوێژو ناوەنـدەکانی خـاوەن بەرژەوەندی لە باکووردا، وێرای ئەوەی کە دەسـتکورتدەبن، بەڵام وا چـاوەڕوان نـاکرێ هەروا بەئاسانی دەستبەرداری ئەو ئیمتیازاتانە بن، کە پێکهاتەی دەوڵەتی تۆتالیتار (شمولی) لەباکوور بۆی دابینکردون.

بەڵام ئەو تەگەرە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی لە مەسەلەی یەکگـرتنەوەکە دەکەونەوە، لەباری ئێستادا ڕۆڵێکی لاوەکی دەگێڕن و ڕەنگبێ لەدوای بڕیاردانی یەکگـرتنەوە بچـنە ناو کارنامە. هەرچەندە توێژەرەوەو سـەنتەرەکانی لێکـۆڵینەوەو ناوەنـدە ئەکادیمییەکـانی کۆریای باشوور هەر لەئێستاوە سەرقاڵی پێشگرتنن لە تەشـەنەکردنی ئاکـامە ئـابووری و کۆمەڵایەتییە خراپەکانی پرۆسەکە. بەڵام لەئاستی پێشهاتە سیاسییەکاندا هەڵوەستەیەکی زۆر پێویستە. کۆریای باشوور هەر لە زووەوە توانیبـووی ئەو نەخـشەیە جێبەجێبکـا کە ئەمریکا پێی سپاردبوو و لە ڕێگای گرێدانی چارەنووسی خۆی بە ڕۆژئاواوە ئـابوورییەکی بەهێزی بۆ خۆی بەچەنگهێناو و لەباری سیاسیشەوە پەیڕەویی لە ئازادی و دیموکراسـی کـرد. هەرچەنـدە بەرتەسـککردنەوەی بـواری دیمـوکراتی لە هەشـتاکاندا، کە تێیـدا جەنەڕاڵەکان بەخوێن ڕاپەڕیـنەکەی پایتەختیـان سـەرکوتکرد، کـارێکی خراپـی لەسـەر ناوبانگگی کۆریای باشوور بەجێهێشت، بەڵام کیم یانگ سام پێیوایە کە لەم هەلـومەرجە تازەیەداو لەکاتێدا کۆریای باشوورو دۆستەکانی لە ڕۆژئاوا بەهـۆی نەمـانی هەڕەشـەکانی سۆڤێت و چین پێویستیان بە حوکمی سەربازی نەماوە، دەشێ وڵاتێکی پێـشکەوتوو لە ڕوی ئابوورییەوەو جێگیرو ئارام لە ڕوی سیاسییەوە مۆدێلێکی بـاش پێـشکەشبکات، کە نەك هەر گرەو لەسەر هاتنە ناوەوەی باکوور بکات، بەڵکـو دەتـوانێ خولیـای پتەوبـوونی پەیوەندی بازرگـانی و ئـابووریی نێـوان وڵاتـانی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیاو ئاسـیای ناوەڕاستیش بێ.



**دۆخی ئابوری و گوزەرانی دانیشتوان،تەگەرەیەکن لەبەردەم یەکگرتندا**

بەڵام لە کۆریای باکووردا کێشەی ڕژێمە سیاسییەکە ئاڵۆزترە• لەوێ سیاسەتی لاتەریکبوونی بیونگ یانگ لە هەموو جیهان و سیستمی تۆتالیتار بواری هەموو هەناسەدانێکی ئازادیی ئاودیوکردووە•

ئاشکرایە کە ئەمڕۆ وەکو ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی جیهان فاکتەرە دەرەکییەکان تا سەردەمێکی نادیار بڕیاردەری چارەنووسی سیاسیی وڵاتانن، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی وەبەر هێڵی ستراتیجی سیاسەتی ئەمریکا کەوتوون، لەوانەش نیمچەدورگەی کۆریا• باشوورییەکان، بەوەی کە دۆستێکی ئەمریکان و تۆخمێکی هەڵسوڕاوی ئابووری ناوچەکەن، لە هەموو حاڵێکدا یەکگرتنەوەکە بەقازانجیان تەواودەبێ• لەکاتێکدا تا ساڵانێکی دووردرێژ باکوورییەکان بەنیازبوون لە ڕێگەی "شەڕی ڕزگاریی نیشتمانییەوە" باشووری وڵات ڕزگاربکەن، ئەمڕۆ بیرۆکەی یەکگرتنەوە وەکو کارتی گۆشارێك وایە بەدەست نەیارانی باکوورەوە• هەربۆیەش لەهەر ڕێککەوتنێکی نێوان هەردوو کۆریا یان هەر ڕێکەوتنێکی نێوان ئەمریکاو کۆریای باکووردا، بیونگ یانگ تەئکیدی لەسەر سەروەریی خاکی هەردوو بەشەکەی کۆریای دەکردەوە• ئەگەرچی مەرگی کیم ئیل سۆنگ و مۆرکردنی ڕێککەوتنی ژنێڤ (**21**ی تشرینی یەکەمی **1994**) لەنێوان واشنتۆن- بیونگ یانگ کە بە سەرکەوتنێکی ئەمریکایی لەقەڵەمدرا، ئومێدی یەکگرتنەوەکەی نزیکترکرد، بەڵام هێشتا باشوورو تێکڕای نەیارانی ڕژێمی تۆتالیتاری باکوور پێیانوایە تا ئەو وەختەی لە قەیرانی ئەتۆمیدا بیونگ یانگ بواری مانۆڕی سیاسیی لەبەردەمدا مابێ، ئەوا ئاخاوتن لەسەر وەدی هاتنی یەکگرتنەوەکە ئەستەمە•

لەگەڵ ئەوەشدا وەبەرهێنەران و بازرگانان چاوەڕێی ئەوەیان نەکرد بزانن هاوکێشە سیاسییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتەکییەکان کەی بواری خۆشکردنەوەی نێوان سیئۆل و بیونگ یانگ دەدەن• لەکاتێکدا سیاسەتمەداران و دیبلۆماتەکانی باشوور سەرگەرمی بەدەستهێنانی دەستخۆشی ئەمریکا و چین و ڕوسیاو ژاپۆن و تێکڕای وڵاتانی دراوسێن بۆ یەکگرتنەوەکەو هەرە توندڕۆکانیان پێیانوایە کە ڕێککەوتنی ژنێڤ (**21**ی تشرینی یەکەمی **1994**) هەناسەیەکی

ژیان وەبەر حکومەتی بیونگ یانگ دەکا، ئا لەو کـاتەداو بگـرە لە سـاڵی **1988**یـشەوە گەورە وەبەرهێنەران خەریکی پتەوکردنی پەیوەندیی بازرگانی و وەبەرهێنانی هاوبەشـن، بەتـایبەتی، کە باشوورییەکان لە ڕێگەی هۆنگ کۆنگەوە زێڕو ماسی و کحول لە باکوورییەکـان دەکـڕن و قەبارەی ئاڵوگۆڕی ساڵانەی نێوان هەردوولاش گەیشتۆتە **200** ملیۆن دۆلار٠

گۆڤاری سیاسەتی دەولی: ژ: **3** ساڵی **4** – تشرینی یەکەمی **1995**

# (چین – ئەمریکا)

# لەنێوان پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و بەرژەوەندیی بازرگانیدا



تیبت لەسایەی چەوساندنەوەدا

ماوەیەك بەر لەئێستا چاودێرانی سیاسەتی ئەمریکا، ئەو گۆڕانکارییە ئیجابیانەیان تێبینیکرد کە خەریکە لە پەیوەندیی نێوان (پەکین – واشنتۆن) دێتەکایەوە، ئەوان ئەو گۆڕانەیان بە دەرئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششانە لەقەڵەمدا کە سەرۆك (کلنتۆن) لە بواری خاوکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە پەیوەندیەکانی هەردوولا، ئەنجامیدابوو. بەرێکەوت بێ یان وەکو سیمایەکی تایبەتی سەرۆك کلنتۆن، ئەو پەیوەندییە لە دوای هاتنە سەرکارییەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوەبینیوە.

سەرەتای گرژییەکان دەگەرێتەوە بۆ تەقەلاکردنی چین، کە دەیویست و ئێستاش دەیەوێ ببێتە جەمسەرێك، کە شوێنی جەمسەری سۆڤێتی بگرێتەوەو گۆرەپانەکەش هەروا بۆ ئەمریکا چۆڵ نەکرێت. لەم پێناوەدا ئەو وڵاتە بەخۆنوێکردنەوەو پتەوکردنی ئابوورییەکەیی و گرتنەبەری رێگای وڵاکردنی دەرگاکان بە شێنەیی و لەسەرخۆ، ئینجاش بەگرتنەخۆی هەموو ئەو هێزو دەوڵەتانەی وەکو ناوەندێکی نامۆ بە سیستمی جیهانی نوێ ماوەنەتەوەو ئێستا لەلایەن ئەمریکاوە بەوڵاتانی یاخیبوو ناوزەددەکرێن.

دیارە پەرەسەندنی ئاڵۆزیی نێوان ئەمریکاو هەریەك لەو وڵاتانەش کەم تا زۆر پەیوەندییەکانی (پەکین- واشنتۆن) ئاڵۆزی بە خۆوە دەبینی. رەخنەیەك کە چین لە ئەمریکای

دەگرێ ئەوەبوو، کە (ئەمریکا) دەیەوێ سەروەری چین و وڵاتانی هاوپەیمانی پێشێڵ بکاو دەست لە کاروباری ناوخۆیان وەربدا٠ ترۆپکی ئەو رەخنەیەش لە کۆنگرەی مافی مرۆڤ بوو لە ڤییەنا، کاتێك چین و هاوپەیمانەکانی هەڵوێستیان یەکخست و سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیانیان



تیان مین گۆڕەپانە ناسراوەکە و رووداوە ناسراوترەکە

خستەڕوو٠ لە بەرامبەر ئەوەشدا، ئەمریکا هەمیشە ڕەخنەی ئەوەی لە چین گرتووە، کە مافی مرۆڤ و ئازادیية سیاسییەکان پێشێلدەکاو نەتەوەکانی وەکو (تبت) سەرکوتدەکا٠ لەم بوارەشدا هەمیشە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی خوێندکارانی گۆڕەپانی (تیان مین) بەنموونە دێننەوە یاد٠

بەڵام، هەر وەکو ئاماژەی بۆ کرا، لەسەردەمی سەرۆك (کلنتۆن)دا ئەو گۆڕانە چۆنایەتییە هاتەدی ئەو لە کۆبوونەوەی (سیاتل) بۆ وڵاتانی ئاسیای کەنار ئۆقیانووسی ئارام تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووە، کە پێویستە بازاڕەکانی چین لەوە کراوەتربن لەبەردەم شمەکە ئەمریکییەکاندا، ئینجاش دەستپێشخەرییەکی لە بواری ئابووریدا نواند بەوەی کە دۆخی (وڵاتانی لەپێشداهاتوو لە ڕووی بازرگانییەوە) بۆ چین دووپاتکردەوە، هەموو ئەمانە زەمینەخۆشکەربوون بۆ ئەوەی چین لەبەرامبەر ئەوەدا هەوڵی ئەوە بدات هەوڵێکی ئیجابیانە لە کێشەی نیمچەدورگەی کۆریادا ببینێ و هەوڵێك کە خۆی لە هێورکردنەوەی دۆخەکەدا دەبینێتەوەو ئەنجامدانی لەتوانای ئەمریکادا نەبوو، جێبەجێبکات٠

ئێستا وا پێدەچێ کە ئەو گۆڕانە ئیجابییە تا ماوەیەکی تریش درێژەبکێشێ، هیچ نەبێ لە بواری ئابووریدا، چونکە هەروەکو سەرۆك (کلنتۆن) لە وتارێکیدا ئاماژەی بۆ کرد، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ چیندا مەسەلەی بەرژەوەندییەو مەسەلەی مافەکانی مرۆڤیش کێشەیەکی سیاسییە!!

کوردستانی نوێ: ژ:**716** یەکشەممە **1994/6/26**

# له پەراوێزی سەردانەکەی کلنتۆن دا

# لێک نزیکبوونەوەی چین و..... جیهان



چین و ئەمریکا: دوو ئاراستەی لێك جیا

سەردانی ئێستای کلنتۆن بۆ چین و ئەو بایەخپێدانە ئیعلامییەی بە نسیبی بووە، جارێکی تر بابەتی مامەڵەکردنی واشنتۆنی لەگەڵ ئەو هێزانە هێنایە پێش کە لە سەرێکەوە ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی هەیەو لە سەرێکی دیکەشەوە لە بەر هۆکاری سیاسی، ئابووری، جیۆپۆلیتێکی ناتوانن توندبن لەگەڵیاندا، یان بایکۆتی هەمەچەشنیان بخەنەسەرو بیگەیەننە ئاستی دابڕان٠ چین و مامەڵەکردنی واشنتۆن لەگەڵیدا نموونەیەکی هەرە زیندووی میزاجی ئەمریکییە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیاسەتانەی لای وان پەسەندنییەو جێگای سەرزەنشتن٠ میزاجی ئەمریکی لەنێوان پرنسیپە گشتییەکانی ئەمریکای لەسەر دامەزرا و بەرژەوەندییە سازشهەڵنەگرەکانی ئەو وڵاتەدا گیری خواردووە٠ ئەو هاوکێشەیەی کیسنجەر لە کتێبی دیبلۆماسیدا بەدرێژایی چەندین لاپەڕە داکۆکی لێ کردو چینی وەك زیندووترین نموونەی خۆگونجاندنی ئەمریکا لەگەڵ پرنسیپە ئەخلاقییەکانی لەلایەك و بەرژەوەندییە

مادییەکانی لەلایەکی ترەوە، هێنایەوە، بێ ئەوەی بتوانێت باوەڕ بەخـوێنەر بێنێـت، بەڵام بـاوەڕ پێنەهێنـانی ئەوی بەرامـبەر شـتێکەو ئەو ئاکامـانەی واشـنتۆن لەو سیاسەتی خۆگونجاندنەوە بەدەستیدێنێت شتێکی ترە٠

مەسەلەی چارەسەرکردنی ئەو هاوکێشەیەش لای ئەمریکییەکان زیاتر پەیوەندیی بەو ڕەفتارە سیاسییەوە هەیە، کە ئەوان لە هەلومەرجێکی وادا ڕەچاویـدەکەن، واتـا ڕەفتـاری سیاسـیی لەگەڵ لایەنێکـدا کە ئەوان بـایەخی پـێ دەدەن، کەچـی ئەو پێچەوانەی پرنسیپە سیاسییەکانی واشنتۆن هەڵسوکەوت دەنوێنێ٠ لەحاڵەتی چیندا ئەمریکا گرنگییەکی ستراتیژی بەو وڵاتە دەدا، هەر تەنها لە بواری ئابووریدا سـاڵانە ئیمتیازی وڵاتانی لە پێشداهاتوو لەبواری بازرگانیدا بۆ چین نوێـدەکرێتەوەو پتـر لە تۆڕێکی پەیوەندی هاوکـاری لەنێـوان هەردوولا دروسـتبووە٠ لەلایەکـی دیکەشـەوە



نەخبی ڕێککەوتن

چین یەکێکە لەو وڵاتانەی تۆماری لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا مایەی سەرزەنشتە. لە دەمی خۆیدا، ساڵی **1993**، پەکین لە کۆنگرەی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ، کە لە ڤییەنا گرێدرا، داوایکرد لە پێوەرەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و دیموکراسییەتدا، تایبەتمەندی کەلتووری و کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی لە چەشنی چین ڕەچاوبکرێت. ئەم هەڵوێستە پاش نزیکەی پێنج ساڵ لە ڕووداوی گۆڕەپانی تیانمین هات، کە تێیدا زنجیری دەبابەکان داخوازییە لیبراڵییەکانی خوێندکارانیان هاڕی.

لەنێوان ئەو دوو حاڵەتەدا واشنتۆن وا هەڵسوکەوتدەکات، کە ئەو دەتوانێ لە ڕێگەی گوشاری سیاسییەوە، چینییەکان ناچاربکات ڕیفۆرمی سیاسیی ئەتۆ ئەنجامبدەن، کە هاوشانی پەرەسەندنی ئابووری و پتربوونی وەبەرهێنانی بیانی بێت لە سەرتاسەری ئیمبراتۆرییەتی سووردا. ڕوانینی ئیدارەی کلنتۆن و پێش ئەویش ئیدارەی بۆش بەو شێوەیەیە، کە گوشاری ئیجابی دەتوانێت چین ڕاکێشێتە مەیدانی ململانێیەکی شێنەییەوە، لەپێناوی چۆڵکردنی پێگەکانی سەرکوتگەری و خەفەقانی فەزای سیاسیی. ئەم ڕوانینە ئەو کاتە پتەوتربوو، کە گوشارەکان لە مەسەلەی گەڕانەوەی هۆنگ کۆنگ بۆ ژێر سایەی چیندا کاری خۆیان کردو چەند بەڵێنێکی چینی لێکەوتەوە، سەبارەت بەڕێزلێنانی ئیرادەی هۆنگ کۆنگییەکان و دەستێوەرنەدان لە شێوە حوکمی ئێستاو ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە سیاسییەکانی دورگەکە.

ئێستاشی پێوەبێت، واشنتۆن وایدەبینێ کە سیاسەتی ڕاستکردنەوەی چەوتییەکانی چین بە بایکۆت و لێکدابڕان نابێت، بەڵکو بەوە دەبێت ئەو وڵاتە هانبدرێت تا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین و خۆرێکخستن بگرێت. ئەمەش پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی واشنتۆنە، کە دەربارەی وڵاتێکی وەکو عێراق هەیەتی، سەبارەت بەوەی لای ئەوان هیچ ئومێدێك بە چاککردنەوەی سیاسەتەکانی بەغدا نەماوە.

جا لە گەرمەی سەردانەکەی کلنتۆندا گەلێك کەس داوایانکرد ئیدارەکەی بەرامبەر بە چەوتییەکانی پەکین توندتربێت، ئەوانەش کەم نەبوون کە داوای کرانەوەی زیاتریان دەکرد بەرەوی چیندا، بۆ ئەوەی هەرگیز دەرفەتی پاشگەزبوونەوەی بۆ دواوە نەبێت.

شێوازی هەڵسوکەوتی واشنتۆن لەهەمبەر گرفتی چیندا نموونەیەکی سیاسییە دەربارەی چۆنیەتی ڕاکێشانەوەی هێزێك لە ڕێگای چەوتییەوە بۆ ڕاستەڕێی سیاسەتێکی دروست، ئەویش بە پێڕەوی دەرفەتپێدان و هەڵڕەخساندنەوە. ئەوە

پەندێکی ئەمریکییە ئەگەر لە گەڵیشی نەبین پێویستە لێی بکۆڵینەوە، چونکە لە دەڤەری ئێمەشدا ئیدارەی ئەمریکا پەیڕەوی لێ کرد. پەندەکەش هی کلنتۆنە کە دەڵێ: (ئەوەندەی بتوانین چین لە جیهان نزیکبکەینەوە، هێندەی ئەوەش جیهان ئازادی لە چین نزیکدەکاتەوە).

کوردستانی نوێ: ژمارە : **1642**، پێنجشەممە **1998/6/25**

# ئەمریکا - ڤێتنام

# زەمەن دەستەبەری ساڕێژبوونی زامەکان بوو!!



دوای ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکان،
کلنتۆن لەسایەی پەیکەری هۆشی مندا



دیارترین وێنەی گوزارشت لەتراژیدیای شەڕی ڤێتنام

(داگیرکەر لە دەرگاوە دەردەچێ و لە پەنجەرەوە دێتە ژوورەوە!) ئەمە گوتەیەکی کلاسیکی سەرزەنشتئامێزەو بەو وڵاتانە دەگوترا، کە سەروەختێك سەروەری نیشتمانییان بەدەستدەهێناو پێویستبوو بۆ پتر ناوەڕۆك بەخشین بەو سەروەرییە نیشتمانییە، شێوازێکی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ بگرنەبەر، کە سەربەخۆیی ئابوورییان بۆ دابینبکاو باشتر لە داوی ئاڵۆزکاوی ناوەندە ئابوورییە زلهێزەکان دووریانبخاتەوە٠ بەڵام ئەمانە چەمکی سەردەمانێکی پێش ئێستای سیستمی تازەی جیهانی بوون، ئەمانە چەمکی ئەو جیهانە دوو جەمسەرییە بوون، کە تێیدا ململانێی نێوان دوو زلهێز، کەم تا زۆر، بواری مانۆر پیادەکردنی بۆ وڵاتە بچووکەکان فەراهەمدەکرد٠ لەگەڵ داروخانی جەمسەری ڕۆژهەڵاتیشدا، پرۆژە نیشتمانییەکانی وڵاتانی بەناو دونیای سێ کورتیانهێناو

سنووری مێژوویی یـان لەوە زیـاتر بـڕی نەدەکـردو یەك بەیەکـی وڵاتـانی یـاخیبوو لە شــێوەی دابەشــکردنی ئــابووری نیــودەوڵەتی، بە ناچــاری گەڕانەوە کۆشــی سیــستمی جیهانگیری سەرمایەداری و خولێکی دیکەی پەیوەندی شڵەژاوی نێوان باکوورو باشووری ئەو ئابوورییە نێودەوڵەتییە دەستیپێکردەوە.

ئێستا ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێـوان ڤێتنـام و ئەمریکـا، پـاش (30) سـاڵ لە دابڕانــی ئــابووری و بازرگــانی، تەرجەمەی واقعــی ئەو دەربڕینــانەی ســەرەوەن لەگەڵ دەرکەوتە تازەکـانی دونیـادا، پێویـستبوو کە ڤێتنامییەکـان واز لە داسـتانی سـەروەری بەزاندنی ئەمریکا بێنن و بەرامبەر بەوەش ئەمریکییەکان بـۆ دواجـار (گرێـی ڤێتنـام) لە سایکۆلۆژییەتی خۆیاندا بسڕنەوە . زەمەن دەستەبەری سارێژکرنی زامەکان بـوو، ژنێکـی ئەمریکی، کە پێشتر مێردەکەی لە شەڕی ڤێتنامدا کوژرابوو، دەڵێت: (زەنگی جەنگ هی ڕابردووەو بزووتنەوەی مێژووش هەمیشە بۆ پێشەوەیە!).

سەرەتا نزیکبوونەوەکان هەنگاوبەهەنگاو بـوون، واشـنتۆن پرسـیاری چارەنووسـی ئەو ســەرباز و فــڕۆکەوانە ئەمریکیــانەی دەکــرد، کە لە کــاتی شــەڕی ڤێتنامــدا بزربــوون، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (جـۆرج بـۆش)دا، کە بنەمـا سـەرەتایەکانی سیـستەمی نـوێی ڕاگەیاند، کۆمیتەی لێپێچینەوە لە چارەنووسی سەربازە ئەمریکییەکان ئەوەی ئاشکراکرد، کە هیچ شوێنەوارێکی ئەو سەربازو ئەفسەرانە لە ڤێتنامدا بەدینـاکرێ. بـۆیە پێویـستبوو ئەمریکا ئەو مەرجەش فەرامۆشبکاو ڕاشکاوتر بێتە مەیدانی دانوستانەوە، ئەوەشـی زیـاتر نزیکبوونەوی بەگوڕترکرد، هاتنە سەر کاری سەرۆك (کلینتۆن) بوو. (کلینتۆن) ئەو کەسە بوو، کە پێشبینی ئەوەی لێ دەکرا کارە نیوەچڵییەکانی بۆش تەواوە بکاو وەرچەرخانێکی نوێ لە (تەتبیعی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکـا و وڵاتە یاخیبووەکـانی وەکـو (کۆریـای باکوورو کوباو ڤێتنام و .....هتد) بێنێتە بوون. هەرواش بوو، لە (27)ی کـانوونی دووەمـی ئەمساڵدا لە سەردەمی ئەو سەرۆکەی لە قۆناغی خوێندکاری خۆیدا دژی شەڕی ڤێتنـام بوو و بەشداریی تێدا نەکرد، بڕیاری هەڵگرتنی بایکۆتی ئابووری لەسەر (ڤێتنام) دراو ئیتر لەوە بەدواوە کۆمپانیــا وەبەرهێنەرەکــان و بازرگانەکــان بەدڵنیــاییەوە پەرەیــان بە خــستنەگەڕی ســەرمایەی خۆیــان داو داوای ڕێخۆشــکردنێکی زیاتریــان لە حکــومەتی (کۆمۆنیستی) ڤێتنام کرد!

بەڵام لەڕاستیدا بەتەنیا دۆخـی ناچـاری پـاش دەرکەوتە تازەکـانی سیـستەمی نـوێ هاندەری ئەو نزیکبوونەوەیە نەبوون، پێویستییەکی خۆییش هەردوولای بـۆ نزیکبـوونەوە کەمەندکێـشکرد. لەلایەك وڵاتێکـی خـاوەن ژێـر بینـایەکی داتەپیـو، کە تێیـدا وەکـو پاشماوەی جەنگی حەفتاکان (4000) پردی ڕووخاو پێویـستیان بە چـاککردنەوە هەبـێ،

ڤێتنامێك كە ناكامی ئەزموونی پەرەپێدانی سۆشیالیستانەی تێدا ئەوە بووبێ کە ڕێژەی داهاتی ساڵانەی تاکەکەسێك لە (200) دۆلار تێپەڕنەکا، ئەو وڵاتە لە دۆخی گۆشەگیری خۆیدا نەیدەتوانی چیتر لەسەر سەروەرییەکانی ڕابردوو بژی و دەستبەرداری ئەو ئیمتیازاتانەبێ، کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەمریکادا بۆی فەراهەمدەکات، ئەو چاوی لەوە بڕیبوو کە هیچ نەبێت ببێتە هۆنگ کۆنگێکی تر لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا.

لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا هەوڵی بێوچانی بۆ ئەوە بوو، کە هاوسەنگییەك لەنێوان (گرێی ڤێتنام)و ئەو دەستکەوتە ئابوورییە ڕابگرێ کە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڤێتنامدا بۆ ئەوی دابیندەکرد، ماوەیەك کار بۆ ئەوە دەکرا کە ڕای گشتی ئەمریکا ڕابردووی شەڕی ڤێتنام تێپەڕێنێ، پێش ئەوەی فەرەنساو وڵاتانی وەکو کۆریای باشوورو چین و ژاپۆن دەستپێشخەری بکەن و لە ئەمریکا دەسترۆیشتووتربن لەم وڵاتەی کە پڕە لە سامانی سروشتی و دەستی کاری هەرزان و سازدراو و خاوەن پێشبینییەکی چاك لەگەڵ دابونەریتی کارکردندا.

ئەگەرچی تا ئێستاش ئەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان زۆری دەوێ و گەلێك ئەگەری دێتە پێش و سەربارەی ئەو ترسەی کە لە دڵی سەرمایەدارێکی ئەمریکی درووستبووە، کە دەڵێ: (لێرە مەسەلەکان لەسەر بنچینەی ڕۆژانە دەگۆڕدرێ و بڕیارێك دەردەکرێ و بۆ سبەینێ پووچەڵدەکرێتەوە)! بەڵام تادێ وەگەڕخستنی سەرمایەی ئەمریکی زۆرتردەبێ. بەتایبەت کە شمەکە ئەمریکییەکان برەوێکی چاکیان لەو وڵاتەدا پەیداکردووە.


وێنەیەکی جاران، پەیوەندییەکی ناجۆر

له گەرمەی خۆشحاڵیبوون بەو پەیوەندییە ئێستا ئەمریکا زۆر پێ لەسەر چارەنووسی ئەفسەرە ونبووەکانی خۆی داناگرێ و سەبارەت بە ڤێتنامییەکانیش، کە وا پێدەچێ ماڵئاواییان لە ڕاسپاردەکانی هۆشی منە کردبێ، ئەوا بە دوورنازانرێ کە پابەندبوونەوەی بە بازاڕی ئابووریی نێودەوڵەتی و هەوڵی قەرزوەرگرتن لە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، بەرەو گۆڕانکاری سیاسیشی ببەن!

*کوردستانی نوێ ڕۆژی **1994/5/11**

## فەسڵی شەشەم

# وەرزی تیرۆر

# کێ تاڵیبانی لە پڕێ کرد بە کوڕێ؟



**تاڵیبان هەڵتۆقیوی چ هەلومەرجێکە؟**

گەشەکردنی تاڵیبان و هەلومەرجی دەرکەوتنی وەك هێزێکی سیاسیی، کە ئەوانیتر لە گۆڕەپانی ئەفغانی ڕابماڵێ، چڕترین وێنەی داهێزرانی گەمەی سیاسییە لە دەڤەری ئەفغانستان و ناوچەکەدا٠ هەروا ئەو گەشەکردنەی تاڵیبان مۆرکی ئیمتیازی نەریتێکی دێرینی سیاسەتێکی کلاسیکی پێوەیە، کە لەوەتەی سیاسەت سیاسەتە لەئاستی کەس و گروپ و دەوڵەتاندا پەیڕەوی لێ کراوە٠ مەبەست لێرەدا نەریتی دەست لە پشتدان و ڕەپێشخستنی کەسان و هێزەگەلێکن، کە بەخۆیان چ نەبوون و چ نین لە هاوکێشەی فلانە ململانێی سیاسیی و فیسارە ڕەوش یان زیاتر بۆ دەگگەدان لە هێزو ناوەندی تر کە لەهەمبەردا ڕکابەرو نەیارن، دەست لە پشتیان دەدرێت و بە سۆندە خوێنیان تێ دەکرێ، ئەگەر پێویستیشیکرد دەرمانی وزە بەخشیان دەدرێتێ٠ ئەگەر لێرەشدا نموونەی ئەفغانستان بەردەسترین مۆدێل بێت، ئەوا دەشێ بڵێین هێزەکانی پێشتر شەڕی نەجیبوڵڵای پیاوی سۆڤێتیان کرد بە سۆندە خوێن و موغەزییان پێ دەدرا، کەچی تاڵیبان بە دەرمانی وزەبەخش لە ماوەیەکی کورتدا ئەوانیدی لە کایەکە لاوازو گۆشەگیرکردو خەریکە نەشیانهێڵێ٠

بەشی زۆری شیکردنەوەو لێکدانەوەکان، ئەگەر زانیارییەکانیان سەد لەسەد ورد و دروست نەبن، ئەوا تەخمینێکی گشتی دۆخەکەیان بەدروستکردووە، کە تالیبان ئەو بزوتنەوە نەناسراو و نادیارە بوو ئەوانی دی لەودیو پەردەوە هێنایانە سەر شانۆی ڕووداوەکان، تا نەیارو دژە سیاسییەکانی خۆیانی پێ نیگەران بکەن٠ بەتایبەت لەم بوارەدا پاکستان وەك سەردەستەی هاریکارانی تاڵیبان ناوی دەهات، لەپاڵ پشتگیرییەکی ناراستەوخۆ، بەڵام کاریگەر و گەورەی ئەمریکا، کە لە ڕێگای پاکستانەوە لەبەر پتر لە هۆکارێك دنەی تاڵیبانی داو پشتگیریی لێ کرد٠ هەندێك هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە ئەمریکا بەپشتگیریکردنی فەقێکانی مەلا عومەر دەیویست پێگەیەکی ناوچەیی خۆی بگێڕێتەوە و پتەویبکات، لە ناوچەیەکی گرنگ و

ستراتیجییدا، کەوا دەهاتە پێشچاو لەبەردەم ئێراندا لەدەستیدابێت، بەتایبەتی کە ئۆپۆزسیۆنی باشووری ئێستاو حکومەتی پێشووی وڵات لە ئێران نزیکتربوو تا ئەمریکا· هەندێکی دیکەش هۆکارەکە بۆ ئەوە دگێڕنەوە، تاڵیبان بەو توندڕۆی و شەقاوەیەتیەی خۆی نموونەیەکی دزێو لەسەر ئیسلام پێشکەشدەکات، بەمەش گوایە قسەی نەیارانی ئیسلامی سیاسیی سواردەبێت و مەرامەکانیان لەو میانەدا دێتەدی· بەهەرحاڵ هۆکارەکانی گلەیی و تێبینییەکانی ئەمریکایەکان لەسەر ئەفغانستان هەرچییەك بن، لەگەڵ پاکستان هەردووکیان پێکەوە وایانکرد تاڵیبان بێتە مەیدان و هەردوولاش لەپێناو ئیحتواکردن و لەکایە وەدەرنانی هێزەکانی دی پاڵپشتی تالیبان بن و ئافەرینی لێ بکەن· لە هەلومەرجێکی وەك هی ئەفغانستان، کە هێزە سیاسییەکانی، حزبەکانی نەتەوە و رەگەزەکانی دانویان پێکەوە ناکوڵێ و لەو شێوە ئیدارەدانەی وڵاتدا لەگەڵ یەکتریدا هەڵناکەن، ئاسانە کە هێزی لابەلاو فاکتەری لابەلاو لەناکاوڕا دەربکەون و پشکێك لە هەلومەرجەکە بۆ خۆیان هەڵبپچڕن، بەڵام ئەو هێز و فاکتەرە لابەلایانە لە پشکێکی کەمیش تێدەپەڕن و دەستکەوتی زیاتر وەدەستدێنن· کاتێك هێزدار و هەڵسوڕاوە دەسترۆیشتووەکان دەستیانبگرن و ڕێگای قەبەبوون و قەڵەوبوونیان لەبەردەمدا تەختبکەن· دروستە خۆی لە ئاکامی داوەشینی توانای پێکهێنەرانی هەر ململانێیەك هێزی دی هەوڵدەدەن بازدەنە نێو گۆڕەپانی یاریکردنەوە، بەڵام کە لایەنەکان ناکۆکییەکانیان هێندە توندبێت، شتێکی تێدا نەهێڵنەوە، ئەوا لەسەر یەکتری و لە دژی یەکتری ناڕاستەوخۆ هێزی تر هاندەدەن و گەشەی پێ دەدەن، بەتایبەت ئەگەر ئەو هێزە پاڵپشتی دەرەکیشی هەبێت· بەمجۆرە لە ڕەوشی ئەفغانستاندا، تالیبان لە هەمووانی وەرگرت بۆ چوونە پێش و لە سەرکەوتنیشدا لە پشکی هەمووانی خواردو بردی· لەڕاستیدا نموونەی پاڵپشتیکردنی هێزێك لەلایەن هێزەکانی ناوخۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو هێزەکانی دەرەوە بەڕاستەوخۆیی، لە چەندین نموونەی ئوسوڵییدا مەترسییەکانی خۆی نیشاندا و دەرخست· بەتایبەتی ئەگەر خەسلەتێکی دیکەی گەمەی سیاسیمان لەبەرچاو بێت، ئەویش ئەوەیە ئەو کاتەی هێزێك دێتە مەیدانی کارکردنەوە، ئەگەرچی هاوپەیمانێتی دەکاو دەچێتە واری سەنگەربەندی لەگەڵ هەندێك هێزدا، بەڵام خۆ سەرئەنجام ئەوهێزە بۆ خۆی سیاسەت دەکا و بۆخۆشی دەستکەوت دەخوازێ·

لەبەرئەوە کە هێزێکی دەرەکی لە ئاڕاستە و سیاسەتەکانیدا جیاوازبێت دەگەڵ هێزێکی بچووکی نێوخۆیی وڵاتێك، کەچی لەبەر سیاسەت و بەرژەوەندی پشگیری ئەمی دوایی بکات، ئەوا دەبێت دەرکەوتە چەند سەرییەکانی پشگیرییەکانی خۆی قبووڵبکاو حازراتی بۆ بنوێنێ· دەرکەوتەکانی وەك ئەوەی هێزی بچووکیش لەگەڵ گەورەبوونیدا خواستەکانی زۆرتردەبن و تەماعی زیاتر لە هەلومەرجەکە دەکات· ئەگەر لە ئاڕاستە و بیرکردنەوەشدا جیاوازبێت لەگەڵ

لایەنی پشگیریکار ،ئەوا بە زووی مەیلی"سیاسەتی سەربەخۆ" و "بۆ خـۆ سیاسـەتکردن" پـاڵی پێوە دەنـێ خـۆی ڕاپـسکێنێ و لە دوای گەشـەکردن و گەورەبـوونی لە مەیـدانی ململانێـی سیاسیداو پێ‌بەپێی ئەو گەشەکردنە هەوڵدەدا لە پشتگیریکارانی پێـشوو بێمـنەت بێـت یـان سەرچاوەکانی پشتگیری زۆرتر و هەمەجۆرتر بکـات، تـا دەسـتی لە مەیـدانەکەدا واڵاتربێـت، سەیرە کە نەریتی سیاسی لە دونیا و لای زلهێزەکانیش بەتایبەتی، نەگەیـشتبێتە ئەو پەنـدو عیبرەتەی کە، دەڵێ کارتەکانی یاری سیاسی چەند دەستەمۆ و مـاڵی بـن، سـەرەنجام ئەوانە کارتی ڕۆحـلەبەرن و لە هەر دەرفەتێکـدا- ئەگەر بۆیـان بلـوێ- هەوڵ بـۆ خۆیـان دەدەن و سیاسـەت بـۆ خۆیـان دەکەن. ئەم خەسـڵەتە بە شـێوەیەکی هەرە تـایبەتی لە تاڵیبانـدا بەرجەسـتەیە، وەك هێزێکـی ئوسـولی کە دیـد و ڕوانینەکـانی تەواو لە هـی پـشگیریکارانی جیاوازە. لەبەرئەوە لەگەڵ گەشەکردنی تاڵیباندا مەلا عومەرو فەقێکانی ئەوانیش دەسـتیانداوە سیاسەتکردن بۆ خۆیان. کارمـان بەوە نیـیە کە ئەو سیاسـەتانە چەنـد دواکەوتـووەو مـایەی شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی. مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە سیاسەتەکە بۆ خۆیـان لەبەرئەوە دەشـێ (خێرپێکراو) لە ڕەوشێکی تردا بەرژەوەندییەکانی تووشی پێکدادان بـن لەگەڵ پـشتگیریکاردا، هەروەك لە مـاجەرای ملیـاردێری تیرۆریـست ئوسـامە بـن لادنـدا ئەو پێکـدادانە لە بەرژەوەندییەکان دەرکەوتن. پێکدان لەنێوان ئەمریکا، کە پێیوایە ئوسامە بن لادن دەسـتی لە تەقاندنەوەی "ماڵەکانی" واشنتۆن لە جیهاندا هەیەو تاڵیبانەکان، کە پێشڕەوییەکانیان هانیدان هەندێك سەرپێچی لە پشتگیریکارانی بزوتنەوەکەیان بکەن، کە زیاتر ئەمریکاو پاکستانن و لەم بارەیەوە ڕایبگەیەنن ئامادەنین ئوسامەی"میوانی گەلی ئەفغان!" لە وڵات دەربکەن.

بەمجۆرە نیشانەکانی جیاوازی لەنێوان تاڵیبان و واشنتۆن دەرکەوتن ئەگەرچی لەسەرەتاوە ئەمریکا وێرای دانپیانەنانی بە حکومەتەکەی تالیبان، کەچـی لەسـەر زاری وەزیـری دەرەوەی (مادلین ئۆلبرایت) تەمـاعی دەخـستە بەر "کـابول"، کە ئەگەر بیـانەوێ شـوێنێك لە کـۆمەڵی نێودەوڵەتی بگرن، دەبێ تیرۆرو تیرۆریستان لەبـاوەش نەگـرن، بەڵام لەگەڵ سـەرکەوتنەکانی هێزەکانی تاڵیبان و پەلاماردانی ئۆردوگای ڕاهێنانی سەر بە ملیاردێری دەرکراو لە سـعودییە، ئوسامە بن لادن کە دەکەوێتە ئەفغانـستان، پێـدەچێ بەرژەوەنـدەییەکانی (واشـنتۆن-کـابول) ئیدی لەمەودوا ڕوو لە پێکـادان بـکەن. وا لە ئێـستاشەوە، سـەرەڕای بەردەوامـی پـشتگیری پاکستان لە کابول، بەڵام ئیسلام ئاباد لە لێدوانێکی لابەلا، بەڵام گرنگـدا، نیگەرانـی خـۆی لە هەڕەشە بۆ سەر سنوورەکانی وڵاتەکەی ڕاگەیانـد، وەك ئامـاژەیەك بـۆ تاڵیبـان و گەواهیـیەك لەسـەر ئەوە کە ئیتـر تاڵیبـان بۆخـۆی گەمانـدەکات و مەرج نیـیە پابەنـدی ڕێزبەسـتنی هاوپەیمانێتیەکانی پێشووی بێت.

پێش پتر لە دە ساڵ سـەرۆکی وڵاتێکـی عەرەبـی گلەیـی لە عەرەبە دراوسـێکانی کـرد، سـەبارەت بەوەی هـانی ئوسـوڵیەکانی وڵاتەکەی دەدەن و پـشتگیری و ئاسـانکارییان پێشکەشدەکەن، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی ناکۆکییـان لەگەڵ وڵاتەکەیـدا هەیە، سـەرۆکی وڵاتەکە ئاماژەی پێدا بزوتنەوەی ئوسوڵی سیاسی وەك ئاگری ناو پووش وایە بەهەمووولایەکـدا بڵاودەبێـتەوە، بـا ئەوانەی ناکۆکییەکیـان لەگەڵمانـدا هەیە بـێن چارەسـەریبکەن، نەك دنەی ئوسوڵیەکانمان بدەن کە سەرەنجام ئاگرەکە هەمووومان بە وڵاتانی دراوسێشەوە دەسوتێنێ٠

بەڵێ وایە! ئاگرەکە هەموو ڕەزەکە بە تەڕو ووشکیەوە دەسوتێنێ٠

لەبەر ئەوە خۆپارێزی باشترە لە چارەسەری ئەو هەڕەشـانەی پێـشتر پـشتگرییان لـێ کـرا وزەبەخشین بەهێزە مردووەکان، کەس و گروپە بێکەڵکەکان، تەنها بۆ ئەوەی ئەوی بەرامـبەر هێز، کەس و گروپەکانی توانای ئیدارەدانی ململانێ و بەڕێوەبردنی ڕەوشـی سیاسـییان هەیە، تێکبشکێنین، چونکە نەیارمانن، نەریتێکی سیاسی شکستخواردووە٠ ئەفسوس کە تەنـانەت لە پایتەختی زلهێزە جیهانییەکەشدا، سەرەڕای نەریتی دوورودرێـژ لە کـردەو کـاری سیاسـییدا، پیادە و ئیشی پێ دەکرێت، ئەوە ڕاستە کە گەلێك، بەڵکو زۆربەی جار بەرژەوەندەییەکان، نەك باوە و بۆچوونەکان سیاسەتی واشنتۆن دێننە واری ئاڕاستەو پیادەکردنەوە، بەڵام ئەو سیاسەتە هەرگیز سەرکەوتوونییە، کە هەموو ڕەزەکە بسوتێ٠

نمـــوونەی تاڵیبـــانی ئەفغانـــستان دوانمـــوونەیە، بەڵام دوایـــن نمـــوونەی هەڕەشـــە پشگیریکراوەکانی دونیا نییە، کە سەرەنجام بۆ خۆیان یاریدەکەن و ئەوانیش کات فڕێـدەدەنە سەر مێزی یاریکردنەوە٠

کوردستانی نوێ ژ: **1681**، یەك شەممە **1998/8/23**

# تاڵیبان مێژوو دەسڕێتەوە
# جەوری زەمانە و.. فیشەکی چروک


یادەووری نەمێنێ، چونکە کوفرە

ڕووخانی پەیکەرو سڕینەوەی ئاسەواری مێژووی دێرین دوا بابەتی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەفغانستانە٠

تاڵیبان پەلاماری کێشەکانی مێژوو دەدا، وەك کشانەوەیەك لەبەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەمڕۆدا٠ مێژوو، ئەو لاپەڕە تەنكو زەرد هەڵگەراوانەی لەسەر ڕەفی کتێبخانەکانو لە قوژبنی شوێنەوارە دێرینەکاندا حەشاردراوە، کەرەستەی بەردەستو بابەتی پەسەندکراوی ئەو فەرمانڕەوایانەیە، کە گیروگرفتەکانی سەردەمەکەیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێو دەفتەرە سپییەکانی سەر مێزی خۆیانیان پێ پڕناکرێتەوە٠

حیلەی ئەسپو تۆزی ژێر پێی سوارەو پیادەی سوپاکانی داگیرکاری، یان بەپێچەوانەوە ئاوەدانیو بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی زیندەگانی، ئەمانە سەرباسی کتێبە تەنكو زەرد هەڵگەراوەکانی مێژوون کە تۆزیان لێ نیشتووەو فەرمانڕەوایانی جەورو ستەم لە شێنەییدا پەندەکانی ناخوێننەوەو دەرسەکانی دەورناکەنەوە٠٠ بەڵام کە لێیان دەقەومێو لەئاست دژوارییەکانی زەمەنی خۆیاندا دۆشدادەمێنن، ئەو پەڕە زەردانە دەکەنە نوشتەی فیڵ و فەرەج و تۆزی لەسەر نیشتووش لەجامێ ئاوی مەنگدا دەخۆنەوە٠

مێژوو لای فەرمانڕەوایانی جەوروستەم بۆ دەورکردنەوە نییە، بۆ دەردخستنەوەیە، پەیکەرەکان کە مێژوو دەگێڕنەوەو شوێنەوارەکانی ئەو شەوکەتی میللەتێك دەردەخەن، لای فەرمانڕەوایانی تاڵیبان بۆ پەندوەرگرتن نییە، بەڵکو بۆ پەندپێکردنە٠

بۆیە وا تاڵیبان پەندێك بەمێژوو دەکاو ئەتکێك بەپەیکەرو شوێنەوارەکانی ئەفغانستان دەکا، کە مەگەر هەر خۆی بەئەمرۆی وڵاتەکەی کردبێ٠

ئەرێ وا دەساڵە لە ئەفغانستان شەڕە، کە تاڵیبان لەپتر لە پێنجیان بەشدارە، کێ لەخەیاڵیدابوو پەیکەری بوزا لەوێ هەیەو پێویستە بشکێنرێ، نەبادا نیشانەیەکی پەیکەرپەرستی لەو وڵاتەدا هەبێ؟

ئەگەر تاڵیبان بۆ خۆدزینەوە لەو هەموو گرفتەی هەر ئێستا بەرۆکی حکومەتو خەڵکەکەی گرتووە، ئەم بەزمەی نەسازاندووە، بۆچی بەبیری خەڵکی دێنێتەوە کە لە دیرۆکی ئەفغانستاندا بوزاو پەیکەرەکانی، مێژوو و دەفتەرەکانی هەس‌و دەبێ لەناوببرێن‌و بسڕدرێنەوە؟

مێژوو لەسەر ڕەفەکانی خۆی خەوتووە. جەورو ستەمی تاڵیبان بەئاگای دێنێ.

پەیکەرەکانی بوزا لەم سەردەمەدا پەیکەری گێڕانەوەی شارستانین، نەك پەیکەری بتپەرستی، بەڵام تاڵیبان فیشەکی چروکی ئاڕاستەدەکاو بەچەکەکانی سەردەم تەفروتونایاندەکا.

هەمیشە وابووە، حاکمانی جەوروستەم پەیکەرەکان دەڕوخێنن‌و قەڵاکانی مێژوو تێكو پێکدەدەن، چونکە جەوری زۆر دەیەوێ دوێنێ‌و مێژووش کۆنتڕۆڵبکات، وەکو چۆن ئەمڕۆی کۆنتڕۆڵکردووە. ستەمی زۆردار بەناوی سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووەوە قەڵای کەرکوك دەڕوخێنێ. بەناوی ئاینی پیرۆزیشەوە شارستانێتێکی دێرینی ئەفغانستان دەسڕێتەوە. ئەوان دەخوازن دوێنێشمان بدزن، وەکو چۆن ئەمڕۆیان لێ تاڵکردووین!

هێی ئەی ئەو چەکدارەی دوێنێ لە سەتەلایتەوە بینیمت فیشەکی چروکت ئاڕاستەی ئاسەوارێکی دێرینی وڵاتی خۆت دەکرد! ئەوەی تۆ شکاندت بەتەنها موڵکی تۆ نییە. ئەوە دیرۆکی مرۆڤایەتییەو منیش پشکم تێدا هەیە.

هێی ئەی ئەو شۆفلە شۆڤێنیەی (بەلەدیەی تەئمیم)! ئەو قەڵایەی تۆ بەناوی چاکسازییەوە تێکیدەدەیت، ئەوە بەتەنها موڵکی کوردو تورکمانی کەرکوك نییە، ئەوە دیرۆکی ژیاری مرۆڤایەتییەو هاووڵاتییەکی بن چەکمەی ریشی تاڵیبان پشکی خۆی تێدا هەیە.

پەیکەرەکان مەڕوخێنن، خەریکی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بن، کە عادەتەن حکومەتە سەنگینەکان چارەسەریدەکەن.

ئاسەوارەکان وەئاگا مەهێنن، چونکە چەند زۆربن بەشی ڕۆژە زۆرو زەوەندەکانی حکومڕانی کردن ناکەن!

خۆتان بەخزمەتی ئەمڕۆی میللەتەکانتانەوە مژول بکەن.

*کوردستانی نوێ: ژ: **2393** لە ڕۆژی **2001/3/3**

# تیرۆر لەنێوان ئوسامە بن لادن و خەدیجە بن قنەدا




**ئەم یارییە لە جەزیرەوە دەستی پێکرد**

**(1)**

ئەو کارە دزێوانەی ئوسامە بن لادن بە ڕوخساری جوانی خەدیحە بن قەننە کردوویەتی ، لە کەناڵی جەزیرەوە، ناشاردرێتەوە•

هەرگیز سیاسەتی چەوتو ناپەسەند بەخیتابی ئیعلامی پێشکەتوو، وێنەی فانتازی "عبر الهاتف" داناپۆشرێت، چونکە ڕاستگۆیی ئەوەیە کە مرۆڤ بانگەشەی بۆچی کرد، دەبێ ئامادەبێ لەسایەی سێبەری ئەو بانگەشەیەدا بژیت• زۆرێك لە ڕووناکبیرو هونەرمەندانی عەرەب چەپڵەیان بۆ سیاسەتی بەغدا لێدەداو بەهەڵەیاندا دەبرد، تاوەکو لەگەڵ دونیا توندی بنوێنێت، بەڵام کە ڕۆژی لێدانی عیراق و ئاسەواری ئابلۆقە دەرکەوت، کەسێك نەبوو لەگەڵ عیراقییەکان بمێنێتەوەو وەکو ئەوان باجی هەڵەو چەوتییەکانی ڕژێمێك بداتەوە کە خۆی هەڵەیەو زیاتر بە ڕێی هەڵەدا براو پڤدرا• پێش ئەوەی عیراق بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی بۆردومانی شەڕی گەردەلولی بیابان، شۆخ و شەنگەکانی وەکو (ڕەغدە)ی هونەرمەندی میسریی بە ئەسڵ

سووری دەهاتنە عیراق و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن کلاشینکۆفیان بەرزدەکردەوەو دەیانگوت؛ "قلوبنا معاكم ياجنود العراق"، سەربازە عیراقیەکانیش پێدەکەنین‌و سڵاویان لێ دەکرد، ئاخر شەڕ لە حزوری شەنگێکی وەکو ڕەغدە شاییە، لێ کە شەڕەکە قەوما نە ڕەغدەو نە فەرماندەکانی جەنگ و نەشاعیرەکانی مەربەد کەسیان بەهانای سەربازانی لێقەوماوی عیراقەوە نەهاتن.

ئێستا کەسێك نییە لە هاندەرانی بەغدا کە بێت لەناو ڕەوشی دژواری عیراق بژی، کەسێك نییە لە هاندەرانی تاڵیبان کە بچن لە ئەفغانستان دۆزەخ بەچاوی خۆیان ببینن.

کەناڵی ئەلجەزیرە بە تەکنیکێکی پێشکەوتوو و ڕوخساری جوانی جمانەو خەدیجەو مەنتەهاو ڕوی گەشی فەیسەڵ قاسم‌و جەمال ریان، داکۆکی لە سیاسەت‌و تەکنیکی دواکەوتوو دەکات‌و هانی بن لادن‌و مەلا عومەرو ئەبو قەتادە دەدات کە بچن ململانێی شارستانێتییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا بە تیرۆر و تەقاندنەوە جێبەجێبکەن!

ئەلجەزیرە بە فەنتازیای میدیایی تاڵیبان‌و بن لادن پڤدەدات، بەڵام باجو سەرانەی گەورە خەڵکی ئەفغانستان دەیدەن، وەختێك وڵاتەکەیان دەبێتە لوبنانێکی ئیسلامگەراو لایەنە ناکۆکەکان حیساباتی خۆیانی تێدا یەکلاییدەکەنەوە. ئایا بێژرە مۆدێرنەکانی ئەلجەزیرەو میوانە کۆنە چەپەکانی ئەحمەد مەنسور و فەیسەڵ قاسم و سامی حەداد خۆیان ئامادەن یەك ڕۆژ وەك هاووڵاتییەکی ئەفغانی لە ژێر سایەی ئیرهابی جەستەیی و ئیرهابی قەدەغەکردنی گۆرانی و مۆسیقاو وەرزشدا بژین؟ ئایا ئەوانەی دەخوازن لە ڕێی غەمزەی ئیعلامی و چاوداگرتنی هەواڵی وروژێنەرەوە لاوانی توندڕەوی جیهانی ئیسلامیی هانبدەن، کە بۆ پشتیوانی لە تاڵیبان و بن لادن و هاوشێوەکانیان سەری خۆیان بەفەتارەت بدەن، ئەوانە خۆیان ئامادەن یەك ڕیالی سعودی، یان یەك دیناری عیراقی لەو سەفتە دۆلارەی لەسەر ئیعلامی هاندان وەریدەگرن، بدەنە هەقی ئەو هەوڵ‌و کۆششانەی بۆ فریاگوزاری ئاوارەکانی ئەفغان لەسەر سنووری ئێران و پاکستان دەستپێکردووە؟

کێ پروپاگەندە بۆ شێوە ژیانی ئەفغانی دەکا، با لەلای خۆی جێبەجێبکات، با تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرەش بێژەرەکانی بەربداتەوەو خانمە شۆخەکانی هانی ئیرهاب دەدەن چاویان بەقیناع‌و چارشێو دابپۆشن. بزانم کەس گوێ لە قسەیان دەگرێ و کەس گوێ لە هەواڵەکانیان دەگرێت؟

**(2)**

بەدیوێکی تردا با ئەو سەرکردە سەلەفیانەی تاڵیبان کە ڕقیان لە تەلەفزیۆن‌و وێنەگرتنە، ڕقیان لە پەیکەرەکانی بوزاو کەلەپووری جیهانییە، با ئەوانە خۆشیان بایکۆتی سیحری کەناڵە

فەزاییەکان بکەن، هەر ڕۆژەی دوو سێ کەسیان بەڕیشی پانی ئـیش نادیـارییەوە، بە چەکـی ژەنگهەڵگرتووی سۆڤیەتی ژەنگهەڵگرتووەو لە تەلەفزیـۆنی ئەلجەزەیـرەوە دەرنەکەون و هەڕەشـە نەکەن. خـۆ بینەرانـی بێـوەی نە بـۆش و نە کـۆڵن پـاوڵ و دیـك چینـین کە ئـاوا بەچەکەوە هەڕەشەیان لێ دەکرێـت.. ئەی ئەگەر تەلەفزیـۆن و وێنەگـرتن حەرامە، بـۆچی خۆتـان وەك فەرزی موسڵمانان ڕۆژی پێنج جار لە جەزیرەوە قیتدەبنەوە؟

ئەگەر تەلەفزیۆن بڵندگۆی ڕاگەیاندنی پەیامێکی "جیهاد"یە لە دژی ئەمریکـا، ئەی بـۆ لە میللەتی ئەفغانی قەدەغەدەکەن؟ بۆچی کەس گوێی لە ڕای میللەتی ئەفغان نییە، کە بە چاك و بە خراپ شتێك بڵێت. بڵێ ئەم شەڕە دەکەم و حکومەتەکەی خـۆمم بەدڵە، یـان بڵێـت ئەم شەڕەم ناوێت و هەقم بەسەر بن لادنی بێگانەی وڵاتەوە نییە؟

**(3)**

لە ساڵی **1998**دا شەوێ بەغدایان کردە چراخـانی بۆردومـان و وێرانکـاری، کەچـی شـاکر حامدی پەیامنێری ئەلجەزیرە لە بەغدا دەیگوت (تبـدو الحیـاة طبیعـیە جـداً فـی بغـداد). وا ئێستاش پەیامنێری ئەلجەزیرە تیسیر علونی لە کابولەوە، دەڵێـت: (یلعـب الاطفـال هنـا کـرة القدم ویبدو أنهم لایکترثون لتداعیات الهجـوم الامریکـی المرتقـب). ئەمەش مانـای وایە بەم زوانە تراژدیای ئـاوارەبوونێکی چڕتـری ئەفغانییەکـان دەبینـین، کە نە ئوسـامە یەك قرشـیان دەداتـێ لەو ملیـارانەی بـۆ فیـشەکی تیـرۆر هەڵیگرتـووەو نە پەیـامنێری ئەلجەزیـرە فریـای وێنەگرتنی کۆڕەوەکەی دەکەوێت، چونکە لە ئەفغانستان وێنەگرتن قەدەغەیە. مەگەر وێـنەی ئوسامە و سەرکردەکانی تاڵیبان نەبێت!

**(4)**

جـاران پەنـاگەی تیـرۆر حەشـارگە و شـوێنە دوورە دەسـتەکان بـوو، کەس دەموچـاوی تیرۆریـستانی نەدەبینـی و هەقایەتەکانیـانی نەدەبیـست، بـۆیە کەس گـوێی لە حـوجەی تیرۆریستان نەدەگرت، بەڵام تەکنەلۆجیای پەیوەندی و میدیاو کەناڵەکـانی وەکـو ئەلجەزیـرە وایانکرد خەڵك گوێی لە بیانوەکـانی ئەوانـیش بـێ، کە لە بیـانوی ئەو دزانە دەچێـت خـووی دزیکردنیان بەدەسکورتی سەردەمی منداڵی پاساودەدەنەوە!

بلاجکتـۆری کـامیرا هێنـدە کەمەندکێـشە کە سـەرکردە بـێئەزمـوون و دەماریگیرەکـانی تاڵیبانیش ناتوانن خۆیان لە داوی بشارنەوە. ئەوانیش سیحری کامێرای ئەلجەزیرە فریویـدان و لەسەر شاشەی ڕەنگاورەنگ هەڕەشەیان لە ئەمریکا کـرد کە واز لە فەلەسـتین بێنێـت، تەواو وەك ئەوەی عیراق لە سەروبەندی شەڕی کەنداودا کردی.

جارێکی تر تەکنیکی میدیا دەیەوێت کەتنی سیاسەتە ناڕەواکانی فەرمانڕەوایان بەکێشەی ڕەوای فەلەستینەوە گرێبدات٠

جارێکی تر خیتابی سیاسیی عیراق لە سەردەمی جەنگی کوێتدا بەشێوەیەکی کۆمیدی دووبارەبۆوە، چونکە تاڵیبان ماکینەی ئیعلامی عیراق و ئەزموونی بەغدای لە دیماگۆگیەتدا نییە، وا ئەلجەزیرە ئەو بۆشاییەی بۆ پردەکاتەوە، ئەوەتا ئەلجەزیرە نوقلانەی (اولی حروب القرن) لێدەداتو ئیرهابی فەزائی پەخشدەکات، ئیرهابێك کە خەریکە کاژی بێلایەنیش فرێدەداو ڕاستەوخۆ دەبێتە بەشێك لە پەیامی جەنگ٠

جارێکی تر ڕوخساری جوانی بێژەرەکان هاتنەوە تا پاساوی دزێوییەکان بدەنەوە٠

*کوردستانی نوێ: ژ: **2574** چوارشەممە **2001/10/2**

# کێکەکەی مەلا عومەر!



منداڵێکی ئەفغانی

لێــدوانێکی مەلا مــحەمەد عــومەر ڕابەری بــزووتنەوەی "تاڵیبان"، کە لەم تەنگــژەیەدا داویەتــی، سەرنجڕادەکێــشێ. مەلا مــحەمەد عــومەر کە کەس نــازانێ جێــی لەکــوێیەو لەکوێوە لێـدوان دەدا، ڕایگەیانـد کە: پەیـام دەنێـرێتە کـن هاوپەیمانێتیی باکوور (هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەفغانستان) تا بێن پــێکەوە شــەڕی هێزەکــانی ئەمریکـا بـکەن و وڵات لە دەستی بێگانان بپارێزن. پەیام لە ڕێی وەفـدێکەوە ڕویکـردە ناوچەکــانی هاوپەیمــانێتیی بــاکوور، بەڵام نەزانــراوە لەنــاو تەپوتۆزی جەنگدا چی پێ دەکرێ و کێ پەیـامەکەی لـێ وەردەگرێ؟

بەڕاسـت بـۆچی پەیـامی مەلا عـومەر بـۆ هاوپەیمـانێتی درەنگکەوت؟ بۆچی لە گەرمەی تەپوتۆزدا ڕابەری دەسەڵاتی تاڵیبـان، کە هەمـوو لایەکـی لە کێکی دەسەڵات بێبەشـکرد، قاسـیدی نـاردە لای براکـانی جـاران لە جیهـاد و دوژمنەکـانی هەنووکە لەسەر کورسی دەسەڵات؟

پتر لە هەفتەیەکە جەنگ هەیە و فڕۆکەکانی ئەمریکا لەنێوان کابول و قەنـدەهار و جەلال ئابادda تەراتێنیانە، کەچی مەلا عومەر یەکبینە ڕایدەگەیەنێت کە: ئوسامە و گروپەکەی بـرای دینیمانەو هاوپەیمانێتیی باکووریش بەکرێگیراوی ئەمریکاو زاهیر شان.

پتر لە هەفتەیەکە بە هەزاران بێوەی و لێقەوماوی ئەفغانستان لە تاوی بۆردومانی ئەمریکـا و لە داخی حوکمی تاڵیبان داویانەتە شاخەکان و ملـی ڕێـگەی سەرسـنووری دراوسـێکانیان گرتووە، مەلا عومەر دەنگی لێوە نەهات و ڕەنگی دیارنەبوو: چونکە ئەو وەختە هێشتا هەڕەشە نەگەیشتبووە کورسیی دەسەڵات، هێشتا شەو خۆشاردنەوە دادی سەرکردەکانی تاڵیبـانی دەدا کە بیانپارێزێ و سەرلەنوێ، بۆ سپێدەکەی، تێهەڵچـنەوە و جڵەوی حـوکمڕانی، تـا ئێـوارێ، بگرنەوەدەست. مەلا عومەر هاوپەیمـانێتیی "هاوپەیمـانێتیی بـاکوور" ی نەدەویـست، چـونکە

کابول هەروا بەدەست خۆیەوە بوو، چش لە ماڵوێرانیی ماڵی خەڵکی و سەرگەردانیی ژن و پیر و منداڵی خەڵکی. سەرنجڕاکێشیی لێدوانەکە لەمەدایە. تەپوتۆزی جەنگ گەیشتووەتە قۆناغی باهۆزی هێرشی پیادەیی، گەیشتووەتە قۆناغی چوونە ژوورەوەی هێزی پیادەی ئەمریکاو لەسەر کورسی لابردنی مەلا عومەرو دەستەکەی. بۆیە مەلا قاسیدی ناردووە و داوای هاوپەیمانێتیی دەکات.

مەلا عومەر هەقایەتە کۆن و سوواوەکەی دەسەڵاتە ستەمکارەکان دووبارەدەکاتەوە: تا کێکی دەسەڵات چەورو پڕبادەمە بەشی کەسی لێ نادەن، وەختێك لێیان دەقەومێ داوادەکەن خەڵك لە پاشەڕۆی کێکەکە، لەسندانەکەدا، هاوپەیمانیان بێت!

مەلا عومەر، درەنگ وەخەبەرهات! لە سپێدەیەکی نزیکدا مێزێکی تازە و کێکێکی چەند قاتیی چەور، کە حکومەتی ئیئتلافیی نوێی ئەفغانستانە، ساز و ئامادە دەبێ.

## وەختێك مۆسیقا و لابردنی چارشێو دەبنە كردەیەكی سیاسی

# ئەفغانستان چ حكومەتێكی پێویستە؟


مۆسیقا دەگەڕێتەوە ئەفغانستان؟

لە هەنگاوێكی بچووك، لێ مەغزادارو ژیرانەدا، هاوپەیمانێتی باكوور ڕایگەیاند، كە وەفدی هاوپەیمانێتی بۆ وتووێژەكانی بەرلین بەلانی كەمەوە ژنێك ئەندامێتی، میدیاكانی جیهان بایەخێكی كەم و لابەلایان بەم هەنگاوە دا، پێدەچێت لەنێو تەپوتۆزی شەڕی ئەمرۆی پیاوەكاندا، پشكداری ژنێك لە گفتوگۆ هێمنەكانی بۆ ئایندەی ئەفغانستان دەكرێن، بەشی فەرامۆشی و كەوتنە پەراوێزی ڕوداوەكانەوە بێت.

بەڵام هەموو ئاماژەو مەغزاكانی هاوپەیوەندی پرسی ژن بوون لە ئەفغانستان، وەك ئەم هەنگاوە نەكەوتنە ژێر پێی ڕوداوەكانەوە، لەچاو چارەنووسێكی ڕەش و تاریك كە تاڵیبان بۆ ژنانی ئەفغانستانی دەخواست، هێشتا جموجوڵی ژنانی ئەو وڵاتە، چ لە بواری كۆمەڵایەتی و چ لە بواری مەسەلە گشتییەكەی هەموو میللەتەكەی خستۆتە واری داهێزرانەوە، جێی ئافەرین و پەسەندكردنە.

هەر لە دۆخی داوەشینێك كە ئەفغانستان لەسایەی حوكمی تاڵیبان تووشی هاتبوو و پیاوانی وڵاتی گیرۆدەی ڕیش هێشتنەوەی بێ ئیشی كردبوو، دەستەیەك ژنی چالاك پتر لە چالاكییەكی سەنگینیان لە بواری تەكنەلۆژیای پەیوەندیدا نواند، ئەوان پەیجێكیان لە ئینتەرنێت كردەوە كە ناوی كۆمەڵەی (ڕەوا)ی هەڵگرتبوو، ئەو پەیجە سەنگەری دەستەیەك ژنان بوو كە تاوانەكانی تاڵیبانیان دەرهەق ژن و ژیان نیشانی دونیا دەدا، ئەمە سەنگەرێك بوو نەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی كۆتوبەندە دواكەوتووەكانی تاڵیبان لە دژی ژنان، بەڵكو سەنگەرێك بوو بۆ پاراستنی كۆمەڵ و فەرهەنگی ژیاندۆستی لەناویدا.

پیاوەكان ڕادیۆیان نەبوو گوێ لە هەواڵی خۆیان بگرن و لەملاوە ژنگەلی وڵات لە ڕێی ئینتەرنێتەوە پردێكی پەیوەندیان دامەزراند.

لەبەر ئەو واقیعە تاڵە بوو كە فڕێدانی چارشێوی ژنان لە خۆپیشاندانەكەی كابول و داخوازی خوێندن و كاركردن، مەغزای ڕاستەقینەی دەربازبوونی ئەفغانستان بوو لە تەنگژە

قووڵەکەی بیستساڵی خایاندووە، وەختێك ڕژێمێکی حوکمڕان دژی هەموو جووڵەیەکی ژیان بێت، دژی ڕیشتاشین و دژی دەرکەوتنی ڕوخساری جوان و دژی مۆسیقاو هەڵپەڕکێ بێت، ئەوا لەبەرامبەردا دەرکەوتنی هەر ڕویەکی تابان لە درزی پەچەوە سەنگی سەد بەیاننامەی نارەزایی هەیە، ڕیشتاشینێك بە ڕوی کۆڕێکی سیاسی و چوونە سەیرانی هەڵپەڕکێ و گۆرانی کاریگەری سەد چالاکی پارتیزانی هەیە، لە وڵاتی ڕژێمە تۆتالیتارەکاندا کە هەموو بزاوتێکی ئینسانی قەدەغەیە.

ئۆپۆزسیۆنبوون کردەیەکی ئاسان، لێ پڕمانایە، بەم شێوەیە بەخۆکەوتنی ژنان لە وڵاتی شەڕوشۆڕی پیاوە توندڕەوەکاندا، تەنها کردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە بۆ وەرگرتنەوەی کەمترین پلەی ئازادی کە ژنانی ئەو وڵاتە سەد ساڵ پێش ئێستا لێی بەهرەمەندبوون، بەڵکو کردەیەکی سیاسیشە، کە لەپاڵ کردە سیاسییەکانی تردا بۆی هەیە ئەفغانستان لە دۆزەخ دەربهێنێت و بیخاتە سەر شەمەندۆفەری ئاسایبونەوەی ژیان، ئاسایبوونەوەی سیاسەت و حوکمڕانی.

لەبیرمان نەچێ هاوپەیمانێتی باکووریش دواجار کۆڕی ئەو هەلومەرجەیە کە پێش تاڵیبان ئەم وڵاتە جوانەی نزیك ئاوە گەرمەکانی کردە پایتەختی حەشیشە و باندەکانی تیرۆ.

لە توندڕەوی و پێکهەڵپژانی موجاهیدنی ئەفغانەوە تاڵیبانی لەوان توندڕەوتر دروستبوو، دەنا لە فەرهەنگێکی هاوچەرخ و دیموکراتدا، لە زەمینەیەکی لەباری گەشەکردوودا هێزی تاڵیبان ئاسا سەردەرناهێنێت، بۆیە چاوەڕوانی ژنان و پیاوانی ئەفغانستان لە هێزەکانی هاوپەیمانێتی باکوور ئەوەیە کە دەرسیان لە تەجرەبەی تاڵی ڕابردوو وەرگرتبێت، خەڵکی بە بەراورد لەگەڵ تاڵیباندا ئەوان بەمیانڕەو دەزانێت، دەنا هێڵی کارکردن و خیتابی سیاسی ئەوانیش پێداچوونەوەی جدی دەخوازێت، ئەمەش لە سیاسەتدا خەوش و لەنگی نییە، دەبێ واسەیری بزووتنەوەی سیاسی جارانی خۆیان بکەن کە هێزی سۆڤێتی وەدەرناوە، بەڵام نەیتوانیوە پڕۆژەیەکی سەنگینی چارەسەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ ئەفغانستانێکی ئاوەدان گەڵاڵەبکات.

دەشێ واسەیری هەنگاوی ئەندامێتی ژن لە وەفدی هاوپەیمانێتی باکوور، لە کۆنگرەی بەرلین بکرێت، کە بۆ چاووڕاو نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ تێگەیشتن لەوانە سیاسییەکانی قۆناغی ڕابردوو، وانەکانی کە دەڵێن خەڵك لەناوی تاڵیبان خۆی داوێتە باوەشی هاوپەیمانێتی باکوورەوە، وانەکانی کە دەڵێن هەر کۆمەڵێك توێژێکی خۆی لە هەڵسوڕان و کاراکتەری دابڕێت، دابڕینی ژن لە حاڵەتی ئەفغانستاندا، ئەوا دووجار تووشی بەڵای پێچانەوەی بنەو بارەگای هەڵسوڕانی تەواوی توێژەکانی خۆی دێت.

لەنێوان حوکمی سۆڤێتی بێگانەو حوکمی تاڵیبانی عەرەب ئەفغانی بێگانەدا لە ژنان بپرسن ئەفغانستان پێویستی بەچ حکومتێکە؟

# مەلا عومەر ماوە، کەچی دۆدایڤ کوژرا روسیا بن لادنەکەی خۆی لە ناوبرد!



خەتاب، لە دەرەوەی ڕێڕەوی خەباتی چەچانی

بەشی زۆری شەڕو ململانێکانی دونیا لە ئاماژەو مەغزای سیاسیی، لە جەفەنگ و هێمای نێو گەرمەی پێکادانی لایەنەکانی ململانێکان بەدەرنین، بەتایبەتی لە شەڕو ململانێکانی ئەم دەیەیەی دووایی، کە میدیاکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە لە ڕێی وێنە و گوتە و سەدا و جوڵەوە گوزارشت لە دەرکەوتە جیاجیاکانی ئەو شەڕو ململانێیانە دەکەن٠

لەبەرئەوە دەگوترێ، تەمبێکردنی وڵاتێکی لاساری وەکو عیراق، لەلایەن تاکە زلهێزی دونیاوە، لە جەنگی گەردەلولی بیابان و ڕێوی بیابان و نازانم چیتری بیاباندا، تەنها تەمبێکردنی عیراق نەبوو، بەڵکو بەپێی تیۆرە کوردییەکەی دەڵێ: (بوکێ لەگەڵ تۆمە٠٠!)، تەمبێکردنی چەند لاسارێکی تریش بوو، کە هێشتا وەکو عیراق تێنەکەوتبوون، بەڵام وەکی وی کەین و بەینیان زۆربوو٠ ئەگەرچی ئامانج لە تەمبێکردنی عیراق تەفروتوناکردنی ژێرخانی ئەو فەرهەنگە بوو، کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی سیاسەتی وا چەوت و کەتنکەر، بەڵام لەناو تەپوتۆزی شەڕی سەربازی و شەڕی میدیاکان بۆ تەرجەمەکردنی ئەم شەڕە لەبواری ڕاگەیاندندا، پێویست بوو وێنەی شەڕانگێزێك پیشانبدرێت، کە هاتووە هەڕەشە لە ژیاری ڕۆژئاواو ماڵەباجێنەی ئەمنی ناوچەکە دەکات، چوون هەموو سیاسەتێك کەسێك نوێنەرایەتی دەکات و هەموو سیاسەتێکی بارگاوی بەتەنگەژەش دەبێ ئاژاوەگێرێك ببێتە سومبولی شەڕو بەرپەرچدانەوەی شەڕی٠ هەربۆیە ئەگەرچی شەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە دژی تیرۆر، شەڕێکی بێئامانە، یان وەك لە میانەی ناولێنانی شەڕەکەدا گوترا: تیرۆری

بێسنوور هەر بە ئازادی بێسنوور، یان وەك دواتر لەسەری گیرسانەوە، بە دادپەروەری ڕەها بەرەنگاری دەکرێ، بەڵام ئەم شەڕەش بێ هێمای شەڕانگێزی و سومبولێك، کە هەموو تەنگەژەکەی لە خۆیدا چڕکردۆتەوە، نەبوو. ئوسامە بن لادن ناونیشانی ئامانجی شەڕی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆر بوو. بەڵێ شەڕەکە جەنگێکی گشتگیر و هەمە لایەنە و ڕەنگە ئەجندای پتر لە کابینەیەکی سەرۆکایەتی ئەمریکاش بە خۆیەوە مژوڵ بکات، بگرە ماوەیەکی زۆریش ماس میدیاکان نان و پیازی پێوە دەخۆن، بەڵام هێمای شەڕەکە لە بن لادندا خۆی نواندو هەر ئەویش لە میدیاکاندا وانیشاندرا کە ئامانجی بەرودوای ڕاپێچکردنی هێزەکانی ئەمریکایە بۆ وڵاتی تیرۆر و ئەفیۆن: ئەفغانستان. لەبەرئەوە بینرا، کە ئەگەرچی ڕەشەبای جەنگی دژە تیرۆر دەردێکی وای دایە دەواری شڕی حکومەتەکەی تالیبان و بنەو بارەگای ئەلقاعیدە، کە سەرما بە هەتیوی نەکردبێ، کەچی وا میدیاکان دەڵێن ئەمریکا هیچی بەهیچ نەکردووە، چونکە ئوسامە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە، تەنانەت دەرکەوت مەلا عومەریش نێچیرێکی هەروا ئاسان نییە. میدیاکان شەڕی خۆیان هەیەو هەقیان بەسەر ئەجندای سەرۆك بۆشەوە نییە. لەمەشدا لەبارەی ڕەوتی ڕەنگدانەوەی جەنگەکە لەناو تۆڕی بینراو و بیستراوو خوێنراوی میدیاکاندا هەق بەلای ئەمانەوەیە، چونکە ناشێ ئەمریکا ژیانی سەربازانی خۆی بۆ هێنانە سەرکاری کەرزای خستبێتە مەترسییەوە. ئەو گەمەی لەخۆڕا بۆ کوێتییەکانی نەوتی نەکرد، چ جای بۆ ئەفغانییەکان کە پێشتر ئەو واتا ئەمریکا یارمەتیدان لە ڕاماڵینی سوپای سۆڤیەتی، کەچی ئەوان ئەفغانستانیان کردە مەکۆی تیرۆرو تۆقاندن لە دژی واشنتۆن.

هەڵدەکەوێ هەندێك دەستکەوت و هێمای سەرکەوتن لە بەرەیەکی شەڕدا بقەومێن، کەچی لە بەرەیەکی تری ململانێی سیاسییدا جێی شانازی بێت، وەك دەستمایەیەکی ڕەمزی ساتوسەودای پێوە بکرێت. ئەمریکاییەکان لە بەڵکان چوون بەفریای بۆسنی و کۆسۆڤییەوە. ئەم سەرکەوتنە مۆراڵییە لە شوێنێکی تر وەك دەستمایەیەکی ڕەمزی کەڵکیان لێ وەرگرت. بۆیە ڕوسیا، کە هێشتا پەتای شەڕی سارد بەری نەداوە، هاواری لێ هەڵسابوو. ئەو داکۆکی لە میلۆسۆفیچ نەدەکرد، وەك دۆستێکی دێرینی سەردەمی کۆمۆنیزم، ئەو بەرهەڵستی ئەمریکای دەکرد لە دەستکەوتنی سەرمایەی ڕەمزیی تردا، چونکە دەیزانی سبەی لە بازاڕی خواست و خستنەڕووی سیاسەتدا بەر لە هەر وڵاتێکی تر کار لە بەهای دراوی ڕوسیا دەکات. دواجار هەرواش دەرچوو. واشنتۆن لە چەند ڕوقعەیەکی تری شەترەنجەکەشدا هەروا بۆڕی مۆسکۆی دایەوە. لەڕاستیشدا ئەگەر بە حیسابی پارسەنگی ئەمڕۆی هێزەکان تەماشای (ململانێی) هەردوو وڵات بکەین، تێدەگەین هەر ئەسڵەن دەرفەتی بەراوردکردن نییە، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕەچاوبکەین کە بەشێکی سیاسەت تۆڵەسەندنەوەیە لە ڕابردوو، یەکلایکردنەوەی ململانێی

ڕابــردووە لەگەڵ دوژمنەکــانی کە جــاران داخ و خەفەتــی زۆریــان داوینەتــێ، ئەوا هەر پێشڤەچوونێك لە سەرمایەی ڕەمزی، کە ئەمریکا یان ڕوسیا بە دەستی دێنن، (ئەهمیەتـا خـۆ هەنە).



چەجانیەکان پێویستیان بە تیرۆری خەتاب نەبوو

لەم دەریچەوە، کە ململانێـی نێـوان هەردوولا لە واقـیعەوە گواسـتراوەتەوە بـۆ فانتازیـای میدیاکان، ڕوسـەکان هەقیـانبوو سـینگ دەرپەڕێـنن، وەختێـك بە دونیـادا بڵاویـانکردەوە کە (خەتاب)ی سەرکردەی (عەرەب چیچانییەکان)یان لەناوبردووە. ڕوسیا لەبارەی واقیعەوە تا بـن دەرکەی ماڵی خۆی کشاوەتەوە. هەر لە کشانەوە لە ئەفغانستان بۆ دەستبەرداربوون لە نفوزی سۆڤێتی پێشوو، لە ئاسـیای ناوەڕاسـت و باڵکـانەوە تـا بە ڕوتوقـووتیی هێـشتنەوەی عەرەب لەبەردەم ئەگەرەکانی گۆڕانکاریدا. بۆیە پێدەچێ ململانێکەی گواستبێتەوە بۆ دونیـا فانتازیـای جەفەنگ و سونبل. بەفیعلـیش لە بـواری فەنتازیـاو لە شـەڕی دژەتیـرۆردا دوو سـەرکەوتنی بەدەستهێناوە: یەکێکیان سەرکردەی خۆماڵی چیچانییەکـان (جەوهەر دۆدایـیف)ی لەنـاوبرد، دووەمیشیان کاسێتی ژەهرخواردنبوونی (خەتاب)ی بەرەگەز سعودی بڵاوکردەوە. ئەگەرچی تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە کە ڕوسەکان کوشتبێتیان یان ڕەفیقەکانی خۆی خیانەتیان لێ کردبێت؟ بەڵام لە گەرمەی شەڕی میدیاکاندا کـێ لەم وردەکاریـانە دەپێچێـتەوە؟ ئەوەی لە ڕوکەشـی ململانێکە دیارە ئەوەیە، کە ئەوان (دۆدایێ)و (خەتاب)یان لەکۆڵبۆتەوە. لەولاشەوە ئەمریکـا نە سەرکردەی خۆماڵی تاڵیبان (مەلا عومر)و نە (بن لادن)ی دەستگیرکردووە!

پێش کۆتایی ئەم وتارە، خراپ نییە هەر لەمیانی شەڕی سونبل و جەفەنگەکاندا ئاماژە بە شێوەی بڵاوکردنەوەی کاسێتەکەی (خەتاب) بکەین.

کاسێتەکە تەواو لە وێنە ناودارەکەی کوشتنی ئەرنستۆ چێ گیڤارا دەچێت، وەختێک ئەویش ڕەفیقێکی خیانەتی لێ کردو کوشتی. هەڵبەت وەك چۆن هەموو سمێڵ سوورێك هەمزاغا نییە، بێگومان هەموو ریشنێکیش گیڤارا نییە. قسەمان لەسەر بەرنامە سیاسییەکەی گیڤارا نییە، کە پەیامێکی کۆمەڵایەتی چەپەکانی هەڵگرتبوو و ئێستاش لە یادەوەری میللەتانی ژێردەستەو چەوساوەدا سونبلە بۆ تێکۆشان، بەڵکو قسەمان لەسەر ئەو واقیعە جوگرافییەیە، کە پانتایی هەڵسوڕانی گیڤارا و خەتاب بوو. گیڤارا بەپێی کەلتووری سیاسیی ئەمریکای لاتین، ئەگەرچی ئەرژەنتینی بوو، بەڵام بۆی هەبوو لە هەر وڵاتێکی ئەمریکای لاتین هەڵسوڕانی سیاسیی بکات (ئەمریکا بۆ ئەمریکییەکانە!)، هەرچی (خەتاب)ی کەس نەناسە ئەوا لە سعودییەوە ملی ڕێی گرتەبەر، تا ڕێڕەوی خەباتی ڕەوای میللەتی چیچان لە دژی داگیرکەری ڕوسی لەگەڵ دیاردەی نارەوای تیرۆرو تۆقاندن تێوەبگلێنێ. لەبەرئەوە دیتمان گیڤارا، کە پلەو پایەی وەزارەتی لە کوبا بەجێهێشتبوو، ئەگەرچی لەناو زەمینەی خەباتی بۆلیڤییەکان قاڵنەبۆوە، بەڵام جێی ڕێزو خۆشەویستی خەڵکەکەی بوو. وەختێ تەرمی ئەو بەڕێکرا، ژنێک گوتی (وەك مەسیحێك لێرەوە بردیان). وەختێکیش کاسێتی کوشتنی خەتاب بڵاوکرایەوە خەڵکی چیچان گوتیان: ئۆخەی نەجاتمان بوو!

سەرکردایەتی بزووتنەوەی میللی چیچانەکانیش ئێستا سەرگەرمی ڕەونەقدانەوەن بە خەباتی ڕەوای خۆیان. دوور لە تیرۆری (عەرەب چیچانی) و (عەرەب ئەفغانییەکان) و...، نزیک لە تێکۆشانی ڕەوای میللی.

کوردستانی نوێ ژ: **(2743)** سێشەممە **2002/4/30**

# فەسڵی حەوتەم

# ئەفریقا

# گەمەی هەڵبژاردن لە نایجیریا!


بشیر ئیبراهیم تۆفا

وادیاره ئەم جارەشیان حوکمی عەسکەری ژەنەراڵ بابانگیدا ملکەچی پیادەکردنی هەڵبژاردنێکی دیکە بووە، لەژێر گوشاری ناوەوەو دەرەوەدا کۆبوونەوەی بەهەردوو حزبی سەرەکی وڵات کروەوەو بیرۆکەی حکومەتێکی نیشتمانی بەبێ هەڵبژاردن بەلاناوە، بەڵام ئاخۆ سروشتی دەسەڵاتخوازی ژەنەڕاڵ بابانگیدا، بوار بە دیموکراتیزەکردنی وڵات دەدات و هەروەها بەئاسانی و بێ تەگەرە دەسەڵات بۆ مەدەنییەکان بەجێدێڵێ؟

رەنگە هەرخودی ڕوداوەکانی سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و دوای ئەو هەڵبژاردنەش گەواهی ئەوە بن، کە بابانگیدا نیازی کارێکی لەم بابەتەی نەبێ، نیشانەی خۆدزینەوەی ئەو لە گواستنەوەی دەسەڵات و سەقامگیرکردنی باری ناوخۆی نایجیریا هەر لەسەرەتاوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەو بەربەستانەی خرابوونە ڕێڕەوی پرۆسەکە، بەدیارکەوتبوو. وێرای ئەوەی هەردوو حزبی سەرەکی (حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی)و (حزبی کۆنگرەی نیشتمانی کۆماری)، لە دۆستەکانی حکومەت بوون، کەچی هێشتا ژەنەڕاڵ بابانگیدا بەوە نەوەستاوەو لەژێرەوە کەوتە کۆمەککردن بە کۆمەڵی (یەکگرتن لەپێناو نایجیریایەکی باشتر). ئەم کۆمەڵەیە داوای مانەوەی حوکمی ئەوی دەکرد، لەپێناو پاراستنی یەکێتی وڵاتدا، توانی حوکمی دادگای باڵاش بەدەستبێنێ، کە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بەناڕەوا دەزانی. هەر لەو سەردەمەدا باری ناوخۆی وڵات نائارامبوو، چەندین مانگرتن ڕویاندابوو، لەپاش هەڵبژاردنی رۆژی **12**ی حوزەیرانی ئەم ساڵیش، حکومەتی عەسکەری لە بیانوویەك دەگەڕا، کە دەسەڵاتی خۆی پێ بپارێزێ، ئەوەبوو کاتێك پاڵێوراوی کۆنگرەی نیشتمانی (بەشیر عوسمان توفا) گومانی فێڵ و ساختەی دایە پاڵ ڕەوتی هەڵبژاردنەکەو سەرکەوتنی پاڵێوراوی دیموکراتی کۆمەڵایەتی (مشیود ئەبیولا)ی بەناڕەوا زانی، ژەنەڕاڵ بابانگیدا یەکسەر ڕەتکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی ڕاگەیاند. بە هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا دیموکراتییەکانیش هەردوو

حزبی سەرەکی ئاگادارکردەوە کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە ئامادەبکەن٠ ئیتر بوارەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی وا تەسککردۆتەوە، کە بەکردەوە هەردوو پاڵێوراوی پێشووی لە خۆپاڵاوتن بێبەشکردووە٠ خەڵکی نایجیریا وەڵامی خۆیانیان بە ژەنەراڵ دایەوەو بە هەزاران کەس لە خۆپیشاندەران لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات ڕژانە سەر شەقامەکان، بە جۆرێك کە حکومەت داوای لە سوپا کرد بێتە مەیدان و ئاسایشی وڵات بپارێزێ٠

شایەنی باسە، لەسەردەمی پێش هەڵبژاردندا، باڵیۆزی ئەمریکا لە نایجیریا، حکومەتی ئەو وڵاتەی لە هەر سستییەك لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئاگادارکردەوە٠ پاش هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی هەڵبژاردن و خۆپیشاندانی دوو ڕۆژ لەسەریەکی خەڵکی نایجیریا، (واشنتۆن) داوای لە بابانگیدا کرد، کە ملکەچی خواستی گەل بێت و حکوم بەمەدەنییەکان بسپێرێ، ئەگینا ئەگەری گوشار خستنەسەر نایجیریا لەئارادایە٠

ڕژێمی عەسکەری نایجیریا، کە لەنیوەی هەشتاکانەوە بەکودەتا دەستی لە کورسی حوکم گیربووە، تازە لە بەیاننامەیەکیدا ئەو بۆچوونەوەی دەربڕیوە، کە هەڵبژاردن تاکە ڕێگەی پەسەندکراوە بۆ دیموکراسیی لە وڵاتدا٠٠٠!

کوردستانی نوێ: ژ:**437** هەینی **1993/7/16**

# نایجیریا...

# کێشەی دەسەڵاتی مەدەنی یان قەیرانی دیموکراسی؟

ئەو ئاکامەی کێشەی نایجیریا پێیگەیشتووە، ئەو پرسیارە ساکارەی سەرلەنوێ زیندووکردەوە، ئایا لە وڵاتێکدا کە بەتەنها خواستە تایبەتییەکانی دەسەڵاتی سەربازی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵک بەڕێوەدەبات و بە تەنها ئەفسەرە بچووکەکان ئێستاو ئایندەی دیاریبکەن، لە وڵاتێکی ئاوادا کێشەکە گواستنەوەی دەسەڵاتە بۆ حوکمێکی مەدەنی یان کێشەی دیموکراتیزەکردنی وڵات و بەشداربوونی زۆرترین توێژو گروپە جیاجیاکانی کۆمەڵە لە بەڕێوەبردنی چالاکی سیاسیی و فەرمانڕەواییدا؟



عەسکەر، وێنەیەك بۆ یادگاری

چونکە لەوە ئاسانترنییە، ئەفسەرە کودەتاچییەکان بەرگی مەدەنی لەبەربکەن و هەر بەهەمان ئەقڵەییەتی سەربازی جاران بێنەوە مەیدانی سیاسەت، هەر ئێستاو وەکو پاشماوەی سەردەمی شەڕی سارد، حوکمی دیکتاتۆری بەڕواڵەت مەدەنی لە زۆر شوێنی جیهان درێژە بە پێشێلکردنی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ دەدات. ئەمە ڕێك لە نایجیریا (وڵاتی کەرنەفاڵی ئاین و نەتەوەو تایفەی جیاجیا) ڕوویداوەو ڕوودەدا.

وەکو چۆن چاودێران پێشبینیاندەکرد، ژەنەڕاڵ (ئیبراهیم بابانگیدا) حوکمی قۆناغی پەرینەوەی بەتاقمێکی سەربەخۆ و نزیك لە ناوەندی سەربازی سپارد. (ئارست شونیکان) سەرۆکی حکومەتی تازە، هەر بە عەمەلی، ئەوە نزیکەی ساڵێکە کاروباری کارگێڕی وڵات جێبەجێدەکات.

ئیتر لەمەودوا ژەنەڕاڵ (بابانگیدا) لەپشت پەردەوە چاودێریی دۆخی سیاسیی نایجیریا دەکات، تاوەکو ئەگەر پێویستیکرد، لەپێناوی پاراستنی یەکێتی نایجیریادا، بۆ جارێکی دیکە لەسەر خواستی ئەرکی نیشتمانی چنگ لە دەسەڵات گیربکاتەوە!!

ئەمەش نەریتی ئێستای نییە، ژەنەڕاڵ بابانگیدا لە ساڵانی حەفتاکانەوە (بۆ یەکەمجار لە کودەتای (**1975**) بەشداربوو) تێکەڵی گەمەی کودەتای سەربازی بووە، لە کودەتای ساڵی (**1985**)ەوە ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوایی وڵاتی بەخۆی سپارد، هەر لەو ساتەوە بەڵێنی چارەسەرکردنی گەندەڵی ئیداری و چاککردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخەڵك دا. لە هەمووی گرنگتر ئەنجامدانی هەڵبژاردن و گواستنەوەی دەسەڵاتە بۆ حوکمێکی دیموکراسیی مەدەنی.

ڕەوتی ڕوداوەکان سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان پاشگەزبوونەوەو شکستی بابانگیدای بەخۆوەبینی، چەندین جار دواخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و تەگەرە خستنە پێش و دواتر هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردنی (**12** حوزەیران)ی ڕابردوو، لەبەرئەوەی ئاکامەکەی بە دڵی ئەو نەبوو، هەرچەندە هەردوو حزبی بەشداربوو لەسەر خواستی ئەو دروستبوون. ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن، ئەو دیموکراسییەی ژەنەڕاڵ مەبەستی بوو دیموکراسییەتێکی قەتیسکراو و لە پەلوپۆکەوتووبوو، ئەو دەیویست حوکمی هەڵبژێردراو ماڵیبکات و بەپێی پێوەرە داتاشراوەکانی خۆی ڕەفتاربکات.

ژەنەڕاڵ بابانگیدا، وەکو پیشەی کودەتاچییەکانی جیهانی سێیەم، دەیوست بەپێی هاوکێشەی (جڵەو شۆڕکردن بۆ دیموکراسیی یانی لەدەستدانی سەروەری نیشتمانی و بەپێچەوانەشەوە) سیاسەتی خۆی ڕەنگرێژبکات.

لە ڕەوتی ڕوداوەکانی دوای هەڵوەشانەوەی ئاکامی هەڵبژاردنی (12)ی حوزەیرانی ئەمساڵ.. دوو تەوەرەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە نایجیریا تێبینیدەکرێت، تەوەرەی یەکەم: ئۆپۆزسیۆنی ڕەسمی کە پێکهاتووە لە هەردوو حزبی سەرەکی وڵات و هەردوو پاڵێوراوی پێشوو (مشیود ئەبیولا) و (بشیر تۆفا)، بەڵام (تۆفا) هەڵوێستەکانی بەرەو ئەوەی دەبەن لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن داببڕێ و پێش هەڵبژاردنیش بانگەشەی مانەوەی بابانگیدای دەکرد، تا ساڵی 2000 و لە دوای شکستهێنانیش لەبەرامبەر (مەشیود ئەبیولا) مۆرکی فرتوفێڵی دایە پاڵ هەڵبژاردنەکە، بەمەش بیانوویەکی دایە دەست (بابانگیدا) بۆ هەڵوەشانەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکە.

ئەمە جگە لەوەی کە حیزبەکەی بەشیر تۆفا (گۆنگرەی نیشتمانی کۆماری) ئامادەیی خۆی بۆ بەشداربوون لە حوکمەتە کاتیەکەی بابانگیدا دەربڕیبوو، هەرچی (حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی)یە هەڵوێستی لەگەڵ پاڵێوراوی خۆی هاوئاهەنگەو (مشیود ئەبیولا) بەسەرۆکی شەرعی وڵات دادەنێ.

دووەم ئۆپۆزسیۆنی میللی یاخود ناڕەسمی، کە ئەم ئۆپۆزسیۆنە توانی سەنگێك بۆ خۆی پەیدابکات، بەهۆی مانگرتن و خۆپیشاندان و چالاکیە سیاسییەکانی ئەم دواییەی لە نایجیریا، ئەم ئۆپۆزسیۆنە تا ئێستا لە کۆمەڵەی (هاوپەیمانێتی لەپێناو دیموکراسیی) خۆی ڕێکخستووە، ئەم کۆمەڵەیە لە (44) ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی جەماوەری و دیموکراسیی پێکهاتووە.

ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگیرێت، کە زۆرینەی ئۆپۆزسیۆنی میللی سەر بەناوچەی باشووری وڵاتن (واتە مەڵبەندی مەشیود ئەبیولا)و ئەگەر جۆرێك پەیوەندی ئۆرگانیکی لەنێوان حزبەکەی (مشیود ئەبیولا)و ئۆپۆزسیۆنی میللی دروستببێ و لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر حزبەکەی (بەشیر تۆفا) لەوە زیاتر لە دەسەڵاتدارانی ئێستا نزیکبێتەوە، هەڵبەتە ئەو کاتە هێزەکانی ململانێی ناو گۆڕەپانی سیاسیی نایجیریا وردە وردە پۆلیندەکرێن و ڕیزبەستنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەتەواوی بەدیاردەکەوێت، هێزی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێ لەناوەوە گوشارێك بخاتە سەر حکومەتی کاتی، بۆ ئەوەی ئەم قۆناغی پەڕینەوەیە زۆر نەخایەنێ، یان هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجامبدرێ، یان هیچ نەبێ سەرۆکی حکومەتی کاتی (ئارنست شۆنیکان) ناچاربکەن کە خۆی لە دەسەڵاتی (بابانگیدا) ڕزگاربکات. لە دەرەوەش (مشیود ئەبیولا) بەگەشتی ئەم دواییەی بۆ وڵاتانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا، ئەگەر نەشتوانێ شەرعیەتێك بۆ سەرۆکایەتی خۆی پەیدابکات، خۆ دەتوانێ ئەو وڵاتانە (بەتایبەتی ئەمریکا) هانبدات، بەوەی گوشار بخەنە سەر حکومەتی نایجیریا، تاوەکو بێ

خـــۆدزینەوە هەڵبژاردنێکـــی دیـــکە ئەنجامبـــدات و وڵات لە مەترســـیی گەڕانەوەی (بابانگیدا) دووربخاتەوە٠

کوردستانی نوێ: ژ:**475** سێشەممە **1993/8/31**

# خەڵکی نایجیریا:
# نۆرەی ڕۆیشتنی ژەناراڵی تازەیە!


ئیبراهیم بابەنگیدا

پرەنسیپێك هەیە لە کلاسیکی ماکزیسزمدا، ئەویش ئەوەیە کە کرێکاران داکۆکیکەری سەرسەختن لە لە پرۆسەی دیموکراسیی و دابینکردنی کەشوهەوای کۆمەڵگایەکی ئازاد. لە زەمەنێکدا کە گەلێك لە ئەزموون و پرەنسیپەکانی مارکسیزم، بەهۆی تەنگەژەی سیاسیی و لە دەرئەنجامی هۆکارەگەلێکی خۆیی و بابەتییەوە، ئەو برەوەی جارانیان لەدەستداوە، ئا لەو سەردەمەدا کرێکارانی نەوتی نایجیریا لە پێشەوەی خوازیارانی گێڕانەوەی دیموکراسین، ئەوان داخوازی گەڕانەوەی حوکمی شەرعی کەسێکی وەکو (مەشیو ئەبولا)ن، کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بە فیعلی ئامادەیی سیاسیی خۆی نیشانداو سەربزێوانە بانگەشەی سپاردنی دەسەڵات بە نوێنەرێك دەکات کە خۆیەتی و لە هەڵبژاردنی (12)ی حوزەیرانی **1993**دا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. لە ئەزموونی ساڵێکی پڕ هەوڵ و کۆششی سەندیکا کرێکاری و جەماوەرییەکانی نایجیریادا، توانرا سەرکەوتنێکی نیوەناچڵی بەدەستبهێنرێ.

وەبیــردەهێنینەوە کە لەپــاش ئەو هەڵبــژاردنەی حکــومەتی ســەربازیی نایجیریــا، ئاکامەکــانی هەڵوەشــاندەوە گەلێــك گۆڕانکــاری لەو وڵاتەدا ڕوویانــداو هاوســەنگیی هێزەکــانیش جێگــۆڕکێیەکی شــیاوی باســیان پــێ کــرا٠ هەڵوەشــانەوەی ئاکــامی هەڵبژاردنەکان ئەوەندەی تــر قەیرانــی دەســەڵاتی ســەربازی قــوڵترکردەوە، (ئیبــراهیم بابانگیدا) ژەنەڕاڵی پێــشوو و شــارەزای کــارامە لە کودەتــاکردن و ســەپاندنی حــوکمی سەربازیدا، وەکو ئاکامی ئەو گوشارە جەمــاوەرییە دیموکراســییەی کرێکــارانی کەرتــی نەوت سەرمەشــقی بــوون، ناچــار بە نــابەدڵییەوە کورســیی حــوکمی بە حکــومەتێکی سەربازی دیکە ســپارد، گــوایە ئەو حکــومەتە ڕاگــوزەرانەیەو لە ســبەینێیەکی نزیکــدا فۆرمۆڵەی هەڵبژاردنێکی دیکە دادەڕێژرێ! بەڵام واش نەبــوو، هەربــۆیەش دەبــوایە ئەو گوشارە جەماوەرییە لەئاستی گۆڕینی ژەنەڕاڵ بە ژەنەڕاڵدا نەوەستێ و کاری سیاســی بۆ دانپیانان بە دەسەڵاتی دیموکراسیی هەڵبژێردراو ئەوەندەی دەلــوێ وەرچەرخــانێکی چۆنایەتی تێدا بکرێ٠

هەر ئەوە چــاوەڕوان نەدەکــرا کە شــەرعییەتی دەســتووری بەدوای پاڵپــشتی و دانپیانانی دەرەوەدا بگەڕێ، سەرباری ئەوەش پێویستبوو لەنــاوخۆی وڵاتــدا وا مــامەڵە لەگەڵ (مەشیود ئەبولا)دا بکرێ، کە ســەرۆکی هەڵبژێــردراوی وڵاتە لە هەڵبژاردنێکــدا کە حکــومەتی ســەربازی (بابانجیــدا) بەبروبیــانووی دیکتاتۆریــانە تەلبەنــدیکردبوو٠



نایجیریا، خەبات بۆ لابردنی عەسکەرتاریەت

چـاودێرانی سیاسـیی ئاماژەیـان بە بۆشـاییەکی سیاسـیی دەکـرد، کە لە گۆڕەپـانی ململانێی سیاسیی ئەو وڵاتەدا کەلێنێکی لەبەرچاوبوو، ئەویش دەلاقەی نێوان هەوڵ و کۆششە دیبلۆماسییەکانی (مەشیود ئەبولا) (کە بۆ وەدەسـتهێنانی پـشتگیری دەرەکـی چەندین سەردانی بۆ ناوەندە ڕۆژئاواییەکـان و وڵاتـانی دیموکراسـیی کـرد) لەلایەك و بزووتنەوەی دیموکراسیی لە گۆڕەپان و جادەکانی پایتەختـدا (کە ئەو وەخـتە بەهـۆی ڕێکخـراوی هاوپەیمـانێتی لە پێنـاوی دیموکراسـییدا پەرەسـەندنێکی زۆری بەخـۆوە بینیبوو) لەلایەکی ترەوە.

بەڵام چـۆن بـوو کە کۆشـشی شـەرعییەتی دەسـتووری ئـاوێتەی بـزووتنەوەی دیموکراتیی خۆرسکانی خەڵکی نایجیریا بوو؟ لە ئاستی ڕێڕەوی ڕوداوەکـان زەمینـەی ئەو ئاوێتەبوونەیان خۆشکرد.

لەسەر وەختی هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی پاردا، پـۆلینکردنی دوو هێـزی سـەرەکی وڵات بەئاسانی هەستپێدەکرا، دیاربوو (مەشیود ئەبولا)، کە سـەلماندی کەسـێتییەکی سیاسیی پشوو درێژەو هەروا بە ئاسانی مل بۆ واقیعی سەربازی نـادا، هاوکـات لەگەڵ ئەوەش بوو وردە وردە جموجۆڵی خۆرسکانەی خەڵکی نایجیریـا چوارچێـوەی واقیعـی خـۆی دەبینیـیەوەو بە بەڵێـنە فریودەرەکـانی (ئاسـی باشـی) ژەنەراڵـی تـازەی وڵات لەخـشتەنەدەبرا و لە بەرهەڵـستکارییەکی ئامـانج نادیـارەوە کەوتە خۆڕێکخـستن و ڕاشکاوانەتر داوای گێڕانەوەی دەسەڵاتیان دەکرد بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی، کە لە هەڵبژاردنی ساڵی پاردا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

هەر بۆ وەڵامدانەوەی ئیجابیانەی ئەم خواستە جەمـاوەرییە بـوو، (مەشـیود ئەبـولا) گەڕایەوە وڵات و لە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریدا هێمنانە داوای گێڕانەوەی شـەرعیەتی دەکـرد، تـا سـەرئەنجام لەلایەن دەسـەڵاتی سـەربازییەوە دەسـتگیرکراو نیازوایە لەم بارەیەوە لە دادگایەکی سەربازی تایبەتیدا دادگاییبکرێ!

لە درێـژەی ئەو مـانگرتنە کرێکـارییەی کرێکـارانی کەرتـی نەوت بانگەشـەیان بـۆ کردووە، حکومەتی ناچـارکردووە کە ڕێـگەی سـازش بگـرێتەبەر، ئێـستا پاڵەپەسـتۆی جەماوەری لەسەر ژەنەراڵ (ئاسی باشـی) و هـاوەڵانی بەرفرەدەبـێ و زیـاتر لە جـاران خەڵکـی دیـکەی لەگەڵـدا پەیوەسـتدەبێ، تەنـانەت تـوێژی ڕۆشـنبیرو ئەدیبـانی ئەو وڵاتەشی گرتۆتەوە، لەوانە (ویل سونیکا)ی خاوەنی نۆبڵی ئەدەب لە ساڵی **1986**دا، کە ئاماژە بەوە دەکـات ئەو بـۆیە بەشـداریی خۆپیـشاندانەکان دەبـێ، چـونکە هەسـت بە پێـشلکردنی مافەکـانی خـۆی وەکـو هـاوڵاتییەك دەکـات. ئەمەو هەمـوو هەوڵەکـان

بەئاڕاســتەی لابردنــی دەســەڵاتی ســەربازین و یەکێــك لەو کچــانەی بەشــداریی لە خۆپیشاندانەکان کردووە ئەوە دەردەبڕێ، کە کاتی ئەوە هاتووە ئەمانە بڕۆن!٠

کوردستانی نوێ: ژ:**750** هەینی **1994/8/5**

# باشووری ئەفریقا،

# قۆناغی لە دوولا مەست و حەیرانی!




ڕۆنامەوانیی لە قۆناغی ئینتیقالیدا

حاڵێك کە هەر ئێستا گەمەی سیاسیی وڵاتی باشووری ئەفریقا تووشی هاتووە، حاڵی پەڕینەوەی وڵاتێکی پرکێشمەکێشە، لە قۆناغی حوکمڕانی ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستەوە، بۆ قۆناغی سیستمی زۆرینەی خەڵکی ڕەسەن، پێسترەشەکانی لە خەباتی دژی ئەپارتایدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە.

ئەم حاڵە نموونەیەکی باشی چاودێریکردنەو چارەسەرکردنیشی مۆدێلێکە بۆ وڵاتانی هاوشێوەی قۆناغی پەڕینەوەی وەك ئەوەی باشووری ئەفریقا. حاڵەکە حاڵی دیموکراسییەو بابەتەکەش چەشنی هەموو حاڵێکی دیموکراسی لەنێوان دەسەڵاتو ڕۆژنامە، یان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی چوارەمە.

گرفتەکە لەوەدایە کە لەم نموونەدا دەسەڵاتی سیاسیی جگە لە تاریفی سیاسییبوونی ڕەنگیشی هەیە. ڕەنگی ڕەشە بەمانای ڕەش ئەسمەری دەسەڵاتی تازە دامەزراوی زۆرینەی ڕەشپێست. دەسەڵاتی چوارەمیش وێرای نوخبەبوونی بەوەی کە ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسی خوێندەوارو خاوەن خەمی ڕۆژنامەنووسیی فەرمانڕەواییدەکەن، لە ڕەنگی پێستیشدا نوخبەیە، هی نوخبەی سپی پێستی وڵاتە، کە یان لەبەر زەبری ڕۆژگار لەبەردەم زۆرینەی ڕەشپێستدا پاشەکشەیانکرد، یان لەبەر

سەرەنجام باوەڕبوونیان بەچوون یەکی و دیموکراسی دەسەڵاتیان تەسلیمی ڕەشپێستەکان کرد.

ئێستا ڕەشپێستەکان، لە ماندێلاوە بۆ مبیکی، خەریکی بنیاتنانی ئەزموونێکی دیموکراتین، کە تێیدا وڵات بۆ زۆرینە، بۆ ڕەشپێستەکانی خاوەنی ئەسڵی باشووری ئەفریقان، بێت. دوو ماوەی حکومڕانی لە شێوەی دەستاودەستێکی دیموکراتی کەموێنەدا پیادەکران، هی دووەمیان هەروا درێژەی هەیە. ڕەشپێستەکان وا نموونەیەکی نوێی حکومڕانی لە وڵاتی جاران ژێردەستەی ئەپارتایدا بنیاتدەنێن.

راستە نموونەکە دیموکراتی پیادەکردو سەبارەت بەکاریزمای ماندێلا دونیا چاوی لە وڵاتەکە بڕیبوو، بەڵام لە هەلومەرجی بێ ئەزموونیی ڕەشپێستەکاندا، پێدەچێ ئارەزووی بنیاتنانی ئەزموونێکی شارستانی و دیموکراتی بەس نەبێ و دەرەقەتی ئەو هەموو داخوازیو چاوتێبڕینەی دەرەوە لە مۆدێلێکی نوێ نەیەت.

دونیا هاوسۆزی ڕەشپێستەکان بوو لە خەباتی ڕزگاریو لە تەقەلای بیناکردنی وڵاتێکی دیموکراتی لەسەر کەلاکی ڕژێمی ئەپارتاید، بەڵام ئەوان بەئەندازەی سەرخستنی خەباتی ڕزگاریو تەقەلای بیناکردنی دیموکراسی لە کەڵەکەکردنی دەسکەوت سەرکەوتوونەبوون، یان ڕوونتر بڵێین بەئەندازەی ئومێدو چاوەڕوانییەکان نەبوون. هەندێك شت ڕووی دا کە ڕۆژنامەکانی باشووری ئەفریقا ناوی گرفتی ئیداریو خراپ بەڕێوەبردنی وڵاتیان لێ نا. لێرەشەوە بەشی دووەمی گرفتەکە دەستپێدەکات.

ئەگەر لە گەمەی دیموکراسییدا بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی (سەرمایەی) دەنگەکانی زۆرینەی بوێ، ئەوا بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕۆژنامەوانی پێویستی بە سەرمایەی پارە هەیە. شتێك کە لەم قۆناغەدا لە دەسەڵاتی ئەو ڕەشپێستانەدا نییە، کە حکومیان گرتۆتەدەست. راستە بەگوێرەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسییەکان، یەك لەوانە ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی جەزیرە، خەریکە وردە وردە ڕۆژنامەنووسی چوستو چالاکی ڕەشپێست هەڵدەکەونو ناویان دەدرەوشێتەوە، بەڵام هەڵکەوتنو ناو درەوشانەوە دەشێ لە ڕێی پارەدارکردنی میدیاکانەوە کەڵکیان هەبێت، ئەگینا خۆیان لەخۆڕا پارەناکەن!. لەم قۆناغەدا بەحوکمی کەڵەکەکردنی سەرمایە لەلایەن کەمینەی سپی پێستەوە بازاڕی ڕۆژنامەوانییش بەدەست ئەوانەوەیە. ئەم کەمینەیە کورسی دەسەڵاتی سیاسییو کورسییەکانی بانقەکانی پارەدارکردنیان تەسلیم بە ڕەشپێستەکان کردووە، بەڵام دیارنییە داخۆ کلیلی قاسەکانیان لەکوێ شاردۆتەوە؟ دەڵێی دەسەڵاتی سیاسیان لەوەختێکدا تەسلیمی ڕەشپێستەکان کردووە، کە تەڕایەتی تێدا نەماوە. ئەوان دەوڵەتو گرفتە زۆرەکانیان دایە دەست ماندێلاو پەیڕەوانی، لێ بازاڕی ئابووری و

توانای دەسەڵاتی چوارەمیان لەبندەستدا مایەوە. لەو ڕەوشەدا ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی تازە دامەزراوی ڕەشەکان دەیتوانی بیکات، تەنها ئەوەبوو بەتۆپزی و لە ڕێی دەستیوەردانی دەوڵەت و خۆماڵیکردنی سەرمایەو ڕۆژنامەوانییەوە دەسەڵاتی سپیپێستەکان ئیحتیوابکەن. ئەمەش لە دوای نەمانی شەڕی ساردو ڕوخانی شێوە دەسەڵاتی مەرکەزیی سۆڤێتی مۆدێلێکی پەسەندکراونەبوو. بۆیە ململانێکە هەروا بەیەکلایی نەکراوەیی مایەوە، تا بەم دواییە لەو


ماندێلا

شاڵاوە ڕۆژنامەوانییەدا تەقییەوە، کە ڕۆژنامەکانی ژێر نفوزی سپیپێستەکان کردیانە سەر دەسەڵات و حکومەت.

دەوڵەت و ناوەندەکانی سەربەوی دەڵێن، ئەم شاڵاوە ڕۆژنامەوانییە پێش ئەوەی ڕەخنە بێت بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان یان بەشێك بێ لە گەمەی دیموکراسی، گەمەیەکی شۆڤێنی سپیپێستەکانە لە دژی دەسەڵاتی زۆرینەی ڕەشپێستی پێشتر چەوساوە. دەوڵەت دەڵێ مەبەستێکی ڕەگەزپەرستانە هانی ڕۆژنامەکانی سپیپێستی داوە دەسەڵاتی کەم تەجرەبە نابوودبکەن. بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکانیش دەڵێن کاری ئێمە ئەوەیە ڕەخنە لە چەوتییەکان بگرین، جا ڕەنگی هەرچۆنێك بێت. مەسەلەی کەم تەجرەبەییش قسەهەڵدەگرێ سەبارەت بەوەی دەسەڵاتی دوای نەمانی ئەپارتاید لە حەواوە نەهاتووە، بەڵکو تەجرەبەی حوکمڕانییەکی سپیپێستەکانی لەبەردەستدایە، کە بەڵێ ڕەگەزپەرست بوو، بەڵام ئیدارەیەکی خاوەن تەجرەبەش بوو.

ئەم مشتومڕە هەروا درێژەی هەیەو جەوی دیموکراسی تازە دامەزراوی بریتۆریای پایتەختی شەمزاندووە. کەس نازانێ کەی ئەوە ساغدەبێتەوە کە داخۆ ئەوە دەوڵەتە کە لەپشت گوزارشتی حکومەتی زۆرینەی پێستڕەشەوە دەیەوێ هەموو ڕەخنەیەك پەلبەستبکات، یان ئەوە خەتای ڕۆژنامەنووسە سپیپێستەکانە کە لەپەنا ڕۆژنامەگەریی ئازادەوە تیری ڕەگەزپەرستی دەهاوێژن؟

قۆناغەکە قۆناغی گواستنەوەیە، حەوسەڵەو تەحەمولی زیاتر دەخوازێ. ڕەنگە تەحەمولو حەوسەڵەی مامەڵەکردن چارەسەری مامناوەندی بێت، تا ئەو ڕۆژەی

ڕەشپێستەکان تەجرەبەی زیاتر پەیدادەکەن لە حوکمڕانیداو بایی ئەوەندەش پارەداردەبن کە خۆیان گەمەی دەسەڵاتی چوارەمیش ئیدارەبدەن٠ ئەو وەختە ململانێکە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێ و مەستو حەیرانی دوولایەنە لە "بریتۆریا"ی پایتەخت نامێنێ٠

کوردستانی نوێ ژ: **2538 2001/8/22**

## فەسڵی هەشتەم

# قوربان ئەمانە قەوماون

# خیتابی نەتەوەیی عەرەبی...

## گەڕان بەدوای دوژمنێکی دیکە یان

## لاکردنەوە لە کێشە ناوخۆییەکان...؟!



ڕێککەوتنی ئۆسلۆ گەیشتە لوتکەی خۆی

چاودێرانی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبینی ئەو تەگەرانەیان کردووە، کە دێنە ڕێگای بەرەوپێشچوون و زیاتر چەسپاندنی بنەماکانی بەیەکگەیشتنی عەرەب و ئیسرائیل. ئەم ڕێککەوتنەی ئێستا، هێندەی بارودۆخە دەرەکییەکان (دەرکەوتەکانی دوای شەڕی سارد) زەمینەیان بۆ خۆشکردووە، ئەوەندە بارودۆخی پەیوەست بە خودی ململانێکەو هاوسەنگی و ناهاوسەنگی نێوان هەردوو لایەنی پەیوەندار (عەرەب-ئیسرائیل) ڕۆڵی لەم ڕێککەوتنە نەبینیوە.

مەسەلەی کۆتاییهێنان بە ململانێیەك، کە ڕەگێکی مێژوویی هەیە و نزیکەی نیو سەدەشە بە بەرجەستەکراوی لە ناکۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکاندا خۆی دەنوێنێ، مەسەلەیەکە پێویستی بە ماوەیەکی دوورخایەن هەیە، تاوەکو ئەو کەشە سایکۆلۆژییە بێتەکایەوە، کە هەردوولا ئامادەی قۆناغی دۆستایەتی، یان هیچ نەبێت دوژمنایەتی نەکردنی یەکتری بکات و چەندە هەنگاوەکانی نزیکبوونەوە لە یەکتری هێمن و ئاسایی بێت، ئەوەندەش بواری جێگیربوون و ڕەگداکوتانی بۆ دەڕەخسێ.

لە بارودۆخی ئامادەکردنی ئەو کەشە سایکۆلۆژییەو ڕاهێنانی جەماوەری هەردوولای ململانێکە لەگەڵ ئەمری واقیع و خۆسازدان بۆ ڕێکەوتنی دیکەی چەسپاوتر لە داهاتووی

دوورو نزیکدا، لەو باردۆخەدا تەگەرە ناوخۆییەکان بۆ هەر لایەنێك زیاتر جێگای مەترسییە لە تەگەرە دەرەکییەکانی لە بابەت خۆکێشانەوە یان پابەندنەبوونی لایەنێك بەمەرجەکانی ئاشتی، جۆری ئەم تەگەرە ناوخۆییەو کاتی سەرهەڵدان و ئاستی مەترسیشی بۆ هەر لایەنێك جیاوازە لەویتر. بۆ نموونە، قۆناغی داهاتووی (راف)، خۆئامادەکردنە بۆ فەرمانڕەواییکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (غەززە-ئەریحا)و پێکهێنانی ئەو دامودەزگایانەی بناغەی دەوڵەتی فەڵەستین پێکدەهێنن لە دوارۆژدا. لەم بارەیەوە ڕەنگە مەترسییەکانی (راف) لە بازنەی نێوان ڕەخنەلێگرتنی گروپە توندڕەوەکان و مەترسیی جەماوەر لە شکستهێنانی ئەزموونی ئۆتۆنۆمییەکە بخولێتەوە، بەڵام بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل کێشەکە بە جۆرێکی ترەو ئاستی مەترسییەکەش کەمترە، جارێ ئەو دەستکەوتانەی ئیسرائیل لە پرۆسەی ئاشتی بەدەستیدێنێ زۆرترە لەوەی لەدەستیدەدات، جگە لەوەش پێکهاتەی دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو سیستمێکی دیموکراسیی ئەو توانایییەی پێ بەخشیوە بتوانێ گفتوگۆ لەگەڵ نەیارەکانی خۆی بە جۆرێك برەخسێنێ، کە دەنگە کەمەکانی ئۆپۆزسیۆن لە گرنگی ئەم ڕێککەوتنەی ئێستاو ئەوانەی داهاتووش، بۆ ئیسرائیل، ئاگاداربکاتەوە.

ڕەنگ بێت بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکانیش مەترسیی کاتی لەبابەت بزووتنەوە ئوسوڵییەکان، کە هەموو ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئیسرائیل ڕەتدەکەنەوە، لەئارادابێ. بەڵام لە ئاستێکی مێژوویی دوورتر مەترسییەکە لەوەدایە، کە خیتابی نەتەوەیی عەرەبی و لەوێشەوە پێکهاتەی خودی دەسەڵات لە وڵاتە عەرەبییەکاندا دەکەونەوە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژووییەوە، کە هەڕەشە لە شەرعییەت و ڕەوابوونیان دەکات.

دەیان ساڵە خیتابی نەتەوەیی عەرەبی لە هەردوو ئاستی ڕەسمی (حکومەتە عەرەبییەکان)و ناڕەسمی (بیری نەتەوەیی عەرەبی بە ڕێبازە جیاجیاکانیەوە) بە عەمەلی لە هەوڵی پاراستنی شەرعییەتی پێکهاتەی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بووە، خیتابی نەتەوەیی عەرەبی لەسەر بوونی دوژمنێکی دەرەکی بنیاتنراوە کە ئیسرائیلە، ئەم دوژمنە دوژمنێکی سەرەکییەو هەموو دوژمنە لاوەکی و لابەلاکان لە دەوری خۆی جەمسەرگیردەکات، بۆیە ئێستا هەردوو تەوەرەکەی خیتابی عەرەبی (حکومەتە عەرەبییەکان و ڕێبازەکانی بیری نەتەوەیی عەرەبی) پێکەوە هەموو توانایەکیان ئاڕاستەی ئەو دوژمنە سەرەکییە کردووە.

ئەم هاو هەڵوێستییەی ئەو دوو تەوەرەی خیتابی عەرەبی، هەندێك خەسڵەتی بەبیری نەتەوەیی عەرەبی بەخشی بوو، ئەگەرچی ئەو بیرە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی ئێستاو یەکگرتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لەیەك وڵاتی بەهێزدا پێکهاتبوو، بەڵام بوونی ئیسرائیل وەکو مەترسیی سەرەکی وای لە بیری نەتەوەیی عەرەبی کرد، کە ببێتە بەشێك لە دامودەزگای هەریەك لەو وڵاتە عەرەبیانەی تۆوی ئەم بیرەی تێدا چێنرابوو. وێرای

بانگەشەکانی لەسەر یەکێتی عەرەب و یەکگرتنەوە، ورده ورده بوو بە پاریزەری پێکهاتەی قەوارەی هەرێمە عەرەبییەکان و کارکردن بۆ مانەوەی دۆخی عەرەبی وەکو خۆی، جێگای بوژاندنەوەی نەتەوەیی گرتەوە، ئیدی ئەوەندەی بیری نەتەوەیی لە دەزگای دەسەڵات، بەتایبەتی سوپا، نزیکبوو ئەوەندە پایەی لەناو ئۆپۆزسیۆندا نەبوو، هەرگیز لە سەردەمی پادشایەتی لە عیراقدا بەعسییەکان تووشی ئەو ڕاوەدونان و گرتنە نەدەبوون، کە ڕەوتە فیکرییەکانی دیکە تووشی دەبوون، خیتابی بیری نەتەوەیی عەرەبی و خیتابی سیاسیی نەتەوەیی حکومەتە عەرەبییەکان بە ئەندازەیەك تێکەڵی یەکتری بوون، کە جیاکردنەوەیان دژواربێ، هەر ئەوەش بوو کە پرۆژەی نەتەوەیی عەرەبی تووشی قەیران کردو جەماوەری عەرەبی لێ بەدگومانکردون• ئەم بارودۆخەو شکستی ئایدۆلۆژیای چەپ لە دونیای عەرەبدا، ڕێگای بۆ بزووتنەوەی ئوسولییەکان خۆشکردووە کە وەکو ئەڵتەرانتیڤێك بێنە گۆڕەپانی سیاسییەوە•

بوونی کێشەی فەڵەستین و سەرکەوتن و نوشستە سیاسی و سەربازییەکانی عەرەب، لە ململانێی دژ بە ئیسرائیل، زۆرجار تەوژمێکی جەماوەری وای دەخولقاند کە گۆڕانی دەسەڵاتی بەدواوە بێت، بەکودەتا یان بە شۆڕش• دۆڕانی عەرەب لە شەڕی فەڵەستین ساڵی **1948**و مەسەلەی چەکە بێکەڵکەکانی سوپای میسر دڵی جەماوەری میسری لە حکومەتی مەلیك فاروق کرمێکردو شۆڕشی **23**ی تەمووزی **1952** هەڵگیرساند، سەرکەوتنە مەعنەوییەکەی عەبدولناسر لە جەنگی کەناڵی سویس لە ساڵی **1956**دا قوڵاییەکی نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی میسر پەیداکردو عەبدولناسری وەکو ڕابەرێکی نەتەوەیی عەرەب بەدونیا ناساند، تەنانەت شەڕی تشرینی **1973**بوو کە زەمینەی بۆ دەستپێشخەرییەکەی سادات خۆشکردو ڕێکەوتنە چاوەڕوان نەکراوەکەی کامب دیڤیدی هێنایەکایەوە• وەکو لایەنێکی سلبیش، شکستی حوزەیرانی **1967** بواری بۆ بەعس ڕەخساند لە تەمووزی ساڵی **1968**دا چنگ لە دەسەڵات گیربکاتەوە، بەناوی قەرەبووکردنی ئەو شکستە! هەر بێئومێدی جەماوەری فەڵەستینی و عەرەبی لە بەرەوپێشچوونی کێشەکەیان، بواری بە دیکتاتۆرێکی بێبەهرەی وەکو سەددام دا خۆی بکات بە پاڵەوانی نەتەوەی عەرەب و بەڵێنی سوتاندنی نیوەی ئیسرائیل بەخەڵکی فەڵەستین و جەماوەری عەرەبی بدات!

بوونی ئیسرائیلیش، وەکو مەترسییەکی سەرەکی، لە خیتابی نەتەوەیی عەرەبیدا، بیانوویەك بوو بەدەست حکومەتە عەرەبییەکانەوە، بۆ سەرکردنی هەموو ناکۆکی و کێشەکانی دیکەی وڵاتەکانیان، تەنانەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبیش دڵسۆزی و بگرە پێشکەوتنخوازی هەر حکومەتێکی عەرەبی لە ئاستی توندی، یان میانڕەوی، خیتابی سیاسیی ئەو حکومەتەی بەرامبەر بە ئیسرائیل هەڵدەسەنگاند، نەك بەئاستی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی

وڵاتەکەی خۆی، دوژمنی دەرەکی ڕەوابوونێکی تاڕادەی ڕەهایی بە دەسەڵات دەبەخشی، بۆ خەفەکردن و شاردنەوەی هەموو ناکۆکییەك کە دەشێ و ئاساییە لە هەر وڵاتێك هەبێت، هەموو پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەموو هەوڵەکانی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان لەبەرامبەر پرۆژەی جەنگی هەمیشەیی دژی دوژمنی هەمیشەیی بەچۆکداهاتن و هەژاری چەمکەکانی خیتابی عەرەبی لەئاست کێشە ژیارییەکانی کۆمەڵگای عەرەبیدا بووە هۆی زیاتر سەقامگیرکردنی تۆتیالیتاری.

ئەم ڕێککەوتنەی ئێستای راف- ئیسرائیل و پەسەندکردنی لەلایەن عەرەبەوەو ئەگەری حەتمییەتی ڕێککەوتنی دیکەش، شەرعییەت بۆ بوونی ئیسرائیل دابیندەکات و هەرچی زووترە پێداویستی ئەوەش دەسەلمێنێ کە دەبێ خیتابی عەرەبی لەمەودوا بە تێڕوانینە کۆنەکانی خۆیدا بچێتەوە (بەهەمان شێوەش ئیسرائیل)، هەر لەو کتێبانەوە کە لە خوێندنگا عەرەبییەکاندا جو وەکو دێوەزمەیەك بە منداڵانی عەرەب دەناسێنێ تا سرووده سیاسییەکان و لەوێشەوە تەنانەت پەیوەندییە دبلۆماسیی – سیاسیی – ئابوورییەکانی عەرەب کە هێمای سووریان داناوە لەسەر ئیسرائیل، یان ئەو وڵاتانەی دانیان بە ئیسرائیلدا ناوەو مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەکارێکی قەدەغەکراو دەزانێ.

بۆ ئەو دوارۆژانەی لەپێشەوەن، ئەگەر حکومەتە عەرەبییەکان بیانەوێ ئەو پێکهاتەی ئێستای خۆیان بپارێزن، ئەوە بۆ مانەوەیان پێویستیان بە دوژمنێکی دەرەکی تازە هەیە، تاوەکو کێشە ناوخۆییەکان لە خیتابی سیاسیی عەرەبی بەدوژمنێکی وەهمی نوێ پەردەپۆشبکەن. ئیدی تازە وەرەقەی دژایەتیکردنی ئیسرائیل کەوتە دەست نەیارەکانەوەو پێدەچێ بزووتنەوە ئوسوڵییەکان ئەو نەیارانەبن، لەحاڵێکدا کە بیری نەتەوەیی عەرەبی و پرۆژەی نەتەوەیی عەرەبیش تووشی قەیران هاتوون، ئەگەر بیانەوێ لەو ڕەوتە کلاسیکییە ڕزگاریان بێ، ئەوا پێویستە وڵاتە عەرەبییەکان هەنگاوی عەقڵانی و واقیعبینانەی خۆیان لە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل بە پرۆژەیەکی لاکردنەوە لە کێشە ناوخۆییەکانی وەکو مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی زاخاوبدەن، چونکە هەر بەو پرۆژە دیموکراتییەوە متمانەی جەماوەری عەرەبی لە وڵاتەکەیان بەدەستدێننەوەو مەترسیی ئوسوڵییەتیش لە خۆیان دووردەخەنەوە.

کوردستانی نوێ: ژ:**490** چوارشەممە **1993/9/22**

# ئەمنی نەتەوەیی عەرەبی..

# پێویستی پێداچوونەوە بەبنەماکانی پێشوو



**یەکێتی درۆزنانە، مەجلسی تەعاونی عەرەبی**

ئەمنی نەتەوەیی عەرەبی و ئەمنـی هەر نەتەوەیەك، كە لە چەنـد یەكەی سیاسـیی جیاجیا پێكهاتووە، خاسیەتێكی ناجۆریان هەیە، ئەویش دابەشبوونێتی بەسـەر دوانەی ئەمنـی نەتەوەییـدا، واتـا ئەمنـی هەریەك لە وڵاتە عەرەبییەكـان بەجیـا پێیـدەگوترێ (ئەمنی نیشتمانی) و ئەمنی وڵاتە عەرەبییەكان پێكەوەو بەرژەوەنـدیی بـاڵای نەتەوەی عەرەب پێیدەگوترێ (ئەمنی نەتەوەیی). بەپێـی شـیكردنەوەی تـوێژەرە سیاسـییەكانی عەرەب، هەر بەرەوپێـشچوون و تۆكمەبـوونێكی ئەمنـی نیـشتمانیی هەر وڵاتێكـی عەرەبی، لەدوا ئاكامـدا بەقـازانجی تێكـڕای ئەمنـی قەومـی دەشكێتەوەو دەبـێ هەر وڵاتێكی لە ستراتیژی خۆیانـدا سـنووری خـاڵە ناكۆكییەكـانی بەرژەوەنـدیی نەتەوەی

عەرەب بەگشتی نەبەزێنێ و دەبێ ئەو قوڵاییە نەتەوەییە لەمیانی مـامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتـانی دیـکەی عەرەبـی و وڵاتـانی بێگانەشـدا ڕەچاوبکـات•• بەڵام وێـرای خواسـتە نەتەوەییەکانی عەرەب، لەواقیعی عەمەلیـدا ئەوەی تـا ئێـستا پەیڕەوکـراوە، زاڵکردنـی بەرژەوەندییە ئیقلیمییەکانی هەر یەك لە وڵاتە عەرەبییەکان و عەقڵییەتی نـاوچەگەری و بەرژەوەنـدیی تەسـکی نـاوخۆییە بە چەشـنێك کە مەسـەلەکانی "ئەمنـی قەومـی عەرەبی" بەشێوە گشتییەکەی، کە یەك هێڵی ستراتیژی سەرتاسەری بگرێتەخۆ، ئەمڕۆ بەتەنها قـسەی کتێـبن، یـان لە باشـترین حاڵـدا سـەدای ئاخـاوتنی سیاسـیی ڕابەرە ناسیۆنالیستەکانی عەرەبن•

بێگومـان داگیرکردنـی کوێـت لەلایەن عێـراقەوە زیـاتر ئەو گیـانی هەرێمخـوازییە دەچەسپێنێ و ئەمنی نیشتمانی وڵاتە عەرەبیەکـان تووشـی لەیەك هەڵـشاخانی زیـاتر دەکـات و حـاڵەتێکی دابـڕان لە نێـوان ئەمنـی نیـشتمانی و ئەمنـی نەتەوەیـی دروستدەکات• ئەمەش بە ڕوونی لە ڕێککەوتن و مانۆڕە سەربازییەکانی نێوان هەریەك لە وڵاتانی کەنداوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕاگەیاندنی (دمشق) لەنێوان سوریاو میسرو وڵاتانی کەنداو بۆ پاراستنی ئاسایـشی کەنـداو بەدیـاردەکەوێ• هەڵبەتە وڵاتێکی وەکـو کوێـت و سـعودییە، هێنـدەی لە دەسـتدرێژییەکانی ڕژێمـی عێـراق دەترسـن، بە ئەنـدازەی ئەوە لە باڵادەسـتی چۆنـایەتی ئیـسرائیل لە بـواری تەکنەلۆژیـای جەنگیـدا ناترسـن• ئەمە بۆخـۆی ئەو درزە گەورەیە فراوانتردەکـات کە کەوتۆتە جەستەی جیهانی عەرەبییەوە•

تا ساتەوەختەکانی پێش ئەم گۆڕانـانەی ئێـستای نـاوچەکەو دونیـاش و جـگە لەو خاڵانەی سەرەوە کە ئاماژەمان بۆ کرد، هەندێك فاکتەری تر هەن ئەو دابڕانە عەرەبییە ڕوونتر نیشاندەدەن، لەوانە ئاستی گەشەسـەندن و پـێگەو توانـای ئـابووری جیاجیـای وڵاتە عەرەبییەکان• بۆ نموونە، جیاوازیی نێوان وڵاتێکی خاوەن قـووڵایی شارسـتانی و مێژوویی وەکو میسر و وڵاتێکی بچووك بەڵام دەوڵەمەندی وەکو کوێت، کە بەپێی ئەو پێوەرە نەتەوەییانەی ئێستا عەرەب ئیشی پـێ ناکـات، دەبـوایە ڕابەرایەتـی میـسر بـۆ جیهانی عەرەبی، سەرلەنوێ بسەلمێنرێتەوە• هەروەها ئەو مەترسـیانەی کە هەریەك لە وڵاتە عەرەبییەکان تووشـی دەبـن، ئەوەنـدەی بـۆتە کێـشەیەکی نـاوخۆیی، ئەوەنـدە هەستی شەپۆلی هەستی نەتەوەیی بۆ ساز نادرێ• بۆ نموونە، (کێـشەی ئـاوی فـورات) زیاتر کێشەیەکی نیشتمانی سـوریایەو وڵاتـانی دیـکەی عەرەبـی هێنـدە خەمـی لـێ ناخۆن•

ئێستا، سەرباری ڕێککەوتنی غەززە-ئەریحاو ئەو گۆڕانکاریانەی لە دونیادا ڕوویان داوە، بەڵام هێشتا لە ستراتیژی ئەمریکادا شوێنێکی بەرچاو بۆ ئیسرائیل دابینکراوە. ئەمەش بە ڕوونی لە تیۆری (دەبڵ گەمارۆدانی)ی (مارتن ئەندک)ی ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەستپێدەکرێ. لەوێدا داخوازیی پاراستنی بالادەستی چۆنایەتی ئیسرائیل لە بواری تەکنەلۆژیای جەنگی پێشکەوتوودا کراوەو وڵاتە عەرەبییەکانیش بەپلەی دووەم دێن، سەبارەت بە گرنگیان لە ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمە وا داخوازێ کە وڵاتە عەرەبییەکان هەرچۆنێك بێ، لەسەر لایەنی کەمی بەرژەوەندی نەتەوەییان ڕێکبکەون و واقیعیانە هێزو توانای (سەربازی، ئابووری، سیاسی)ی خۆیان هەڵبسەنگێنن و بەلای چەمکێکدا بیشکێننەوە کە (ڕێژەیی ئەمنی نەتەوەیی) پێدەڵێن و تێڕوانینی ڕەها کە هیچ ئاکامێکی واقیعی نابێ، بەلاوەبنێن.

هەروەها وەکو پێداویستی ئەم گۆڕانە تازانەش، کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە جیهانی عەرەبەوە، وا چاوەڕواندەکرێ کە هەندێك لە پرەنسیپەکانی ئەمنی نەتەوەیی عەرەب و مەسەلەکانی هاریکاری عەرەبی گۆڕانی بەسەردابێ. لەلایەك ڕێککەوتنی غەززە-ئەریحا


الثورة

ڕۆژنامەی سەورە گرتنی کوێت ڕادەگەیەنێت

و کارنامە ئابوورییەکانی ئەم دواییەی ئەوە دەردەبڕێ کە ئیدی پەیوەندییە عەرەبییە- ئیسرائیلییەکان بەرەو پتەوی دەچن لەبواری ئابووریداو هەریەکە لەلایەنە عەرەبییەکانیش لە پێشبڕکێی کەڵکوەرگرتندایە لەو ئیمتیازاتانەی مامەڵەکردنی بازرگانی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەستەبەریدەکات لە سە ڕوی ئەو لایەنانەش (راف)ە کەلە ناوچەی ئۆتۆنۆمدا دەسەڵاتی نیشتمانی گرتۆتەدەست. لەلایەکی تریشەوە ئەو پێشنیارەی بانگەشەی دامەزراندنی سیستمێکی خۆرهەڵاتی- ناوەڕاستی دەکات، ئێستا بەگەرمی پێشوازی لێ دەکرێ، ئەمەش بەرژەوەندییەکان و ئینجاش شێوەکانی پەیوەندیی ئابووری و سەربازی و ئەمنی لە ناوچەکەدا، بە وڵاتە عەرەبییەکانیشەوە دەگۆڕێ. ئەوە دێنینەوە یاد، کە لە دانیشتنی لوتکەی (کلنتۆن-ئەلئەسەد)دا لە ژنێڤ، کلنتۆن وەکو گرنگیدانێك بە ڕۆڵی

سوريا لەئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، داوای لە سەرۆكی سوريا كرد ئینتمـایەكی ڕۆژهەڵات- ناوەڕاستی پەیدابكات و واز لە ئینتمای عەرەبی بێنـێ، دیـارە لە حاڵێكـدا ئەگەر ڕوانین بۆ دوژمـنە دەرەكییەكـان لەلای عەرەب ئاوەهـا گـۆڕانی بەسـەردا بـێ، هەڵـبەتە وەكـو بەدواهاتنێـك ڕوانـین بـۆ دیـوەكەی تـری ئەمنـی نەتەوەیـی وڵاتە عەرەبییەكانیش واتا "ئەمنی ناوخۆیی"، گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا دێ٠ پێویستە ئیـدی هەریەك لەو وڵاتانە بە جوغزی دەسەڵاتی خۆیاندا لەوە بگەن، كە دابینكردنـی ئەمنـی ناوخۆ بە پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی ئابووری و دابینكردنی ئەمنی خۆراك و لەسـەرووی ئەمانەشـەوە دیمـوكراتیزەكردنی وڵاتەكانیـان دەسـتەبەردەكرێت٠ لەڕاستیشدا ئەمنی نەتەوەیی وڵاتێكی هەمۆجین لەئاستی ناوخۆدا تۆكمەترە لە ئەمنی نەتەوەیی وڵاتێك كە بەتەنها گرنگـی بەلایەنـی سـەربازی و لایەنـی دەرەكـی ئەمنـی نەتەوەیی بدات و ڕەنگە ڕژێمی عێراق باشترین ئەزموون بێ لەو بوارەدا٠

كوردستانی نوێ: ژ:**783** سێشەممە **1994/9/13**

# "کەمینەکان" لە فەزاو سەردەستەکانیش لە بەردەم ویژدانی بینەراندا



کۆڕەو: میدیا بەجیهانی ناساند

ئەسعەد تەهای پێشکەشکاری بەرنامەی (خاڵێکی گەرم)ی تالەفزیۆنی ئەلجەزیرە لێی تەئکیددەکردەوەو ئەویش نەیدەسەلماند. پرسیاری لێ کرد ئەگەر ڕیفراندۆمەکە لە قازانجی پۆلیساریۆ بوو، ئایا دان بە سەربەخۆیی بیابانی ڕۆژئاوادا دەنێن؟ ئەویش، کە نوێنەری ڕەسمیی مەراکشە، دەیگوت ڕیفراندۆمەکە بە قازانجی خەڵکی مەغریب دەبێت، چونکە ناشێ بیابانییەکان دەنگ بۆ نیشتمانی خۆیان نەدەن؟ جارێکی تر پێشکەشکار تەئکیدی لێ کردەوە ئایا ئاکامی ڕیفراندۆمەکە دەسەلمێنن، ئەگەر دەنگ بۆ جیابوونەوە درا؟ نوێنەرەکە وەك نوێنەری هەر حکومەتێکی سەردەست خۆی لە وەڵامەکە دەدزییەوە. بینەریش لەنێواندا هەستی بە شڵەژانی وی و دەرکیشی بەوە دەکرد کێ لەسەر هەقە؟ ئاخرییەکەی ئەو سەرنجە واقیعیبوونی خۆی سەلماند، کە دەڵێ تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی گەیاندنی زانیاری چەند زۆربن هێندە لەنێو خەڵکدا هوشیاری سیاسی بڵاودەبێتەوەو دوو ئەوەندەش دونیاو ڕووداوەکانی نێو وڵاتەکانی بچووك و لەبەرچاو دەبن . دونیامان وا بۆتە گوندێك، کە هیچ حکومەتێك ناتوانێ لەبەردەم دادگای مینبەری کەناڵە فەزائییەکان و چاوو ویژدانی بینەراندا چەشنی جاران کێماسییەکانی خۆی بشارێتەوە. ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو گوندەکە تازە هی ئەوە نینە دیزەبەدەرخونەبکرێن. کۆڕەوی **1991**ی کوردان کامێرای

وێنەگـران و کەنـاڵە جیهانییەکـان بە خەڵکیـان ناسـاند، تـا سـەرەنجام بـۆش، کە خـۆی لە بەرپرسێتی کێشابۆوە، لە نێو گوندە پڕ ئاشـووبەکەی دونیـا کەمـاڵێکی بـۆ کورد تێدا نەبوو ، دەڤەری تەناهی دروستکرد.


جەواد مەلا

دروسـتـە کە بیـنـەران نەکـارن بڕیـاری خۆیـان بـدەن و سیاسـەتە دیکتاتۆرییەکـان و حکـومەتە چەوتەکـان لە "زینـدان!" بپەسـتێنن، بەڵام نەریتی دۆزەخئامێزی بەراوردکاری دۆزەخێکـی بـۆ سیاسـەتە چەوتەکـان داخستووە، کە سوتێنەرتربێت لە سزای دادگا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە تاوانکارانی جەنگ و سیاسەت لە دونیادا.

وەختێك عومەر ئەلبەشیر لە سودان پێشوازیی لەو هاوڵاتیانە دەکـا، کە زێریـان لەپێنـاوی کۆششەکانی جەنگی سـوپا لە دژی خەڵکـی باشـووری سـودان بەخـشییەوە ئەمە لە کەنـاڵی فەزائی حکومەتی خەرتوومەوە نیـشاندەدرێت، هـاوڵاتییەکی ئاسـایی بەری باشـووری گونـدە جیهانییەکەمان، کە پێیدەگوترێ دونیای سێیەم لەوڵاوە هەڵدەداتێ: (ئەمە لە کـن خۆشـمان ڕووی داوە، لە وڵاتی ئێمەشدا حکومەت زێڕی بە خەڵکی کۆدەکردەوە، تا مـاکینەی جەنگـی شەڕەکان بەردەوامبن!)، بەمجۆرە خەرتووم ئەوە نیشاندەدا تا بەدونیا بڵێت شەڕی من لە دژی باشوورییە یاخیبووەکان، شەڕێکە ئیمزای ڕەوایی و ستایشی میللی لەگەڵە، کەچی هـاوڵاتییە ئاساییەکەی لە مەڕ خۆمـان دەزانـێ پیـاوانی ئاسـایش و هێزەکـانی سـەر بە دەوڵەت بە زۆر خەڵکیان ڕاپێچی زێڕبەخشین، خۆپێشاندانی ڕەسمی سازکردن و چەپڵەلێدان کردووە.

کە ئەو تۆڕە میدیاییە بە سیحر و جاویدانی خـۆی سیاسـەتە گەنـدەڵەکان و ڕەفتـارە دژە میللییەکان دەخاتە بەر تیشکی سەحنی سەربانەکان، بلا هەمی حکومەتەکـانی دونیـا کەنـاڵا فەزائی خۆ چێبکەن. بلا هەمی سیاسـەتە چەوتەکـان لە تـۆڕی ڕاگەیانـدنێکی وێنەیـی و لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا پشکیان هەبێت.

لەبەر ئەوەی کوردان لە کۆڕەوی **1991**دا یەکێك بوون لەو میللەتانەی لە کەلکی تۆڕەکـانی تەلەفیزیۆن و میـدیای جیهـانی بەرخورداربـوون، هەنـووکە دەبینـی پـتر لە هەر میللەتێکـی دیکەی ناوچەکە دیاردەی تەماشـاکردنی سـەتەلایت و وەدەسـتهێنانی ئەو ئـامێرە سـیحرییە بەربڵاوە. ئەوەش ئاسـاییە بـۆ میللەتێـك کە پێـشتر لە ئامێرەکـانی پەیوەنـدیکردن بە دەرەوە بێبەشبووەو ئەمرۆش لە ئابڵۆقەیەکی چەند سەریدا دەژی، کە بواری ڕۆشـنبیری و بوارەکـانی تەرفیهو ڕابواردنیشی گرتۆتەوە.

هەر هێندە دوگمەی سەحنەکەت بابدە، تـا بە هەمـوو وڵاتـانی دونیـادا بگەڕێـی، ئەمە لە ئاکامدا کەلتووری جیهانگەرایی ئەوتۆ دەخولقێنێ، کە هـیچ بەربەسـتێك نـاتوانێ لەبەردەمیـدا خۆی ڕابگرێ. کـۆنترۆڵکردنی کەلتـووری جیهـانگەراییش لە دەسـتی خۆتـدا نییـە. کەوابـێ سەرلەنوێ سروشتە ئەزەلییەکەی ڕەوتی پێشکەوتن دووبارەدەبێتەوە. مەبەسـتمان ئەوەیە، کە

ڕێڕەوی پێشکەوتن ئینتیقاو هەڵبژاردن قبوڵ ناکات. ئەوە نییە بڵێی زانست و تەکنەلۆژیام دەوێ و با گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆشنبیری هەمبۆرگەر نەیەتە وڵاتەکەمەوە.

لە تۆڕی فەزائیشدا ناشێ بڵێی، ئەو کەناڵەم پێویستەو ئەویدیان ناخوازم. بەمجۆرە لە ماڵێکدا بینەران دەتوانن دواین بۆچوونەکانی سادق جەلال ئەلعەزم لەسەر زهنییەتی مرۆڤ و تاپۆکانی هزر ببیستن و دواین گۆرانییەکانی خالید ئەلشاب-ی جەزائیری کە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە. دواین ڕاپۆرت لەسەر کوشتنی گۆرانیبێژی بەربەرەکان مەعتوب ئەلوەناسی ببیستن و تەماشای گۆدەلۆپی و ئەنتۆنێلاش بکەن. لەسەر سیمای دووسەرەی ڕەوتی پێشکەوتنیش، دەمی خۆی چەند نووسەرێك هەڵڵایەکی گەورەیان لەسەر زنجیرەی دۆبلاجکراوی (بارمەتە بووی دەستی ڕابردوو) کە گۆدەلۆپی بەژن زراف ڕۆڵی کیژێکی داماوی تێدا دەبینی، نایەوە. نووسەرێك جوان وەڵامیدانەوە، (گۆدەلۆپی داماو مایەی هەڕەشە نییە بۆ سەر ئەمنی قەومیی کورد!). ئەو نووسەرانەی دژە گۆدەلۆپی لە زەمەنی تێکەڵبوونی کەلتوورەکان و ئاوێتەبوونیاندا تێزی (هەڕەشەی ڕۆشنبیری) دێننەوە گۆڕێ. یەکێك لە بەربەرەکانی جەزائیریش گوتبووی (هیواموایە هێرشی ڕۆشنبیریمان بکرێتەسەر. چی ڕۆشنبیرییەکمان هەیە کە بترسین هێرشی ڕۆشنبیریی ڕایماڵێ! ئی دیکەش دەخەینە سەر (کەمینەکانی دونیا هیچیان نییە لەدەستیبدەن مەگەر کۆت و بەندەکانیان نەبێت) پەتاکە هەموو دونیای گرتۆتەوە. ڕەوتێك لە جیهانگەرایی کە دێت (نە چۆڵ دەپرسێ، نە ئاوەدانی).

وا دەبینن چەندین کەناڵی (فەزائی) لەناو خۆشماندا کراوەتەوە! ئێستا لە گەرمیانی کەلارو کفری و چەمچەماڵ (قەولیشە لە کوێستانی پشتدەر) و لە وڵات و مەڵبەندەکانی دونیای سێدا خەڵکی تەماشای شەڵەژانی وتەبێژانی حکومەتە سەرکوتکەرەکانی ئەندەنوسیاو کۆریاو تێکەڵوپێکەڵی گوتەی جەنەڕاڵەکانی هاییتی و کودەتاکانی نایجیریا دەکەن.



**خالید ئەلشاب**

لەم سەری دونیاوە بۆ ئەوسەری، کە لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی دونیاو مشتومڕی بەرنامە سیاسییەکان دەڕوانی فەرتەنەکانی کلنتۆن و مۆنیکا، جادە کۆنترۆڵکراوەکانی کۆسۆڤۆو پێداگرتنی بێمانای نەتانیاهۆ دەبینی. ئیدی تەواو، لە ڕێی ئەو تۆڕەوە شوکور وشیارن میللەتانی دونیای سێ تێدەگەن سیستەمی حوکومڕانی وڵاتەکانیان خەراباتە.

ڕاستە لە وڵاتانی ئێمەدا دەمانزانی ئەوەی پێیدەگوترا زێدی گەورەی عەرەب، کە دیموکراسی تێدا بزرە، بەشێکی هی ئێمەی کوردو بەشێکی هی باشوورییەکانی سودانە، بەڵام وا تۆڕە فەزائییەکانی خۆیان و بەرنامەکانی (ئاڕاستەی پێچەوانە)ی ئاڕاستەی باون، بەئاشکرا نیشانیدەدەن مەڵبەندێکی پاك و بێگەردو ساغڵەمی عەرەبی نابینین. ئەوەتا چەندین (ملل و نحل)ی تر لەم وڵاتانە دەژین، کە پێشتر سیاسەتی ڕەسمیی عەرەب و ڕووناکبیرانی نەتەوەی سەردەست و وابەستەی دەسەڵاتە سیاسییەکان حاشایان لێ دەکرد. کوردەکان،

باشوورییەکانی سودان، درووز، بەربەرەکان، قبتییەکان و تەنانەت عەرەبی وا هەڵکەوتوون، کە داوای جیابوونەوە لە عەرەب و دوورکەوتنەوەیان لێ دەکەن، وەك عەرەبەکانی پۆلیساریۆ، ئەریتیرییەکان و بەشێك لە سۆماڵی و جیبۆتییەکان. دەرکەوت ئەگەر وڵاتانی عەرەبی خوردبکرێنەوە، چ هەمەڕەنگی و هەمەمەزەبی تیدا دەبینیتەوە، کە پێشتر کەمینەکانی وڵاتانی عەرەب دەم بەستراوبوون و هەنووکە لەبەردەم تۆڕەکانی پەیوەندی و کەناڵە فەزائییەکاندا دەیانەوێ قسەبکەن. لەهەمبەر ئەوانیشدا نوێنەرانی رەسمی نەتەوەی سەردەست دەشڵەژێن و قسان ناکەن. نوێنەرێکی بەغدا خۆی لە حیوارێ کەناڵی mbc ی دزییەوەو دەنگی هێڵی تەلەفۆنەکەی نەما وەختێك هاوڵاتییەکی دیموکراسیخوازی عەرەب لە دانیمارکەوە بە تەلەفۆنی جیهانی پرسیاری لەسەر هەڵبجەو چارەنووسی ئەنفالەکان لێ کرد.

لەولاشەوە نوێنەری حکومەتی جەزائیر وەڵامی پێنەبوو لەوەدەمەیدا پەیامنێرێکی ANN پێیگوت بەیاسای تەعریب لەسەر حیسابی بەربەرەکان، موجامەلەی ئوسولییەکانی وڵاتەکەتان دەکەن! لەبەردەم پرسیاری لەو چەشنەدا هەموو بیرمەندانی ناسیۆنالیستی عەرەب، کە پاشماوەی ڕەوتی ناسیۆنالیستی و ئوسوڵی چەپی نادیموکراسی شەستەکانن، دەیانگوت کێشەی بەربەر فەڕەنسا دەیخولقێنێ و باشوورییەکانی سۆدان بە فیتی بێگانە بزووتنەوەی چەکدارییان بەرپاکردووەو کوردەکانیش بە کرێگیراوی هەمیشەیی ئیسرائیل و ئەمریکان و هەمووشیان پێکەوە یەکگرتن و پێشکەوتنی عەرەب دوادەخەن. عادل حوسێن، تەمام ئەلبەرازی و عەبا لە شانەکەی لە بەرنامەی "ئاڕاستەی پێچەوانە" قسەیاندەکردو وایان ئاماژە پێ دا، بەڵام ئەو قسانە ڕاست دەرنەچوون، چونکە مەرج نییە بەکارهێنان زمانی عەرەبی و وازهێنان لە زمانی فەڕەنسی لە جەزائیردا تەنها بە جادەی پێشێلکردنی زمان و کەلتووری بەربەرەکاندا گوزەربکات، لەکاتێکدا ئەمازیغەکانیش بەدەوری خۆیان خەباتیان بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی وڵات کردووە، مەرج نییە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی بەجولەکەکردنی قودس، بەتەعریبکردنی کەرکوك پوچەڵبکرێتەوە؟ لەکاتێکدا کوردەکانیش بە دەوری خۆیان ڕۆڵیان لە سەربەخۆیی سیاسیی عیراق و لە گۆڕانی پادشایەتیدا هەبووە.


خاڵیکی گەرم، کەناڵی جەزیرە

وەختێك ئەو هەماهەنگییە لەواقیعدا ڕەچاوناکرێ و تەنها خەیاڵی تیۆری ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیست و گۆشەگیری نەتەوەی سەردەست جێبەجێدەکرێت، ئیتر هیچ لە کایەدا نامێنێت جگە لە گرژی دووسەرە لە وڵاتان و شڵەژانی بۆینباخ لەملەکانی لە میدیاکانی دونیاوە.

کوردستانی نوێ ژ: **1670**، پێنجشەممە **1998/8/6**

# "خەونی عەرەبی" لە گەرمایی شەستەکانەوە

# بۆ ئۆپەرێتی کۆتایی نەوەدەکان!

**(1)**



سەباح دیاردەیەك
بۆ هەموو خەونەکانی عەرەب

گرفتی "خەونی عەرەبی" ئەوەیە، کە کابوسێکی دەرەکی چنگ ناکەوێ، کەوا لە عەرەبەکان بکات لەپێناوی خەونێکدا لە دەوری یەك گردببنەوە٠ لە هەلومەرجێکی واو لە سەر زەمینی ولاتێك کە کەمتر ناوەندی بانگەشەی یەکێتی عەرەب و گەشەسەندنی بیری ناسۆنالستی عەرەب بووە، لە ئۆکتۆبەری ئەمسالدا لە "گۆڕەپانی شەهیدان" لە بەیروت، ئۆپەرێتی (الحلم العربی) نمایشکرا، بەئامادەبوونی دەیان گۆرانیبێژو هونەرمەند، لەوانەی لە ولاتانی جیاجیای عەرەبییەوە هاتبوون، لەگەڵ سەدان هەزار هاولاتی بەیروتی، کە پێکەوە گۆرانیان بۆ خەونێکی عەرەبی دەگوت٠

کەناڵی فەزائی **LBC**-ی لوبنان لە ڕۆژانی پێش پێشکەشکردنی نمایشەوە پروپاگەندەی بۆ کرد، تا ڕۆژی نمایش و لەوێشەوە تا لە شەوی **1998/10/15** یشدا لە تەلەفزیۆنەوە پەخشیکرد٠ پروپاگەندەکان و ئەو بڕگانەی لە ئۆپەرێتەکە هەڵبژێردران ڕۆحی ناسۆنالستی نە تەنیا عەرەب، بەڵکو کوردانیشی دەبزواندو وای لێ دەکردن ئەوانیش خەون بە ئۆپەرێتێکی کوردییەوە ببینن٠ ناشڵێم خەون بە (خەونێکی کوردی)یەوە نەبادا قارداشەکانی ئەنقەرە لێمانی بقۆزنەوە٠ بەلام وێرای وشەو ئاوازو دابەشکردنە هەست بزوێنەرەکەی ئۆپەرێتی عەرەبی، کە هاوشانی ئەوە پروپاگەندە بۆ شامپۆی سانسۆن دەکراو وەك باقیی بەرنامەکانی دیکەی بازرگانی و سەربەخۆ بە چاودێری کۆمپانیایەك دەخرایەڕوو، مرۆڤ دەهاتەوە خوار پلەی سفرو تێدەگەیشت کە مەسەلەکە تەنها خەونە، خەونیش بە دڵی ئینسان و هەروا بەپێی خواست و

بەرژەوەندییەکانی وی دەبێت. بۆیە مەسەلەکان لە پروپاگەندەدا واکەوتنەوە کە بگوترێ (هـذا الحدث برعایە سانسون للشعر الجمیل). بە واتایەکی تر (الحلم العربی برعایە الـشعر الجمیـل). دوای ئەوەی لە رعایەت و چاودێریی ڕێبەرانی عەرەب و خیتابی ناسیۆنالستی عەرەبیدا هیچی بەهیچ نەکرد، بەڵکو پرچی خاو بەرهەمی هەبێت؟ دەی کەس نازانێ خێر لەکوێوە دێت؟

**(2)**

ئەو دەمانەی بانگەشەی کۆمەڵانی خەڵك دەکرا، بـۆ ئەوەی لە ڕۆژی دیـاریکراودا ئامـادەی ئـۆپەرێتەکە بـن، بەرێـکەوت بەرنـامەی (حـوار العمـر)ی هەمـان کەنـاڵی (LBC) دیـدارێکی دوورودرێژی لەگەڵ ڕیاز نەجیب ئەلرەیسدا هەبوو. ریـاز، کە پێـشتر سەرنووسـەری گۆڤـاری ناوداری (الناقد) بوو و ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی دێرینی لوبنانە، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ڕای چییە لەسەر دیاردەی ئۆپەرێتەکە، گوتی: (من ئێستاش واقعیم و باوەڕم بە خەون نیـیە، بەڵام خەونی عەرەبی کە گەنجەکان ئۆپەرێتی بۆ دەڵێن، نیـشانەی عافیـت و تەندروسـتییە)، ئەمە لەکاتێکدا ڕیاز نەجیب ئەلرەیس خـۆی لە نەسـلی ئەو ڕۆژنامەنووسـانەی ڕۆژنـامەگەریی شەستەکانی عەرەبە، کە بە فیعلی کاریان بۆ خەونی عەرەبی کردووە، نەك تەنها بە ئۆپەریـت، کەچی ئێستا مەسەلەکان تەنها لە ئاستی ئۆپەرێت و وشەکانیش ئەگەرو تەوازوعکاری تێـدایە (جایز ظلام اللیل) "دەشێ تاریکی شەو" و دەشێ وشەیەك، گۆرانییەك بتوانن شـت بـکەن. لە هەمووانیش موتەوازعتر دورەید لەحام-ی هونەرمەندی گەورەی سوریا بوو کە گوتی: (میللەتی عەرەب تا ئێستا خەوندەبینێ) ڕەنگە ئەمە جوانترین گوزارشت بێت لەسەر بێئومێدی خـۆی و سوریای وڵاتی لە ئاستی لاوازی عەرەب لە دواین تەنـگەژەی نێـوان دیمـەشـق و ئەنـقەرەدا، دەیان هونەرمەندی عەرەب لە دەیان لەو وڵاتانەی بە جورئەتەوە لە هەڕەشەکانی سەر سـوریا نەهاتنەپێش، هاتبوون بۆ گۆڕەپانی شەهیدان، تا بەشداریی ئۆپەرێتەکە بـکەن. کەچـی هـیچ هونەرمەندێکی لە لیبیا هاتووی تێدا نەبوو، لەکاتێکدا ئەوە تەنها سەرهەنگ قەزافـی بـوو، کە سـەرەڕای بێئومێـدبوونی لە عەرەب و خەونەکانیـان و سـەرەڕای ئەوەی وڵاتەکەی ڕوو لە تەکەتولێکی ئەفریقـاییە، بەڵام لە هەمـوان جـوامێرانەتر هاتەدەسـت و هەڕەشـەی تونـدی لە تورکیا کرد.

**(3)**

## بەهاری ئاساییکردنەوەو پاییزە خەونی عەرەبی

گۆرانی بێژی لوبنانی "سەباح"، وەك بە تەمەنترین هونەرمەندی بەشداربوو، سەرەتا ئاهەنگی (خەونی عەرەبی) کردەوە. بەشداربوونی ئەو چاکترین گەواهی دڵنیـاکەرەوە بـوو بـۆ نەیـارانی

عەرەب، کە مەسەلەکە تەنها خەونێکی ئۆپەراییەو نابێتە واقیع، چونکە سەباح بەر لە عەرەفات و سادات، وەکو یەکەمین تەتبیع (ئاساییکردنەوەی) هونەری کە هونەرمەندێکی عەرەب پێی رابێ، چووە ئیسرائیل و بۆخۆی بە تەنها "کامپ دەیڤد" ێکی هونەری لەگەڵ جولەکەدا مۆرکرد. بەمجۆرە "سەباح" تا گەنج و هێزی تیامابوو دۆخی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکردەوە، کە پیریش بوو و پەککیکەوت گەڕایەوە لای خەونی عەرەبی.



ئۆپەرێتی خەونی عەرەبی

بەهەرحاڵ پەسەندنییە مرۆڤ ئەوەی لە عومری باقی ماوە دوور لە مەسکەنی خۆی بەسەریبەرێ و دەشێ بەهاری عومر بۆ ئاساییکردنەوەو پایزەکەشی بۆ خەونێکی خۆماڵی بێت. لە سەرێکی ترەوە نیشتمانی خەونەکەی لە ئۆکتۆبەری ئەم ساڵ نمایشکرا لەچاو مەڵبەندەکانی تری عروبە بەراوردناکرێ. دروستە لوبنان دوابەرەی موقاوەمەتە لە دژی ئیسرائیل و باشوورەکەشی سەنگەری پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەیە، بەڵام ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە هێڵی بەرەنگاری سەربازی بۆ خۆشی لەبەر هەڕەشەکان دواسەنگەرە، کە دەشێ بەرەنگاری سیاسیی تێدا بکرێت و لاوازترین ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسییە. بەهەمان ئاستیش بەیروت پتر ناوەندێکی دیموکراسیی دونیای عەرەب بوو، تا ناوەندێکی ناسۆنالستی. هەنوکەش زەخمەکانی، دیموکراسییەتە قوربانی و برینداربووەکەی دەستی پەرتەوازەیی هەڵوێستی عەرەب سارێژنەبۆتەوە تا ئەو پلەیەی "خەونی عەرەب" لە دەرەوەی مانا ئاهەنگسازییەکەی لە (گۆڕەپانی شەهیدان) نمایشکرا، لەباوەشبگرێت.

## (4)

## خەونی بێ کابوس ئاسانترە لە واقیعی تاڵ!

بەڵام بۆچی (خەونی عەرەبی) لە پرۆژەیەکی گەورەی ناسیونالیستی عەرەبەوە بووە ئۆپەرێتێک لە ئەڵقەی لاوازی جوگرافیای عەرەبەوە نمایشبکرێ؟ بەدیتنی ئەز، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو خەسڵەتی جەوهەری لە سروشتی ناسیونالیستی عەرەبییدا، یەکەمیان بزریی دیموکراسیی و دووەمیان ناڕادیکالی پرۆژەی ناسیونالیستی عەرەب و دیاری نەکردنی

دۆست و نەیارانی بە دروستی. لەباری ناڕادیکاڵییەوە، ناسۆنالستی عەرەبی هەمیشە دوژمنێکی دەرەکی بۆ خۆی دانابوو، کە "ئیسرائیل" بوو. لەبەر پێی ئەو دوژمنە دەرەکییەدا هەموو گرفتە ناوخۆییەکانی دونیای عەرەب سەربڕان و سڕکران، کە ئەوەیان بزریی دیموکراسییەکەش ڕووندەکاتەوە، چونکە لەبەرئەوەی ناسیونالیستی عەرەبی پرۆژەیەکی لەسەرەوەڕا ئامادەکراوبوو نوخبەیەکی ڕووناکبیر، بێ بەرجەستەکردنێکی جەماوەری، باوەڕیان پێ هەبوو، لەبەرئەوەی ناسیونالیستی عەرەبی خۆی لە گرفتی هەنووکەیی هەریم و وڵاتانی عەرەبی لەسەر زەمینی واقیع نەدەدا، بۆیە لە سەرێکەوە بیری ناسیونالیستی و "خەونی عەرەبی" لە کەس قەدەغەنەکرابوو، فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆن، سیاسەتمەدارو هونەرمەند دەیانتوانی بانگەشەی بۆ بکەن، مادامەکی (زیان بەپەزی بەرژەوەندییە ڕۆژانەییەکان ناگەیەنێ)، لە سەرێکی ترەوە لەبەر خەسڵەتی (خەون ئامێزی)و "ناواقیعی" پرۆژەی ناسیونالیستی عەرەبی و بوونی دوژمنێکی دەرەکی هەموو خواستەکانی دیموکراسیی و مافی کەمینە و مافی مرۆڤ و گەشەپێدان بەبیانووی هەڕەشەی دەرەکییەوە فەرامۆشدەکران. ئاکامی هەموو ئەمانە نسکۆیەکی جەرگبڕی عەرەبی بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی دوژمنی سەرەکی بوو بە دۆستێکی ناچاری و پێویستبوو لە کابووسەوە بگەڕێنەوە واقیعی تاڵی ڕەوشی ناوخۆیی، کە تا هەنووکەش هیچی بۆ نەکراوە. لەو ئۆپەرێتەی (کە زیانی نییە بۆ پەزەکان)، دیسانەوە تێبینی ئەوە کرا، چونکە خەونی عەرەبی ڕادیکاڵ و تەکلیفی سیاسی نییە، دەبینرا میللەت و هونەرمەند و فەرمانڕەوایان پێکەوە چەپڵەیان بۆ لێ دا و هەر حکومەتی لوبنانیش ئەمنییەتەکەی گرتەئەستۆ... لێرەوە دەردەکەوێ خەونی عەرەبی لە زەمەنی نەبوونی کابوسێکی دەرەکی و ئاودیوکردنی (گۆرانی تاکەکەسەکان) و عەزفی مونفەردو هەمەجۆری داهێنانەکان، چ زەرورەتێکی بۆ عەرەب هەیە. هەربۆیەش هەمووان (بەگشتی دەنگ) گوتیانەوەو چەپڵەیان بۆ لێ دا (الحلم العربی برعایە الشعر الجمیل) و سەرکوتکراوانی ناوخۆیی وڵاتانی عەرەبیش لە کەمینە و پەراوێز کەوتووان... (فی رعایە الله).

کوردستانی نوێ ژمارە: **1722** دووشەممە **1998/10/19**

# لە نوێترین کتێبی (محەمەد ئەرکون)دا:

# تەبایی شیاو لەنێوان عیلمانیەت و ئیسلامدا



ئەرکۆن

لەو گفتوگۆ گەرمەی لە هەشتاکانەوە لەنێوان ئیسلامی و عیلمانییەکاندا لەئارادایە، محەمەد ئەرکون دلێرانە دەچێتە نێوجەرگەی مەسەلەکەو ڕوانگەی خۆی بۆ ئاڵۆزترین کێشمەکێشەکانی فیکری عەرەبی نوێ و هاوچەرخ دەخاتەڕوو، مەبەستم دوانەکانی عەلمانی و ئایین، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئیسلام و مەسیحییە٠

ئەرکون پشت بە میتۆدی ڕەتکردنەوەی هەموو دیسپلین و بەڵگەنەویست و یەقینە دۆگماتیزمە گرژبووەکانی سیستمی داخراو دەبەستێ، بەڵام ئەرکون ئەو هەڵوێستە باوەی سڵەمین و گومانلێکردنەی پەسەندنییە کە زادەی علمانییەتێکی سەختەکارانەیەو ئیسلام بوونی خۆی دەپارێزێ و هەرواش بەرامبەر بە کەلتورەکەی وەفادار دەمێنێتەوە٠ بەپێچەوانەی ئەوەی لەگەڵ زۆر لە ڕۆشنبیران و تۆژەرەکان ڕوویدا، توانەوە لەناو کۆمەڵگەی ئەوروپیدا ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئەو لەهەمان کاتیشدا لە پرۆسەی گەڕاندا دەیەوێ تا فیکریەکەی کە هەڵگرێتی، هەماهەنگە٠

بە بۆچوونی ئەرکون، (ئینتیما بۆ ئیسلام ناتەبانییە لەگەڵ بوونی ئەو لە هێڵی عیلمانییەتدا، چونکە عیلمانییەت یەکێکە لە دەستکەوت و نەبەردییەکانی ڕۆحی ئینسانی و دەستکەوتێکیشە کە لە ناوەندی جیاوازو لە گەلێك ئەزموونی ڕۆشنبیرییەوە، لەوانەش بواری عەرەبی- ئیسلامیدا، وەدی هاتووە٠ عیلمانییەت هەڵوێستێکی ڕۆحەو لەپێناوی دەستگیرکردنی حەقیقەتدا تێدەکۆشێ)٠ ئاوەها ئەرکون ئەو پروپاگەندانە بەدرۆدەخاتەوە کە دەڵێن، ناکۆکییەکی گەوهەری لەنێوان ئیسلام و عیلمانیەتدا هەیە، خودی ئیسلام بە ڕووی عیلمانیەتدا داخراونییە، بەڵام کێشەکە هەر بە واڵایی دەمێنێتەوە، چونکە ئێمە هەموان

لەئاستی هەڵوێستی عیلمانیدا هاوچاخی یەکتری نین. ئەمەش بەسەر کۆمەڵگەی فەڕەنسی و کۆمەڵگە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی لەبابەت ئەو کۆمەڵگایانەی ئیسلامی تێدا زاڵە، جیبەجێدەبێ. ئەرکون پێیوایە کێشەکە لە قولاییەوە چارەسەرنەکراوە، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی عیلمانییەت و ئایین لەبەردەستدان گەلێك سنووردارن.

هەردوو چەمکی عیلمانییەت و ئاین نارۆشن و نەخەملێون و هەرواش دەمێننەوە تا ئەو دەمەی بایەخ بۆ دیاردەی ئاینی دەگێردرێتەوە، ئەو دیاردەیەی فەلسەفە عیلمانییەکان هەوڵیاندا ڕۆڵی لە بزاوت و ڕێڕەوی مێژوو فەرامۆشبکەن، چونکە ئایین لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا ڕەگی ئەو کۆمەڵگایەیە، نەك تەنها شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی پێشکەشکردووە، بەڵکو وەڵامی عەمەلیشی پێیە، کە شایستەی جیبەجێکردن و بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ بێ، لە بواری پەیوەندیمان بە بوون و ئەوانی دەوروبەرو ئەو چوارچێوە فیزیاییەی کە دەورەیداوین، بەڵکو تەنانەت لە بواری تێکرای گەردوون و ئەو شتە "سەرووی سروشتی"یانەی لە پشتییەوەن، مرۆڤی هاوچەرخ پەنا بۆ ئایین دەبات، تاوەکو (ئەو چارەسەریانەی لێوە هەڵێنجێنی کە ئیدی ڕۆشنبیرییە هاوچەرخەکانمان پێشکەشی ناکەن)و ئەو توانستانەی ئەمڕۆ هەمانە، کەمترە لە توانستی پێشینانمان سەبارەت شۆڕبوونەوە بۆ "جیهانی سروشت"و تێگەیشتن لێی، چونکە سروش (الوحی) فاکتەرێکی مێژووییەو ڕۆڵی لە دروستکردنی کۆمەڵگاکانی کیتابدا بینیوەو ناشکرێ هەروا ڕاگوزەریانە بەسەریدا تێپەڕبین (مەبەست لە کۆمەڵگاکانی کیتاب، ئەو کۆمەڵگانەیە، کە پەیامە ئاسمانییەکانی تێدا لەدایکبووە- وەرگێر) بەڵکو (دەبێ بەهەمموو هێزو کارتێکردنێکییەوە لەسەر ڕەوتی مێژوویی گەلان و کەلتوور و ڕێکخرە فیکرییەکان لێی بکۆڵرێتەوە) ئەو فەلسەفانەی دیاردەی ئاینی لە پانتایی بایەخپێدراوەکانی خۆیان دەسڕنەوە، یان لە گرنگیی کەمدەکەنەوە، ئەو فەلسەفانە فەلسەفەیەکی عیلمانی نین، بەڵکو (عیلمانیگەرایین). ئەم ناوە بەسەر فەلسەفەی وەزعی کۆنتدا دەچەسپێ، هەرواش بەسەر فەلسەفەی ماتریالیی مارکسدا. هەرچی هەڵوێستی عیلمانییە، ئەوا لەو دوو فەلسەفەیە واوەتریش دەچێ، هەڵوێستی ئەو (هەڵوێستی ڕۆحە لەبەردەم مەسەلەی مەعریفەدا)، ئەو هەڵوێستە ئەقلانییەی ئەرکون هەڵگرێتی، هەردوو هەڵوێستی ئاین و هەڵوێستی عیلمانی لە پانتاییەکی چوون یەك دادەنێ (ئەم دوو هەڵوێستە پەیوەست بە قاژبوونێکی قووڵ کە لە ناخی خودی مرۆڤدا جێگیربووە) لەم چوارچێوەیەدا هیچ پاساوێك بۆ دۆخی ململانێ لە نێوان هەڵوێستی ئایینی و هەڵوێستی عیلمانیدا نییەو پێویست بەوە ناکات لە هەریەکەیان لەبەر هۆکاری سیاسیی و فیکری ئەویتریان دووربخاتەوە.

## دوورخستنەوەی گفتوگۆ


کێشمەکێشێك لە مێژووەوە

هەر لەو ڕێڕەوەشدا دەکرێ کێشمەکێشی ململانێی نێوان ئاینەکان چارەسەر بکرێ، چونکە هێڵی کلاسیکی، کە خۆی لە چوونە ناو دایەلۆگێکی نەزۆك و بێکۆتایدا لە ڕێگەی موفەڕەداتی فەرهەنگی دێرین و ناسراوی لاهوتیدا دەبینێتەوە، ئەو دایەلۆگە هەرگیز ناگاتە ئاکامێك، تاقیکردنەوەش سەلماندی، ئەگەر ئێمە چووینە ناو ئەو گفتوگۆ جەدەلییە هەڵایساوەی ئەوە چەندین سەدەیە بەردەوامە، ئەوا هەرگیز دەرچوونمان بۆ نییە، بۆیە ئەرگون گفتوگۆ دووردەخاتەوە، چونکە ڕەوایی بە باڵای جووتە خودگەراییەك دەکات، کە لەئاستی ڕوانگە بەمیرات بەجێماوەکاندا چوونەتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆوە، لەکاتێکدا (پێویستە ئێمە بە ناخەکاندا شۆڕببینەوە، تاوەکو بگەینە ئەو ڕەگە هاوبەشەی ئەو باوەڕانە لەسەر بنچینەکەی دروستبوون) ئەو ساتەش واز لەوە دێنین، ئێمە کۆمەڵە قەڵایەکی تۆکمەیی بین کە لەنێوان خۆیاندا لەململانێدان، هەربۆیەش ئەرکون بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی کەلتووره ئایین و ڕۆشنبیرییەکانمان لە جیاتی وشەی (گفتوگۆ) وشەی (هاوکاری) پێ پەسەندترە.

بەتەنها لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێ هەندێك لەو گوتانە بخرێنەڕوو کە لەنێوان ڕۆژهەڵاتناس و تەنانەت لەناوەندی زانا هەرە هاوچەرخەکانمان لە ئیسلامناسانی ڕۆژئاوادا بەربڵاوە، وەکو ئەو گوتەیەی گوایە ئیسلام فاکتەری ڕۆحی و فاکتەری سیاسیی تێهەڵکێشدەکات. تێڕوانینی لەو بابەتە، بەرهەمی ئەو تێهەڵچوونە کۆنترۆڵ نەکراوانەی

نێوان ئەو پانتاییە فیکری، ئایینی، سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیرییەیە، کە فەزای کۆمەڵایەتی مێژوویی پێکدێنێ.

پێکەوەگرێدانی دەسەڵاتی ئاینی و سیاسی، یان جیاکردنەوەیان بەندن بە گەشەی ئابووری— کۆمەڵایەتی مێژووییەوە، جا دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژئاوای مەسیحیدا ڕەوایی خۆی لە دەسەڵاتی دینی پاپۆییەوە وەردەگرێت، تا سەروەختی شۆڕشی فەڕەنسی، کە گەشەی بۆرژوازی گەیشتە سنوورێك بواری جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی کەنیسە ڕەخسا، ئینجا ئەوروپا توانی جوغزێکی سەربەخۆ بۆ ئابووری بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا توانرا جوغزێکی سیاسیی سەربەخۆ و جیاواز لە جوغزی ئایینی پێبکرێ. بۆرژوازی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، لەسەدەی شازدەهەمەوە، بەردەوامییەکی بەسەریەکەوەی بەخۆوەبینی، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە مەڵبەندی ئیسلامدا ڕووی دا. لەو مەڵبەندەدا چینی بۆرژوازی بازرگانی، کە لە سەدەی سێیەمەوە بۆ سەدەی پێنجەمی کۆچی دەرکەوتبوو، نەیتوانی بەردەوامبێ و گەشە بستێنێ بۆ چینێکی سەرمایەداری پیشەسازی، کە بتوانێ جیاکردنەوەی نێوان جوغزی ئایینی و جوغزی سیاسیی جێبەجێبکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکون پێیوایە ئیسلام لە مێژوویی خۆیدا عیلمانییەتی ناسیووە، بۆ نموونە سیستمی عوسمانی نەکرد تاوەکو لە بواری ئیسلامی بخەملێ، لەراستیدا دەستپێکی عیلمانییەت لەساڵی (661)وەیە، لەگەڵ دەستگیرکردنی دەسەڵات لەلایەن معاویەوەو پاکتاوکردنی لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە. پێویستیشە لەئاستی تاقیکردنەوەی ئەتاتورکدا هەڵوەستەیەك بکەین، بەو سیفەتەی کە تاکە ئەزموونی عیلمانی بنەڕەتییە لە بواری ئیسلامدا. ئەرکون لەبەردەم سەرلەنوێ بوژاندنەوەی مەرجەعییەتی ئایینیدا هەڵوەستیەك دەکات، ئەو مەرجەعییەتەی تەنانەت لە تورکیاشدا پەیدابۆتەوە. هەروەها پتر بوونی توانای بزافە ئایینیەکان لە وڵاتی دیکەی ئیسلامی، بە چەشنێك کە عیلمانییەت بۆتە شتێکی نەشیاو و ناکرێ لە شێوازی ڕۆشنبیریی باوی ئێستای کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا، چ ئەو کۆمەڵگایانەی عەرەبین یان بەپێچەوانەوە، بەدیبکرێ. ئەم توندوتیژییە ئایدۆلۆژیایەی لەبنەڕەتدا بەرهەمی جەدەلییە بۆ هێڵی پاشەکشە لەبەرامبەر ئەو ڕووبەڕووبوونەوە توندوتیژەی هەژموونی کۆلۆنیالی و ئینجاش هەژموونی شارستانییەتی ماتریالی سەپاندوویەتی. ئیدی سەبارەت بە ڕۆژئاوا، چارەنووسی ئەو میللەتانە تا ئەوەندە گرنگە شمەك و بەرهەمەکانی خۆی بۆ وڵاتە گەشەسەندووەکان ڕەوانەبکات، بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بە گرەوی مرۆیی و ڕۆشنبیری ئەو گەلانە بدات، ئاوەها ئەرکون دەگاتە ئەوەی کە (مادامەکەی ڕۆژئاوا ئیسلام بە نامۆییەکی ڕۆشنبیری و ئایینی دوور دەزانێ، کە لە شوێنێکی تر گوزەران بەسەردەبا...

بۆیە کاریکی دژوارە بەرپرسیاریتی هاوبەشەکانمان سەبارەت بە چارەنووسی ئینسان و مافەکانی بگریتەئەستۆ). کەواتە چ بکرێ لە دەرئەنجامدا؟ ئایا ڕیگایەك بۆ تێپەڕاندنی ئەو دەلاقەیە هەیە، کە ئیستا لەنیوان فیکری عیلمانی ڕۆژئاواو فیکری ئیسلامی کە خۆی بە یەقینە دۆگماتیزمەکانییەوە گرمۆڵەکردووە، لەئارادایە؟

ئەم مەسەلەیە شیاوە، ئەگەر موسوڵمانەکان بتوانن لەو زۆرەملێی و بەربەستە نەفسی و زمانەوانی و ئایدۆلۆژیانەی، کە گوشار دەخەنە سەریان و باریان گراندەکەن، ڕزگاریانبێت. ئەو گوشارەش بە تەنها بەهۆی پاشماوەکانی مێژوویانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی فاکتەری دەرەکی و چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەشەوەیە، پێویستە لە سەریان بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ڕزگارییە، پەیوەندی لەگەڵ ڕاستی مێژوویی فیکری ئیسلامی لە چوار سەدەی یەکەمی کۆچیدا بگێڕنەوە.

ئیسلام لە هەردوو سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا بزووتنەوەیەکی فیکریی ڕەسەنی بەخۆوە بینی (واتا بزووتنەوەی موعتەزیلەکان). بەبۆچوونی ئەرکون، بزووتنەوەکە بزووتنەوەیەکی نوێخوازی مەعریفی ئەبیستۆمۆلۆژییە، لەبەهاری سەدەی دووەمی کۆچیداو دەکرێ وەکو بەرماوەی گەشاوەی عەرەب دابنرێ. لەدواییشدا دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامییەکان ئاستی گەلێك کەمترە لەو سیستمە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی لە تافی سیستمی خەلافەتیدا وەدیهاتووە، بەڵام چۆن عەرەب و ئیسلام دەتوانن کە کەلتووری داهێنەری خۆیان بگێڕنەوە، سەرلەنوێ ئێستایان دابمەزرێننەوە؟

دەبێ یەکەم لە دروستکردنی ڕایەکی گشتییەوە دەستپێبکەین، وەکو ئەوەی نووسەرو فەیلەسوفە فەرەنسییەکان لە سەدەی هەژدەهەمیندا دروستیانکردبوو. چونکە بوونی ئەو ئەو ڕای گشتییە بنچینەیی و پێویستە لەپێناو پراتیزەکردنی دیموکراسییەت و ڕاهێنان لەسەر ئەو گفتوگۆیەی ئێستا لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانیدا بوونی نییە. دووەم بە حیواری نێوان کەلتوورەکان و بەراوردکردن لەنێوان پانتاییە فیکرییە جیاوازەکان و تێپەڕاندنی کێشمەکێش و ناسنامە کلاسیکی و بەجێماوەکان لەنێوان هەر گروپێك یان نەتەوەیەك، تایفەیەك یان مەزهەبێك. سێیەم بەرپاکردنی شۆڕشێکی ڕۆشنبیری و پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی و دابڕانێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ تێڕوانین و تیۆرە پێشووەکان، کە بە (زانستی) و (گەردوونی) دادەنران،. چوارەمیش بەکرانەوە لەبەردەم ڕەوەندە تازەو نوێخوازەکانی فیکری ڕۆژئاواییدا.

ئەرکون لەم کتێبەیدا ئاسۆگەلێکی فراوان بۆ وتوویژو بیرکردنەوە لە گرفتە هەرە ئاڵۆزەکان فیکری عەرەبی و ئیسلامی کردەوە، جا هەرچەندە ئەو فاکتەرە مێژوویی و

ئایـــدۆلۆژییەكانی پشتگوێخـــست و لە بۆچـــوونێكی ماركـــسیانەی ئـــابووری گەڕایەوەو بایەخێكی یەكلاكەرەوەی بە رۆڵی فـاكتەری ئـابووری لە درووسـتبوونی عیلمـانیەت دا، هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەو نەگەشتینە ئاكامێكی یەكـلاكەرەوانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو هانیداین لە ڕێگەی چارەسەركردن و بەدیهێنانی بەرەو پێشەوە بچین.

كوردستانی نویَ: ژ:**797** پێنجشەممە **1994/9/29**
نووسینی: كرم الحلو - رۆژنامەی: النهار — **1994/7/21**

# خەرتووم لەبەردەم

# برسێتی خەڵک و کێشەی باشووردا


بەشیر، سەما لەگەڵ مەرگ

لەئاکامی نەمانی ئەو ئاگربڕەی لە ئازاری ئەمساڵەوە پیادە دەکراو بەهۆی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی باشوورو هێزەکانی حکومەتی سودان، جگە لەو چوار ملیۆنەی پێویستیان بەکارە فریاگوزارییەکانی UN هەیە، لەم هەفتەیەدا (100)هەزار هاوڵاتیش ئوارەی وڵاتی ئۆگەنداو پەراگەندەی باکووری سودان بوون، هێزەکانی حکومەت هێرشیانکردۆتە سەر شاری (کابا)و چەندین شەڕو پێکدادان لەگەڵ سوپای ڕزگاریخوازی سودان روویان داوە، کەچی حکومەتی سودان، لە تازەترین هەڵوێستیدا پابەندبوونی خۆی بە بڕیاری ئاگربڕ ڕاگەیاندووە. ئەوەی زیاتربووەتە مایەی مینەتی خەڵکە ئاوارەکەی باشوور، شەڕو پێکدادانەکانی نێوان باڵە لێکترازاوەکانی ئۆپۆزسیۆنە.

پێدەچێ ئەم ئاگر برە، لە ڕاگرتنێکی کاتی شەڕ بەولاوە هیچی دیکە نەبووبێ و هەر دەبوایە پرۆسەیەکی ئاشتی ئاوەها لەق ئەمە کۆتاییەکەی بێ.. حکومەتی ئەلبشیر، ویرای بانگەشە توندڕەوەکانی بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا، نیازی بوو متمانەیەك



توڕابی

لە ڕۆژئاوا بۆ خۆی دابینبکات، سەردانەکانی (د.الترابی) بۆ ڕۆژئاواو کڕینی گەنمی ئەمریکی و پێشنیارەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ئەمانە هەموو ئەو کەناڵە جیاجیایانە بوون، کە لە ڕێگەیەوە بەرەی نەتەوەیی ئیسلامی فەرمانڕەوا ویستی چارەسەرێك بۆ ئاستەنگییەکانی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵدانەشی بێهودەبوو. ئەوە بوو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کە (البشیر) ناوی لێنابوو دەزگایەکی ئیمپریالیستی، قەرزبەخشینی بە سودان ڕاگرت.

لەلایەکی دیکەوە، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بە سەرۆکایەتی جۆن گەرەنگ تووشی چەندین گیروگرفتی ناوخۆیی بوونە. نەیارەکانی گەرەنگ باسی گیانی دیکتاتۆرخوازیی ئەو دەکەن و هەر لە ساڵی **(1991)** لێکترازان کەوتە ڕیزی سوپای میللی ڕزگاریخوازی سودانەوە. لەم دواییەدا ڕابەرێکی دیکەی باشوور بەناوی (ڕۆستم عەلی مصطفی) بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ گرەنگ ڕیزەکانی سەپای میللی ڕزگاری بەجێهێشت و گەیشتە ئۆگەندا، ئێستا بزووتنەوەی (النصر) لە شەڕێکی گەرمدایە لەگەڵ هێزەکانی سوپای میللی ڕزگاری.



ئەلسادق مەهدی

وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، ئێستا کردارەکانی حکومەتی خەرتوم هەڵدەسەنگێنن. لەم بارەدا چەندین خاڵیان بەدەستەوەیە، وەك لەباوەشگرتنی بزووتنەوەی ئوسولییەکان، پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی توندوتیژی لە باشووری وڵات، کە بە هەزاران کەس لە تیرەی (النوبە) بە بەرنامەیەکی داڕێژراو جینۆسایدی ڕەگەزی دەکرێن. جگە لە سەرکوتکردنی خەڵك و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی سودان، ڕەنگە ڕاگرتنی قەرز بۆ سودان گوشارێکی سیاسی

بێ، زیاتر لەوەی سزایەکی ئابووری بێ.. بەڵام ڕەنگە UN بەگومانەوە بڕوانێتە ئەو بیرۆکەی دەڵێ، پێویستە UN زیاتر بۆ مەسەلەی پاراستنی پەراگەندەو لێ قەوماوەکانی شەڕی باشووری سودان بچێتە پێش، لەلایەك ئەزموونی سۆماڵی لە پێشچاوە کە هێشتا سەرکەوتنی دیارنییەو لەلایەکی دیکەشەوە تێچوونی پرۆسەیەکی لەم چەشنە لەتوانای UNدا نییە، بەتایبەتی کە ئێستا بودجەی ئەم ڕێکخراوە خۆی لە کەمی دەدات. ئەوەی لە یارمەتییە فریاگوزارییەکانی UN بۆ سۆدان دەبینرێ، نیشانەی کورتهێنانی ئەو یارمەتییەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاوارەکانی سودان.



جۆن گەرەنگ

حکومەتی سودان، وەکو مانۆڕێك بۆ قوڵکردنەوەی لێکدابڕانی ئۆپۆزسیۆن، دەیەوێ لەگەڵ گروپی (ئەریك ماشار)، کە لە هێزەکانی (گەرەنگ) جودابۆتەوە، گەشە بەدانوستان بدات و هەر لەسەرەتاوە بەشداربوونی (گرەنگ)ی لە دانوستانەکان ڕەتکردۆتەوەو بەتەگەرەی ڕێگای ئاشتی دەزانێ، سەرەڕای چەند خولێکی دانیشتن، (گەرەنگ) ئەوەی دەربڕی کە هێشتا ئوسولیەکان پێ لەسەر پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی لە باشووری وڵات دادەگرن، کەچی خەرتووم بانگەوازەکانی گەرەنگ بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی سەبارەت بە فریاکەوتنی خەڵکی ئاوارەو دانانی گوشاری سەربازی و نەوتی لەسەر حکومەتی سودان بەکارێکی نانیشتمانی لەقەڵەمدەدا، بگرە هەوڵەکانی سەرانی نایجیریاو کینیاو ئۆگەنداش بەدەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی وڵات تێدەگات، لەکاتێکدا گەرەنگ ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە هەوڵەکانی ئەو لە چوارچێوەی سودانێکی یەکگرتوودایە.

کێشەی باشووری سودانی دەوڵەمەند بە کەرەستەی خاوو درامەتی زۆر، ڕێگەی چارەسەرەی کێشەکانی دیکەی سودانە، بەڵام ئاخۆ ئەفسەرە ئوسولییە فەرمانڕەواکانی سودان لەوە تێدەگەن کە لە جێگای ئەوەی هەوڵی سازشکردن لەگەڵ ڕۆژئاوا بدەن،

هەنگاوێک بۆ سەلماندانی داخوازییەکانی خەڵکی باشوور بنێن و لەگەڵ ئەوان نەك لەگەڵ دەرەوە نیمچە سازشێك بکەن، تا ئیتر بواری دەستێوردانی دەرەوە نەمێنێ!

کوردستانی نوێ: ژ:**461** سێشەممە **1993/8/13**

# جێگیر نەبوونی هاوکێشەی (دەسەڵات - ئۆپۆزسیۆن) لە فەلەستیندا!



دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن، هاوکاردەبن؟

هەر لەگەڵ مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی (غەززە - ئەریحا)دا، شیکەرەوە سیاسییەکان پێشبینی ئەو ئەرکە قورسانەیان دەکرد، کە ڕووبەڕووی دەسەلاتی فەلەستینی لەناوچەی ئۆتۆنۆم دەبێتەوە. ئەرکە قورسەکانی لەبابەت پەرەپێدانی ئۆتۆنۆمییەکە، دۆزینەوەی ناسنامەیەکی قانونی شیاو بۆ دەسەلاتی فەلەستینی کە جۆرە گونجانێکی لەنێوان خواستەکانی خەڵکی فەلەستین و هەلومەرجە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی تێدابێ، بەڵام گرنگترین ڕووبەڕووبوونەوە کە پێشبینیدەکرا تووشی عەرەفات و حکومەتەکەی ببێ، ئەرکی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ئەو گروپ و دەستە فەلەستینیانەی لەناو خاکی فەلەستیندا کەم تا زۆرێک بنکەیەکی سیاسییان بۆ خۆیان پێکهێناوەو لەسەرەتای دانوستانەکانی عەرەب – ئیسرائیل و دوای مۆرکردنی (غەززە - ئەریحا)ش دژ بە ڕەوتی ئاشتی دەوەستانەوەو بە سازشیان لەقەڵەمدەدا، ئەمە بەتایبەتی لەو گروپە ئوسولیانەدا خۆی دەنواند کە کەڵکیان لە بۆشایی سیاسیی لەناو خاکی فەلەستیندا وەرگرتبوو. سەرباری ئەوەش دەتوانین ئەوەش

وەبیربێنینەوە، کە هەندێك لە ناوەندە عەرەبییەکان، ئەوانەی غەززە – ئەریحایان بە پیلانێکی نێـــودەوڵەتی دژ بە عەرەب دەزانـــی، ئاماژەیـــان بەوە دەکـــرد کە ئیـــسرائیل دەیەوێ بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوە توندڕەوەکان بخاتە ئەستۆی حکومەتی خۆمـاڵییەوەو لەم ڕووداوە هەم خۆی لەو ئەرکە ڕزگاردەکاو هەمیش فەڵەستینییەکان توشی ئیحراجبوون بکات.

بەڵام ئەوە بەتەنها ئیسرائیل نەبوو کە حکومەتی فەڵەستینی فڕێدایە گێـژاوی ئەزمـوونێکی نارۆشـن و پێـشتر تـاقی نەکـراوەوە. لەپـاڵ ئەو ڕۆڵەی دەدرێـتە پـاڵ ئیـسرائیل، ناشـێ ئەو ئاستەنگیانەش فەرامۆشبکرێن کە لەئاسـتی نـاوخۆو ئیقلیمـی و نێودەوڵەتیـدا ئەوەنـدەی تـر (دەسەڵاتی فەڵەستینیان) ئیحراجکردووە. لە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نیشتمانییەوە وا چاوەڕوانـدەکرێ کە حکـومەت و هێـزە ئۆپۆزسـیۆنەکان، ئینجـاش ناوەنـدە جەمـاوەری و میللییەکـان، تێکـڕای وزەو توانـای خۆیـان بـخەنەگەڕ و هەرچـۆنێکی بێـت ئەو دەسـەڵاتە نیشتمانییە لە هەلومەرجی نالەباری تازە دامەزراندن دەربێنن و بیگەیەننە ئاستێك کە ململانێ جیاجیاکانی مەیدانی سیاسەت کاری تـێ نەکـاو دامودەزگـا حکومییەکـانیش بە جێگـۆڕکێی نێوان و حکومەت-ئۆپۆزسـیۆن تووشـی شـڵەژان نەیەن. خـۆ ئەگەر ئەو قەوارە نیـشتمانییەی دەسەڵاتی نیشتمانی مومارەسەی دەسەڵاتی تێدا دەکـا، قەوارەیەك بێ لە ئاستە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا پشتگیری لێ بکرێ و بە دینگەیەکی سەرەکی ئاشتی بزانرێ، ئەوا ئەودەمە باوەشکردنەوە بۆ ئەو قەوارە نیشتمانییەو پەرەپێدانی لەلایەن گۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە بریاربەدەســـتەکانەوە، جـــگە لەوەی دەبێـــتە ئەرکێکـــی ئەخلاقیـی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی، هەرواش ئەو پـشتگیریکردنە زەرورییە بۆ پتر سەقامگیربوونی ئەو ئاشتییەی لەسەر بنـاغەی ئەو قەوارە نیشتمانیە کە دروستبووە.


حەماس یانی
جۆشوخرۆشی چەکدار

بەڵام پێکـدانەکانی ئەم دوایـیەی فەڵەسـتین لەنێـوان پۆلیـسی فەڵەســتین و جەمــاوەری خــۆ پێــشاندەران، ئەوەی نیــشاندا هێــشتا هــیچ کــام لە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەرکەکانی خۆیانیان لە جێگیرکردنی قەوارەی ئۆتۆنۆمیدا بەجێ نەگەیاندووە، وەکـو بەدواهاتنێـك هێـشتا دەسـەڵاتی فەڵەسـتینی بە سـەرۆکایەتی عەرەفـات نەیتوانییـوە سیستمێکی دیموکراتی ئەوتۆ بێنێتەدی، کە ئیحتوای دەنگە ناڕازییەکـانی (غەززە – ئەریحـا) بکاو شوێنێکیان لە گەرمەی سیاسییدا بۆ بکاتەوە.

راستە لەم وەدینەهاتنەی سیستمی دیموکراتییدا بەرپرسیارێتی بەتەنها ناکەوێتە ئەسـتۆی حکـومەتەکەی عەرەفـات، پێویـستە ئیـسرائیل لە دانوسـتانەکاندا سـەبارەت بە ئەنجامـدانی

هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی لە (غەززە – ئەریحا) دا باشتر بەپێری داخوازییەکانی وەفدی فەڵەستینییەوە بێ، بەلام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە حکومەتی ناوخۆیی تا وەختی قایلبوون بە هەڵبژاردنێکی ناوخۆیی لەئاست ڕووداوە بە پەلەکانی مەیدانی سیاسیی دەستەوەستان بوەستێ، بەڵکو دەبێ ئەو حکومەتە وا خۆی سازو تەیار بکات کە پتر لەوەی لە دەسەلاتێکی ئاسایی داوادەکرێ و پەیڕەوی لە سیستمی دیموکراتی بکات. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە ئەڵتەرناتیڤی دیموکراسیی ئیسرائیلی، کە هەمیشە لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە مایەی بەراوردکردنە، دەبێ ئەو ئەڵتەرناتیڤە لە فراوانکردنی بنکەی دیموکراسییدا ولاتە عەرەبییە نیمچە دیموکراسییەکانی وەکو میسرو تونس و... تێپەڕێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێ ئەوەی خواست و داواکاری ناوەندە میانڕەوەکان بێنێتەدی.

گەر عەرەفات تەنانەت ئەو جۆرە دیموکراتییە پڕاوپڕەش بێنێتەبەرهەم، هێشتاش (حەماس)و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی دیکەی بۆ دەستەمۆناکرێ، ئەسڵەن حەماس مانەوەی خۆی لە مانەوەی پشێوی و دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بە (غەززە - ئەریحا)دا دەبینێتەوە. بەواتایەکی تر کێشەی نادیموکراتییەتی دەسەلاتی عەرەفات نییە، هۆکارێک کە پتر لە هەرشتێکی تر ڕێگە لە ئیحتواکردنی حەماس و هاوهەڵوێستەکانی دەگرێ ئەوەیە، کە ئەو کەلتوورە سیاسییەی ئەو بەدەستیهێناوە تاکە پاکانەی بوونی (حەماسە)ە، تا ئەو وەختەی (حەماس) بە عەقڵییەتی ڕەتکردنەوەی (غەززە – ئەریحا) کاربکاو خاڵی گومان لەسەر شەرعییەتی دەسەلاتی فەڵەستینی دابنێ، تا ئەو وەختە مومکین نییە جۆرە میکانیزمێک لەنێوان حکومەتی عەرەفات و بەرەی بەرهەڵستکاران درووستببێ، مەحکەمەترین و ژیرترین ڕەفتاری سیاسی ناتوانن تا سەر نییەتی لایەنێک بشارنەوە، کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ نەفیکردنەوەی ئەویتر دروستبووە.

ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی ئەو پرسیارە دەوروژێنین: ئایا بەرنامەی ئایندەی (حەماس) چییە؟ ئایا حەماس کار بۆ هەڵگێڕانەوەی دەسەلاتی فەڵەستینی دەکات، یان دەیەوێ بە ئیحراجکردنی ئەو دەسەلاتە بودەڵەیی (غەززە - ئەریحا) بسەلمێنێ؟ بەلام خۆ هەر لە زاری بەرپرسانی (حەماس)ەوە ئەوە ڕاگەیەندراوە، ئەوان شەڕ لەگەڵ پرۆژەیەك ناکەن کە ئەسڵەن خۆی بە ئیفلیجی لەدایکبووە، ئەی کەوابێ (حەماس) لە پای چی تا ئێستاکەش لە هەوڵی دژایەتیکردنی حکومەتی فەڵەستینی پاشگەزنەبۆتەوە؟ ئایا ئەم هەوڵەی لە دوائاکامدا ئەگەر سەرکەوێ نابێتە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستی فەڵەستینی بەرامبەر بە ئیسرائیل و بەرامبەر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ لەڕاستیدا هەر لاوازییەك لە دەسەلاتی فەڵەستینیدا بەدیبکرێ، وەکو لاوازییەك بۆ تێکڕای فەڵەستینییەکان دەخوێنرێتەوە، چونکە ئەو دەسەلاتە مەرج نییە تا سەر قەوارەیەك بێ بۆ فەرمانڕەوایی عەرەفات.

لەحاڵەتێکدا ئەگەر دیموکراسییەتەکەی عەرەفات تەقلیدی بێ و (حەماس)یش ئاوەها توندڕەوی و دەرکەوتەکانیش ئەوە نیشانبدەن کە جارێ وێکگەیشتنیان دژواربێ، هەڵبەتە لەو حاڵەتەدا دەبێ پەناببرێتە بەر ڕووی دەرەوەی ئەو کێشمەکێشە، واتە لق و پۆپە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی پرۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل. هەر لێرەوەیە دەبێ پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ ئەزموونێك، کە خۆی بەرهەمی پرۆسەی ئاشتییە، بە زووترین کات لە واقیعی عەمەلیدا بەرجەستەببێ، ئەرکی سەرشانی ئەو وڵاتانەیە کە بەڵێنی یارمەتی مادی و مەعنەوییان بە ناوچەی ئۆتۆنۆم دابوو، بەڵێنەکانی خۆیان بگەیەننەجێ، ئابوورییەکی گەشەکردو و لە قەوارەیەکی نیشتمانیدا دەتوانێ هێزو گروپە سیاسییەکان پۆلێنبکاو بیانخاتە بەردەم ئەمری واقیعی ئیشکردن لە دەستپێکی دانان بە دەسەڵاتی نیشتمانییەوە، ئەگەر ئەو پشتگیرییە هاوکات بێ لەگەڵ سەرزەنشتکردنی حکومەتی ناوخۆ، بەوەی ئەوەندەی ئاستەنگییەکان دەیخوازێ دیموکراتی و سینگفراوان بێ، ئەو وەختە دەکرێ بە چاوساغییەوە بڕوانێتە ململانێ سیاسییەکان و ئەو لایەنە دەستنیشانبکرێ کە دەیەوێ بەرهەمی پرۆسەی ئاشتی جێگیرنەبێ و لەو جەماوەرەش جیابکرێتەوە کە بۆ دروستکردنی گوشاری ئیجابیانە لەسەر حکومەتی فەڵەستینی خۆپیشاندان و ڕەخنەی بەرهەڵستکارانە ئەنجامدەدەن، تا ئەو وەختەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ لەئارادابێ، مانای وایە هیچ کام لایەنە پەیوەندارەکان ئەرکەکانی خۆیانیان بەجێ نەگەیاندووەو هێشتاش گەمەی (حکومەت-ئۆپۆزسیۆن) لە سنووری دەسەڵاتی فەڵەستینیدا جێگیرنەبووە.

کوردستانی نوێ: ژ: (843) 1994/11/22

# پەنجا ساڵ نەگبەتی فەڵەستینییەکان


کۆچی نەگبەتی

ڕۆژی **(1998/5/15)**، کە بیرەوەری پەنجا ساڵەی نەگبەتی فەڵەستین بوو، دەرفەتێکی باشی بۆ فەڵەستینییەکان ڕەخساند، تاوەکو بە خۆپیشاندان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئیسرائیل داخی دڵی خۆیان بە نەتانیاهۆو حوکومەتە پێداگرتووەکەی هەڵڕێژن. ڕۆژێك بوو کە هەموو کارەسات و نەگبەتییە لە مێژینەکانی لە یادەوەری گەلی فەڵەستیندا زیندووکردەوە.

بە دەر لەوەی دەبێ بۆچوونی هەقانی و دروستی هەر چاودێرێکی سیاسیی دەربارەی مەسەلەی ڕەوای فەڵەستینییەکان چی بێت، لێ خۆپیشاندان و پێکدانی نەوەی نوێی دوای پەنجا ساڵەی دابەشکردنی فەڵەستین لەگەڵ هێزەکانی ئیسرائیلدا هەندێك دەرس و پەندی سیاسیی لێ کەوتەوە، کە بەدواچوون و دەستنیشانکردنی کەڵکی سیاسی و شۆڕشگێڕی خۆی دەبێت، کەڵك بۆ ئێمەی کوردو ئەو ئەزموونە خۆماڵییەی بەهۆی هەلومەرجی ناوخۆوە لەجێدا چەقیوەو بەهۆی سیاسەتی پێداگرتن و نەسەلماندنی ئەمری واقیعەوە پێشڤەچوون بەخۆیەوە نابینێ.

جارێ بۆچوونمان لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتی فەڵەستین هەرچیەك بێت، ئەگەرچیش ناشێ ئێمە لە فەڵەستینییەکان فەڵەستینیتر بین، بەڵام کێشەی فەڵەستین کە تا ئێستا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە، کێشەی ڕەوای میللەتێکە لەنێوان بەرداشی تەعەنتی ئیسرائیل و ناکارایی هەڵوێستی ڕۆژئاواو ئەمریکا لەلایەك و سستی هەنگاوەکانی وتووێژکاری فەڵەستینی و ناکارایی هەڵوێستی عەرەب و پەرتەوازەبوونیان لەلایەکی دیکەوە، گیریخواردووە. کێشەکە بە خەیاری خەباتی چەکدارو شۆڕشی توندوتیژدا گوزەریکرد، تاوەکو لە قبوڵکردنی وتووێژەکانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا گیرسایەوە. ئەمانە لە زەمەنێکدا قەومان، کە فەڵەستینییەکان ناویاناوە چەرخی چەوتی عەرەب (الزمن العربی الردیء).

هۆكارەكانی پشت قایلبوونی فەلەستینییەكان بە پرۆسەی ئاشتی هەرچییەك بن، لە هەقیقەتی پابەندبوونی ئەوان بە ئاشتی كەمناكاتەوە. لە سیاسەتیشدا مەسەلەكان بە هەنگاوی عەمەلی دەپێورێن و ناشێ كەس لەسەر نییەتە شاراوەكانی سەرزەنشت بكرێت، ئەم قایلبوونەی فەلەستینییەكان دەبووایە بە كرانەوەیەكی زیاتری ئیسرائیل وەلامبدرێتەوە، كەوا دەرنەچوو.

بەپێچەوانەوە، سیاسەتە ناپەسەندو توندڕۆكانی حكومەتی ئێستای لیكۆد وایكرد راف و وتوویژكارانی فەلەستین تووشی ئیحراجبوون بێن لەبەردەم خواستی زۆرتری میللەت و كەمی ئەو دەستكەوتانەی لە غەززەو ئەریحاو رێككەوتنی ئەلخەلیلەوە بەدەستهاتبوون و خەریكیشە نەتانیاهۆ وردەوردە بەفیعلی لێ پاشگەزبوونەوی تەواو دەكات.

لە سەرینی هەلوێستەكانی نەتانیاهۆوە پرۆسەی ئاشتی تووشی چەقبەستن هات، نەبوونی هەلوێستێكی كاریگەری نێودەولەتی لە ئاست پێداگرتنی نەتانیاهۆ خەریكبوو سەركەوتن بۆ ئەو مۆدێلە سیاسییە بەدەستبێنێ، كە وایدەبینی نەسەلماندن و پێداگرتنی یەك لایەنە دەستكەوتی دەبێ و دەتوانێ زۆرترین سازش و تەنازوول بەوی بەرامبەر بكات. لەڕاستیدا تەعەنت و (ستاندن)ی بێ (دان) نەریتێكی سواوی سیاسییە، كە لەگەل تێپەڕبوونی هەلومەرج و دەركەوتەكانی دوونیادا شكستیهێناو ئەمرۆ هیچ هێزێكی سیاسیی لە دونیادا شك نابرێت، كە ڕێزو حورمەتی خۆی بپارێزێت و ئامادەبێت لە سەرمێزی دانوستاندن تەنها تەنازولبكاو ئەوی بەرامبەر هیچی بۆ نەسەلمێنێ.

لەسایەی سەری پێداگرتنی نەتانیاهۆوە فەلەستینییەكان دوای ماوەیەكی درێژی خۆخواردنەوە و كولان، كە ماوەی حوكومڕانی كابینەكەی لیكۆدە، سەرئەنجام بە ئەندازەی گەرمیی جولەكەكان لە یادكردنەوەی پەنجا سالەی دامەزراندنی دەولەتی ئیسرائیلدا، ئەوانیش یادی تالی **50** سالەی نەگبەتی دابەشكردنی فەلەستینیان كردەوە. ئەو یادە بیانوویەك بوو بۆ وان، تاوەكو ئەو خواستە سیاسییە جەماوەری و نوخبەوییە پیادەبكەن، كە داوای هەلوێستنواندنیان لەئاست چەقینی دانوستاندنی ئاشتی دەكرد. هەموو تۆڕەكانی میدیاو ڕاپۆرتی هەوالنێرەكان جەغتیان لەسەر ئەوە كردەوە، كە دروشمەكانی دەسەلاتی ئۆتۆنۆم و ئۆپۆزسیۆنی فەلەستینی لە ڕووداوەكانی یادكردنەوەكەدا چوونیەك بوون و جەماوەری یادكردنەوەش دروشمەكانی تەبەنیدەكردو یەكبینە دەیانگوتەوە.

ئەوە ئاشتبوونەوەیەكی توندوتۆلی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاتی عەرەفات بوو، كە لەسەر واقیعی گەرموگوڕی خۆپیشاندانەكان پێكهات و كاریگەرتربوو لە هەر كۆنگرەیەكی ئاشتبوونەوەی نێومالی فەلەستینی.

گەڕانەوەو باوەشــپیاکردنێکی چارەنووســساز بــوو، دوای ئەوەی ئیلتزامــاتی حــوکمڕانی دەسەڵاتی خۆماڵی فەڵەستین وای سەپاندبوو، کە دەزگا ئەمنییە ناوخۆییەکانی ئەو دەســەڵاتە


ڕاگوێزانی فەڵەستینی لەسەر خاکی خۆی

بە هەمــاهەنگی لەگەڵ دەزگــا هاوچەشنەکانی ئیسرائیلدا ڕاوی هەڵـسووڕاوانی حەمــاس بنــێن. ئەو هەڵـــــــسووڕاوانەی دژی دانووســــتانەکانی ئاشــــتی و پرۆژەکــانی غەززە – ئەریحــاو ڕێککەوتنی ئـەلخەلیـل بـوون. ســەرەنجام پەنــدی نیــشتمانی لەوەدا چڕبۆوە، کە لە تەنگەژەدا ئۆپۆزسیۆن و دەسەلات پــشتی یەکتــری بە زەویــدا نــادەن. بگــرە گوشــارەکانی حەمــاس وای لــێکەوتەوە، کە وتووێژکــاری فەڵەستینی بتوانێت وەك کارتێکی گوشــار کەڵــك لە وەرەقەی حەمــاس و ناڕازییــانی شــێوەی ئاشتی فەڵەستین – ئیسرائیل وەربگرێ و لە ئایندەشــدا بەهــۆی ئەم خۆپیــشاندان و ئەوانەی دوای وی دێن، بتوانێت چەند ئەڵتەرناتیڤێك بۆ خۆی دابنێت و لە پرۆسەی ئاشــتیدا دەســتی خاڵی نەبێت.

بەمجۆرە هەڵسوڕانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی، بەخــستنەڕووی داواکــاری ڕادیکــاڵتر لەبەردەم بێگانەدا، دەتــوانێ هــانی دەســەڵاتی خۆمــاڵی بــدات شــێلگیرانەتر هەڵوێــستە سیاســییەکانی، ئەوانەی لەبەر هاوکێشەو هەلومەرجی سیاسییەوە ناتوانێ دەریانبڕێ، پیادەبکات. دەمێنێــتەوە ئیشکالیەتێك کە دەبێ دەسەڵاتی فەڵەستینی چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، ئەویــش خۆگونجانــدنە لەنێوان:

یەکەم/ حوکومڕانیکردنی ئەو ناوچــانەی ئێــستا لەبندەســتی فەڵەســتینییەکاندایە، کە ئەوە ئیلتزاماتی یاسایی و پابەندبوون بە عورف و نەریتی دەوڵەتانی لێ دەکەوێتەوە.

دووەم/ بەڕێوەبردنی ئەو گرژی و پێکدانەی لە مەودوا دەقەومێن، هەر لە خۆپیشاندانەوە بۆ سەرلەنوێ بەرپــابوونی ڕاپەڕینێکــی تــر، کە ئەو گرژیــانە دەتــوانن لەلایەك گوشــاربن لەســەر ئیــسرائیل و ڕەنــگە لەلایەکــی دیکەشــەوە لێوەشــاوەیی حکــومەتەکەی عەرەفــات بخــاتەژێر بەرپرســیارێتی ئەو ناوەنــدو لێکــدانەوانەی داوا لە عەرەفــات دەکەن وەك ســەرۆکی وڵاتێــك ڕەفتاربکات، نەك وەك ڕێبەری ڕاپەڕین. ئەمەش تەنهــا ئیــشکالییەتی دەســەڵاتی فەڵەســتینی

نییە، بەڵکو ئیشکالییەتی هەموو دەسەڵاتێکی میللییە کە لە پرۆسەی ڕزگاریی نیشتمانیدا توانیویەتی بەشێك لە خاکی نیشتمان ڕزگاربکات و بەشێکی دی وا بە دەستی بێگانەوە. لەبەرئەوە دەبینین ئەو دەسەڵاتە خۆماڵییە، هەم حوکمڕانی دەوڵەتی لە بەشێکی نیشتمان بەڕێوەدەبات، هەم ڕێبەرایەتی شۆڕشێك دەکات بۆ ئەو بەشەی هێشتا لەبندەستی داگیرکەراندایە. بەهەرحاڵ ئایندەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی فەڵەستینییەکان دەستیانداوەتێ لە هەرکوێ بگیرسێتەوە، ئەوا دەبێ هاوکێشەکانیان لێ تێکنەدا. پێویستە ئیدارەی گرژییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتییەکی ژیر و هوشیاردابێت، کە بزانێ ئەم تەقەللا جەماوەرییە بۆ تەفعیلکردنی پرۆسەی ئاشتی و شکاندنی شان و شەوکەتی پێداگرتنی لیکۆدە، نەك بۆ تەفعیلێکی خۆڕسکانەی کۆنترۆڵ نەکراو، کە هەموو گەمە سیاسییەکە لەبەریەك هەڵوەشێنێتەوەو ئەوەی بەدەستهاتووە لەدەستبدات و هەلومەرجەکە تەسلیم بە قەدەری توندوتیژی و توندوتیژیی بەرامبەر بکات. ئەو پێکادان و خۆپیشاندانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە فەڵەستین قەومان، لە کەمترین شیکردنەوەدا، ئەوە دەردەخا، کە خەریکە پتر لە ئەڵتەرناتیڤێك بۆ فەڵەستینییەکان مەیسەردەبێت دوای بەبنبەستگەیشتنی پرۆسەی ئاشتی. سەرکردایەتی فەڵەستینییەکان دەتوانێ پەیوەندییەکی جەدەلی لەنێوان خەیارە جیاجیاکانی ململانی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروستبکا. خۆپیشاندانە نەگبەتییەکەی فەڵەستین ئاماژەیە بۆ ئەوەی، سەرەڕای چەرخە چەوتەکان، ئیرادەی میللەتان لە هەموو زەمنێك و لەو کاتەی پێویستبکات، لەو کاتەی سیاسەت هیچی لە عۆدەدا نامێنێت، دەتوانێ قسەیەك بکات و بەڕی خۆی، ئەمما بەڕێکی گەورە، باوێتە مزگەوتەوە.

پرسیارێکیش دەمێنێ، ئایا کوردان کە بە گشتی مەیلی خوێندنەوەی ئەزموونی میللەتانیان هەیە، لەبیریانە یادی نەگبەتی دابەشبوونی خاك و لکاندنی نیشتمانیان بکەنەوە!؟

کوردستانی نوێ ژمارە: **1614** دووشەممە **1998/5/18**

## جەزائیر -رۆژئاوا

# هەموو تواناکان بۆ بەرەنگاربوونەوی ڕەوەندی ئوسوڵی!


مقداد سيفی

نەك هەر لە جەزائیر، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، توێژەرەوەکان و چاودێرە سیاسییەکان سەرنجی ئەو ڕەوەندە ئوسوڵییەیان داوە، کە وەکو پەتایەکی کوشندە ئەو وڵاتانەی داگرتووە و هەڕەشە لە پێکهاتەی سیاسی و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان دەکات. ئیدی لە لیستی ئەو سەرنجدانەیاندا، گەلێك فاکتەری هەنووکەیی و درێژایەنییان تۆمارکردووە، کە هەریەك لەو فاکتەرانە بەئاست و ڕێژەی جیاجیا کاریان لە گێژاوی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. پاش ئەو گۆڕانکاریانەی دونیای تەنییەوە، لە جەزائیردا قسە لەسەر هەرەسی حوکمی سی ساڵەی (بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی) دەکرا، کە لە دوای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسییەوە دەسەڵاتی گرتبووە دەست و تاکڕەوانە حوکمی وڵاتی دەکرد، هەروەها لە ژێر کەوتنی ئەو شێوە ڕێکخستن و ئەو سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی جەزائیری پێ بەڕێوەدەبرا، مشتومڕەکان لە ئاستی ڕەخنەگرتن و گازندەو گلەیدا نەوەستان، بەڵکو وەکو کاردانەوەیەکی بەپەلەو خێرای ئەو شکستەش دژە بەرنامەیەك هاتەبوون کە بانگەوازی شێوە ژیانێکی نوێ و جۆرە ڕێکخستنێکی تازەی بۆ کۆمەڵگەی جەزائیر، لە ڕوی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، دەرکردو هەر بەوپێیەش ئیدعای ناسنامەیەکی خۆماڵی دەکرد، کە بگەڕێتەوە بۆ بنچینەی ئیسلام و وەکو کەلتورێکی ڕۆحیی خەڵکی جەزائیرو وەکو بەرگەیەکی نیشتمانی کە پێشینەیەکی باشی لە خەباتی ڕزگاریی جەزائیردا

هەبــووەو لە بەرامــبەر سیاســەتی ئەو وەخــتەی فەڕەنــسا لە بەفەڕەنــسیکردندا شــێلگیرانە بەرەنگاریکردووە.

نــاکرێ هەریەك لەو فــاکتەرانە کە کاریــان لە قەیرانــی جەزائیــر کــردووە، بەجیــا لەویتــر تەماشابکرێت، بەڵکو پێکەوەو بەپلەی جیاواز گورزی جەرگبڕیــان داوە لە جەســتەی ئەو وڵاتە کە خەڵکەکەی بە هەموو توێژو چینەکانییەوە لە یەك خەباتی یەکــانگیردا ملیــۆن شــەهیدیان بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بەخشکردو هەرگیز لە سەروبەندی ئەو خەباتەشــدا پرســیاریان لە ئەدگــاری ئاینــدەی وڵاتەکەیــان نەدەکــردو هەرگیــزیش نەدەپەرژانە ســەر ئەوەی خەنــیمەو دەسکەوتی سەربەخۆی نیشمانی چۆن دابەشبکەن؟ ئەو پرسیــارەی حــوکمی تــاکڕەوی ســی ســاڵەی (بەرەی ڕزگــاریخوازی جەزائیــر) هەر لە دەســپێکی حــوکمڕانی نیــشمانییەوە بە هەرچەشنێك بێ خەفەیکردبوو و هەر دەشبوایە سەرهەڵبداتەوەو بەدوای وەڵامی ڕەوای خۆیدا بگەڕێ.

شکستی پرۆسەی گەشــەپێدانی ئــابووری و کورتهێنــانی لە تێرکردنــی خواســتی خەڵکــی جەزائیر بۆ ژیانێکی خۆشگوزەران، ئەو فاکتەرە هاوشان بوو لەگەڵ شکستی سیستمی سیاسی لە دۆزینــەوەی ئــامرازێکی هەڵــسوڕێنەر و گونجــاو بــۆ ڕێکخــستی کــۆمەڵگەی جەزائیــرو لە دوائاکامیشدا ئەو دوو شکستە لە ناوەندە عیلمــانی و ئینجــاش لە ناوەنــدە ڕۆژئاوەییەکانــدا بە بەشێك لە شکستی وڵاتانی هاوسیستمی سۆڤیەتی لە جیهانی ســێدا لەقەڵەمــدراو لە ناوەنــدە ئوسوڵییەکانیش بەشکستی سیستمی عیلمانی پەیڕەوکردن لە مۆدێلێکی شێواوی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە بەکەلتووری ڕۆحی و پێکهــاتەی کۆمەڵگەی ئیسلامی جەزائیر نامۆیە، خوێندرایەوە. تێــڕوانین بــۆ ئەو شکــستەش هەر بەزوویــی لە ناوەنــدی ئوســوڵی بەهــاتنەبوونی بزاڤێکــی ئوســوڵی کەڵکوەرگرتــوو لە قۆنــاغی ڕاگوزەریانەی گۆڕانکارییەکانی دونیــاو ســاغ نەبــوونەوەی تــا ئێستای چارەنووسی جەزائیر تەرجەمەکرا. هەرچی ناوەنــدی عیلمــانییە لە خــودی جەزائیــردا، ئەوا تــا هەنــووکە بە بەرەنگــارییەکی نیــوەچڵی توانیــویەتی بەر بەو بــاهۆزە سەرەڕۆیە بگرێ و پێوسیتیشبوو کە ناوەنــدە ڕۆژئاواییەکــان وەڵامێکــی ئیجــابی بەو بەرەنگــارییە نیــوەچڵییە بــدەنەوەو کــارێکی وا بــکەن حکــومەتی جەزائیــر لە جــاران زیــاتر ئامادەباشی بنوێنێ و ئەو کەلێنانە پڕبکاتەوە، کە بزافــی ئوســوڵی دەخــوازێ لێــیەوە دزەبکــاو


ئەمین زروال

بەرنامە دید نارۆشنەکەی خۆی لەم بۆشـایيە سیاسـییەدا، وەکـو ئەڵتەرناتیڤێـك، نیـشانبدات. کێرڤی ڕوداوەکانی ئەم دواییە، کە بەقازانجی ڕەوەندی عیلمانی سەروتر هەڵدەکشێ، خەریـکە ئەو پشتگیرییە ڕۆژئاواییە دەستەبەردەکات.

دیارە ئەوە ڕوونە کە چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری لە جەزائیر دەبێ هەماهەنگبێ لەگەڵ پتەوکردنی حکومەتێکی مەدەنیی عیلمانی، کە پەیڕەوی لە سـەرتاکانی دیموکراسـی و مـافی مرۆڤ بکات.

پێدەچێ (الامـین زروال) و حکـومەتەکەی (مقـداد سـیفی) لەوە بێئومێـدبووبن کە بەرەی (الانقاذ) لە جەزائیر بێتە ژێرباری حیوارێکی نیشتمانی ئەوتۆ، کە دەستپێکەکەی نەفرەتکـردنە لە کاری تیرۆریستی و دانانی هێڵی سوورە لەسەر ئەو بەرژەوەندییە باڵایانەی هەرگیز سـازش هەڵناگرن، هەربۆیەش لەبەر تا ئێستا یاساغکردنی (الانقـاذ) بەڕەسـمی نەناسـینی، مەسـەلەی بەشـداریکردن لە حیـواری نیـشتمانی و دواتـریش لەو هەڵبـژاردنەی بەڵێنـوایە لە داهـاتوودا ئەنجامبدرێ، بە ئەگەرێکی دوور نازانرێ، هەر خۆی بەرەی (الانقاذ) بەچەنـد گوزارشـتێکی لە بابەت سەرلەنوێ هەڕەشەکردن لە بیانییەکان جەزائیر، هەروەها هەڕشەکردن لە خوێنـدکاران و مامۆستایانی زانکۆ بەپێویستی دەستهەلگرتن لە پەروەردەو خوێندنی زانکۆ، ئەوە دەردەبـڕێ کە لەباری دژایەتیکردنی حکومەتی (مقداد سیفی) هەڵوێستی خۆی ساغکردبێتەوە.

سەبارەت بە ڕیفۆرمی ئابووری و سیاسی، حکومەتی جەزائیر هەنـدێك هەنگـاوی دیکەشـی ئەنجامـداوە. جـارێ لە ڕوی ئـابوورییەوە، ئەوا بـۆ نـزیکەی سـاڵێك دەچـێ پەیـڕەوی لە ڕاسپاردەکانی سـندوقی دراوی نێـودەوڵەتی سـەبارەت بە (چارەسـەرکردن بە لێـدانی کارەبـا) دەکات و لە مەسەلەی ڕازیکردنـی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بـۆ سـەرلەنوێ دارشـتنەوەی قەرزەکـانی جەزائیـــرو هێـــشتنەوەی پـــرۆژە ســـەرمایەگوزارییەکانیان لە وڵاتەکەدا (وێـــرای هەڕشـــە بەردەوامەکانی گروپە توندڕەوەکان) کۆششێکی بەرچاوی نواندووە. لە بواری سیاسیـشەوە، بـۆ تەواوکردنی ئەو هەنگـاوانەی لە بـواری ڕیفـۆرمی ئابووریـدا هـاوێژراون، بەڵێنـی ئەنجامـدانی پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە نزیکترین دەرفەتدا، بەهەموو هێزە سیاسییەکان دراوە.

هەڵوێـــستە پـــڕ مەترســـییەکانی بەرەی (الانقـــاذ)و ئەو ڕیفـــۆرمە ئابووریـــانەی نیـــازوایە بەرەوپێشببرێ، هەروەها بەڵێنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکـی دیموکراسـیانە، ئەمـانە هەمـووی پێکەوە پاڵیان بە فەڕەنسای نزیکترین دۆستی جەزائیرەوە نـاوە، لە کۆبـوونەوەی حەوت وڵاتە پیشەسازییەکاندا پێشنیاری پشتگیریکردنی جەزائیر، لە ڕوی ئابوورییەوە بێنێتەگۆڕێ و داوای هەڵوێستی دەستەجەمعی لە حەوت وڵاتەکەش بکات.

دەشـــێ لێـــرەدا بگـــوترێ، کە فەڕەنـــساو وڵاتـــانی دەستەخوشـــکی دەتـــوانن لە حـــاڵی بە عەمەلیکردنی ئەو پـشتگیرییەیاندا، جەزائیـر بەرەو ئاڕاسـتەیەك بـبەن کە لە دواشـیکردنەوەدا

چارەسەرێکی ئیجابیانەی قەیرانەکەی بەدواوە بێ، بۆ ئەوەی لەلایەن ئەو بیانووەش لە دەست ئوسولییەکان دەربهێنرێ، کە قەیرانی سیاسی و ئابووری وڵاتەکە بە شکستی حوکمی تا ئێستای علمانییەکان دەزانن و لەلایەکی دیکەشەوە بەو پشتگیرییە دەستەجەمعییە حکومەتی جەزائیر لەو نیگەرانی و سڵەمینەوەیە ڕزگاربکات، تاوەکو بۆ یەکجارەکی پشت لە ڕابردووی سیستمی سەرمایەداری دەوڵەتی بکاو لە شوێنیدا شێلگیرانەتر بنەماکانی بازاڕی ئازادو سیستمی دیموکراسی، وەکو حەقیقەتێکی بەرجەستەبووی ئەم سەردەمە، بچەسپێنێ.

کوردستانی نوێ: ژ:**763** یەکشەممە **1994/8/21**

# جەزائیر: ڕەوینەوەی تەمی بەدگومانی، ڕێگەچارەی قەیرانەکانە



داپۆشینی قەیران

ئەم دۆخەی ئێستا جەزائیر پێیدا تێپەڕدەبێ، لەو بۆنە سەیرو سەمەرانەی مێژووە کە خەڵکی جەزائیرو چین و توێژە جیاجیاکانی ناتوانن هەڵوێستێکی ڕاشکاوانەی لێ وەربگرن و لە ساتەوەختێکی ئاوەهادا، کە هیچ کام لە ئۆپۆزسیۆنی ئوسوڵی لەلایەك و حکومەتی سەربازی لەلایەکی ترەوە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەوە نەبن، لە ڕۆژگاری وێڵبوون بە دوای وەڵامێك بۆ تەنگوچەڵەمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، لە ڕۆژگاری گەڕان بە دوای ناسنامەیەکی نیشتمانیدا بۆ جەزائیر، ناسنامەیەك کە نە گەڕانەوەبێ بۆ ڕابردوویەکی بەسەرچوو، نە خۆگەوزاندن بێ لە خیتابێکی نامۆ بە کەلتووری جەزائیر، ئا لەو ساڵەوەختەدا تیرۆرکرنی ڕۆژنامەنووسێکی دیموکراتخواز، بەفەتوای ئوسوڵییەك کە دەشێ نەخوێندەواریش بێ، چڕترین وێنەکانی تراژیدیای جەزائیرە٠

لێکحاڵی نەبوونی لایەنەکانی ململانێ لە جەزائیر، ئەگەری دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی کردووە بە ئەگەرێکی دوورەدەست٠ حکومەتی سەربازی، چونکە لە شەرعییەتێکی مەعنەوی بێبەشە، هەمیشە هەر هەڵوێستێکی تەنانەت ئەگەر ئیجابیانەبووبێ لەلایەن هێزو حیزبە سیاسییەکانی جەزائیرەوە بەگومانەوە تەماشاکراوە ، چ بانگەشەی هاوپەیمانێتی نیشتمانی، چ بەڵێندان بەوەی پێکهاتەی ئێستا پێکهاتەیەکی ئینتیقالییەو لە بارودۆخێکی گونجاودا پرۆسەی دیموکراسیی

ئەنجامدەدرێت، هیچ کام لەمانە نەبوونە مایەی دەستەبەرکردنی کەشێکی باوەڕ بەیەك بوون لەنێوان حکومەت و باڵە جیاجیاکانی ئۆپۆزسیۆندا٠

ئەم لێکحاڵی نەبوونەش پێشینەیەکی خۆی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵی ڕابردوو، بۆ ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنەی کە وەکو زادەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان و نەمانی حوکمی تاکرەوی (جبهه التحریر الوطنی) لە جەزائیر ئەنجامدرا، حکومەتی ئەو وەختەی جەزائیر، بەپەیرەوکردنی دیموکراسییەتێکی نیوەچڵی، کێشەکانی وڵاتی ئاڵۆزترکرد، زۆر لە هێزە دیموکراتخوازەکانی ئەو وڵاتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە خەوشیی ئەو دیموکراسییە نیوەچڵییەی لە کاتی هەڵبژاردنی ساڵی **1992** پەیڕەوکرا، هیچی کەمترنەبووە لە خەوشی دەسەلاتی تاکڕەوی٠ (جبهه التحریر)، کە سەردەمانێکی زۆر و لەپاش قۆناغی ڕزگاریی نیشتمنانییەوە حوکمی وڵاتی بۆ خۆی پاوانکردبوو چاودێرانیش ئەوە دێننەوە یاد کە هەر لە سەرەتای ئەو هەڵبژاردنەوە حکومەت بە دروستکردنی ڕێگرییەکی زۆر بۆ هێزە دیموکراتخوازو عیلمانییەکان خۆی لە پاڵپشتییەکی پتەو دابڕی و لەبەرامبەر تەوژمی ئوسوڵییەکان بەتەنیا مایەوە٠ هەرئەوەش بوو کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بۆ "جبهه الانقاذ الاسلامیه" مسۆگەرکردو لەئاکامیشدا پێگەی خۆی وەها پتەوکرد کە بێ سڵەمینەوە بتوانێ دژایەتی ئەو ڕەوتە نیمچە دیموکراسییەش بکات، کە ئەو خۆی وەکو پەیژەیەك، بەنیازی هاتنە سەر کار کەڵکی لێ وەرگرتبوو٠

ئەو بەدگومانی و لێکحاڵی نەبوونە تەنانەت دەنگدانەوەش لە پەرەسەندنەکانی ئەم دوایەی وڵاتیش بەدیدەکرا٠ هەر لە شکستی گفتوگۆی نیشتمانییەوە، کە هێزە باڵادەست و کاریگەرەکانی جەزائیر تێیدا ئامادەنەبوون، تاوەکو سپاردنی حوکمی سەربازی بە (الامین زروال)و دواتریش سەرلەنوێ گرگرتنەوەی قەیرانی قەرزو قەرزکاری و دەستپێکردنەوەی خولێکی دیکەی نائارامی لە وڵاتدا، سیاسەتێك کە حکومەت لە کاتی گفتوگۆی نیشتمانیدا پەیڕەوی لێ دەکرد، ئەوە بوو کە ئەمجارەیان دەیویست بەکۆکردنەوەی حزب و لایەنە دیموکراتخوازو عیلمانییەکان بەرەیەکی وا پێکبێنێ کە (جبهه الانقاذ)ی پێ کەنارگیربکات، ئەگەرچی ئەو حیزب و لایەنانەش سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی کارە تیرۆریستییەکانی ئوسوڵییەکان لەگەڵ حکومەتدا هاوهەڵوێستن، بەڵام لەبەر نیگەرانییان لە جددییەتی کۆششەکانی حکومەت و دڵنیانەبوونیان لە توانای ئەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە، لەبەر ئەوانە بەپیر بانگەوازی نیشتمانییەوە نەچوون٠



جەزائر، گۆڕەپانی تراژیدیا

ئێستاکە (الامین زروال) حوکمی ماوەی ئینتقالی گرتۆتەدەست. حزبە علمانییەکانی وڵات سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی بارودۆخە تازەکانن و بەئومێدی ئەوەن حکومەت هەنگاوی بە جورئەتتر بنێت و شێلگیرانەتر بەدوای چارەسەری کێشە هەڵایساوەکانی وڵاتدا بگەڕێ. هەرچی (جبهە الانقاذ)یشە، ئەوا پاش دڵنیابوونی لەوەی مەسەلەی ئازادکردنی عباس مەدەنی و علی بلحاج پروپاگەندەیەکەو هیچیتر، ئەمجارەیان گۆڕانی پێکهاتەی حکومەتی بەکودەتا لەقەڵەمداو تیرۆری گەشتیارە بیانییەکان و نووسەرو کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان و هاوڵاتیانی بێ دیفاع سەرلەنوێ دەستپێکردووە.

ئەگەرچی پێکهێنانی کۆمیتەی ڕاوێژکاری لەو کەسانەی لایەنگیری ئۆپۆزسیۆنن، خۆی لەخۆیدا بانگەشەیەکی ئاشکرای (الامین زروال)ە بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژی دەستپێکی کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی هاوپەیمانێتیی نیشتمانییە، بەڵام ئەوە بەتەنیا بەس نییە، پێویستە حکومەت پێش هەمووشتێك تەمی ئەو بەدگومانی و خۆ لەبۆسەنانەوەیە بڕەوێنێتەوەو ڕاشکاوتر هێزە دیموکراتییەکان بێنێتە مەیدانی ململانێیەکەوەو لە ڕێگای پیادەکردنی دیموکراسییەتێکی ڕاستەقینەوە، نەك نیوەچڵییەوە، ئۆرگانێکی وا بێنێتە کایەوە، کە ئەو هێزانە ڕۆڵێکی هەڵسوڕاوتر ببینن و بتوانن وڵات لە هەڕەشەی ئوسوڵییەکان دووربکەنەوە، چونکە لەڕاستیدا هەر ئەوانن توانای وەڵامدانەوەی خیتابی ئوسوڵییەکانیان هەیە.

چارەسەری تێکڕای کێشەکانی دیکە، وەکو گوشاری سندوقی دراوی نێودەوڵەت بۆ پێویستی سەرلەنوی داڕشتنەوەی قەرزەکانی جەزائیر، گوشاری ئەوەی کە دامودەزگا بیانییەکان لە ترسی تیرۆر وڵات بەجێدەهێڵن، گوشاری بەربەرەکان کە خوازیاری ناسنامەی کەلتورین و لەم دواییەدا خۆپیشاندانیان بۆ ئەم مەبەستە سازداوە، چارەسەری تێکڕای ئەو کێشانە بەندن بە کارامەیی حکومەت لە هێنانەدی

پرۆسەیەکی دیموکراسیی ڕاستەقینەو خولْقاندنی کەشێکی والاَی باوەڕبەیەککردن، بێ ئەوەش تراژیــدیایەکە بەردەوامــدەبێ٠ تیــرۆرو تونــدوتیژی لەلایەك و دلْنیــانەبوون لە دواڕۆژیش لەلایەکی ترەوە خەلْکی جەزائیری هەراســانکردووەو ڕەنــگە ولاَتــیش بەرەو هەلْدێری چارەنووسێکی نادیار غلۆربکاتەوە!

**1994/3/17**

# قوربان له یەمەن ئەمانە قەوماون


سالح

وتارەکەی بەڕێز "ئازاد محەمەد"م خوێندەوە، کە لە ژمارەی (1673)ی ڕۆژی (8/11)ی کوردستانی نوێدا بەناوی "بەڵێ لە یەمەن چ قەوماوە"، وەڵامی نوسینێکی بەڕێز هێرش کانی چەرمویی داوەتەوە، کە لە ژمارەی(1669)ی ڕۆژی (8/5) بەنێوی (لە یەمەن چ قەوماوە؟) بڵاویکردۆتەوە.

ئەزیش لەسەر ماجەرای یەمەن ئەم بەڕەی داوێمە مزگەوتەوە:

مەسەلە لێرەدا ئەوە نییە ئازاد محەمەد پۆلینکارییەکی کردووە، کە گوایە بەشەکەی ئیخوان ئەلموسلمینی حزبی تەجەممەعی ئیسلاحی لە حکومەتەکەی یەمەندا هیچ تاوانێکیان نییە لەوەی بەشەکەی حزبی کۆنگرەی میللی عام هەیانە، یان پەرلەمانتارانی تەجەمع هەقیان بەسەر دزێوییەکانی پەرلەمانتارانی دیکەوە نییە، بەڵکو مەسەلە هەڵوێستە گشتییە سیاسییەکانی تەجەمع و ئەو هەلومەرجەیە کە ئەو حزبە تێیدا گەشەیکردو گەیشتە ئەو ئاستەی لە حکومەتدا هاوبەش بێت لەگەڵ حزبی حاکمی حکومڕانی چەند ساڵەدا، کە زۆربەی دەسەڵات بە دەست ئەوانەوەیەو سەرۆك عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیش هەر لەوانە.

ئەو کاتەی هەلومەرجی ناوچەکەو جیهان، دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت، ڕەوشێکی وایان بۆ یەمەن هێنایە پێشەوە، کە یەکێتی نیشتمانی خۆی بە دەستبێنێتەوەو یەمەنی دوولەتکراو یەکپارچەبکاتەوە، هەموو هەڵسوڕاوانی سیاسیی هەردوو هەرێمی وڵات، بەتایبەتی حزبەکانی کۆنگرەی میللی و حیزبی ئیشتراکی و تەجەمع پشکیان لەو گۆڕانە تازەیە بەرکەوت و لە یەمەنی یەکگرتوودا ڕیزبەندییەکی تازەی هێزە سیاسییەکانیان دروستکرد، کە لە قۆناغی داهاتووی چالاکی سیاسیی وڵاتدا ڕۆڵی ئیجابی و سەلبیان لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکاندا بینی. یەکێك لەو ڕیزبەندییە تازانەی وڵاتی یەکگرتوو ئەوەبوو، حزبی گۆنگرەی میللی کە پێشتر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای یەمەنی باکوور بوو، کەوتە هاوپەیمانێتییەکی سیاسیی لەگەڵ حزبی تەجەمع لەسەر هەموو ئاستەکان، بۆ ئەوەی لە قۆناغی داهاتوودا

بەرەنگاری حزبی ئیشتراکی ببنەوە، کە پێشتر خۆی و رابەرەکەی علی سالم ئەلبیز لە یەمەنی باشووردا فەرمانڕەوایەتی حوکمێکی سۆشیالیستیان دەکرد.

ئەگەرچی هەردوو حزبی هاوپەیمان "کۆنگرەو تەجەمع" لە سروشتی هەڵکەوتنیاندا باوەڕیان بە کاری "ئیئتلافی" نییەو هەریەکە حەزدەکا بەرە لەبن ئەویتر دەربێنێ، کۆنگرەی میللی لەبەرئەوەی پێشتر خۆی حوکمڕانی یەمەنی باکووربووەو دەرفەتی دەرکەوتنی هیچ ڕکابەرێکی سیاسی نەداوەو حیزبی تەجەمع-یش وەك حیزبێکی ئیخوان موسلمین، کە هەڵگری بیری ئوسولییە، پێیوایە تەنها ئاراستە فکرییەکانی خۆی دروستە، کەچی لەبەردەم دەرکەوتە تازەکانی وڵات دوای یەکگرتنەوەو بۆ ئیحتیواکردنی حزبی سۆشیالیستی هاوپەیمانێتییەکیان دروستکرد، کە لەکاتی هەڕەشەی شەڕی ناوخۆدا پتەوبێت و لەکاتی جێگیربوونەوەی دۆخەکە بە قازانجی هەردووکیان هاوپەیمانێتییەکە دەلەقێ و ناکۆکییەکان بەشێوەی شاراوەو ئاشکرا دێنەوە نێوان.

ململانێی دەسەڵات لەنێوان یەمەنییەکانی هەردوو بەشەکەی وڵاتی یەکگرتوو پتر لە فاکتەرێك ڕۆڵیان تێدا دەبینی، یەکێکیان میزاجی سیاسیی یەمەنییەکانی باشوور لەلایەك و یەمەنییەکانی باکوور لە لایەکی ترەوە، ئەگەرچی لە هەردوو بەشەکەنی وڵات لەکاتی حکومڕانییدا خەیاری دیموکراسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەلاوەنرابوو، بەڵام بەرنامەی پێشکەوتووی حزبی ئیشتراکی لەماوەی نێوان جیابوونەوە تا یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی وڵات لە باشووری یەمەندا گۆڕانکاریی گەورەی لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کەلـچەری باوی کۆمەڵگادا خولقاندبوو، ئاستی گۆڕانەکان لە بواری خۆشگوزەرانی تەندروستی و خوێندەواری و ڕادەی بەشداریی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لەگەڵ یەمەنی باکووردا هەرگیز قابیلی بەراوردکردن نەبوو، بەحوکمی سروشتی ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵاتی باشوور، تا دەهات دەسەڵاتی هۆزو عەشیرەت، کە سیمایەکی هەرە دیاری کۆمەڵگەی یەمەنە، بە هەردوو بەشەکەیەوە، بەرەو کزی و نەمان دەچوو، بەپێچەوانەی یەمەنی باکوور کە لەوێدا دەسەڵاتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح، جگە لەوەی بۆخۆی دەسەڵاتی بنەماڵە بوو، هەرواش دنەی هۆزو عەشیرەتەکانی یەمەنی دەدا، تا ئەگەر شتێك لە بەرماوەی بنەماڵەی حوکمڕان مایەوە، بەر ئەوان بکەوێ، نەك هەڵسوڕاوانی دیکە کە متمانەیان پێ ناکرێت و تەماعی بەشداریکردنی فیعلییان هەیە لە دەسەڵاتدا، نەك تەنها وەرگرتنی دەسکەوتی بەرماوە. لە هەلومەرجێکی واشدا بوو، کە وڵات تا دەهات بەرەو داهێزرانی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەچوو. هەر لەوێشدا تەجەمعی ئیخوان نەشونمایکرد لە سێ قۆناغی پێش یەکگرتنەوەو کاتی یەکگرتنەوەو کاتی شەڕی ناوخۆدا، کە دواین دوو قۆناغی هاوپەیمانێتی پتەوی تێدا بەڕێوەچوو لەگەڵ حزبی حوکمڕان "کۆنگرەی میللی"دا.

لەڕاستیدا لە زەمەنی یەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکەی یەمەندا، هیچ کام لە دوو دەسەڵاتەکەی حوکومڕان لە باشوورو باکوور لەو توانایەدا نەبوون لە قۆناغی یەکەمدا ئەویتر ئیحتوابکات، بەڵام هەلومەرجی ناوچەکە دوای پاشەکشەی سۆڤێت و پشتگیری وڵاتانی عەرەبی لە یەمەنی باکوور لەئاستی دەرەوەو هاوپەیمانێتی نێوان عەلی عەبدوڵڵا ساڵح و عەبدوڵڵا ئلئەحمەر لەئاستی ناوخۆدا، هەژموونی باکوورییەکانی سەپاند، کە دەسەڵاتی حوکمڕان تێیدا دەسەڵاتێکی سوپایی بنەماڵەییەو نموونەیەکی چربۆوەی دەسەڵاتە دزێوەکانی دونیای سێیە.

لە ڕەوشی خۆسەپاندنی دەسەڵاتی باکووریەکاندا، کە بەدرێژایی چەندین ساڵی دوای یەکگرتنەوە لە هاوپەیمانێتی هەڵکشاوو داشکاوی نێوان گۆنگرەی میللی و حزبی تەجەمع پێکهاتبوو، مەسەلەی ئیقلیمچێتی کە پێشتر خواستی یەکگرتنەوە پەردەپۆشیکردبوو، سەریهەڵدایەوە لە شێوەی شەڕێکی ناوخۆدا، تا سەرەنجام حزبی ئیشتراکی، کە سەرەڕای کەموکوڕییەکانی نوێنەرایەتی خەڵکی باشوور و ڕەوتی پێشکەوتنی وڵاتی دەکرد، لە دەسەڵات و لە وڵات وەدەرنران. ئیدی لەدوایدا دەسەڵاتی بنەماڵە لە هەردوو بەشەکەی یەمەندا سەپێنرا.

یەمەنی ئێستا یەمەنێکە بنەماڵەی عەلی عەبدوڵڵا سیاسەتێکی وا دواکەوتووی تێدا بەڕێوەدەبەن، کە دەشێ لە هەرەمێکی وادا گوزارشتی لێ بکەین:

بنەماڵەی حکومڕان، ئینجا دەسەڵاتی ئەفسەرەکان کە نوێنەرانی هۆز و عەشیرەتەکانی باکووری تێدایە، تەجەمعی ئیسلاحی یەمەنی، دواتر لە خواری خوارەوە دەستەمۆکراوانی باشوور، کە زیاتر لە عەشیرەتەکانی بڕیاریانداوە هاوکاریی دەسەڵاتی باکوورییەکان بکەن، پێکهاتووە.


ئۆپۆزسیۆنێکی هاوپەیمان

لە ڕەوتی ئەم هەموو ڕووداوانەدا، تەجەمع نەك لە تاوانی ئەفسەرەکان و سەرکوتی باشوورییەکان لەلایەن سوپاو بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەگەڵ خۆپیشاندانی دیموکراسیانەی خوێندکاران بێدەنگبوون، بەڵکو شەریکە بەشی حوکومەتی سەرکوتکەری بنەماڵەبوون و قازانجیشیان لە گرژی و داهێزرانی ڕەوشی وڵات کرد.

ئەوان لە ڕەوتی سیاسەتی چەپخوازانەی حزبی ئیشتراکی دەترسان، تا لە سیاسەتە چەوت و پاوانخوازییەکەی کۆنگرەی میللی حوکومڕان. سروشتی ئاڕاستەی سیاسی و فیکری تەجمع

لەگەڵ حوكمی بنەماڵەو هەژموونی هۆزو عەشیرەتەكاندا گونجاوترە تا لەگەڵ ژیانێكی مەدەنی و دیموكراسی، كە پێیانوابوو لە حزبی ئیشتراكیدا بەرجەستەیە. ئەگەرچی ئەم حزبەی دواییش تێزی شارستانی و هەڵسوكەوتی دیموكراسی وای نەبوو كە جێگەی ئومیدی خەڵكی یەمەنی یەكگرتووبێت لە ململانێیاندا لەگەڵ حوكمی دواكەوتووی بنەماڵەی عەلی عەبدوڵلا ساڵح. تەجەمع لە هەموو ئەم هەلومەرجە كەڵكی وەرگرت و چش لە بەشخوراوی باشوورییەكانی وڵات لە بەڕێوەبردنی حوكمرانیدا، چش لە خۆپیشاندانی خوێندكاران بۆ چاككردنی گوزەرانی خەڵك و بوژاندنەوەی ئابووریی وڵات.

حەیفێ كاك "ئازاد محەمەد" بە پۆلێنكردنی سیاسییانەی سەیر دەخوازێ شانی تەجەمع لە هەموو تاوانێك خاڵیبكاتەوە. لەكاتێكدا ئەو حزبە لە پشتەوە شەریكە بەشی هەموو تاوانەكانەو لە پێشەوەش هەموو دەسكەوتەكانی گرژی دۆخە سیاسییەكەی چنگكەوتووە.

لە عورفی سیاسیشدا هەركەس و لایەنێك لە حكومەتێكی ئیئتلافیدا بەشداریكرد، ئەوا مانای وایە بەرنامەو هەنگاوە عەمەلییەكانی جێبەجێكردنی بەرنامەكەی قبووڵەو لە هەموو هەڵسوكەوتێكی حكومەتە ئیئتلافییەكە بەشدارو بەرپرسە.

بێگومان لە قازانجی تەجەمعدایە باری ئابووریی وڵات تادێ داتەپێ، بۆ ئەوەی "خزمەتگوزارییەكانی خێرخوازەكانی" ! ئەو لەبەرەودابن و دەسكەوتی سیاسییان لێ بكەوێتەوە.

هیچ بیانویەك نابینمەوە بۆ هاوسۆزی لەگەڵ ئیخوانەكانی تەجەمعی ئیسلاح، لەكاتێكدا نە نموونەیەكی جوانی سیاسیان لە یەمەن پێشكەشكردووەو نە ئیخوانیش، كە ئەوانەی یەمەنیش سەر بەناوەندە نێودەوڵەتییەكەی ئیخوانن، هەڵوێستێكی دروستیان لە مەسەلەی كورد هەبووە. هێندە بەسە بەبیری خوێنەری بێنینەوە، كە ڕێبەری گشتی كۆمەڵی ئیخوان لە **1991/4/27**دا بەناوی سەرجەم ئیخوانەكانی دونیاوە بەیانێكی دەركرد، لەسەر ڕاپەڕینی ئازاری **1991**، كە گوایە (بەهۆی سەردەستیی ئەمریكاوە لەناوچاكەدا گەلی باكوورو باشووری عێراق هاندران بزوتنەوەی جیابوونەوە لە تەنی عێراق بكەن... ئیسلامییەكان و كێشەی كورد- شێخ عومەر غەریب ل**9**)

ئەم هەموو ڕووداوانە لە یەمەن قەومان، خۆ ناشێ پریشكێكی بەر تەجەمع نەكەوتبێ؟!

كوردستانی نوێ: ژمارە: **1675**، پێنجشەمە **1998/8/13**

# (حنیش) و سیاسەتە سەرکەوتووەکان



حنیش

هەمیشە سیاسەتە سەرکەوتووەکان، چارەسەرە دروستەکانی ئەو گرفتە زۆرانەی دێنە واری چالاکی و ڕێڕەوی سیاسییەوە، ئەوانە مایەی پەندلێوەرگرتن و چاولێکردن و ئەوانە شایستەی نموونە پێهێنانەوەن· هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان نموونە سەرکەوتووەکانی مافی چارەی خۆنووسین لە فنلەندا لە سەرەتای سەدەی بیست، مافی جیابوونەوەی نێوان چیك و سلۆڤاك لە سەرەتای نەوەدەکانی ئەم سەدەیە، فیدرالییەت لەسەر شێوەی ئەلمانی یان ئەمریکی، مافی چوونیەکی لە هەمووشتێکدا وەك لە نموونەی سویسرا، دەهێننەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و لەکاتی پێویستدا شایەدی بۆ دەدەن· لە کردەی چارەسەری سیاسیی گرفتی نێوان دوو دەوڵەتدا، نموونە باشەکانی چارەسەری دوو دەوڵەتی چاك ئاشتبۆوە وەك گەواهی و هەنجەت ناوی دێتە نێوانەوە· کەس لە چارەسەری کێشەکانی خۆیدا پەنا بۆ مۆدێلە خراپەکانی چارەسەرکردن نابات، هەرگیز بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوە ژێردەستەکان ئەشهەدوبیلا بۆ چارەسەری یەڵتسنانەی کێشەی چاچان، یان سربیانەی کێشەی بۆسنی و ئەوی ئەم دواییەی کۆسۆڤۆ ناڵێن· ئەو چارەسەریانەی سەردەستەکان لە بۆسنی و تورکیا و کۆسۆڤۆ و عیراق و····هتد هێندە ناپەسەندن کە خاوەنەکانیان شەرمدەکەن وەك مۆدێل لە کتێب و میدیاو پروپاگەندەدا بانگەشەی بۆ بکەن·

هەرگیز چارەسەری کێشەی نێوان دوو دەوڵەت بەوشێوەی نێوان سوریاو تورکیا، هیندو پاکستان، هەردوو بەشەکەی کۆریا، نابنە جێی ئومێدی دەوڵەتانی دیکەی خاوەن گرفت، تا وەك ئەزموونێکی ئیجابی چاوی لێ بکەن· بەپێچەوانەی ئەوەشەوە نموونەی چارەسەری کێشەی (حنیش) لەنێوان یەمەن و ئەریتریا، کە دادگای نێودەوڵەتی بەپێی ئوسوڵ و

بەڵگەنامەو هەقانییەتی مێژوویی بەخشیان بە یەمەن و ئەریتریاش بەسنگفراوانییەوە ئاکامی سەرپشکی نێودەوڵەتیان وەرگرت. بەمجۆرە ئەزموونی (حنیش) لەپەنابردنە بەر یاسای نێودەوڵەتان نموونەیەکی سەرکەوتووبوو، دروست وەك نموونەی گێڕانەوەی (تابا) بۆ میسر، دوای ئەوەی دادگای نێودەوڵەتی بەڵگەو هەنجەتەکانی ئیسرائیلی ڕەتکردەوە. نموونەی (حنیش) نموونەیەکی سەرکەوتووە، بۆیە لە ڕۆژی دەرکەوتنی ئەو چارەسەرەوە قەتەڕ دەڵێ هەقە گرفتی سنووریم لەگەڵ بەحرین و ئیماراتیش دەڵێ هەقە گرفتی سێ دوورگەکەم لەگەڵ ئێران بەو شێوەیە چارەسەربکرێت، هەموو ڕۆژنامەو میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەب بۆ لەیلای خۆیان دەگریان، ئەگەر ئەوانەی ڕۆژئاوای عەرەبی و باکووری ئەفریقاش بهاتبایە دەڤەری ئێمە، بێگومان دەمانخوێندەوە کە مەغریب داوا دەکا گرفتی دوو ناوچەی سەپتەو مەلیلەی نێوان خۆی و ئیسپانیا لە دادگای نێودەوڵەتی یەکلاییبکرێتەوەو ئیدی لەسەر ئەم ڕیتمە. بەمجۆرە دیارە کە سیاسەتی دروست و عەقڵانی نە تەنها گرفتە هەنووکەییەکان چارەسەردەکات، بەڵکو بۆ ئایندەش کەلتوورێك لە مۆدێل و سکێچی وا کەڵەکەدەکات کە بشێ کەڵك و پەندێکی زۆری بۆ خەڵك و خوای ئەم دونیایە هەبێت.

# ئازادی ژنان و پەرەپێدانی وڵات


حەسەنی دووەم

(ئازادی ژن و پەرەپێدانی وڵات ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی توندڕەوی دەگرن) ئەمە قسەی شاحەسەنی دووەمی پادشای مەغریبە، کە مەغریبییەکان پێیدەڵێن (ئەمیر ئەلمومنین)، قسەی سەرکردەیەکی سیاسی ڕۆژهەڵاتییە، نەك هی مارکس یان هەر بیرمەندێکی دیکەی ڕۆژئاوا، تا بگوترێ خەیاڵی عیلمانییەکانی ڕۆژئاوا بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ناشێ· شا حەسەنی دووەم کەسیاسەتمەدارێکی خانەی کلاسیکییەو قسەکانی بەحیساب و کیتابە، لە ئەزموونی ڕەسەنی حوکمڕانیی خۆیدا، ئاوێتەیەکی شارستانی گونجاوی لەنێوان ڕەسەنایەتی کۆمەڵگەی مەغریب و خواستی نوێخوازیدا دروستکردبوو·

هەر ئەو تێڕوانینە پڕجورئەتەی ئەویش بوو، لە بواری پێشکەوتن و پەرەپێدانی وڵاتەکەیدا، کە نەوال ئەلمتەوەکل-ی وەرزشکاری بەمەدالیای زێڕینی ئۆلۆمپیادی لۆس ئەنجلس لە ساڵی **(1984)** ناساند، پاشانیش لە دیدگای ئازادیی سیاسی و ئازادیی ژنەوە کردی بە وەزیری وەرزش، بە یەکەمین وەزیری ژن لە کابینەی نوێ و شارستانی مەغریبدا· ئەم قسەیە دەشێ وەڵامێکی گونجاوبێت بۆ ئەو هەناسە توندڕەوەی لە ڕەوتی لابەلای سیاسی کوردستاندا خەریکە سەرهەڵدەدا، ڕەوتێك دەیەوێ بەبیانووی تایبەتمەندی کۆمەڵی کوردەواری و وەزعی تایبەتی کوردستانەوە خواستی ئازادیی ژن و بزووتنەوەی تازە گەشەکردووی ژنان لە بێشکەڕا سەرکوتبکات، ئەمە لەکاتێکدا ئەو ڕەوتە خۆی لە میانی تەقاندنەوەی سینەماکان و لوتبڕینی کەژاڵ خدرەکاندا هەرگیز ڕەسەنایەتی کوردەواری و هەلومەرجی ناسکی کوردستان ڕەچاوناکات·

گوتەی (ئازادی ژن و پەرەپێدانی وڵات ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی توندڕەوی دەگرن) پرشنگێکی واقیعیانەیە لەسەر ڕێگای گەڕانەوە بۆ پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئازادی، ئازادی بەهەموو

ڕەهەند و ماناكانییەوە، تاوەكو دەرفەتێك هەبێت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیـشتمانیی لەگەڵ بەرنامە كۆمەڵایەتییەكەی خۆی ئاشتبێتەوە، ئەو بەرنامە كۆمەڵایەتییەی دەخـازێ لە قۆنـاغی دیموكراتیدا بە گەشەپێدانی ئابووری و كۆمەڵایەتی وڵات ڕوویەكی دیكەی ئازادیی نیشتمانی بەدیبێـت و كـۆمەڵگە واپێـشبكەوێت و ئـازادی تێـدا دابینبێـت، بەئـازادی ژنانیـشەوە، كە كۆمەڵگەی هاوچەرخ ڕێگا بە بڵاوبوونەوەی توندڕەوی لە سیاسەت و توندوتیژی بەرامبەر ژنان بگرێ.

كوردستانی نوێ: ژمارە: **1571**، یەكشەمە **1998/3/8**

# لە بڵاوکراوەکانی
# ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران
# ساڵی (2011 - 2012)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (12) | ڕێبین حەسەن | 2011 |
| 366 | مميزات النظام الفدرالي في العراق<br>(ژ. ز. 13) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| 367 | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (14) | مەلا بەختیار | 2011 |
| 368 | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (15) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 369 | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (16) | نوسینی.<br>محمد رەزا شالگونی<br>وەرگێڕانی.<br>عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 370 | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (1850-1914) | هەستیار کەمال کوردی | 2011 |
| 371 | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 372 | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | 2011 |
| 373 | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 374 | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | نوسینی.<br>مارتین ڤان برونەسن | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | |
| 375 | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | 2011 |
| 376 | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (1991-2005) | هەڵەت خەسرەو<br>هەمەوەندی | 2011 |
| 377 | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (1975-1992) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 378 | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز.<br>هۆشاری (17) | د. نوری تاڵەبانی | 2011 |
| 379 | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(18) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | 2011 |
| 380 | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (19) | بەختیار جەبار<br>شاوەیس | 2011 |
| 381 | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (20) | عابد خالد رەسول | 2011 |
| 382 | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (21) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | 2011 |
| 383 | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | 2011 |
| 384 | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | 2011 |
| 385 | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | 2011 |
| 386 | کەلتور – ژمارە (3) | | 2011 |
| 387 | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین<br>کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| 388 | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 389 | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود<br>القيسي | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 390 | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | 2011 |
| 391 | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 392 | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | 2011 |
| 393 | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(1) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | 2011 |
| 394 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | 2011 |
| 395 | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (25) | ئەنوەر حسێن بازگر | 2011 |
| 396 | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (26) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | 2011 |
| 397 | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (27) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 398 | ئاین‌و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (28) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | 2011 |
| 399 | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(29) | خەلیل عەبدوڵلا | 2011 |
| 400 | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (30) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 401 | دیموکراسی‌و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | 2011 |
| 402 | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | 2011 |
| 403 | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | 2011 |
| 404 | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | نوسینی.<br>د. عەلی ئەلوەردی | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و. عارف کەریم | |
| 405 | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | 2011 |
| 406 | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 407 | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەكان | عادل عەلی | 2011 |
| 408 | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | 2011 |
| 409 | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(32) | نیاز سەعید عەلی | 2011 |
| 410 | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | 2011 |
| 411 | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گورون | 2011 |
| 412 | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | 2011 |
| 413 | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(33) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| 414 | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(34) | یوسف گۆران | 2011 |
| 415 | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(35) | زاهیر شکوور | 2011 |
| 416 | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (36) | عادل عەلی | 2011 |
| 417 | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (37) | خەلیل عەبدوڵلا | 2011 |
| 418 | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (38) | تاليف: خليل عبدالله ترجمة: محسن بني ويس | 2011 |
| 419 | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | 2011 |
| 420 | پرۆگرام و پەیڕەوی ناڤخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (4)ی | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ڕێکخستنی دهۆك<br>بەشی روناکبیری | |
| 421 | ئالاَ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 422 | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | 2011 |
| 423 | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (39) | احسان عبدالهادي | 2011 |
| 424 | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (40) | فەیسەڵ عەلی | 2011 |
| 425 | فەرهەنگی ئاڤێستا<br>(روسی — کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | 2011 |
| 426 | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | 2011 |
| 427 | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | 2011 |
| 428 | کورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نلمیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(2) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق<br>بەنگینە | 2011 |
| 429 | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | 2012 |
| 430 | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام 1984 | تقديم<br>فريد اسسرد | 2012 |
| 431 | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد رشيد حسن | 2012 |
| 432 | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | 2012 |
| 433 | گۆڤاری کەلتور ژمارە (5) | | 2012 |
| 434 | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 435 | ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار | 2012 |
| 436 | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | 2012 |
| 437 | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدءً من جنوبها | المحامی شيخ سالار الحفيد | 2012 |
| 438 | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | 2012 |
| 439 | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | 2012 |
| 440 | کۆچ هەڵبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | 2012 |
| 441 | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | 2012 |
| 442 | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | 2012 |
| 443 | دیموکراسی و دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | سردار عبدالكريم مجيد | 2012 |
| 444 | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشیاری ، ژمارە (41) | مەلا بەختیار | 2011 |
| 445 | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری، ژمارە (42) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 446 | مێژوی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | 2012 |
| 447 | باشوری سودان، ز. هۆشیاری ، ژمارە (43) | شادمان مەلا حەسەن | 2012 |
| 448 | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية، ز. هۆشیاری، ژ(44) | عبدالرحمن كريم درويش | 2012 |
| 449 | الاكراد والديمقراطية والاندماج، ز. هۆشیاری، ژ(45) | فريد اسسرد | 2012 |
| 450 | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا، ز. هۆشیاری، ژ(46) | خەلیل عەبدوڵلا | 2012 |
| 451 | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشیاری، ژ(47) | جەمیلە شێخ مەحمود شلێر رەشید | 2012 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | نیگار عومەر | |
| 452 | ئارام‌و رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | 2012 |
| 453 | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەری‌و هەڵوستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرە هۆشیاری، ژ. (49) | قادر حەسەن عیدۆ | 2012 |
| 454 | توماس هوبزو فلسفته السياسية | احسان عبدالهادى النائب | 2012 |
| 455 | حزب و رێکخراوە سیاسییەکان | محمد فاتیح | 2012 |
| 456 | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دریڤان عبدالقادر بكر | 2012 |
| 457 | ئەمنی ستراتیجی عیراق‌و سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | 2012 |